KURDISTAN




# بەرەی یەکگرتووی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکێکی مێژووییە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

**وتووێژەکان ................ لاپەڕەی ............... ٥**

**١- قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک؛ یەکرِیزی و یەکگرتوویی هێز و رێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد لە رۆژهەڵات...**

**٢- قەرەنی قادری چاودێر و شرۆڤەکاری سیاسی؛ لایەنەکانی رۆژهەڵات بۆ گەییشتن بە لێک نزیکبوونەوە، دەبێ لەگەڵ خۆیاندا بپەیڤن...**

**٣- بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران؛ دەبێ لایەنەکان دوور لە هەر هەستی خۆبینی پێکەوە دانیشن و کار بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بکەن...**

**٤- ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان؛ دەبێ حیزبەکان قەبوڵی بکەن کە نوێنەری بەشێکن لە بزووتنەوە و لە کۆمەڵگا...**

**٥- حەسەن شەڕەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)؛ بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکان دەبێ هەبێ...**

**٦- پەرویز ڕەحیم، مامۆستای زانستەسیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین؛ دروستکردنی "حکومەتی کاتی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە تاراوگە تا ئازادبوونی رۆژهەڵاتی کوردستان رێگەچارەیە...**

**٧- محەمەد جەمشیدی، وتە بێژی پارتی لیبرال دیمۆکراتی کوردستان؛ پیویستە هەموو ناکۆکیەکانمان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەلا بنێن...**

**٨- وریا ساڵحزادە جێگری سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان؛ ئێمە لەگەڵ دروستبوونی بەرەیەکی کوردستانین...**

**٩- دوکتور کامران ئەمین ئاوە چاودێری سیاسی؛ دەبێ لایەنەکان کاری هاوبەش بکەن، یەکتری قبوڵ بکەن...**

**١٠- عوسمان جەعفەری، سەرۆکی یەکێتی دیموکراتی کوردستان؛ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوخۆی هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات پێویستە و زەرووەتێکی مێژووییە...**

**١١- مستەفا شەمامی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ باشترین ڕێگە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، پێکهێنانی کۆنفرانسی ئاشتیی نەتەوەییە بۆ ڕۆژهەڵات...**



سەرچاوە
Serchawe

١٢- عەبدوڕڕەحیم مەعریفەتی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان؛ پێکهێنانی بەرە پێویستیی بە لێبڕاویی و فیداکاریی زۆری لایەنەکان هەیە...

١٣- نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان؛ بەخۆماندا بچیینەوە و بیر لە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش بکەینەوە...

١٤- عەبدوڵڵا حیجاب، سیاسەتمەدار؛ لایەنەکان مەرج بۆ یەکتر دامەنێن و دیالۆگێکی هەمەلاگر و بەرفراوان دەست پێ بکەن...

١٥- شەماڵ مامزادە بۆکانی، کادێری پێشکەوتووی پارتی ئازادیی کوردستان؛ بوونی بەرە دەتواندرێ ببنە جەمسەرێک لە بالآنسی سیاسی ناوچەکەدا...

١٦- سوورکێو زەکی، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سوئێد؛ بۆ ڕزگاریی ڕۆژهەڵات هەنگاوی یەکەم گێڕانەوەی متمانەیە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات...

١٧- رزگار عەبباسزادە، ئەندامی سەرکردایەتی، بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان لە هەولێر؛ بەرە دەتوانێ هێز و لایەنەکان لە ژێر چەترێک و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان کۆ بکاتەوە...

١٨- شەریف بێهرووز، سیاسەتمەدار؛ هیچ بەرەیەک بە بێ رێکەوتنی سیاسی جێبەجێ نابێ...

## وتار ................ لاپەڕەی ............... ٦١

١- کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرجی خۆشکردنی زەمینەی بەرەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات ........ مەجید حەقی

٢- خەونی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................................... هادی سۆفیزادە

٣- مەرجی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی تۆڕ دانی بیری ئێرانچێتیە ......................................... هۆزان سارەوان

٤- گرینگیی بەرەی یەکگرتووی کورد لە "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ....................................... د. کامران ئەمین ئاوە

٥- گرینگی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ..................................................... حسەین ئازدار

٦- گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی ..................................................................... جەلیل ئازادیخواز

٧- هۆکارەکانی سەرنەگرتنی بەرەی کوردستانی ............................................. موحسین باوەجانی ......... ٩٣

٨- تۆ بڵێی ناو گۆڕین بیانووی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ببڕێت؟ ........ قادری خەندەڕەش .......... ١٠٠

٩- بەهۆی لەتبوون و کەرتبوون زەمینەی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات نییە ................... عومەر باڵەکی ...... ١٠٤

١٠- ٨٠ چالاکی کورد خوازیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات دان .................................. ڕۆژی کورد

١١- راپۆرت: بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بەرەی کوردستانیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ...................... یاری کورد



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵێک وتووێژ سەبارەت بە بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ......... لاپەڕەی .......... ١٠٩

١- **هێرش عەلیزادە**: بڕوامان بە ڕیفۆرمو سازش گفتوگۆو کارسازییە.

٢- **برایم فەرشی**: حزبی بێ جەماوەر کلوبی سیاسیە.

٣- **دوکتۆر حوسێن خەلیقی**: سەد لە سەد، شەڕی نیوخۆیی دەس پێدەکا.

٤- **ئەحمەد ئەسکەندەری**: شاردنەوەی راستییەکانو بە نهێنی هێشتنەوەی بارگرژییەکان ڕێگا خۆش دەکەن بۆ هاندانی ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزب لە دژی ئەو حیزب

٥- **بابا شێخ حوسێنی**: زەحمەتە لایەنەکان بتوانن هەلەکە بە قازانجی گەلی کورد بقۆزنەوە.

٦- **ئاسۆ ساڵح**: پەژاک بە ئێستاشەوە وەکوو هێزی "کلاسیکی کوردی" یا "ئۆردووگا نشین" یا "کەمپ نشین" ناو لە دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی ئێران دەبات.

٧- **سدیق بابایی**: قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسیی‌دا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە.

٨- **شەهلا دەباغی**: زۆر جار ئەوەم پێ وتراوە کە من وەک منداڵێکی سادە چاو لە گرفتەکان دەکەم.

٩- **ناسر حیسامی**: تەنیا لە کاتی ئینشعابەکاندا هەندێک باسی جیاوازییەکان دێتە گۆڕو...

١٠- **عارەف باوەجانی**: کوا لایەنەکان گوێ لە قسەی ئێمە مانان دەگرن کە تازە دامەزراوین.

١١- **ئەمیر قازی**: لەوانەیە بۆ جارێکی دیکەش بدۆڕێنینو رەنج بە خەسار بکەوینەوە.

١٢- **عوسمان جەعفەری**: لایەنگەلێکی پشتی پەردە دژی یەکگرتوویی‌و پێشڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردن لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

١٣- **سمکۆ یەزدانپەنا**: هیچکام لەو مونشەعیبانە ئامادە نین کە پێکەوە دانیشن.

١٤- **حەسەن رەحمانپەنا**: کەسێک کە دەڵێت "هەر ئەوەندی ئیجازەمان پێ بەدەن بچینەوە ئێرانو نەمانگرن، حازرین بچینەوە"

١٥- **عومەر ئیلخانیزادە**: جیاییەکانی سێ چوار ساڵی رابردووی ناو کۆمەڵەو دیمۆکراتیش هۆکارێکی دیکەن کە پرسەکەی ئاڵۆزتر کردوە.

١٦- **تەیموور مستەفایی**: تەنیا حدکا لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەشداری کردن یا نەکردنی ئەو لایەش بەرەکە پێک بێ.



سەرچاوە Serchawe

## قادر وریا: یەکڕیزی و یەکگرتوویی هێز و رێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد لە رۆژهەڵات




بۆچی لە پاش ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێران، پارت و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ نادەن هێز و توانای سیاسی و نیزامی خۆیان لە چوارچێوەی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بەکار بێنن؟ لەمپەرەکانی بەردەم پێکنەهاتنی ئەو بەرە یان هاودەنگییە سیاسییە چییە؟ چۆن دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە دەوری یەک پلاتفۆرمی هاوبەش کۆ ببنەوە و خەباتێکی هاوبەشی سیاسی و نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی بکەن؟

ماڵپەڕی رۆژی کورد لە پێناو لێک نزیککردنەوەی هێز و لایەنەکان و لێک تێگەیشتنیان لەسەر پرس و بابەتی پەیوەندیدار بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستان ئەم دۆسیەی کردۆتەوە و ڕای ئەندامانی رێبەریی حیزبەکان و هەروەها کەسایەتییە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و شرۆڤەکارانی سیاسی وەرگرتووە.

**بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک) وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد:** گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟

**قادر وریا:** بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی و ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێک لە ئێراندا و لە هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێویستی بە هێز و توانایەک هەیە کە بتوانێ بەربەستەکان لەسەر رێگەی کورد لابەرێ و

بواری هاتنەدیی زیاترین رادە لە داخوازەکانی بڕەخسێنێ. ئەم هێزەش تەنیا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان مسۆگەر دەبێ.

بە درێژایی مێژووی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد و هەر نەتەوەیەکی دیکە بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، گەورەترین مەترسی و کاریگەرترین خاڵی لاوازی، ناتەبایی و یەکگرتوونەبوون بووە کە کەلێنی خستۆتە ریزی خەباتکاران و دەرفەتی بۆ داگیرکەران و دوژمنانی ئازادی رەخساندوە کە زەبری قورس لە ئازادیخوازان بوەشێنن و لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناکامیان بکەن.

لە هەلومەرجی ئێستای خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکڕیزی و یەکگرتوویی هێز و رێکخراوە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە هۆی یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد لە رۆژهەڵات بە گشتی و، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی یەکێک لە شێوازەکانی مسۆگەرکردنی ئەم یەکگرتووییەیە کەدەتوانێ هێزی کورد بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا رێک بخا و رێگە لە پەرتەوازەیی و بەفیرۆچوونی تواناکان بگرێ و رێگە نەدا ناتەبایی و تەنانەت وێککەوتنی هێزە شۆڕشگێرەکان بێتە ئاراوە.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**قادر وریا**: بەداخەوە لە ئێستادا هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ئامادەییەیان تێدا نیە کە بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ هەر ئەگەرێکی داهاتوو پێک بێنن. پەرتەوازەیی و ناکۆکیی نێو ریزەکانی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کە خۆی لە لەتبوون و پارچەبوونی حیزبەکان لەم ساڵانەی دواییدا دەردەخا گرفتێکە کە سەرەرای هەوڵدانی بەشێک لەم هێزانە و داوا و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لێک نزیکبوونەوە و یەکڕیزی، تا ئێستا رێگەی نەداوەهەنگاوێکی جیددی و بەکردەوە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبگیرێ.

هەرکام لەم هێزانە کاتی دەربڕینی راوبۆچوونی خۆیان بەرامبەر پرسی یەکڕیزیی هێزە کوردییەکان بە توندی پێ لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی و هەنگاونان بۆ ئەم مەبەستە دادگرنەوە، بەڵام بە کردەوە تا ئێستا ئەم زەروورەتە نەهاتۆتەدی و بەشێک لە حیزبەکان لە چوارچێوەی ناکۆکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانیاندا ئامادە نین لەگەڵ بەشێکی دیکەدا بچنە نێو بەرە یان هەر رێککەوتێکی دیکەوە.

بێگومان پێکهاتنی بەرەی کوردستانی دەبێ بە لێک تێگەیشتنی لایەنەکان و دەرکی هەلومەرج و مەترسییەکانی سەر رێگەی



سەرچاوە
Serchawe

خەبات و هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی هێزە شۆڕشگێڕەکان بێتە ئاراوە و،هەموو هێزەکان بۆ هاتنەدیی ئەم زەروورەتە بە فیداکاری و لەخۆبوردووییەوە بێنە پێش. وەلانانی ناکۆکی و جیاوازییەکان و پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتوو کە هەرکام لە لایەنەکان بە پێی توانا و هێز و قورساییان تێیدا بەشداربن مەرجی سەرەکیی هاتنەدیی ئەم زەروورەتەیە.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببیننەوە؟ پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**قادر وریا**: بە بڕوای من ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ئەوجۆرەی ئیدیعا دەکەن ئامانجیان خزمەت بە نەتەوەکەیان و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بێ، دەبێ لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا واز لە بەشێک لە بەرژەوەندە حیزبی و گرووهییەکانی خۆیان بێنن و لەسەر لانیکەمێک لە ویست و داخوازەکانیان ڕێککەون و هێزی کورد ڕێک بخەن. بێگومان دۆخی ئێستای هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەییەکی زۆر کەمی تێدایە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی جیددی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا و ئەوە وادەکا زەروورەتی هەوڵدان بۆ لێک نزیکبوونەوە و پێکهێنانی بەرە یان هەر ڕێککەوتنێک کە بواری هاوکاری و یەکریزیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بڕەخسێنێ لە هەموو کات زیاترە و هەر هێزێک بە هەر بیانوویەک بەربەست دروست بکا و چەت بخاتە سەر ئەم ڕێگەیە لە داهاتوودا دەبێ وڵامی مێژوو بداتەوە و بەرپرسیارێتی هەر شکست و نەهامەتییەک بۆ گەلی کورد وەئەستۆ بگرێ.

یەکێک لەو کارانەی دەتوانێ ڕۆڵیان هەبێ لە بەستێنسازی بۆ پێکهاتنی بەرە، وەڕێخستنی باس و دیالۆگ لە نێوان ڕێکخراوەکان و چالاکانی سیاسی لە بارەی ئەم پێویستییەو، ڕەخنەگرتن و تیشک خستنەسەر هۆ و هۆکارەکانی پێک نەهاتنی بەرەیە. ئەم بایەخدانی ئێوە بەم باسە، و وورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری جۆراوجۆر لە سەر لەمپەرەکان و بەربەستەکانی پێکهاتنی بەرە، دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێ لە بەروپێشبردنی ئەم باسە گرنگە دا و جێگای دەسخۆشییە.

ئەم وتووێژە ١ی فێوریەی ٢٠١٦ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٦

--------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## قەرەنی قادری: لایەنەکانی رۆژهەڵات بۆ گەییشتن بە لێک نزیکبوونەوە، دەبێ لەگەڵ خۆیاندا بپەیڤن




**بەرێز قەرەنی قادری، چاودێر و شرۆڤەکاری سیاسی وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**قەرەنی قادری:** لەمێژە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس لە "بەرەی کوردستانی" دەکرێت و تەنانەت هەندێک لایەنیش بەتەواوی توانایانەوە وزەی هزریی خۆیان بۆ ئەو "ئاوات"ە تەرخانکردووە و دەیکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبووە. لە پاڵ ئەوەشدا، ساڵانێکە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخی کەشوهەوای دوای جیابوونەوەدا دەژین. ئەم دۆخە کارێکی وای کردووە، کە مەوداکان دوورتر ببنەوە. ئەوەی کە هەیە دیالۆگەکێکی سنووردار و لە بوارێکی گەلێک تەسک و داخراو، دووقۆڵە یان چەندقۆڵە، ئەویش لە مەیدانێکی گەلێک بچووک و نەزۆکدا بەڕێوە دەچێت.

**رۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**

**قەرەنی قادری:** دۆخی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وا دەخوازێت، کە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کاری هابەشیان هەبێت و لە کردەوەدا بتوانن ببن بە هاوکێشەیەکی سیاسی، بەڵام بارودۆخی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن وڵامی ئەو پێویستییە بدەنەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەوان لە دەرەوەی ئەو پێداویستییەدا بە کاروباری خۆیانەوە سەرقاڵن. هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دوو دیموکرات، پێنج کۆمەڵە و چەند ڕێکخراوی

دووانەیی تریش هەن.

ئەم دیمەنە، بڕستی لە بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو حزبانە بۆ ماوەیەک لە ململانێیەکی توندی ناوخۆدا بوون و لە ئاکامدا تەقینەوەی سیاسی یەخەی گشتیانی گرتەوە. هەر ئەمە کارێکی وای کردووە، کە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن و ناخوازن لە ژێر سەیوانەیەکدا کۆ ببنەوە و "بەرەی کوردستانی" پێک بێنن.

**رۆژی کورد:** بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە؟ پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**قەرەنی قادری:** هەر لەو پەیوەندییەدا، کاتێک باس لە "بەرەی کوردستان"ی دەکرێت، دەبێ بەر لە هەموو شتێک پێشمەرجەکانی پێکهێنانی "بەرە" لە ئارادا بێت، کە ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونی نییە.

## پێشمەرجەکان:

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، "بەرە" بە مانای "بەرزترین شکڵی ڕێکخستن لە کاری هاوبەش" دا باسی لێوەدەکرێت. ڕادەی لێک نزیکبوون و بەڕێوەبردنی کردەوەی هاوبەش لە بوار و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، هەندێک لە بنەما و پێشمەرجەکانی ئەم دیاردەیەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم نزیکی و کاری هاوبەشە بەدی ناکرێن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم چەند ساڵە ئەوە بوو، کە بەشی هەرە زۆری باس و لێدوانەکان بۆ بەرە تەرخان کرابوون و لە کردەوەشدا هیچ بایەخێک بە شێوەکانی تری کاری هاوبەش، کە دەست پێڕاگەییشتن بەوان ئاسانترە، نەدەدرا. بەموتڵەقکردنی "بەرەی کوردستانی"، گشت فۆرمەکانی تری پێکەوەکارکردنی خستنە پەراوێزی خۆیەوە و دەرگەی باس و لێدوانیشی بەسەردا داخستن.

هەنگاونان بەرەو ناسینی گرفت و کێشەکان و ئاساییکردنی پەیوەندییەکان، گرنگترین و سەرەکیترین کارە بۆ گەییشتن بە لێک نزیکبوونەوە. دەبێ ئەم ڕاستییەش ببینین کە مەودا، گرژی، سڕینەوە و نکۆڵیی سیاسی لە یەکتر، کێشە و گرفتی

سیاسی و شەخسیی لە نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک زۆرە. خاڵە هەرە لاوازی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی پرۆژە و مەیلی بەرفراوانە بۆ ناسینی کێشە و گرفتەکان.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم تێبینییانە، من هیچ چەشنە ئاسۆیەک بۆ سەرگرتنی پلانی لایەنگرانی بەرەی کوردستانی نابینم. پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەییشتن بە لێک نزیکبوونەوە، دەبێ لەگەڵ خۆیاندا بپەیڤن. قەیرانی پەیوەندیی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەروەها گیروگرفتی سیاسی، فکری و شەخسیی ئەوان، لەم پلە و قۆناغەدا نییە کە بەرەی کوردستانی لێ بێتە بەرهەم.

ئەم وتووێژە لە ١٢ی مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٦

----------------------------------------

## بابە شێخ حوسێنی: دەبێ لایەنەکان دوور لە هەر هەستی خۆبینی پێکەوە دانیشن و کار بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بکەن




**بەرێز بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد**: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟

**بابە شێخ حوسێنی**: ئاشکرایە کاری هەر جولانەوەییکی سیاسی وکۆمەلایەتی و تەنانەت هەر جۆرە ناوەندێکی چالاکی

مەدەنی، کە ئەرکێک و بەرپرسایەتێکی گشتیی و هەمەلایەنەی لە ئەستۆیە، بۆ سەرکەوتن و گەیشتنیی بە ئاکام و ئامانجی شیاو، پێویستە زۆربەی پێک هاتەکانی جەماوەر بەشداریی چالاکانەی تێاندا هەبێ.هەر لەو روانگەوە جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە جولانەوەیەکی رەواو ماف خوازانەیەو لە بەرانبەر سەرەڕۆترین رژیم لە تێکۆشاندایە، خاڵێکی زۆرلاوازی نەبوونی یەکییتی و یەکگرتوویی لە نێوان هێزو لایەنەسیاسیەکانە.نەبوونی یەکییتی و تەبایی و لە هەمانکاتدا ناکۆکی قووڵ و ریشەیی لە نێۆان لایەنەکاندا و تەجروبەی تاڵی جەنگی براکوژی لە ساڵەکانی دیەی ٨٠ زایینی و کوژرانی دەیان کەس لە رۆڵەکانی کورد بە دەستی یەکتر و زیانە قووڵەکانی ئەو جەنگەو ئەو ناکۆکیانەو، کەڵک وەرگرتنی رژیمی ئاخوندی لە بوونی پەرەتەوازەیی هێزەسیاسیەکانی کوردستانی ئێران... و هتد. گرینگی و زەرورەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی دەسلمێنی و هەر جۆرە کەمتەرخەمییەک لەو چوارچێوەدا بە یەکێک لە زیانبارترین کەم کاریەکانی هێزەکانی کوردستانی ئێران دەزاندرێ.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەلات چین؟

**بابە شێخ حوسێنی**: بە باوەری من لەمپەرو کۆسپ لە بەردەم بەرەی کوردستانی گرینگی نەدان و جیددی نەبوونی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانە بە بەرەی کوردستانیە. هەروەها بوونی ناکۆکی و جودا بوونەوەو دابەش بوونی هێزەکانی کوردستانی و پێکهاتنی چەندین لایەنی دیکەی کوردستانی کە بە داخەوە دوای دابەش و جودا بوونەوەکان ناکۆکی و کێشەکان چوونە قاڵب و چوارچێوەیکی ئەوتۆ کە لایەنەکان لە سالانی رابردوو بەرچاوتر تەحمول یەک ناکەن.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**بابە شێخ حوسێنی**: سەرەتایی ترین رێگەو میکانیزم بۆ گەیشتن بە ئاکامێک ئەوەیە کە هێزو لایەنە دیارو مێژینەیەکانی کوردستان بە گیانێکی بەرپرسانەو دوور لە هەر هەستی خۆیینی پێکەوە دانیشن و رێگەکان و پرۆژەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بخەنە بەر باس و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن. لە دوای بەراوردی تێکرای پرۆژەی لایەنەکان، دەکرێ لە سەر پرۆژەییکی هاوبەش رێک کەون و بیخەنە بەر چاوی تێکرای حیزب و لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیە سیاسیەکان.لە ئاکامدا دەتواندرێ کۆبوونەوەیەکی بەرینتر و بەربلاوتر پێک بهێندرێ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە هەموو لایەنەکان و کەسایەتیەکان لە پێکهێنانی دەوریان هەبێ و راگرتن و گەشە پێدانی بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی

و سیاسی بزانن.

ئەو وتووێژە ١ی مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٦

---------------------------------------

## ڕەزا کەعبی: دەبێ حیزبەکان قەبوڵی بکەن کە نوێنەری بەشێکن لە بزووتنەوە و لە کۆمەڵگا




**بەرێز ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**ڕەزا کەعبی**: گرینگیی بەرەی کوردستانی هیچ پێویستی بە ڕوونکردنەوە و دیالۆگ نیە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەمو بەشەکانی شاهدی پێکهاتنی حزبەکان و ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی، ئیتلاف و هاوکاری حزبە کوردستانییەکان و کۆنگرەی نەتەویی بووە.

بەرەی کوردستانی لەم هەلومەرجە و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و، پێگەی کورد و بزووتنەوەکانی لە کێشە و ململانێی سیاسیدا، نە تەنیا گرینگە کە بە بێ پێکهاتنی بەرەی کوردستانی هەنگاوەکانی بزووتنەوەی کورد و فیداکاری و بەرخۆدانی جەماوەری سست و ناکارا دەبێت. لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

هەلومەرجی ئێران و کوردستان، پێکهاتنی بەرەی کوردستانی پێگەی بزووتنەوە و تەنانەت پێگەی هەر کام لە حزبەکانیشی قورستر دەکات و هەم متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بە هێزتر دەکات، هەم دۆستانی ئەم بزووتنەوە دڵخۆش دەکات و لە بەرامبەر هێزی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی یەکگرتووتر و قایم تریان دەکات.

بوونی بەرەیەکی بە هێزی کوردستانی لە کوردستانی ئێران، بە بڕوای من کاریگەری زۆری لە سەر ئەگەری سازدانەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە بەشداری هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە و لەم هەلومەرجەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و موقعیەتی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان، لە کاتێدا پێگەی بزووتنەوەکانی کورد لەرۆژئاوا و باکور و نەبەردی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان لە دژی داعش و بەرخۆدانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی جیهانی و لە ناو هەموو گەلانی جیهان لە گەڵ ١٠٠ ساڵی ڕابردو بەراورد ناکرێ، ناکۆکی هێزە کوردستانیەکان و ململانێیان سەرەکیترین خاڵی لاوازی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کوردە.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**رەزا کەعبی**: دەورانی یەک نەتەوە یەک حزب بە سەرچووە. دەورانی ئەوەی کە حزبێک بە تەنیا نوێنەرایەتی هەمو گەڵ و بزووتنەوەکە بکات کۆتایی پێهاتوە. (ئەو بیرۆکە و ئەو عەقلیەتە بوە کە لە جەرگەی بزاڤە پڕ قارەمانەکانی جەماوەر و بەرخۆدانی زیندانەکان و خەباتی پێشمەرگانە، شەڕی خۆێناوی ناوخۆیی بزووتنەوەی لێکەوتوەتەوە). دەورانی کۆنی حزبایەتی بە سەرچووە. رۆڵی گەورە و کاریگەری حزب لە کۆمەڵگا و رابەری بزووتنەوە پێویستی بە گۆرینی پێکهاتەی رابەری حزبەکان و سەر لە نوێ دارشتن و پێناسەکردنەوە هەیە.

هەربۆیە لە پێشدا مەرج ئەوەیە کە هەموان قەبوڵی بکەن کە نوێنەری بەشێکن لە بزووتنەوە و لە کۆمەڵگا. قەبوڵی بکەن کە رۆڵ و دەوری حزبەکەیان ئاسمانی و هەتاهەتایی نیە. قەبوڵی گۆرانکارییەکان بکەن و بەو پێیە ستراتژی حزبەکەیان دیاری بکەن. قەبوڵی بکەن کە کادر و کەسایەتی لاو و نوێ لە حزبەکەیان پێدەگا و مەرج نیە وەک ئەوان بیر بکاتەوە و کار بکات و سیاسەت بکات نە ئەوەی لە حزب بێ دەسەڵاتیان بکەن و یا گوشار بخەنە سەریان کە حزب جێبهێڵن. سەدان کادری بە توانای حزبەکان بە هۆی ناکارئامەد بونی پێکهاتەی بە تایبەت رابەری لە دەرەوەی حزبەکانن و بزووتنەوەکە بێ بەشە لە هەمو توانا و فیداکاری و مێژویان. ئەوەندی بە دروست بیر لە پێوەندی دیپلۆماسی و پێوەندییە "جیهانییەکان" دەکەنەوە، هەزار ئەوەندە بیر لە هاوکاری و کاری هاوبەش و بەرەی کوردستانی و ئێعتراف کردن بە حزبەکانی دیکە و قەبۆلی پێگە و خەبات و کاریگەریان بکەنەوە. قەبۆلی بکەن حزب و ڕەوتی نوێ سەرهەڵدەدا و بە ئێنکارکردنیان و

لەمپەر خستنە سەر ڕێگایان ناتوانن پێش بە ڕەوتی نوێ و سیاست و ستراتژی نوێ بگرن.

ناکۆکی ناوخۆیی دو رەوتی بە هێزی کۆمەڵە و دیمۆکرات و پارچە پارچە بونیان و بونی بەشێکی بەرچاو لە سەرمایەی ئینسانی ئەم دو ڕەوتە لە دەرەوەی حزبەکانیان توانایی ئەم دو ڕەوتەی لە هەمو بوارەکان و لە بواری کار بۆ بەرەی کوردستانی لاواز کردووە. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی لەم بەشە لە کاتێکدا مقاومەت و بەرخۆدانی بە هێز، لە دژی ئێعدام و سەرکوت و لە کاتێکدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پەرەی سەندوە لە کاتێکدا کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بۆ کۆبانی و شەنگاڵ و باکور لە ئارادایە و ئامادەی هەمو پشتیوانێکن، دو هێزی سەرەکی ٣٥ ساڵی ڕابردووی کوردستانی ئێران سەرقاڵی کێشە وململانیی ناوخۆیین.

خاڵێکی گرینگ کە وەک لەمپەرێکی گەورە و سەرەکی دەبێ ئاماژەی پێبکرێ پێکهێنانی هاوپەیمانێکی زۆر زۆر لاواز و بێ کەڵک و بێ بنەما لە لە لایەن حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە لە ڕاستێدا دژە هاوپەیمانی و دژی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و دژی هاوکاری هەمو حزبە کوردستانییەکان بوە. بە ناونانی خۆیان وەک حزبی دایک و بە ئینکارکردنی لایەنی بەرامبەر و هاورێیانی دەیان ساڵە و بە ئینکارکردنی حوزور و چالاکی ئەوان و کاریگەرییان لە ئاست بزووتنەوەکە، ڕێگایان لە هاوکاری هەموو حزبەکان گرتوە. لایەنەکانی دیکە لەم چەند ساڵە بە هەست بە بەرپرسیارەتی ئامادە نەبون دو هاوپەیمانی و دو جۆر هاوکاری و... ساز بکرێ و ڕەسمیەت پەیدا بکات.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببیننەوە پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**ڕەزا کەعبی**: بەرەی کوردستانی بە بێ هێچ مەرجێک دەتوانێ بە بەشداری هەمو حزبە کوردستانیەکان پێک بێت. هیچ حزبێک نابێ و ناتوانی مەرج دیاری بکات یا هەر دو حزب پێکەوە بڕیار لە سەر حەزف و بایکۆتی ئەم و ئەو بدەن.

هونەری ئێستا لە کاری هاوبەشدایە. سنورکێشان هیچ زانستی ناوێ. کاری شۆرشگێرانە و کاری گەورە و کاری جەماوەری پێویستی بە سازش، بە قەبوڵکردنی نەیاران، بە ئێعتراف بە گۆڕانی موقعیەتی دەیان ساڵە و بە بڕوا بە کاری هاوبەش مومکینە.

بانگەوازێک لە لایەن تێکۆشەرانی دێرینی کوردستان بۆ هێنانەی هەمو حزبەکان بۆ دیالۆگ لە سەر ئەم هەلومەرجە و کاری هاوبەش دەتوانی وەک هەنگاوی سەرەتایی و وەک دەریچەیێک بۆ دیتنی پانتایی هەمو بزووتنەوەکە چاوی لێبکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

دیارە دەکرێ زۆر پێشنیار و ڕێگای سەرەتایی باس بکرێ. گرێنگ دەسپێکردنیەتی بە ئامانجی بونیادنانی کاری هاوبەش.

ئەو وتووێژە مانگی فێوریەی ٢٠١٦ کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## **حەسەن شەڕەفی**: بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکان دەبێ هەبێ




**بەڕێز حەسەن شەڕەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد**: گرینگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چن؟

**حەسەن شەڕەفی**: بە شێوەیەکی گشتی هەر هەماهەنگی و یەکدەنگی و هاوکارییەکی شوێندانەر لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، مەرجی بنەڕەتی بەرین بوونەوەی بزووتنەوە و کاریگەربوونی کاروچالاکی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. دیارە ئەگەر ئەو هەماهەنگی و یەکدەنگی و یەک هەڵویستییە بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی و دەست نیشانکردنی شێوەکانی خەباتی ڕەوا و ڕێککەوتنێکی تێکڕایی لەسەر بکرێ، زۆر کاریگەرتر و شوێندانەرتریش دەبێ، جا چ ناوی بەرەی لەسەر دابندرێ یان ئیتلافی پێ بگوترێ، مادام هەدەفێک تاقیب دەکا،

داخوازییەکـان رێکـدەخا و تێکۆشـانەکان وەسـەریەک دەخـا، هەر ئەو ئاکـامە ئەرێنیـیەی لێـدەکەوێتەوە کە لە یەکریزیـدا دەستەبەر دەبن.

پێویستی ئەو یەکدەنگی و هەماهەنگییە بـۆ هێزەکـانی کوردسـتانی رۆژهەڵات هەمیشـە لە گـۆڕێ دا بـووە و ئێسـتاش لەو هەلوومەرجە ناسک و ئاستەم و پڕکێشەیەدا کە نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست لەگەڵـی بەرەورووییە و چاوەڕوانی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی لێدەکرێ زیاتریشە، بە تایبەت لە وەزعێکی وەهادا دۆستانی کوردیش دەزانن بەردەنگیـان کێیە و داخوازییەکـانی کـورد کە هەمـوو لەسـەری کـۆکن چییە و توانـای وە سـەریەک کەوتـووی هێـزە سیاسییەکانی کوردسـتانی رۆژهەڵات چەنـدە. دوژمنیش یا نەیارانی کوردیش ناتوانن لە درزی نێوان هێزەکان بە قازانجی خۆیان و بۆ کزکردنی کورد کەڵکی لێوەربگرن.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**حەسەن شەڕەفی**: بەربەست و لەمپەرەکـان لەبەردەم یەکگرتـوویی هێـزە سیاسییەکانی کوردسـتانی رۆژهەڵات بەداخەوە کەم نین. بـاو نەبـوونی یەکگرتـوویی و بـاوبوونی لێکهەڵبەزینـەو و لێـک دابـڕان یەکێـک لەو هۆیـانەیە کە لە کـۆنەوە کـورد بە دەستیەوە دەناڵێنێ.

کزبـوونی توانـای یەکتـر قبـووڵ و تەحەممـول کـردن و پێـداگری لەسـەر بەرژەوەنـدی رێکخراوەیـی کە هەنـدێ جـار دەکەوێتە سەرووی بەرژەوەندیی گشتی کورد، یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە.

**رۆژی کـورد**: پێشنیـارتـان بـۆ خێرایـی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتـوو چییە و چ رێکارگەلێـک دەتـوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**حەسەن شـەڕەفی**: پێکهێنـانی بەرە یـان هەر ئیتلافێک چ لە نێوان هێـزە سیاسییەکانی کوردسـتانی رۆژهەڵات، چ لە نێـوان هێزەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، پێویستی بە دوو مەرجی بنەڕەتی هەیە.

**یەکەمیان**؛ دوورکەوتنەوەی هێزەکان لە هێژمـوونی خوازی، خۆ لەوانیتر بە زلتر زانین و بەکارهێنانی بەرە لە بەرژەوەندیی تاک و لایەن کە ئەویش زۆر جار زیان بە بەرژەوەندی کورد بە گشتی دەگەیەنێ.

**دووهەمیان**، دارِشتن و رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی کە دابینکەری داخوازییەکانی کورد و لەبەرژەوەندیی گشتی کورد دا بێ . ئەم تاقیکارییە و ئەم ڕاستییانە ئەو کاتە زیاتر دەرکەوتن کە ڕەوتێک بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە گۆڕێ دابوو، بەداخەوە بەم هۆیانە و بەهۆی هەندێ هۆکاری دەرەکی سەری نەگرت و بە ئاکام نەگەیشت.

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**حەسەن شەرەفی**: لە نێوچوونی ئەو هۆکارە نەرێنیانە کە ئاماژەم پێدان، هەوڵدان بۆ پەیوەندییەکی سالم و دۆستانە لە نێوان هێزەکان و قوڵ لێهەڵمالینی چەند لایەنێک بۆ کارکردن لە پێناو ئەو مەبەستەدا دەتوانێ شوێندانەر بێ، دیارە پێش گەیشتن بەو ئامانجە و مەرجی گەیشتن بەو ئامانجە بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە بە دوور لە کێشە و ناتەبایی لە نێو هێزەکانی دایە.

ئەم وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## پەرویز ڕەحیم، دروستکردنی "حکومەتی کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە تاراوگە تا ئازادبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگەچارەیە



**بەرێز پەرویز ڕەحیم، مامۆستای زانستەسیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد**: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟

**پەرویز ڕەحیم**: پێکنەهاتنی بەرەیەکی کوردستانی بۆ رۆژهەلات دەبێتە هۆی لاوازترکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ئەم پرش و بڵاوییە هۆکارێکە بۆ دڵساردی و سەرلێشیوانی خەڵک لە مۆبلیزەکردنی توانا مرۆییەکانیان و قۆستنەوەی لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ئەمەش لێکترازانە سیاسی و ناوچەیی و تەنانەت کۆمەلایەتییەکانیش لە رۆژهەلاتی کوردستان چالاک دەکات کە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی دایە.

هەروەها نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو دەبێتە هۆی ونبوون ویاخود روون نەبوونی داواکاری نەتەوەی کورد لەهەمبەر وڵاتانی رۆژئاوایی و ناوەندە و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان لە ئێستادا کە ناوچەکە بەرەو گۆرانکاری خێرا و چاوەروانەنەکراو دەروات. ئەم بەرەیە دەتوانێت لەهاوکێشە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا رۆڵ و قورسایی زیاتر بداتە کورد و ئەزموونێکە بۆ داهاتووی کوردستان و سرینەوەی ئاسەواری ناکۆکی و جەنگی ناوخۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لەهەووشی گرنگتر وادەکات کە وزەی پارتە سیاسییەکان لەبری تەرخانکردن بۆ بەریوەبردنی ناکۆکی ناوخۆیی و لەکەل لایەنەکانی تر ئاراستەی دوژمنی هاوبەشیان بکرێت.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**پەرویز ڕەحیم:** ئەم بەربەستانە لە نەبوونی ئەزموونێکی دیموکراتیکی راستەقینە بۆ یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن و کاری هاوبەش و هەروەها لاوازی کەلتووری سیاسی دیموکراتیکی کورد لە نێوان پارتەسیاسییەکان سەرچاوە دەگریت کە تاوەکوو ئێستا ئەوی تری ناسنامەییان پارتەکانی ترە نەک کۆماری ئیسلامی ئێران چونکە لەسەر ئەم دژایەتییەی پارتەکانی تر بەسیجی هێزەکانی خۆیان دەکەن(ئەگەرچی ئەمە لە گوتارە فەرمییەکانیان دەشارنەوە) و بەم پێیەش بەرژەوەندییەکانیان پێناسە دەکەن.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بەشێکی زۆری(نەک هەموو) نوخبە سیاسییەکانی ئەم پارتانە نوخبەیەک نیین بە "رۆشنبیری نوێ" کە توانای هەڵسەنگاندن بارودۆخی گۆراوی سەردەمیان هەبیت، بەڵکوو زیاتر نوخبەی کلاسیکی کۆمەڵگای کوردستانن و لەسەر بنەما و نۆرم و پێوەرەی ناسەردەمیانە کار و رەفتاری سیاسی دەکەن و تائێستا لە رابردوودا قەتیس ماون چ لە رووی تیگەیشتن لە خوێندنەوەی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی و چ لەرووی تێگەیشتن و خوێندنەوەی کۆمەڵناسی سیاسی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان. هەروەها ستراکتوری کلاسیکی پارتە سیاسییەکان هۆکارێکی ترە بۆ ئەم بابەتە.

چونکە ئەم خاڵە وادەکات کە حیزبەسیاسییەکان نەتوانن لەئاست گۆرانکاریە خێراکاندا بن و لەلایەک بێجگە لە دووانەی دانووستاندن و خەباتی چەکداری بیر لە ئەڵتەرناتیڤی تر وەکوو شێوازەکانی تری مۆبلیزەکردنی کۆمەڵگە بکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە ئەم ستراکتورە رێگە لە دەسەڵاتداری و رێبەرایەتی نەوە و نوخبەی نوێ دەگرێت.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان بەهۆی تاراوگەنشینیان بێجگە لەوەی کە لە راستییەکانی کۆمەڵگە دوور کەوتوونەتەوە هەروەها ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بێ نیازبن لە دەنگ و رای خەڵکی کوردستان و ئەمەش وادەکات بۆ مۆدێرن کردنەوەی حیزبەکەیا و هەروەها تێروانی و رەفتاری و هەڵوێستی سیاسییان و لەمەش گرنگتر مانەوە و گونجاندنی خۆیان هەوڵ نەدەن، چونکە گوشاری ویست و داخوازی و داواکاریە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیان بە شێوەی راستەوخۆ لەسەر نییە.

کۆتا خاڵیش ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان "ئایدۆلۆژیا"ی پارتەکەیان (سەرەرای پێویست بوونی چوارچێوەیەکی هزری توکمە بۆ هەر پارتێکی سیاسی) بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ئەولەویەتی سەرەکییانە وبەم پێیەش ئایدۆلۆژیا ئاراستەکەری هەڵویست و رەفتارەکانیانە نەک پراگماتیزم.

**رۆژی کورد:** بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**پەرویز رەحیم**: پێش هەموو شت بەبڕوای من کارکردن لەسەر پرسی ناسنامە(ناسنامەی کورد و ناسنامەی پارتەسیاسییەکان) ستراکتوری پارتە سیاسیەکان پێویستی بە دووبارە دارشتنەوە و رێکخستن هەیە کە لەگەڵ سەردەم و پێویستییەکان بگونجێت پاشان خودی نوخبە سیاسییەکان و ئاڵوگۆر لەم نوخبە سیاسییانە بە شێوەی دیموکراتیک(نەک سکرتێری هەتاهەتایی و تەنیا جێگورکێ لە نێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی) پاشان دووبارە پێداچوونەوە بە ئامانجەکانی پارتەسیاسییەکان و لەپاش ئەمە دروستکردنی دیسکۆرسێکی سیاسی روون و ئاشکرای ناسنامەتەوەرکە کە لەم دیسکۆرسەدا ئەوەی تری ناسنامەیی کۆماری ئیسلامییە، نەک پارتەکانی تری رۆژهەڵات، ئەم دیسکۆرسە هەمان پلاتفۆرمە بۆ کارکردن کە هەموو پارتە سیاسییەکان سەرەرای جیاوازیە هزرییەکانیان خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**پەرویز رەحیم**: لەپاش ئەو هەنگاوانەی کە لەسەرەوە باسم کرد بە بڕوای من لەم قۆناغەدا دروستکردنی "حکومەتی کاتی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە تاراوگە تا ئازادبوونی رۆژهەڵاتی کوردستان رێگەچارەیە و ئەمە بە شێوەیە ئۆتۆماتیکی بەرەی یەکگرتوو(وەکوو دامەزراوەیەک) دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە. ئەم حکومەتە بە بەشداری هەموو پارتە سیاسییەکان و سوود وەرگرتن لە کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکرێت. بە شێوەی خولی سەرۆکایەتی بکرێت و ئەو کاتەیە کە دەتواندرێت هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووش دروست بێت. ئەمە کاریگەرترین و واقعی ترین کارە کە وەرچەرخانێکە لە خەبات و لەم قۆناغەدا کە رۆڵ و قورسایی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی دەگۆرێت.

**رۆژی کورد**: پێتان وایە لایەن و فاکتەری دەرەکی تا چەند دەوری هەبووە لە پێکنەهاتنی ئەو بەرەیە؟

**پەرویز رەحیم**: من زیاتر بڕوام بە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی فاکتەری(هزری و عەینی) ناوخۆیی هەیە نەک فاکتەری دەرەکی لە پێکنەهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٦

## محەمەد جەمشیدی: پیویستە هەموو ناکۆکیەکانمان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەلا بنێن




**بەڕێز محەمەد جەمشیدی، وتە بێژی پارتی لیبرال دیمۆکراتی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد:** گرنگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێانی ئەو بەرەیە چین؟

**محەمەد جەمشیدی:** بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هاتووەتە ئاراوە و ئەوە دەرفەتەی بۆ گەلی کورد لە ناوچەکەدا هاتووەتە پێشەوە کە لە ئەگەری دروستبوونی هەر چەشنە ئاڵوگۆرێکی بنەڕەتیدا لە ئێران، پیویستە گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەگی تێدابێت بۆ ئەوە گۆڕانکاریانە کە ئەویش پیویستی بە یەکریزی و یەکدەنگی هێز ولایەنە سیاسیەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا وەکو بتوانین بە شێوەیەکی یەکگرتوو و یەکدەنگ بۆ داهاتوویەکی روون بۆ دەست هێنانی مافە نەتەوایەتیەکانمان هەنگاو بنێن، پێویستە کورد لە ئەزموونەکانی رابردووی خۆی کەڵک وەربگرێ و هەڵەی کوشندەی رابردوویش دووپات نەکاتەوە کە سێ نموونەی زۆر ئاشکرای ڕۆژئاوا و باشوور و باکوور بۆ بەرچاوڕوونیی ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات گرنگن.

**ڕۆژی کورد:** هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**محەمەد جەمشیدی:** سەرەکی ترین کێشە لە بەردەم پێکهێنانی بەرەی، یەکتر قبوڵ نەکردنی لایەنە سیاسیەکانە، بە تایبەتی ئەوە لایەنانەی کە خاونی مێژوون و خۆیان بە هێزی سەرەکی دەزانن و لەلایەکی دیکەوە جیا بوونەوە و ناکۆکی لە نێوان ئەو لایەنانە کە لە یەکتر جیابوونەتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە بوونی دوو جەمسەری لە ئاستی هەرچوار

پـارچەی کوردسـتان، دووجەمسـەری لە باشـووری کوردسـتان کە هێزەکـانی رۆژهەڵاتـیش بـێ بەش نـین لەو دووجەمسـەرییە، بـۆیە پیویسـتە ئـیمە وەک هێـزی سێهەم بیـنە مەیـدانەوە و بەنکـۆڵی کردنـی یەکتـر و قبـوڵ نەکردنـی یەکتـر جـگە لە قۆلتربوونەوەی کێشەکان ئاکامێکی دیکەی نابێت، پیویستە بە وەلانـانی ناکۆکیەکـان و قبـولکردنی یەکتر کـار بـۆ بەریەکی یەکگرتوو یەکدەنگ لە نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتـی کوردستان بکەیـن بەمەبەستی بەگژ داچوونەوە دوژمنێک هاوبەش کە هەمانە، کە ئەم یەکدەنگی و یەکگرتوویە تەنیا بە قسە نەبێت بەلکو بە کردار بیت کە هەموو لەگەلـی کـورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاوەروانی یەکگرتووی و یەکدەنگیمان لێدەکات.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**محەمەد جەمشیدی**: لە سەرو بەندی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیونەکانی کۆنگرەی نەتەوەی "پارتی لیبرال دیمۆکراتی کوردستان پلاتفـۆرمێکی پێشـکەش کـرد کە بەشـێکی تـایبەت بـوو بە هێـز و لایەنەسیاسـیەکانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان تـاوەکو لە چوارچێوەی ئەوە پلاتفۆرمەدا پێکەوە کار بکەین، ئیستاش ئیمە هەمان بووچوونمان هەیە و پێمان وایە کە ئەوە پلاتفـۆرمە بۆ ئیستا و داهاتووش گۆنجاوە کە بەمشێوەیە دارێژراوە

**پێنج جۆری کاراکتەری بەشدار کە لە کۆمیسیۆنەکانی ئەنجومەندا کار دەکەن و لێژنەکان دروست دەکەن، دەتوانن ئەمانە بن:**

١- ئەنجومەنی پارت و لایەنە سیاسییەکان.
٢- ئەنجومەنی کەسایەتییە سیاسی - رۆشنبیرییە سەربەخۆکان.
٣- ئەنجومەنی خاوەن پێگە و سامانە کوردەکانی دەسەڵاتدار لە رێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکاندا.
٤- ئەنجومەنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک مافی مرۆڤ، ژنان، منداڵان، لاوان،هیدی
٥- ئەنجومەنی سەربازی بۆ هەموو ئەو فەرماندەرە کارا و پسپۆڕانەی دەتوانن هێزی پێشمەرکەی کوردستان چالاک بکەن.

**لێژنە و ئەنجومەنەکانیش دەتوانن ئەمانە بن.**

١- سەرکردایەتیی ئەنجومەنی کاتی - کە بە گوێرەی یاسا و بە هەڵبژاردن لە نێوان قەوارەکان دروست دەبێت.
٢- لێژنەی دیپلۆماتیک - ئەم کەسانە دانوستانەکان سەرپەرشتی دەکەن و نوێنەری ئەنجومەنن بۆ کاروبارەکان لە دەرەوەی خۆمان.

٣- لێژنەی ئایینی و رۆحی - بۆ دزەنەکردنی لایەنە دەرەکییە ناکۆکەکان لەگەڵ دۆزی کورددا، پێویستە لێژنەی فەتوا و رۆحیی ئەنجومەن دروست ببێت.

٤- لێژنەی یاسایی - بۆ دارشتنی یاساکانی هەرێمی رۆژهەڵات و یاساکانی بەرێوەچوونی ئەنجومەن

٥- لێژنەی ئاشتی - بۆ پاراستنی یەکریزی نێوخۆمان ئەم کەسانە رۆڵ دەگێرن.

**رۆژی کورد:** پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**محەمەد جەمشیدی:** وەلانانی ناکۆکییەکان و قبولکردنی جیاوازیەکان و یەکتر قبولکردن گرنگترین مەرجی سەرەکی بۆ گفتوگۆکردن کە ئەمە لە ناو لایەنەکانی رۆژهەڵاتدا بەدی ناکرێت و پیویستە هەموو ناکۆکیەکانمان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەلا بنێن، بەتایبەتی بەرژەوەندیە حزبیەکان و بە شێوەی کرداری کار بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێک بکەین بە مەبەستی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵات بە بێ جیاوازی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاوەروانی یەکگرتووی و یەکدەنگی هێز و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە چی دیکە پێکهێنانی بەرە لە چوار چێوەی قسە ودروشمدا نەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## وریا ساڵحزادە: ئێمە لەگەڵ دروستبوونی بەرەیەکی کوردستانین




**بەڕێز وریا ساڵحزادە جێگری سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**وریا ساڵحزادە:** ئێستا پێگەو دەنگ و ناوی کورد لە ئاست جیهاندا لەو پەری بەرزی دایە، هەر وەک ڕۆڵی کورد لە باشوری کوردستان، لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها کێشەی کورد لە باکور، ئەمانە هەموو بوونەتە سەرتیتل و سەردێری ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی جیهانی. بێگومان بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی پێشهاتووی دوا ڕۆژی ئێرانیش ئەو چاوەڕوانییە لەگەڵی کورد دەکرێت، کە بە ڕێک و پێکی و بەرنامەوە ئیدارەی بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

بۆ هەر ئەگەرێکی دوارۆژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زۆر زەرورە کە بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە دروست بکرێت. کە ئەو بەرەیە بتوانێت هەموو لایەنەکە لە یەک نزیک کاتەوە و بەرنامەی هاوبەش بۆ هەر ئەگەر و ڕاپەرینێک لە کاتی گەرانەوە دروست بکات، کە لانیکەم بتوانێت ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم لە ٦ مانگی سەرەتاوە بکات، تا خەڵک و لایەنە سیاسیەکان ئامادەیی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری دەبن. ئەگەر ئەو بەرەیە پێشوەخت دروست نەکرێت، ئەوا لە کاتی گەرانەوەدا دەبێتە هەر کەس بۆ خۆی و هەر لایەنێک بۆ خۆی کۆنترۆڵی شارو ناوچەیەک دەکات. شەری براکوژی دروست دەبێتەوە، و خەڵکمان بە تەواوی لێ بێزار دەبێت و خەڵکەکە خۆگە بۆ سەردەمی داگیرکەران دەخوازن.

**ڕۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**



سەرچاوە
Serchawe

**وریا ساڵحزادە**: بەداخەوە لەتبوون و دابرانی حیزبەکان لە یەکتر ئیستا بە گەورەترین لەمپەر دەبینرێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە پێویستە بەرژەوەندی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە پێش هەموو لەمپەرە بچووکەکان، دەنا مێژوو لێمان خۆش نابێت.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**وریا ساڵحزادە**: ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان کە تا کاتی ئەم دیمانە ١٠ ساڵ بە سەر دامەزراندنماندا تێپەر دەبێت، هەمیشە بانگهێشەی دامەزراندنی بەرەیەک یا پێکەوە کارکردنێک لە ژێر هەر ناوێک بێت کردوە، و بەردەوامیش دەبین لەو ئەرکە نەتەوەییە. لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە لەگەڵ دروستبوونی بەرەیەکی کوردستانین کە لە هەموو چین و تۆێژێکی کوردستانی تێدابێت. بەرەیەک بێت بە تەواوی مانا پێناسە لە هەموو پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بە سیاسی و چەپ و ڕاست و لیبراڵ و ئاینی و کەمە نەتەوەییەوە. ئەو جۆرە بەرەیە دەتوانێت پێگەیەکی بە هێزی لە ئاست کوردستان و جیهاندا هەبێت.

هەروەها داوا دەکەین کە چی دیکە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو چاوەڕوانیە نەهێڵینەوەو بە پەلە هەنگاو بنرێت بۆ دروستبوونی ئەو بەرەیە، با لە پێشا کۆمیتەیەکی ئامادەکاری بۆ دروستبکرێت، ئەو کۆمیتەیە کاربکات لە سەر وردە کۆسپ و بوارە تەکنییەکانی. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان ئامادەیی خۆمان پێشاندەدەین کە ئەرکی بەڕێوەبەری یەکەم کۆبوونەوەی ئەو پرۆژەیە بۆ بەرە لە گشت بوارێکدا لە ئەستۆ بگرین.

ئەو وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## دوکتور کامران ئەمین ئاوە: دەبێ لایەنەکان کاری هاوبەش بکەن، یەکتری قبوڵ بکەن




**بەڕێز دوکتور کامران ئەمین ئاوە چاودێری سیاسی وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد: گرینگی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کۆردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**د. کامران:** به پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە خێراییەکی بێ وێنە لە یەک دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیی پاش هێرشی داعش بۆ باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و بەرەنگاریی بێ وێنەی کوردەکانی ئەو دوو بەشەو هاوکاریی و پشتیوانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەم ڕەوتەدا کراوە، هەروەها سەرکەوتنی ئەم دواییەی ها. د. پ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکییە، بە جیهانی بوونی کێشەی کورد و ڕەنگدانەوەی ڕەچاونەکراوی خەباتی گەلی کورد لە میدیاو بیروڕای گشتیی، دەوڵەتەکان و پەرلمانی ئەورووپا و ئەمریکا و بووژانەوەو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداویستیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی سیاسیی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لە هەر کاتێکی دیکە وەکو ئەرکێکی گرینگ خۆێ دەنوێنێ. ئەگەر ئێمە سەیری کاردانەوەی هێرشی داعش بۆ کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پشتیوانی بێ وێنەی ماددی و مەعنەویی کوردەکانی نیوخۆی وڵات لە ئیلامەوە هەتا کوردەکانی دانیشتووی تاران، هەروەها شەپۆلی بەردەوامی لەسێدارەدانی کوردەکان و خۆپیشاندانی خوێناویی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵی شاری مهاباد و گیانبەختکردنی تەلاج و گیرانی دەیان ڕۆڵەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتیی بکەێن، دەبینین هەستو ئاگایی نەتەوەیی لە ئاستێکی فرە بەرزەو پێویستە بۆ بە هێزکردن و پەرەسەندنی ئەم هەست و جوڵانەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەنگاوی پێویست بۆ پێکهێننانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپێمانییەک هەڵێنن و لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین یەک کەون و هێزەکانیان بخەنە

پاڵ یەکتر. بێگومان پێکهاتنی هەرچەشنە بەرەیەکی بەرفراوان نە تەنیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ئاستی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ، بەڵکوو دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنیشی لە گشت کوردستان و جیهان ببێ و بە یەکدەنگی و بە هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش سەرنجی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا بۆ کێشەی کورد لە ئێران رابکێشێ. تا کاتێک هێزەکانی ئێمە ئاوا لەیەک دابڕاو و دوور بن و ئامادەی هاوکاریی پێکەوە نەبن، نابێ چاوەڕێ ئەوەی بین کە نەتەنیا لە ئاستیی جیهانی بەڵکوو لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و هەڵسوکەوتی ئەوان و هێزو لایەنەکانی باشور و باکوور کە بە پێێ بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران هەیە بایەخێکی شیاو و ئەوتۆ بە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. بە داخەوە ئێمە لەم یەک دوو ساڵی رابرووددا زۆرجار شاهیدی سوکایەتیکردنی بەشێک لە رێبەرانو میدیای کوردیی لە باشوری کوردستان بە حیزب و جوڵانەوەی کوردی رۆژهەڵات بووین تا ئەو رادەیەی کە، کاتێک لە زۆربنەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی کورد بە چەشنێکی جەماوەریی لەسەر شەقامەکان بوون و دەکەوتنە بەر زەبر و هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری حکومەتی ئیسلامی و سەرەرای تەواوی بەربەستەکانی دەسەڵاتداران و سەرکوتکەرانی حکومەتی تاران یارمەتیی بەرچاویان بۆ قوربانییەکانی شەنگالو کۆبانی کۆدەکردەوە، لە کاتێکدا مانگ نەبووە ئێمە شاهیدی شەپۆلی لەسێدارەدان و گرتنی رۆڵەکانی کورد نەبین، لەسەر شاشەی تلەویزیۆن باسیان لە نەبوونی بزوتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکرد. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە کاریگەرییەکی نەرێنیی لە نێوبیرورای گشتیی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان بووە و دەبێ و ئەمەش بەشێکی دەگەرێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە یەکگرتوو نین و زۆرتر لەوەی کە سەرقاڵی رێکخستنی هێز و توانایی خۆمان بۆ خەباتی دژ بە حکومەتی ئیسلامی ئێران بین، سەرقاڵی تاوانبارکردن یەکترو دابڕان و دوورکەوتنەوە لەیەکترین.

**لێرەدا دەکرێ بەشێک لە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی بەرە یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەم چەشنە گەڵاڵە بکرێ:**

* پێکهێنانی هەرچەشنە بەرەیەک دەبێتە هۆی بە هێزترکردنی هەستی نەتەوایەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پاریدەدری ماددی و مەعنوویی بە بزوتنەوەی مەدەنییو سیاسیی کوردەکانی نێوخۆی وڵات دەدا.

* پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی راهاتن و کارامەیی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە لە کاری هاوبەش، خۆرێکخستن و ئامادەکردنی ئێمە وەکو هێزێکی یەکگرتوو لەبەرامبەر هەرچەشنە ئاڵوگۆری لەنەکاو لە ئێران، هەبوونی هەڵوێستی هاوبەش لە بەرامبەر تاران بۆ وەدی هێنانی ماڤی خۆچارەنووسی کوردو بەرگریی لە هەر چەشنە ناکۆکیی، چەندبەرکیی و تەنانەت شەرێ ناوخۆیی کە دەتوانن هۆی لاوازکردنی بەرەی کورد و بە هێزکردنی هێزەکانی دژبە کورد بن.

* پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی قورسایەتیی حیزب و کەسایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەهەر چەشنە ئێتلاف و هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتیی لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هتد...

* پێکهێنانی بەرە پێشگیریی لە سەرکەوتنی پیلانەکانی حکومەتی ئیسلامی بۆ دووبەرەکی خستن لە نێو حیزبەکانی کوردستانی دەکات و کاتێک پێویست بە هەر چەشنە دانیشتن و دانووستانێک لەگەڵ هەر حکومەتێک بۆ وەدی هێنانی ویستەکانی گەلی کورد لە ئێران بێ، کوردی رۆژهەڵات بە یەکدەنگی و پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لەم ڕەوتەدا بگێڕێ.

* لە ئاستی جیهانیشدا بەرەی یەکگرتووی کوردی رۆژهەڵات بە پێکهێنانی لۆبی یا هەرچەشنە نوێنەرایەتییەک لە دەرەی وڵات دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ وەدەسهێنانی پشتیوانی ماددی و مەعنوویی دەوڵەتەکان و بیرو رای گشتیی و هتد... بگێڕێ.

* و هتد

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**د. کامران**: لەوەدەچێ پێکنەهاتنی بەرە دوو هۆکاری سەرەکیی بێ:

**یەکەم**، نزمبونی فەرهەنگی کاری هاوبەشیی لە نێو هێزەکانی کوردستانی بە تایبەتیی و هێزەکانی ئێرانی بە گشتیی. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بدەینەوە، دەبینین نە تەنیا لە نێو ئێمەی کورددا، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا فەرهەنگی کاری هاوبەشیی لە نێو هیزە سیاسییەکاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. لە سەرەتای دەیەی ٢٠ی هەتاویی سەدەی پێشووە هەتا ئێستا چەند بە نێو بەرەیەکی ئێرانی پێکهاتووە کە زۆرتر لە ئاستی نووسینی ڕێکەوتننامە بووە یان بە هۆی هێژمۆنی لایەنێک، قەتیس ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بە هێزی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەبووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "بەرەی یەکگرتووی حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران" لەساڵی ١٣٢٥ی هەتاویی لە نێوان حیزبی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، حیزبی سوسیالیست و حیزبی جەنگەڵ؛ پێکهاتنی "شورای میللی و مقاومەت" (١٣٦٠ی هەتاویی) کە بە هۆی



سەرچاوە
Serchawe

پاوانخوازیی موجاهیدین زۆرتر لەوەی کە بەرەیەک بێ، ڕێکخراوەی سیاسیی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بۆ کارو باری دیپلماسی و هتد... یان بووە، هەروەها "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران" (١٣٨٤ی هەتاویی) و "سازمانی کۆماریخوازەکانی ئێران" (١٣٩٠هەتاویی) بکەین. ئەم حاڵەتە لە نێو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەوەش لاوازترە. بۆ وێنە "شاندی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" (١٣٥٨ی هەتاویی) بە هۆی ناتەبایی هێزەکانی پێکهێنەری نەیتوانی بنەمایەک بۆ نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێ. ڕێکەوتنی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"یش(١٣٩١ی هەتاویی) نە تەنیا نەبوو بە بناغەیەک بۆ نزیککردنەوەی هێزەکانی دیکەی سیاسیی کوردستان، بەڵکوو نەیتوانی ئەو ئەرکانەی کە بۆخۆی دیاریی کردبوو بە جێی بێنێ و کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی نووسینی یەک دوو بەیاننامە و دانیشتن و سەردانی ئەم دوو حیزبە لە بنکەکانی یەکتر قەتیس مایەوە.

**دووهەم**: دابڕانەکانی بێ‌پسانەوەی "کۆمەڵە و دێموکرات" لە دوو سێ دەیەی ڕابردوو و پێکهاتنی چەندین ڕێکخراوە بە ناوی هاوریز، دەرکردن وجیابوونەوە و بێ متمانەیی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوانە، ڕەوتی نزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردستانی و پێکهێنانی بەرەیان ئاڵۆزتر کردووە. کاتێک ئەم هێزانە لە نێوخۆیاندا تووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و ئیدئۆلۆژیی بن و بەشێکیان نەیانەوێ تەنانەت هەبوون و ناوی یەکتر بە فەرمی پێناسە بکەن، بێگوومان بۆیان ئاسان نییە کە هەنگاوی پێویست بۆ لەیەک نزیکبوونەوە هەڵێنن. لێرەدایە کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی قوربانیی بەرژەوەندیی و پاوانخوازیی حیزبیی یاخود تاکەکەسیی دەبێ. ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەم ڕەوتە داناوە و دایدەنێ، هەرچەند بەشێک لەم ڕێکخراوانە بە ڕواڵەت باسی یەکگرتن و هتد... دەکەن بەڵام لە کردەوەدا بە هۆی ناتەبایی نێوخۆیی بەربەستێکن لە ڕەوتی پێکهاتنی بەرە یان هەر چەشنە هاوپەیمانییەک.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**د. کامران**: پێویستە پێش هەموو شتێک لایەنە کوردوستانییەکان بەم قەناعەتە بگەن کە پێویستە پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، یەکتری وەکو ڕاستییەکی هاشاهەڵنەگر قەبوڵ بکەن و ئەو ماڤەی کە بۆخۆیان ڕەوا دەبینن بۆ لایەنەکانی دیکەشی بە ڕەوا بزانن. لەم ڕەوتەدا پێویستە حیزبە کوردستانییەکان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا خاڵە هاوبەشەکانیان ڕوون کەنەوە و بە دوور لە پاوانخوازیی و بە قەبوولکردنی دروشمی "یەک حیزب، یەک دەنگ" بەرەی کوردستانی پێک بێنن. بە پێی دابڕانەکانی دێموکرات و کۆمەڵە و پێکهاتنی ڕێکخراوەی جۆراوجۆر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوور بوونیان لە وڵات، پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی هۆگران و نفووزی حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و مێژووی ڕابردووی حیزبەکان ناتوانێ پێوەرێکی جێ متمانە بۆ ئەم کارە بێ، کەوابوو ئەم هێزانە لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی

**کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بۆ گەیشتن بە ماڤی خۆچارەنووسینی کورد بەرەی هاوبەش پێک بێنن.**

**ئەو وتووێژە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٥ ئەنجام دراوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٦**

-----------------------------------------------

## عوسمان جەعفەری: پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوخۆی هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات پێویستە و زەرووەتێکی مێژووییە




**بەڕێز عوسمان جەعفەری، سەرۆکی یەکێتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد: گرینگی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**جەعفەری: بۆ ئەوەی کە بزانین گرینگی درووستبوونی بەرەی کوردستانی و زەروورەتی درووست بونەکەی لە چیدایە دەبێ لە دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکیەوە بۆی بڕوانین یەکەم ڕەهەندی نێوخۆیی چ وەک گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران و کوردستان و چ وەک پەیوەندی نێوخۆیی هێزەکان و نێومالّی کوردی و دووهەم ڕەهەندی دەرەکی پێکهاتنی ئەو بەرەیە کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی چ گرینگی و زەروورەتێکی هەیە و کاریگەریەکان و لێکەوتەکانی چی دەبن. هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات ئەو ڕاستیە دەزانین کە ئەوڕۆکانە سیاسەتی ڕۆژئاوا و تایبەت ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و تایبەت بە پرسی برنامە ئەتۆمیەکەی لە سیاسەتی دژایەتی و بەربەست بوون بۆ هاوکاری گۆڕدراوە و بە چاوی خۆمان دەبینین کە**



سەرچاوە
Serchawe

دەرئەنجامی ئەو گۆڕانی سیاسەتەش گەڕانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایە بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی ئابووری ئێران, ڕاستە کە ئەو گۆڕانی سیاسەتەی ڕۆژئاوا جۆرێک لە بووژانەوەی ئابووری و گوزەرانی خەڵکی لێدەکەوێتەوە بەڵام ئەوە تەنیا ڕووی پشتەوەی ژیانی ئابووری گشتی خەڵکی ئێرانە و ڕووی سەرەکی و بنەڕەتی ژیانی گەلانی ئێران و تایبەت کوردستانی خۆرهەڵات ئەو سیمای دەسەڵاتەیە کە تا ناخی پڕە لە گەندەڵی و خەڵک بێ بەشە لە سەرمایەی گشتی وڵات کە سەرەڕای ئەوەش کە گەلانی ئێران و تایبەت کورد لە ڕووی سیاسیەوە خوازیاری گۆڕانکاری سیاسین لە سیستەمی سیاسی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ سیستەمێکی دیموکرات کە گەلانی ئێرانی خاوەن ئیرادەی سیاسی ئازاد و دیموکراتیکی خۆیان بن, گەڕانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ بازاڕە ئابووریەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەڕای هەبوونی ئەو سیستەمە گەندەڵە ئابووریەو ئەو سیستەمە فاناتیک و سەرکۆتگەریە, نەبوونی یکدەنگی و قورسایی دەنگی ناڕەزایەتی و کەمکاری و نەبوونی هاوکاری ڕاستەوخۆ و بێ پلانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە بە گشتی و لە پلەی دووهەمدا لە نێو هێزە کوردییەکان وەک چالاکترین هێزی سیاسی ئۆپۆزسیۆن، دەبوو هێزە کوردستانیەکان بۆ ئەوەی کە کاریگەی و قورسایی خۆیان لە سەر بڕیارە نێونەتەوەییەکان دابنێن یەکگرتوو و خاوەن بەرە بۆ پێشکەشکردنی پلانی خۆیان بن ، لە ساڵانی ڕابردوودا کورد نەیتوانی بە یەکخستنی دەنگی خۆی لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان کاریگەری لە سەر بڕیارەکان دابنێت و باردۆخەکەی بە شێوەیەکی دڵخوازانەتر بگۆڕێت بەڵام بە داخەوە بەو شێوەیە نەبووە و بۆ نموونە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، زۆرینەی ڕای جیهانی و هێزە جیهانیەکان و ناوچەکە دژی ئێران بوون بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی خۆرهەڵات بە هۆی پرش و بڵاوی خۆی نەیتوانی ئەو باردۆخە بەکار بهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ساڵی ١٩٨٨ و دوای شەڕی عێراق و ئێران هەموو کەس پێی وابوو کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی باشوور بەرەو پاشەکشە بڕوات بەڵام هەر ئەو ساڵە هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە بەرەی کوردستانیان درووست کرد و ناکۆکیەکانیان وەلا ناو و توانیان مێژوویەکی نوێ بخولقێنن، ڕاست پێچەوانەی هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات، کە بە هۆی پرش و بڵاوییان تا هات پاشەکشەیان کرد و پاشەکشەیان پێکرا و بە داخەوە بو بە هۆی تیرۆر بوونی دەیان ڕێبەر و کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە و نەیانتوانی وڵامدانەوەیان و کاردانەوەیان لە ئاستی ئەو ستەم و دەستدرێژیە بێت کە کراوتە سەریان. لەوە بترازێ ئێمە با ئەم یەک دەیەی ڕابردوو بخەینە بەر باس کە هەلی مێژوویی لە ئارادا بوو بۆ درووست کردنی ئەگەری گۆڕانکاری جیدی لە ئێراندا هەم ڕای جیهانی و هەم هێزە جیهانیەکان و هەمیش خەڵک لە ناوخۆوە ئامادەیی ئەوەیان تێدا بوو کە گۆڕانکاری بە سەر ئەو سیستەمە دیکتاتوریەتە دا بێنن بەڵام بە داخەوە لە ماوەی ئەو یەک دەیە و دوای ساڵی ٢٠٠٤ زیاترین کەم کاری کرا بۆ درووست کردنی بەرە، زیاترین لەمپەر و بیانویان داتاشی بۆ درووست نەبوونی بەرە، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دەکرا ئەو هەلە مێژووییە بقوزینەوە بۆ کاریگەری دانان لە سەر بڕیاری نێو نەتەوەیی بە یەکدەنگی و کۆ کردنەوەی هێزەکانمان لە بەرەیەکی کوردستانیدا بەڵام مەخابن بینیمان کە هێزە کوردییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات زیاتر تووشی لێک ترازان و ئینشعاب بوونەوە.

بۆ ئێمە هێزە سیاسیەکان گرینگە کە خوڵقێنەری هەلی خەبات و تێکۆشان بین و بە بڕوای من دوای ئەم چارەسەری پرسی ئەتومیەی ئێران دەبێ خۆمان نوێ کەیەنەوە و لێرەوە بە دواوە دەورەیەکی نوێ لە خەباتی رزگاریخوازیمان دەست پێدەکات، بە هەمان شێوە کە وتمان لە ساڵی ١٩٨٨ بێ هیواییەک زاڵ ببوو کە بزووتنەوەی کورد لە بەرامبەر رژێمی بەعسدا بە چۆکدادێت و ئاراستەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بە قازانجی کورد نەبوو بەڵام دەبینین کە بە هەست کردن بە ئەرکی ئازادیخوازی و خەباتگێڕییان بەرەی کوردستانیان ساز کرد بە هەمان شێوە لەم کاتەشدا کە هاوکێشە سیاسەکانی ناوچەکە و جیهان لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدایە و بێ هیوایەک باڵی کێشاوە بە سەر سیمای ئۆپۆزسیونی ئێرانیدا،هێزە کوردییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات زەرووره لە سەریان کە مۆراڵ و هیوایەک بۆ هەم خەڵک و هەمیش بزوتنەوە ئازادیخوازەکەمان بگێڕێتەوە و ئەویش تەنیا بە درووست کردنی بەرەی کوردستانی دەبێت . یەکێکیتر لە زەروورەتەکانی درووست بوونی بەرەی کوردستانی، بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامیە کە هێزە کوردییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات دەتوانن بە هەبوونی بەرە و هاوکاری نێوانیان پەرچدانەوەی پێویست و بەهێزیان هەبێت و گۆڕەپانەکە چۆڵ نەبێت بۆ تاودانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوە بۆ هەموو لایەک روونە کە ئەو حکومەتە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دزە کردووەتە هەناوی ناوچەکە و ئەورۆ خاوەن هەڵوێست و بریاری خۆیەتی لە ناوچەکەدا و بەو شێوازەی کە خواستیەتی ، ئاراستەی سیاسەت و ڕووداوەکان دەگۆڕێت و دەقاودەق بۆ هێزە کوردستانیەکانیش ئەوەی گواستوەتەوە و لە ڕێگەی هێزی تر و لە رشێگەی کەسانی تایبەتی خۆی، کاریگەری لە سەر هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات داناوە و کاریگەری خۆی داناوەتە سەر بزاوتی کوردی و بۆ رزگار بوون لەو دۆخەو بۆ بەرنگار بوونەوە و پەرچدانەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوخۆی هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات پێویستە و زەرووەتێکی مێژووییە، چوونکوو بێتوو بەرە پێکنەهێنرێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتە زیادەرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوا بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر هەڕەشەی جیدی مان و نەمانی دا دەبێت. لە ڕووی دەرەکیشەوە زەرووره کە ئەو ڕاستیە بسەلمێنرێت بۆ ئەرووپا و ئامریکا و زلهێزەکانی تر و هەروەها ناوەندە بریار بەدەست و ڕای گشتی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازانی جیهان کە گەلی کورد خاوەن هێزی کارای سیاسیە کە ئامانجی بە دیموکراتیزە کردنی ئێران و پەرەپێدانی شارستانیەتی دیموکراتیکە لە ناوچەکە و تایبەت ئێراندا و ناکرێت ئەوان فایلی مافی مرۆڤ و نەتەوە و کەمە ئایینی و دین و توێژە جیاواز و جیابیرەکانی کۆمەڵەی ئێرانی لە بیر بکەن و بیکەن بە قوربانی پەیوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئێراندا. هەر بۆیە ئەوەش تەنیا لە ڕێگەی یەک هەڵوێستی و کۆکردنەوەی هێزی گشتی حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی تر دەستەبەر دەکرێت.

**رۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**

**جەعفەری**: هەمووماـن ئەو ڕاستیە دەزانـین کە هەم گـرینگە و هەمیش زەرووره کە بەرەیەک درووست بێت لە لایەن هێزه سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە بەڵام بەداخەوە دوو فـاکتەری سەرەکی بـوونی هەیە جیـاواز لە فـاکتەرە گرینگەکـانی تـر کە هۆکـار و بەربەست بـوون بـۆ درووست کردنی بەرەیەک، کە ئەوەش نەبـوونی ئیـرادەی سیاسی بەهێـز و دووهەم بـێ هیواییە بە نسبەت گۆڕانی سیاسی و جووڵەی ناوخۆیی خەڵک و جەماوەری ئێران. ئەم دوو فـاکتەرە، دوو فـاکتەری سـەرەکین کە تـا هەنووکە نەیهێشتووە فاکتەرە بەربەست و خاڵە ناکۆکەکانی تری نێوان لایەنە سیاسیەکان بڕەوێتەوە و هەنگـاو بەرەو بەرە بهاوێژرێت، بـوونی ئیـرادەی سیاسی بەهێـز زەرووڕەتێکی حەتمیە بـۆ سێ شـتی سیاسـی گرینـگ ، یەکەم بڕیـاردانی سـەربەخۆییانە لە سـەر کـرداره سیاسـیەکان و دووهەم هەبـوونی جـورئەتی سیاسـی بـۆ بڕیـاردان و سـێهەم هەسـت بەبەرپرسیارێتی کردن بەرامبەر بە ستەم و ئازاری خەڵک، بەداخەوە گرێدراوی بە هێزەکانی دەرەوەی کوردستانی خۆرهەڵات و گرێـدانی بڕیـارە سیاسـیەکان بە بڕیـاری هێزەکـانی دەرەوەی کوردسـتانی خـۆرهەڵات یەکێـک لەو بەربەسـتانە بـووە کە نەیهێشتووە تـا هەنووکە بەرەیەک درووست ببێت و و جۆرئەتی ئەویـان نەکـردووە کە مەیلی یەک هەڵوێستی بنـوێنن لە گەڵ هێزەسیاسییەکانی تردا و خۆیشیان بە بەرپرسیار نازانن بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمی کۆماری ئیسلامی و تەنیـا خۆیـان وەک خاوەن خەڵک لە سەر کاغەز وێنا کردووە، هەنگاوەکان و هەوڵەکانی پێشووتر بۆ بەرە ئەو ڕاستەییەی پێ ووتین.

بێ هیـوا بـوون لە درووست بـوونی گۆڕانکـاری سیاسـی لە ئێـران و نەبـوونی جـووڵەی سیاسـی کـاراو ئەکتیڤی جەمـاوەری لە نـاوخۆ، رۆحـی شۆڕشـگێڕێتی بـۆ هەنـدێک لەو هێـزانە نەهێشـتووتەوە، ئەوە لە حـاڵێکـدایە کە ئەرکـی هێـزی سیاسـیە کە جووڵەی جەماوەری درووست بکـات بـۆ گۆڕانکـاری سیاسـی و هەڵگیرسـانی و بەردەوام کردنـی شـۆڕش, هەنـدێک لەو هێـزانە و تـایبەت تـاکە کاریگەرەکـانی نێـو ئەو هێـزانە لە بیریـان چـووەتەوە کە ئەوان ئەبـێ شۆڕشـگێڕ بـن و ئەو بەرنـامەیە کە هەنگاویان بۆ هەڵگرتووە دەبێ بیخەنە پێش بەرژەوەندی تاکە کەسی و ڕەوتـی و حیزبـی خۆیـانەوە، هەر بـۆیە دەبینین کە لەمپەر و بەربەستی تر دێتە کایەوە کە ناهێڵێت بەرە درووست ببێت ئەویش بەرژەوەندی تاکە کەسی و حیزبـی و ڕەوتـیە کە نایهەوێت ئەو ئیرادەیە درووست ببێت کە هەنگاو بۆ درووست بوونی بەرە بنێت، ئەوان بەرژەوەنـدی خۆیـان پـێش بەرژەونـدی گشتی خستوە و نەیانهێشتووە کە بەرەیەک بـۆ کوردسـتانی خـۆرهەڵات کە لە بەرژەوەنـدی گشـتیدایە درووست ببێت، بـوونی بەرژەوەندی تاکە کەسی و حیزبی لە نەبوونی بەرەدا بە ڕوونی لە هەنگاوەکانی پێشوو بۆ بەرەدا دیار بوو.

یەکێکی تر لە فاکتەرە بەربەستەکانی تـری بەرە، بەداخەوە نەبـوونی کلتووری یەکتـر قەبـووڵ کـردن و دوور بـوون لە بەهـا دیموکراتیکەکانە، هەنـدێک لە هێـزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات تەنهـا لە سەر کـاغەزی ئەساسنامەکانیان وشەی دیموکراسی و باوەڕ بە پلۆرالیزم بوونی هەیە و زێهنییەتیان زێهنییەتی پاوانخوازی و بەرەنگار بوونەوەی دیموکراسیە و پڕە لە وەهم و خەیـاڵی خۆ بە زل زانین، تـا کاتێک ئەم زێهنییەتە بـوونی هەبێت و ئەو کلتـوورە نادیموکراتیـک و خۆبەزل



سەرچاوە
Serchawe

زانینە بوونی هەبێت نەک بەرە بەڵکوو باسی دیموکراسی و جووڵەی فراوانی کۆمەڵایەتیش هەر نایەتە گۆڕێ، چوونکوو هێزەکانی تر و ڕەوتە فیکریە جیاوازەکانی تر لە بەرەی دووژمن دادەنێت و خۆی نیشتمان پەروەر و خاوێن و پاک نیشان ئەدات و ئەوانیتر بە ناپاک و خۆفرۆش و نیشتمان فرۆش و ناشۆڕشگێڕ بوون تاوانبار دەکات. لە وەها دۆخێکدا هیچ حەسێبێک بۆ هیزەکانی تر ناکرێت تاکوو لە گەڵیاندا بچێتە بەرەیەکەوە.

بەداخەوە گرفتەکان و لەمپەرەکانی بەردەم پێکهێنانی بەرە فراوانن و بە ئەم عەقڵیەتی ئێستای هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتەوە کە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان و واقعیتە سیاسیەکان نیە و ناتوانێت ئاراستە سیاسیەکان بخوێنێتەوە و شوێنکەوتە و جێماوی ڕووداوەکانە و جورئەتی ریسک و توانای مانۆڕی نییە لە نێو ڕووداو و هاوکێشە سیاسیەکاندا و نەیتوانیوە لە هەلە مێژووییەکان کەڵک وەر بگرێت و هەلی مێژوویی ڕوویداوە بەڵام جۆرئەتی ئەوەی نەبووە کە بڕیاری چارەسەر بدات و لە نێو هاوکێشە سیاسیەکان و ڕووداوە مێژووییەکاندا نەیتوانیوە خۆی بەهێزکات کە ئەویش لە ڕێگەی هاوپەیمانی لە گەڵ هێزەکانی تر و درووست کردنی بەرەیەک کە بتوانێت هەم ڕای گشتی جەماوەری ناوخۆیی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و هیوا بەخش و ڕاچڵەکێنەری حەماسەتی خەڵکی بێت وهەمیش بۆ کاراکترە یاری کەرەکنی نێو سیاسەتی ناوچەکە و ئێران ببێت بە ئەمری واقیعی کارتێکەر کە شوێن پێی و بڕیارەکانی دیار بێت.

**رۆژی کورد:** بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**جەعفەری:** دەستەواژەی بەرەی کوردستانی بۆ خۆی پێناسەی خۆی پێیە یانی کۆکەرەوەی هەموو هێز و ڕەوت و ڕێکخراو و تاکە کەسی حقوقی وسیاسی و چالاک لە بوارە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی و مافخوازی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە لە گۆڕەپاندا بوونیان هەبێت و هەموو ئەوانەی دەرەوە و ناوخۆی وڵات دەگرێتەوە. دیارە کە هێزەکانی کوردستان دابەش بوون بە سەر بیر و ڕا و ئایدیا جیاوازەکان و هەر هێز و ڕێکخراو وتاکە کەسێک پرۆژە و بەرنامەی تایبەتی سیاسی خۆی هەیە بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان و بەرنامە سیاسی و فیکرییەکان جیاواز و جۆراوجۆرن، هێزمان هەیە کە داوای فیدرالیزم دەکات هێزی تر داوای خودموختاری یان ئیسلامی یان سەربەخۆیی دەکات یان هەمانە کە بەس دیموکراسی دەوێت، لێرە دەبێت خاڵی هاوبەش لە بەرچاو بگیردرێت و خاڵی هاوبەشی هەموو هێزەکان بە پێی بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان دیموکراسی و باوەڕ بە پلۆرالیزمە هەر بۆیە باشترین مکانیزم بۆ پێکهێنانی بەرە دیموکراتیک بوون و قەبووڵ کردنی یەکتر و باوەڕی ڕاستەقینەبێت بۆ بەشداری گشتی کە هەموو فیکر و ڕا جیاوازەکان لە ژێر بەرنامەیەکی کاری تایبەت بە بەرەدا

کۆ بکرێنەوە هەم هێزەکانی دەرەوە و هەم هێزەکانی ناوخۆ لەم بەرەیەدا بەشدار بن. ئەوەی کە لە پرسیارەکانی پێشوودا باسم کرد دەبێ لە بەرچاو بگیردرێت و ئیرادەی سیاسی و جورئەتی سیاسی ئەوێت کە بتوانین هەنگاو بەرەو بەرە بنێین و ئامانجمان دیموکراسی ڕاستەقینە و بەدیهێنانی خەون و ئاواتی نەتەوەکەمان بێت. لە ساڵانی ڕابردوودا بە داخەوە حیزبەکانی کوردستان تووشی کێشەو گرفتی ناوخۆیی فراوان بوونەوە کە بوو بە هۆی لێکترازان و جیا بوونەوە و ئینشعاب و ئەوەش درووست بوونی بەرەی تا ڕادەیەک ناڕۆمکین کرد دەبێ دەست پێشخەرییەکی بوێرانە لە لایەن هێزە خاوەن کاریگەریەکانی کوردستانی خۆرهەڵات ئەنجام بگرێت کە هەموو هێزەکان کۆ بکرێنەوە و پێش هەموو شتێک ئاشتەواییەک لە نێوان هێزەکانی کوردستانی خۆرهەڵات درووست ببێت و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ یەکتر ئاسایی بکرێتەوە و هەموویان دان بە فەرمی بوون و سەربەخۆ بوون و خاوەن ڕێکخستن و سیستەم بوونیان دا بنرێت و بە ڕای من ئەوە ئەتوانێت ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ پێکهێنانی بەرە، ئەگەر چی زۆر چاک دەبێت کە پێش هەموو شتێک ماڵی دوو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ڕێکبخرێنەوە کە ئەگەری درووست بوونی بەرەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەریش ئەوە ڕووی نەدا یان جێبەجێ نەکرا دوو ڕێگای تر هەیە کە دەکرێت تاقی بکرێنەوە و ڕێخۆشکەر بن بۆ پێکهاتنی بەرە یەکەم ئەوەی کە لایەنێک یان دوو لایەن بە ئەوپەڕی لێبووردەییەوە دەستپێشخەری بکەن و ئێواش ئێواش پێش هەموو شتێک پلاتفۆرمێک لە لایەنە سیاسیەکان پێک بێنن و خۆێندنەوە بۆ هەموو ڕێگاکان بکرێن کە کامیان دەتوانێت درووستکەری بەرەیەکی بەرفراوان بێت، دووهەم ئەوەی کە کەسانی بێلایەن و کەسایەتییە بەناوبانگ و سەربەخۆکانی کوردستانی خۆرهەڵات هەوڵی درووست کردنی پلاتفۆرمێک بدەن و لایەنەکان بانگ بکەن بۆ کۆ بوونەوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش و دواتریش هەنگاو نان بەرەو پێکهێنانی بەرە، کە هەموو هێز و ڕێکخراو و کەسایەتیە چالاکەکان خۆیان لە نێوی دا ببیننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## مستەفا شەمامی: باشترین ڕێگە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، پێکهێنانی کۆنفڕانسی ئاشتیی نەتەوەییە بۆ ڕۆژهەڵات




**بەڕێز مستەفا شەمامی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرنگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چین؟**

**شەمامی**: گرینگیی بەرە، و زەروورەتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەکرێت لە هەبوونی بزاڤێکی سیاسی - نەتەوەیی دا زەق بکرێنەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کە خاوەنی ئیستراتیژی لەپێناو دەستخستن و دابینکردنی ئامانجەکانی رزگاری نەتەوایەتی، ئازادی، عەدالەتی کۆمەلایەتی و سەرئەنجام ساغکردنەوەی سەروەری سیاسی لەسەرئاستی ئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکلی مومکینی خۆیدایە، هەنووکە لە قۆناغی خەبات لە پێناو رزگاریدا خۆی دەبینێتەوە، کەوایە مەنتیقییە مادام خەباتی قۆناغی هەنووکەیی کورد بۆ رزگاری لە ستەم و جەوری نەتەوەیی ئۆرگانیزەکراوە، ئەم خەباتە پێویستی بە هێز و پتانسیلی نەتەوەیی گشت رەهەندی بەلام هەمگەرا و بگرە ئەگەر بگوونجێت موەحەد و یەکگرتوو هەیە، ئەم هێزە موەحەد و یەکگرتووە لەئەنجامدا، وەک فاکتەری کارگەر و کارساز رۆلی خۆی لە ساغکرنەوەی بەرەیەکی کوردستانی، وە یان هێزی هاوپەیمانی رۆژهەلاتی کوردستاندا دەگێرێت، تاکوو بتوانرێت بزاڤی نەتەوەیی بە سوودوەرگرتن لە تەوانایی و قابیلییەتیەکانی بەرەی پێکهاتوو، ئامانجی ئیستراتێژیکی ئەم قۆناغە لە خەبات کە بریتی بوو لە رزگاری لە ئاست زوولم و زۆری نەتەوەیی مسەۆگەر بکات.

**ڕۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**



سەرچاوە
Serchawe

**شەمامی**: هۆکار و بەربەست و لەمپەرەکان، دەتوانرێن لەهەبوونی کەماسی و لاوازی هەستی نەتەوەیی - نیشتیمانیدا زەق بکرێنەوە، کە ئەم کەماسییە بۆتە لەمپەرێک لەئاست مسەۆگەرکردنی "سازانی نیشتیمانی"، سازانی نیشتیمانی واتە ساغکردنەوەی ئیرادەیەکی موەحەدی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کۆکردنەوە و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی - نەتەوەیی، کە ئەمەش واتە پێویستی زەفکردنەوە و تەفەوقی هەست و بەرژەوەندی نەتەوەیی بەسەر گشت هەست و بەرژەوەندییەکانی شەخسی، سێنفی، حیزبی تاک تاکی ناو کۆمەڵگای کوردستانی، کە ئەم پێویستییەش بەداخەوە لەئەنجامی لاوازی هەستی نەتەوەیی - نیشتیمانی تاکەکان، و نەگونجانی دەگەڵ سایکۆلۆژی سیاسیان، مسەۆگەربوونی بۆ هەنووکە ئەگەر نەلێم ئاستەمە، بەلام ئاسانیش نییە، هەر بۆیەشە بەتەبەع لەم کەماسییە هەموو هەوڵەکان لەئاست ساغکردنەوەی بەرە، یان هاوپەیمانێکی ئیستراتیژیک، لەدەستپێکدا تووشی ئاستەنگی و تەفەوقی بەرژەوەندی تاک و کۆ و حیزب و گروپەکان، بەسەر بەرژەوەندی گشتی - نەتەوەیی دەبێتەوە و لەئەنجامدا پرۆسێسی هەمگەرایی حیزبەکان بۆ پێکهێنانی بەرە، لە واگەرایی زیاتر لەپێشوویی نێوانحیزبی و نێوانگروپیدا، خۆی دەبینێتەوە.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە، پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**شەمامی**: ئەگەر مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، ساغکرنەوەی هێزێکی یەکگرتوو، وە موەحەدی نەتەوەی بۆ قۆناغی هەنووکەیی رزگاری نەتەواییەتی بێت، باشترین شێوە بۆ پێکهێنانی ئەم بەرەیە، سوود وەرگرتن لە مکانیزمگەلی پێوەست و پێویست بۆ ساغکرنەوەی مۆدێلی "نوێنەرایەتی ئاوێنە"یە، واتە مادام بەرەی کوردستانی لە ئەگەری پێکهاتن و هەبوونی، رۆلی دەمراستی گشت رەهەندی لە بوارگەلی سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی... دەنوێنێ، سروشتییە ئەگەر لە جەوهەردا سازانی نیشتیمانی مەبەست بێت دەبێ لەبواری ساختاری و پێکهاتەیی، ئاوێنەی تەواوْنمای جۆراوجۆرییەتی ناو کۆمەڵگای سیاسی کوردستان بێت، واتە پێویستە وە دەبێ گشت حیزب و هێز و کەسایەتی کوردستانی زەمینەی "مشارەکەت بۆ دەستەبەرکردنی ئەسلی رەزایەت"یان، بۆ فەراهەم بکرێت و عەمەلەن لە رێگای نوێنەرانیان لە پرۆسێسی بریاراتی سیاسی کە پەیوەندییان بە چارەنووسی خەلکەوە هەیە، بەئەندازەی وەزن و قورساییان بەشدار بکرێن.

وەک پێشنیار، لەدستپێکی پرۆسەی پێکهێنانی بەرەدا، پێویستە کەمپینێک بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە گرینگییەت و زەرورەتی هەنووکەیی بەرە، روو لەخەلک بەمەبەستی هیدایەت و جەهتدارکردنی بیرورای گشتی رێکبخرێت، ئەم کەمپینە دەتوانێ هاوتەریب دەگەل گەیاندنی زانیاری بەخەلک و ساغکرنەوەی بیرورای گشتی لەئاست زەرورەتی بەرە،



سەرچاوە
Serchawe

لە فازی دووهەمیدا دەتوانێ وەک هێز و ئیرادەی گەل، لەشکلی گرووپی فیشار رۆل بگێرێت و فیشار و زەخت و داواکاری لەپێناو پێکهێنانی بەرە روو لە ئەحزاب و هێز و کەساییەتیەکانی ناو گۆرەپانی خەبات ئاراستە بکات.

لە فازی سێهەمدا، باشترین رێکار بۆ ساغکردنەوە و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، پێکهێنانی کۆنفەرانسی ئاشتی نەتەوەیی بۆ رۆژهەلاتی کوردستانە، کە وردەکارییەکانی چۆنییەتی پێکهێنانی لە مەنشوری بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان، لە بەشی "نەقشەی رێگا"دا، بە ووردی ئاماژەی پێکراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

**عەبدوڕڕەحیم مەعریفەتی: پێکهێنانی بەرە پێویستیی بە لێبڕاویی و فیداکاریی زۆری لایەنەکان هەیە.**




**بەرێز عەبدوڕڕەحیم مەعریفەتی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی رێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد:** گرنگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چین؟

**مەعریفەتی:** سەبارەت بە ناو و دەستەواژەیەک بۆ قەوارە و پێکهاتەیەک کە هێز و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان پێکەوە لە ژێر سەیوان و هەیوانێکدا کۆ دەکاتەوە، دەبێ بڵێین: لێککۆبوونەوەی چەند کەس و لایەنێک بەمەبەستی یەکخستنی هێزەکانیان و بۆ کارکردن لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا و لە برگەیەکی زەمانی سنووردارا، دەکرێ یا دەبێ ناوێکی پڕ بە

ناوەرۆکی خۆی بۆ دیاری بکرێ؛ وەک: "بەرە"، فیدراسیۆن، یەکیەتی و... .

"بەرە" لە مێژووی تێکۆشانی گەلاندا مانایەکی تارادەیەک تایبەتیی وەرگرتووە. هەر بۆیە بە تێگەیشتنی ئێمە پێداگریی لەسەر ئەو ناوە لەسەرەتاوە، ڕەنگە بێیتە گرفت. بە سەرنجدان لەو چەند خاڵەی خوارەوە دەتوانین تا ڕادەیەک لە گرینگیی و پێویستیی پێکهێنانی "بەرە" تێبگەین:

بە داخەوە بزووتنەوەی چەکداریی لەم قۆناغەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پەرژوبڵاوی دەستی پێکرد، لایەنەکان ستراتیژێکی ڕوون و یەکگرتوویان نەبوو، هێزە کوردستانیی و سەرتاسەرییەکان بە هۆی جیاوازیی زۆر و تەنانەت دژبەیەک لە فکر و بۆچوون و داخوازدا تاکتیکی کورتماوە و درێژخایەنیان یەکتری نەدەگرتەوە، ئەمانە و زۆر خاڵی دیکە بوونە هۆی دابڕانی و لێکدابڕانی زیاتر و لاوازبوونی بزووتنەوەی ئازادییخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات.

پێمانوایە ئێستا مەترسیی جینۆسایدی کورد لەو بەشەی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵات، زیاتر و بەرچاوترە. بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات سەرەڕای مەترسیی دوژمنانی داگیرکەر گرفتی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ چالاکان و نارازییان و خەباتکارانی ناوخۆی ئێران و کوردستان و گەلانی ناوچە و تەنانەت کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە، بە جۆرێک کە نارێکیی و ناهاوسەنگیی لەو پێوەندییانەدا زۆر جار ترس لەسەر هێندێک کەس و لایەنی بەشداری بزووتنەوەکە دروست دەکا و، جاری وایە سکاڵا دەگاتە ئاستێک ئاواتەخواز بین دوژمنان فریا کەون، دۆستان کوشتیانین.

لە ڕابردوو و ئێستاشدا زۆربەی وزەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی مافخوازانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە تێکگیران و بەریەککەوتنی ناوخۆییدا هەم خەسار بووە و هەم خەسارەشی لێکەوتۆتەوە، بۆیە پێویستە هەم وزەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان جێی خۆی بگرێ و هەم شێلگیرانە هەوڵ بۆ گێڕانەوەی متمانە و سارێژکردنەوەی زامەکان بدرێ.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە کورد بە بەراورد لەگەڵ گەلانی جیهان و لەچاو قەوارە و پێگەی جوگرافیی و مێژوو و فەرهەنگی خۆی و زۆریی و گەورەیی قوربانییەکانی، بەشخوراوترین و مەزڵوومترین نەتەوە لە ناوچە و تەنانەت لە جیهانیشدایە، بە تایبەت بەشە ڕۆژهەڵاتییەکە کە لە دۆخێکی زۆر هاڵۆز و هەستیار و دژوار دایە و، بارستایی ستەمی چەند قاتی کۆماری بەنێو ئیسلامیی ئێران لەسەر خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەستوورتر بووە و، تا ئەوڕۆش ڕۆژی ڕۆژهەڵاتییەکان لەودیوی ئاسۆ ماوەتەوە.

ئەمڕۆ کورد و خاک و فەرهەنگ و مێژووەکەی لە ڕۆژهەڵات کەوتۆتە بەر پیلان و پەلاماری پیسی دوژمنێکی نەگریس کە سەرەڕۆیی و ستەم و دەستدرێژییەکانی سنووری وڵاتی پەڕاندووە و خەریکە کەوشەنی قاڕڕەش دەبڕێ. ئەو داگیرکەرە ناڵە و نووزەی لانەوازانی بەرپێی خۆی نابیسێ و گوێ لە دەنگ و داوای دادگەرانەی لایەن و ناوەندە جیهانییەکانیش ناگرێ.

**ڕۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**مەعریفەتی**: بە تێگەیشتنی ئێمە لەمپەرەکانی سەر ڕێی پێکهێنانی "بەرە" لە نێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرن، بەڵام بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین:

- مێژووی تێکۆشانی پڕ کەموکورتیی لایەنەکان چەندە پاڵنەرە بۆ یەکریزیی و هاوکاریی، جێی داخە بەو ڕادەیەش - بەهۆی جۆری هەڵسوکەوتیانەوە- کۆسپە لەبەردەم دروستبوونی بەرە. بە بڕوای ئێمە ئەو کەس و لایەنانە لە پێناوی نەهێشتنی ئەو کۆسپانە و پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرانە و دووبارە و چەندبارە نەبوونەوەی هەڵە و خەسارەتەکان پێویستییان بە دانبەخۆداگرتن و دان بە هەڵەدانان و دان بەیەکتردانان هەیە.
- لەمپەرێکی دیکەی سەر ڕێی پێکهێنانی بەرە باری سایکۆلۆژیی و تایبەتمەندیی چینایەتیی کەسەکان و بەتایبەت بڕیاربەدەستەکانی نێو لایەنەکانە، بە رادەیەک کە دژوارە لە قاڵبی دیسیپلیندا قاڵ بىن و پێکەوە لە جامێکدا جێیان بێتەوە.
- پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافیی و شوێنی بنکەی لایەنەکان، کە دەبوو هاندەر و ڕێخۆشکەر بێ بۆ دروستبوونی بەرە، بە داخەوە ڕێگرە لە بەر دەم یەکیەتییەکە.
- دۆخی ئێستای بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەشنێکە کە کەلێنی کردۆتەوە بۆ دەستێوەردانی کەس و لایەنی دەرەکیی بە دۆست و دوژمن و دوور و نزیکەوە و، تەنانەت بە بیانوو و لەژێر ناو و پەردەی هاوخەباتیی و هاوکاریی و دڵسۆزییش.
- گرفتێکی دیکە بوونی ڕای جیاوازە لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەدا سەبارەت بە چەشن و جۆرەکانی خەبات لە ئەوپەڕی مەدەنیی و ئاشتییخوازانەوە تا ئەوپەڕی شۆرشگێڕانە و چەکدارانە و، لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و، لەوپەڕی ئیسلامییەوە بۆ ئەوپەڕی سێکولار.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**مەعریفەتی**: لە ڕاستییدا میکانیزمی کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو هەموو جیاوازییانە لەو برگە زەمانیی و لەم شوێنەدا کە

زۆربەی لایەنە دیار و زەقەکانی بەشداری بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی تێدا جێگیرن، ئاسان نییە، ئەگەر نەڵێین زۆر ئاستەمە. ئەم خاڵە پێویستیی بە لێبڕاویی و فیداکاریی زۆری لایەنەکان هەیە، بە شێوەیەک کە هەر لایەنە قەوارە و توانا و وزە و برشتی خۆی هەڵسەنگێنێ و، وەک هەیە خۆی ببینێ نەک وەک سێبەری بەری بەیانی.

قەناعەتهێنان بەوە کە چ جۆرە خەباتێک گونجاوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە و چۆنییەتیی کۆکردنەوە و گونجاندنی جۆرەکانی خەبات لە ژێر چەترێکدا بێگومان کاریگەریی لەسەر میکانیزمی دڵخواز بۆ ڕێکخستنی "بەرە" دەبێ.

وەک لە ڕووی فکرییەوە پێویستیمان بە لێکنزیککردنەوەی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان و خاڵی هاوبەش هەیە، لە پراکتیکیشدا دەبێ هێز و لایەنێکی کاریگەر و متمانەبەخۆ و فیداکار هەبێ ببێتە تەوەر بۆ کۆکردنەوەی لایەنە پەرتەوازەکان، کە بە بڕوای ئێمە تا ئێستا هیچ لایەنێک نەیتوانیوە ئەو هێز و وزەیە لە خۆیدا نیشان بدا.

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چییە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**مەعریفەتی**: پاڵنەر بۆ پێکهێنانی بەرە، سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانەی ئاماژەمان بۆ کردن، هەستکردنە بە بەرپرسیاریی و مەترسییەکان و، تێگەیشتن و خوێندنەوەی وردی بارودۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و، حاڵیبوونە لە ئاراستەی ڕەوتی ڕووداوەکانی نزیک و دوور. ئەوە وەڵامێکە بە پرسیارەکانی داهاتوو و هیوایەکە بەوە کە بەوەجێهێنانی ئەو ئەرکە لەو دۆخە دژوارە دەرباز بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

------------------------------------------------

## کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان: بەخۆماندا بچیینەوە و بیر لە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش بکەینەوە



**نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد**: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟

**نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**: وەک ئاشکرایە مەبەست لە پێکهێنانی بەرە کۆکردنەوەی هێزی لایەنە سیاسیی و کەسایەتییە سەربەخۆکانە بۆ هاوخەباتیی لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکان. پێکهێنانی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر بە شێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، گونجاوتر دەبێت بۆ ئەم قۆناخە، دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی لایەن و تاکە سیاسیی و مەدەنییەکانی ئەم بەشەی کوردستان و دڵگەرمیی و هیوایەکی نوێ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشێت. هاوکات ئەم بەرە یان کۆنگرەیە دەتوانێ ڕەوایی هەبێت بۆ ئەوەی ڕوو بە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نوێنەرایەتیی ئەم بەشەی کوردستان بکات.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**: لەمپەر یان بەربەستەکان بەداخەوە زۆرن و بەرچاوترینیان هەڵسوکەوتی نادێموکراتییکی بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە خۆیان بە هێزی سەرەکیی دەزانن. ئەوان بەداخەوە نەک هەر بۆ لایەنەکانی تر، تەنانەت زۆر حیساب بۆ یەکتریش ناکەن. ئەوەش پێشینەیەکی مێژوویی دووروودرێژی لە ناو کورد دا هەیە و تەنیا تایبەت بەم سەردەمە نیە. بێگومان ئەزموون وەرنەگرتن لەم مێژووە و

دووپاتکردنەوەشی لەمپەرێکی تـرە. جیـا لەوەش ئەزموونی چەنـد سـاڵی ڕابـردووش ئەوەمـان پـێ دەڵێت کە حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات، بەتـایبەت ئەوانەی درووشـمی ڕۆژهەڵاتمێحـوەریی دەدەن بە ئەندامەکانییشـیانەوە، لەجێـی خۆتەرخـانکردن بـۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد لە پێویست خۆیان بە لاگریی و جووابجەنگیی یەکتر بەتایبەت لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان لەسەر بەش و لایەنەکانی تری کوردستانەوە سەرقاڵ کردووە و بەمەش زیاتر لێک دوور کەوتوونەتەوە.

بە گشتیی لە ڕوانگەی ئێمەوە لەمپەری گەورەی پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنە پاوانخوازەکانی ڕۆژهەڵات، بە کـۆنکرێتییش دوو لایەنـی "حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران" و "کـۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران"ن کە هەم لە ڕابـردوو لە بەرامبەر یەکتـردا و ئێسـتاش لە بەرامبەر لایەنەکـانی دیکەی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان ئەم هەڵسوکەوتە پاوانخوازییەیـان زۆر ڕوون و ئاشکرایە و لە کەس شـاراوە نیە. دیـارە ئەوە بەم مانـایە نیە کە لایەنەکـانی دیکە لەم بووارەوە یان لە بوواری تریشەوە بێ کەموکوڕیی بـن یـان لەم ڕەوشـەی ڕۆژهەڵات بەرپرسیار نەبـن، بەڵام بەپێـی ئەزموونێک کە لە ڕابردوو و بەتـایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا هەمـانە، ئاشکرایە کە ئەوان لەم ڕووانگە پـاوانخوازییەوە خۆیان بە دەسەڵاتداری ڕابـردوو و خـاوەنی داهـاتووی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەزانـن و تەنـانەت لەوپەڕی قەیرانـی خەبـاتی خۆیـان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانییشدا ئامادە نەبوونە و ئامادە نیین لەگەڵ لایەنەکـانی تـر کـار بکەن و هەوڵـی دۆزیینـەوەی مێکـانیزم و ڕێچـارەیەکی نـوێ بـدەن. وەک لە هەمووان ئاشکرایە ئەوان لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا پێکەوە بەڵێننـامە یـان بەڵگەنامەیەکی دوو قـۆڵییـان واژۆ کـردووە و بەداخەوە خەونی گواستنەوەی ئەزموونی قەیرانـاوی و شکستخواردووی پەنجا پەنجـای دوو پـارتە سـەرەکییەکەی باشـووری کوردسـتانیان بـۆ داهـاتووی ڕۆژهەڵات هەیە. بـۆیەش بەدوای ئاڵتێرنـاتیڤێکی دیـکەدا نیین و لەمپەری سـەرەکیی پێکنەهـاتنی بەرەش لە ئێسـتادا لە ڕوانـگەی ئـێمەوە بە پـلەی یەکەم لەسـتۆی ئەم دوو لایەنەیە و بە پلەی دووهەمیش لایەنە سیاسییەکانی دیکەش لێی بەرپرسیارن کە نەیان توانیوە کارێکی تر بکەن.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببیننەوە؟

**نـوێنەرایەتیی کـۆمەڵەی یەکسـانیی کوردسـتان**: ئاشکرایە هەتـا بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە فکرێکـی پاوانخوازانەوە لەگەڵ پرسی ڕۆژهەڵات بە گشتیی و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تـر بەتـایبەتیی هەڵسوکەوت بکەن و لەو ڕابردووە کارەساتبارە و بێدەسکەوتە ئەزموون وەر نەگرن، هیچ بەرەیەک پێک نـایەت. خـۆ تەنـانەت ئەگەر پێکیش بێت، هەتا لایەنە پاوانخوازەکان بەم هزرەوە سیاسەت بکەن، سەرکەوتوو نابێت و شکستی پـێ دێنن. دیـارە لایەنە سیاسییەکان بە گشتیی هیچ لایەنێکمان بێ هەڵە و کەمووکووڕیی نەبووینە و نیین، هەمووشمان بەپێی توانامان لەم ڕەوشەی ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بەرپرسین. بۆیە پێویستە هەمووومان جـارێکی تـر بەخۆماندا بچیینەوە و و بیر لە یەکگرتن و خەبـاتی هـاوبەش

بکەینەوە. پێویستە هەمووماڹ بە تێڕوانینێکی تازەوە بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ ڕۆژهەڵات پلان دانێن و هاوکاریی یەکتر بکەین. هەر کات توانیمان خۆمان لەم سیاسەتە کلاسیکەی رابردوو دەرباز بکەین و بە پەسندکردنی یەکتر و بە دیدێکی دێموکراتییکەوە لە پێناو ڕزگاریی ڕۆژهەڵات حیساب بۆ هەموو لایەنەکان بکەین، ئەوکات دەکرێت هیوایەک هەبێت کە بەرە سەر بگرێت و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەم قەیرانە ڕزگاری بێت.

**ڕۆژی کورد:** پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان:** بەشێک لە وڵامی ئەم پرسیارەمان لە پرسیاری پێشوودا داوەتەوە. بەڵام بە کورتی لە ڕووانگەی ئێمەوە بۆ پێکهێنانی بەرە سەرەتا پێویستە هەوڵ بدرێت زەمینەی دیالۆگ لە نێوان لایەنەکانی ڕۆژهەڵات خۆش بکرێت. دەستپێشخەریی کەسانی سەربەخۆ و خاوەن ئەزموونی ڕۆژهەڵات لەم ناوەدا دەتوانێ کاریگەریی باشی هەبێ. پێویستە لەم دیالۆگەدا ڕێکخراوە شارستانییەکان و کەسانی ئاکادێمییک و سەربەخۆ و خاوەن ئەزموونیش بەشدار بن. ئەگەر لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەدا متمانەیەک لە نێوان لایەنە سیاسییەکان درووست بێت و ئیرادەیەک بێتە گەڕ، دەکرێت کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ بەرە یان کۆنگرەیەکی نیشتمانیی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بەشداریی هەموو لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە شارستانییەکان و کەسانی سەربەخۆ پێک بێت. بەڵام وەک باسمان کرد هەندێک لایەن تا ئێستا سەلماندوویانە کە بەداخەوە ئامادە نیین هیچ هەنگاوێک لەم بووارەوە هەڵ گرن. تەنانەت ئامادەی هیچ جۆرە کارێکی هاوبەش لە گەڵ یەکتریش نیین. بۆیە لە وەها دۆخێکدا و بەم هەڵوێستەی ئەم لایەنانەوە زۆر ئەستەمە هیچ جۆرە بەرەیەک لە ڕۆژهەڵات پێک بهێندرێت. دیارە لە ئاستێکی نزمتریشدا تا ئێستا هاوکارییمان نەبووە. بۆ وێنە نەبوونی هاوهەڵوێسیی لە بابەت ڕێوڕەسم و بۆنە هاوبەشەکانی وەک یادی کۆماری کوردستان و نەورۆز، یان بۆ خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان و تەنانەت نووسینی بەیاننامەیەکی هاوبەش لە دژی لەسێدارەدرانی زیندانییانی سیاسیی و کوشتنی کۆڵبەر و کاروانچییەکان، چەوساندنەوە و کوشتنی ژنان و هتد. بەڵام هیواخوازین بە هەوڵ و هیممەتی هەموو دڵسۆزانی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە لەخۆبردوویی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بتوانیین بەسەر ئەم قەیرانەدا زاڵ ببین و یەکگرتوویەک و هیوایەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنینە دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## **عەبدوڵڵا حیجاب**: لایەنەکان مەرج بۆ یەکتر دامەنێن و دیالۆگێکی هەمەلاگر و بەرفراوان دەست پێ بکەن




**بەرێز عەبدوڵڵا حیجاب، سیاسەتمەدار وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد**: گرینگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چن؟

**حیجاب**: باسکردن لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە یا پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە دووبارە کراوەتەوە کە ئیدی بووە بە کلیشەیەکی ئاسایی و چی دیکە سەرنجی خەڵک ڕاناکێشێ. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەبوونی کولتووری دێمۆکراسی و هەوڵ نەدان بۆ جێگیر کردنی پلۆرالیزمی سیاسی لە جۆگرافیای سیاسیی کوردستان دا. من بۆ ئەو پرسیارەی دۆستان و پشتیوانانی نێونەتەوەیی کوردستان کە بۆ چی هێزەکانی کورد بە شێوەی هاوئاهەنگ و وێکڕا کار ناکەن، هیچ وەڵامێکم نیە. ناشتوانم بیانووی بێ بنەمای هیچ لایەنێک بۆ پاساودانی ئەو کەم کارییە دوبارە بکەمەوە.

هەل و مەرجی سیاسی کوردستان گۆڕانی بنچینەیی بە سەردا هاتوە، پێکهاتەی کۆمەڵگا گۆڕداوە، پارسەنگی هێز گۆڕانی بە سەردا هاتوە، هێزی نوێ هاتوونەتەوە گۆڕەپانی سیاسیەوە، شەپۆلی نوێ لە کۆمەڵگادا وەڕێ کەوتوون کە بە شێوەیەکی جیاواز کاری سیاسی دەکەن، کە چی هێزە دیارەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان دا هێشتاش بە پێی هەل و مەرجی سی چل ساڵ لەمەوبەر سیاسەت دەکەن. زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە ئەگەر بێ و گۆڕانکارییەکی جیدیتر لە ناوچەی ئێمەدا بێتە پێش، ئەو هەموو هێزە چەکدارە لێک دابڕاو و پچڕ پچڕە چۆن دەتوانن هەبوونی یەکتر قبووڵ بکەن! لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێمۆکراتیک دا کە هێزەکانی کورد ئیدیعای پێکهێنانی دەکەن، پلۆڕالیزمی سیاسی و کۆکردنەوەی ناوەندەکانی بڕیاردان و هێز لە چوارچێوەی سازی یا دەزگای هاوبەشی نەتەوەیی دا مەرجی سەرەکین. جا ئەگەر لە قۆناغی تێکۆشان بۆ

ئازادی دا، هێزەکانی پێکەوە کار نەکەن و ناوەندێکی هاوبەشیان نەبێ، لە داهاتووی کوردستان دا چ روو دەدا!! پێکهێنانی بەرە دەتوانێ وەڵامێک بێ بۆ ئەو پرسیارانە.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**حیجاب**: دەکرێ لە بواری تێئۆریکەوە میکانیزمی پێکهێنانی پلاتفۆرمی سیاسی گەڵالە بکرێ و بخرێتە بەر چاوی خەڵک، بەڵام ئەو کارە کاتێک کەڵکی هەیە کە کۆمەڵێک کەس یا لایەن خوازیاری بن و بە جیدیی بگرن. لە وەزعی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان دا پێشکەش کردنی گەڵالە و ریز کردنی میکانیزمی پێکهێنانی بەرە ناتوانێ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دا هیچ کاریگەرییەکی بێ. سەرەڕای ئەوەش، ڕای جیاواز لە سەر ئەو پرسە دەتوانێ داخوازیی پێک هێنانی بەرە زەفتر بخاتە ڕۆژەڤەوە.

یەکەم مەرج ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی ئەورۆییمان لە وەزعی جیهان و ڕەوشی ئێستای کوردستان هەبێ. ناکرێ هیچ هێز یا لایەنێک خۆی بە مەرجەع یا لێوەگەر دابنێ و پێی وابێ کە دەبێ هێزێکی دیکە بۆ خەباتی سیاسی ئیزن لەو وەربگرێ یا لە لایەن ئەوەوە دانی پێ دابندرێ تا ئەوەی بتوانێ لە پێکهاتەی نوێی سیاسی دا بەشداری بکا. ئەو هێزانەی کە یەک بنەمای فیکری و یەک پاشخانی سیاسی و ڕێکخراوەییان هەیە و ئێستاش بە ناوی هاوشێوە، بەڵام لێکدابڕاو درێژە بە چالاکی دەدەن، دەتوانن پێداچوونەوەیەکی جیدییان بە سەر وەزعی خۆیان دا هەبێ و هەوڵ بدەن بە یەکگرتووییەوە بەرەو پێک هێنانی پلاتفۆرمێکی هەمەلاگر و هاوبەش هەنگاو هەڵێننەوە. پاشان، پوتانسیەلێکی بەرچاو لە لای ئەو چالاکوانە سیاسیانە هەیە کە وازیان لە خەباتی بە ڕێکخراو یا تەشکیلاتی هێناوە، بەڵام دڵسۆزی حیزبەکان و بزووتنەوەن. ناکرێ ئەو هێزە وەپشت گوێ بخرێ.

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**حیجاب**: بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ چاوەڕوانی قەزا و قەدەر بێ و بە هیوای گۆڕانکاریی بە دەر لە ئیرادەی خۆی لە دەرفەت بگەڕێ. هەرێمی ئێمە دەتوانێ هەر کات و سات تووشی گۆڕانکاریی چاوەڕوان نەکراو بێ. لە گۆڕانکاریی چاوەڕوان نەکراویش دا، ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو، ئەکتەری سیاسیی چاوەڕوان نەکراو و داهاتووی چاوەڕوان نەکراو دەتوانێ دەور بگێڕێ. ئەگەر تۆ ئامادە نەبی، لە دوورەوە چەندە بڵێی "حەمەدم و ماڵم لە قۆیتەڵێ" یە، پووشێک

ناکا. بەو وەزعەی کە بە چاوی خۆمان دەبینین، هیچ ئامادەکارییەک بۆ بە دەستەوەگرتنی جڵەوی ڕووداوە سیاسەکان یا سیاسەتێکی پڕووئاکتیڤ بەدی ناکرێ، و ئەوەش گەورەترین لاوازیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

با واز لە ڕیزکردنی کۆمەڵە وشەیەکی جوان بەڵام بێ کاریگەری بێنین. نە تەنیا سبەینێ، بەڵکوو ئەمڕۆش دەرەنگە. هێزەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕوون و بە بێ داڕشتنی پلان بۆ لاوازکردنی یەکتر، چەند خاڵێک بۆ تێگەیشتن لە یەکتر و وەک بنەمای گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی بەرە ڕابگەیەنن، مەرج بۆ یەکتر دامەنێن و دیالۆگێکی هەمەلاگر و بەرفراوان دەست پێ بکەن.

تاکەکان و لایەنگرانی حیزبەکانیش کە بەشێکیان لە دەرەوەی وەڵاتن، دەستڕۆیشتوون و لە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان دا چالاکن، دەتوانن و پێویستە واز لە قووڵترکردنەوەی ناکۆکیەکان، بەکارهێنانی زمانی گرژ و ئاڵۆزی خوڵقێن بێنن و ببن بە پێشەنگی فەرهەنگی دیالۆگ و پێکەوە سازان. کاتێک بەرەو بەهێزکردنی ئەو فەرهەنگە ڕۆیشتین، زەمینەی دروستبوونی بەرە ئامادە دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

**شەماڵ بۆکانی: بوونی بەرە دەتواندرێ ببنە جەمسەرێک لە باڵانسی سیاسی ناوچەکەدا**




**بەڕێز شەماڵ مامزادە بۆکانی، کادێری پێشکەوتووی پارتی نازادیی کوردستان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرنگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چین؟**

**مامزادە**: وەک پێشتر لە چەند بابەتدا ئاماژەم پێداوە، لە پێش گرینگی دان بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، پارتە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبو بەپێک هێنانی بەرەی کوردستانی یەکەم هەنگاوی پتەوی خۆیان بنێن وبە بڕیاری بەرەی رۆژهەڵاتیەوە بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی بکەن، یەکەم زەرورەتی پێکهێنانی بەرەش بۆ گەڕانەوەی باوەڕی جەماوەری کوردستانە بۆ بەردەوامی لە خەبات و پشتیوانی ئەم ڕەوتە واتە گرێدانی سەنگەری شاخو سەنگەری شار بۆ دەرکردنی بڕیاری هاوبەش لە سەر ڕووداوەکان کە دەبێتە یەکدەنگی بۆ بەرپەرچدانەوەی چەواشەکاریەکانی حکومەتی ئێران. لە بوواری متمانەو بەرزکردنەوەی کەسایەتی سیاسی، لە سیاسەتی دەرەکیشدا بە تایبەت لە ئەگەری پێوەندی وڵاتاندا کاریگەری تایبەتی هەیەو ناوچەکەش بە پێی جیۆگرافیاو دیمۆگرافی سیاسی بە یەکگرتن و بوونی بەرە دەتواندرێ ببنە جەمسەرێک لە باڵانسی سیاسی ناوچەکەدا

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی رۆژهەڵات چین؟

**مامزادە**: با بەزمانێکی سادە لە پێشدا بڵێم خۆبەزلزانی سەرکردە سیاسیەکان و هەست نەکردن بەوئەرکەی پێیان سپێردراوە بۆتە هۆکاری کۆسپی سەرەکی بۆ پێک نەهاتنی بەرە، پاشان لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و زاڵ بوونی ئایدیای حیزبی و جیاوازیەکانی شێوەی خەباتی سەردەمیانە وهەروەها مێژووی هەندێک لایەن بۆتە خۆرەی یەکدەنگی. بەشێکیشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوهونەری سیاسەتەی کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی بە ئاژاوەگیری ڕەوت و گەڵاڵەی دارێژەی سیاسی لە شێوەی هێرشبردندا دەباتە خانەی بەرگری وشیکاری پارتەکانی رۆژهەلات، واتە وایان سەرقاڵ دەکات تەنیا خەریکی بەرپەرچدانەوەی ڕێکلامە مەنفیەکانی حکومەت بن، واتە جەقبەستوویی وپەسیوی فیکری.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**مامزادە**: یەکەم میکانیزمی پێکهێنانی بەرە بۆ ئەوەی هەمولایەنەکان خۆی تێدا ببیننەوە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتییە کە لە سەروی بەرژەوەندی تاکە کەسی وحیزبیەوە بێت، هەرلایەنێک سێ کەس یان چەند کەس لە سەرکردەوە ئەندامانی سەرەوەی سیاسی دەست نیشان بکەن کە بتوانن خاوەن دەسەلاتی بریار و تێگەیشتن وپێکگەیشتن بن لە سەردارێژە سیاسیەکان و ڕاگەیاندنە هاوبەشەکان.

ئەنجومەن هەبێت نەک سەرکردایەتی بەرە، لە ئەگەری بونیشدا بە شێوەیی دەورەیی بێت، ئیتر ئەندامی زیاتر و هێزی چەکدار و مێژوو نەبێتە پێوەر.

خاڵی سێهەم دارشتنی سیاسەتێکی هاوبەشی ساڵانە و زەفکردنەوەی چەندین ووشەی بریقەدار کە پێوەندی بە یەک گرتووییەوە هەبێت و لە پەراوێزی سیاسەتی درێژخایەندا ببێتە نوکەرمی مافی چارەی خۆنوسین.

لە بوواری ئابوریشدا بە یارمەتی هەمولایەک وبەشداری کەسانی پسپۆر پرۆژەی داهاتی ئابووری بۆ بەریوەبردنی سیاسەتەکانی بەرە بێتە ئاراوە، واتە لە دووای سەرکەوتنی گەلاڵەیی ئابووری، وەرێخستنی کەناڵێکی سەتەلایتی وەک زەرورەتی خەباتی سەردەمیانە ئامانجی سەرەکی بێت، وەک دەشزانن میدیا هێزێکی بە توانای حاشا هەڵنەگرە بۆ دەربازبوون لە بەستێنی دابران لە کۆمەڵگا

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنە رێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟

**مامزادە**: بەشێک لە وڵامەکان لە سێ پرسیاری پێشوودا خۆیان زەق کردۆتەوە، وەک بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و کاڵ کردنەوەی هەندێک ئایدا بۆ بە رێوەبردنی سیاسەتێکی سەرکەوتووانە، دوواتردەست هەڵگرتن لە خۆ بەزل زانینی هەمو سەرکردە حیزبییەکان، بەشێکی هەرە گرینگیش دەگەرێتەوە سەرپەیرەوکردنی ئەوسیاسەتەی کە باوەری ئایدۆلۆژیکی ئایینی کۆماری سێدارەو هەروەها بە لێکۆڵینەوە لەو باوەرەی کە لە ژێر سایەی حکومەتێکی توتالیتریزمدا زۆر جار دەرکەوتووە کە لۆژیکی خەباتی بەروالەت مەدەنی، لە لۆژیکی دەسەلاتەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە بە هیچ جۆرەچالاکیەکی ناوخۆی رۆژهەلات کە لەژێر ناوی جیاجیادا خۆیان زەقدەکەنەوە گرینگی و بایەخیان پێ نەدرێت چونکە ئامانج تەنیا کاڵ بوونەوەی چالاکی و مێژووی خەباتی پڕ شانازی حیزبەکانی رۆژهەلاتە و بەس، لە لایەکی تریشەوە بگەین بەو قەناعەتەی پشت بەستن بە وڵاتانی زلهێز "دە" لە سەد بێت. و باوەرمان بەوە هەبێت کۆماری سێدارە بەهێزەو لە هونەری سیاسەت دەزانێ، بۆ دووایین ووتەش ئیتر بەس لە ژێر رێکلامی پاراستنی ئەزمونی هەرێمی باشووری کوردستان خەباتی رۆژهەلات بخەینە پەراوێزەوەو جەماوەری ناوخۆ بێ هیوا کەیین.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## **سوورکێو زەکی**: بۆ ڕزگاریی ڕۆژهەڵات هەنگاوی یەکەم گێڕانەوەی متمانەیە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات




**بەڕێز سوورکێو زەکی، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سوێد وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**زەکی**: ئامانج لە بەرە یا کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کۆکردنەوەی وزە بڵاوەکان و بیروڕا جیاوازەکانە لە دەوری ئۆرگانێکی بەرزتر بۆ هاوکاریی و هاوخەباتیی لە پێناو ئامانج و داخوازییە هاوبەشەکان. بۆیە بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ هەموو نەتەوەیەکی بندەست بەتایبەت ئەگەر فرەلایەنیی و دەنگ و داخوازیی جیاوازی تێدا بێت زۆر گرینگ و پێویستە و بۆ کورد بە گشتیی و کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەتایبەتیی کە لە نزییک بە یەک سەدەی ڕابردوودا شۆڕشێکی خوێناویی و تراژێدیک و بەداخەوە کەم دەسکەوتمان هەبووە، پێویستییەکی زیاترە، زیاتر لەوەش بۆ ئەوەی ئەم هەموو قوربانییە بەفیڕۆ نەڕوات و بە سەرەنجامێک بگات.

بۆیە پێکهێنانی بەرە یان کۆنگرەیەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ڕووانگەی منەوە لە فۆرمی کۆنگرەدا باشتر و دێموکراتییکترە، دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی هێز و وزەی لایەنەکانی ئەم بەشەی کوردستان و دڵگەرمیی و گوڕ و تیین بە خەڵک و لایەنەکان و بە گشتیی بە خەباتی ئەم بەشەی کوردستان دەبەخشێتەوە. جگە لەمەش ئەم بەرە یان کۆنگرەیە دەتوانێ ڕەوایی (Legitimacy) تەواوی هەبێت بۆ ئەوەی چ ڕوو لە لایەن و بەشەکانی تری کوردستان و چ ڕوو لە وڵاتانی دەوروبەر و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانییش نوێنەرایەتیی ماف و داخوازییەکانی ئەم بەشەی کوردستان بکات.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بەتایبەت لەم دەورەیەی ڕاپەڕینی گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە بەهاری عەرەبیی ناوی دەر کرد و نەخشەی ناوچەکە کەوتە بەر پێداچوونەوە و چەندین سیستەمی دیکتاتۆریی لە ناوچەکە هەڵوەشێندرانەوە، لەوانەیە یەکێک لە گەلە هەرە ستەملێکراوەکانی ئەم ناوچەیە ئێمەی کورد و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتیی بین کە تا ئێستا لەم گۆڕانکارییە گەورەیە دەسکەوتێکی ئەوتۆمان نەبووە، تەنانەت ئەوەندە کاریگەرییەشی لەسەرمان نەبووە کە بەخۆماندا بچینەوە و بیر لە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش بکەینەوە.

**ڕۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**

**زەکی**: ئەگەر بە ڕاشکاوی ولام بدەمەوە، بزووتنەوەی کورد بە گشتیی لە ڕوانگەی منەوە بزووتنەوەیەکی دێموکراتییک نەبووە و هەتا ئێستاش زۆربینەی لایەنەکانی کوردستان ئەوەندەی خەریکی خۆخۆرەوەیی، خۆسەپێنیی، یەکتر سڕینەوە، یەکتر سووککردن و خۆ بەمێحوەر دیتنن، نیو ئەوەندە باوەڕیان بە فرەلایەنیی و یەکتر پەسندکردن و کاری هاوبەش نەبووە و نییە. ئەمەش پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی خەڵکی کورد بووە بە ئێستاشەوە. لە لایەکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیی و لە کوردستان بەتایبەتیی، یان بە هەڵە لە پێناسەی حیزب گەیشتوون یان بە گێڕانی نەخش و ئەرکی حیزب بۆ کاری سیاسیی و پێوانی پرۆسەیەکی دێموکراتییک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات قانع نیین. هەر بۆیەش حیزبەکان زیاتر نەخشی "حیزب دەوڵەت" دەگێڕن و هەر لایەنێک هەوڵ دەدات ناوچەیەک و دۆڵێک لە کوردستان بۆخۆی داگیر بکات و فەرمانڕەوایی لەسەر بکات. ئەم ئەزموونەمان لە میرنشینە کوردەکانیشدا هەیە و حیزبی ئەوڕۆش لە جێی کاری سیاسیی بۆ ڕزگاریی لە ڕێی ستراتیژییەکی کوردستانیی درێژماوە، بیر لە گرتنی شوێنێک و دەسەڵاتدارێتیی خۆی و وەلانانی لایەنەکانی تر و دەسکەوتی حیزبیی و خۆدەوڵەمەندکردن دەکاتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتییش بێت. وەک دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ووتە و ئیددعا و تیۆرییدا هەموو قۆناخەکانی دێموکراتیی، ئازادییخوازیی، مافی مرۆڤ و یەکسانییخوازیی بڕیوە، بەڵام لە کردەوەدا هێشتا دەرەسە سەرەتاییەکەشی فێر نەبووە و پێی جێبەجێ نەکراوە.

دیارە ئەمە پێویستیی بە شیکاریی زۆرە، بەڵام ئەگەر ڕاشکاوانە و کۆنکرێت لە بابەت ڕۆژهەڵاتەوە قسە بکەم، بێجگەلە ئەم خاڵە لاوازە کە لەناو بزووتنەوەی کورددا گشتییە، لەمپەری سەرەکیی بەردەم پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەی منەوە زیاتر دوو لایەنی سیاسیی "حدکا" و "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ"ن. دیارە ئەوە بەم مانایە نییە کە لایەنەکانی تر بەرپرسیار نەبن، بەڵام بە پێی ئەزموونی ڕابردوو و بەتایبەتییش لەم چەند ساڵەی دواییدا دەر کەوتووە ئەم دوو لایەنە بەتەنیا خۆیان بە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن و نەک هەر ئامادە نەبوونە لەگەڵ لایەنەکانی تر، چ لەگەڵ ئەو لایەنانەی لێیان جیا بوونەتەوە و چ لەگەڵ ئەوانەش کە فکرێکی جیاوازیان هەیە، بەرە پێک بێنن، بەڵکو

ئەگەر هەوڵێکی تریش لەم بابەتەوە لەئارادا ببێت، هەوڵیان داوە ژێربەژێر شکستی پێ بێنن یان بە هەموو شێوەیەک تەحریمی بکەن. ئەوەش زیاتر بۆ ئەم هزرە پاوانخواز و سێنترالیستییەی حیزب دەوڵەت دەگەڕێتەوە کە ئەم دوو لایەنەش لەسەری پەروەردە بوونە و تا ئێستاش نەیانتوانیوە بە دیدێکی خەسارناسانەوە بە خۆیان و شکستی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بچنەوە کە لەمەشدا بەپێی هێز و توانای ڕابردوویان، پشکی شێر بەر ئەوان دەکەوێت. ئەم دوو لایەنە، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، لەجێی گرتنە ئەستۆی ئەم بەرپرسیارەتییە مێژووییە و دانانی پلان و پرۆژەیەکی دێموکراتییک کە هەموو لایەنەکان لەخۆ بگرێت و ڕۆژهەڵات لەم قەیران و دواکەوتووییە ڕزگار بکات، بەداخەوە هەر بەم ڕووانگە کلاسییکەوە هەر لە ئێستاوە هەوڵی گواستنەوەی مێکانیزمی پەنجا بە پەنجای باشووری کوردستان بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات دەدەن و دیانهەوێ ڕۆڵی پارتی و یەکێتیی لە ڕۆژهەڵات بگێڕن. بێگومان ئەم مێکانیزمەی ئەوانیش، پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتییک بە لەمپەر دەبینێ، نەوەک بە زەروورەتێک بۆ ڕۆژهەڵات، هەرچەند دانیشی پێدا نانێن. بۆیەش لەمپەری سەرەکیی بەردەم پێکنەهاتنی بەرە لە ئێستادا لە پلەی یەکەمدا لەستۆی ئەم دوو لایەنە سیاسییەیە و بە پلەی دووهەم لە ئەستۆی لایەنە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتە.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببیننەوە؟

**زەکی**: هەر وەک وتم هەتا ئەم هزر و مێکانیزمە پاوانخوازەیە بەسەر لایەنە سەرەکییەکانی ڕۆژهەلاتدا زاڵ بێت، بەرە پێک نایەت، ئەگەریش پێک بێت، لایەنە پاوانخوازەکان شکستی پێ دێنن. بۆ پێکهێنانی بەرە پێویستە سەرەتا زانیاریی و خوێندنەوەیەکی درووستمان هەبێت لەسەر ئەم کاراکتەرانەی قەرارە بەرەکەیان لی پێک بێت. بۆیە بەم پێشیینەیەی لایەنە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵات کە لە ڕابردوودا نەیانتوانییوە هەڵسوکەوتێکی سەردەمیانەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت و ئەزموونی شەڕێکی خوێناوییشیان پێکەوە هەیە، پێویستە سەرەتا بەخۆداچوونەوەیەکی خەسارناسانە بکرێت بەم ئەزموونە نادێموکراتیکەی کە کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتیی و حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بەتایبەتییش دەرهەق بە یەکتر و تەنانەت لە بەرامبەر لایەنی تریش لەخۆیان نیشانیان داوە. پێویستە ڕۆشنبیران و کەسانی سەربەخۆ و تەنانەت ئەندامانی خۆشیان نەترسانە و ڕاشکاوانە بەربەستەکان باس بکەن و ڕەخنە لەم لایەنانە بگرن کە ئامادە نیین ڕەخنە لە ڕابردووی خۆیان بگرن و حازرییش نیین لایەنەکانی تر لەخۆ بگرن یان لە دەوری یەک کۆیان بکەنەوە. ئەمە دەبێتە پوتانسێلێکی وەگەڕخەر لەسەر ئەم لایەنانە و دەکرێ لانیکەم لەم دەورەیەدا خۆیان لە بیری حیزب دەوڵەت ڕزگار بکەن و دەست بە سەرەتاییێکی نوێ بکەن لە شێوازی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرەتاییێکی پێویستی تر ئەوەیە کە ئەم لایەنانە لەوە تێ بگەیەندرێن کە ئێستا یەک بستی خاکی ڕۆژهەڵاتیشیان بەدەستەوە نییە تاهیچ کەس لە ڕۆژهەلات تێیدا خاوەنبەش بێت. پێویستە ئەوە بزانن کە بۆ ڕزگاریی ڕۆژهەلات هەنگاوی

یەکەم گێڕانەوەی متمانەیە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات، خەڵکێک کە قەیرانەکانی داگیرکاریی، هاڵاواردن، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، مەزهەبیی، کولتووریی و تەنانەت شوناسیش لە زۆر شوێن و ناوچە بەرۆکی گرتووە. خەڵکێک کە هەزینەیەکی زۆر سەنگینی داوە و ماندووە لە دانی هەزینەی زۆرتر، ئەویش بە ڕێبەرایەتیی ئەم لایەنانەی، کورد وتەنیی، هەر بە ڕەی خۆیان دەبیێون و هەر ئازان بە ڕابردوویەکی پڕ لە کارەساتەوە شانازیی بکەن و خۆیان بە نموونە و مامۆستای دێموکراتیی و ئاشتیخوازیی و مافی مرۆڤ دەزانن و یەک هەڵە لە کاری سیاسیی خۆیاندا نادۆزنەوە و هەمووی بە پرشنگدار و جێی شانازیی دەبینن. بەمەش بێجگەلە سەپاندنی هەزینەی زیاتر بە خەڵکی ڕۆژهەڵات، دەسکەوتێکیان نابێت. بۆیە تەنیا بە بەخۆداچوونەوە، ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو و وەلانانی بیری حیزب دەوڵەت و هەنگاونان بۆ پێکەوەبوون و لەخۆگرتن (including) ڕوو لە هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بێ وەلانانی یەک لایەنیش، هەنگاوی یەکەم و بەردی بناخەی ئەم بەرەیە دا دەنرێت، نەوەک بە بێبەشکردن، وەلانان و پەراوێزخستن (excluding). ئەگەر ئەم کراوەییە و بەخۆداچوونەوەیە بێتە ئاراوە، دەکرێ دیسکۆرسێکی فراون ڕێک بخرێت کە هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوە شارستانییەکان، ڕۆشنبیران، نووسەران و کەسانی ئاکادێمیی سەربەخۆ و بەتواناش لەخۆ بگرێت. ئەگەر لە ئەنجامی ئەم دیسکۆرسەدا بتوانرێ کۆنگرەیەکی ڕۆژهەلاتیی کراوە و بەرین، شتێک لە چەشنی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی بۆ ڕۆژهەلات ڕێک بخەن، دەکرێ میکانیزمێکی گونجاو بێت بۆ سەرگرتنی بەرە یان کۆنگرەکە. بەڵام وەک باسم کرد، کراوەیی لایەنەکان بەتایبەت ئەم لایەنانەی ناوم بردن، ڕێکخستن و ئامادەکردنی زەمیینەی ڕەوانیی ئەم کارە، دڵسۆزیی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی ڕۆژهەڵات نەوەک بۆ لایەنێک، تێگەیشتن لە بارودۆخەکە و ئیرادەی پێویست بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتییەکی لەم ئاستەدا زۆر پێویستە و بەبێ ئەم زەمیینەیە، ئەگەر بەرەیەکیش درووست بێت، بنچیینەیەکی لاوازی دەبێت ودەبێتە هۆی دووپاتکردنەوەی ئەزموونی ڕابردوو.

**ڕۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**زەکی**: لە پرسیاری پێشوودا وڵامی ئەم پرسیارەشم داوەتەوە. ئەمەی باسم کرد دەکرێ مێکانیزمێکی گونجاو بێت، بەڵام بێجگەلەوە، سەرەڕای هێژموونیی حیزبەکان لە بوواری سیاسییەوە لە ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا لە حیزبەکان پێک نایەت و تەنیا ئەوانیش لێی بەرپرسیار نیین. بۆیە دەکرێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی وفەرهەنگییان، ڕووناکبییران و کەسایەتییە ئاکادێمیک و سەربەخۆکانیش لە لایەن خۆیانەوە لە دەرەوە و ناوخۆی ڕۆژهەلات دەستپێشخەریی بکەن و زەمیینەی کۆکردنەوەی لایەنەکان بڕەخسێنن و پێشنیار و نەخشەڕێگەی خۆیان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢ی دیسەمبەری ٢٠١٦

## رزگار عەباسزادە: بەرە دەتوانێ هێز و لایەنەکان لە ژێر چەترێک و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان کۆ بکاتەوە




**بەڕێز رزگار عەبباسزادە، ئەندامی سەرکردایەتی، بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان لە هەولێر و ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) وەڵامی پرسیارەکانی رۆژی کورد دەداتەوە.**

**رۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لەچی دایەو زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیەچین ؟**

**عەبباسزادە:** خستنە رووی ئەم تەوەرە بۆ باس و گفتوگۆ پڕۆژەیەکی پێویست و جێی دەسخۆشییە لێتان.

پارتی ئازادیی کوردستان هەر لە رۆژی دامەزرانەوە، بایەخێکی زۆری بەم پرسە داوە. لە راستیدا بۆ یەکەمجار پارتی ئازادیی کوردستان دروشمی پێکێنانی بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرتووە. لە یەکەم بەیاننامەی پاکدا، واتە راگەیەندراوی دامەزرانی، یەک بەندی تەواو لە سەر پێویستیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نووسراوە. دواتریش رێبەری گەورەمان شەهید سەعید یەزدانپەنا بە تێر و تەسەلی لە بارەی پێویستیەکانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان شیکاریی کردوە.

گرینگیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەوەدایە کە بەرەیەکی ئەو تۆ دەتوانێ لە سەردەمی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادیی کوردستان، هێز و لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە لە ژێر چەترێک و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان کۆ بکاتەوە، پێوەندیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان رێکبخا و ئەرک و مافەکانیان لە سەر یەک و لە نێو بزووتنەوەکەدا پێناسە بکا، ببێتە مەرجعی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و بڕیار لە شەڕ و ئاشتی بدا. لە پاش راماڵینی



سەرچاوە
Serchawe

داگیرکەر لە کوردستان و سەرکەوتنیشدا، تا بەڕێوە چوونی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەت و پارلمانی کوردستان، حوکمڕانی دەکا.

**زەرورەتەکانی پێکێنانی بەرەی کوردستانی ئەگەر بە خاڵ بیژمێرین دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت و پووخت بکرێنەوە:**

١- هاوکێشەی هێز و پێگەی جەماوەریی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەشنێکە کە هیچ هێزێک بە تەنیا، یان دوو هێز پێکەوە، ناتوانن یەکڕیزی سیاسیی و جەماوەریی پێکبێنن؛ چونکە رۆژهەڵات لە حاڵەتێکی فرەحیزبیی دایە و سەنگ و قورسیی هێزەکان زۆر لە یەک دوور نیین.

٢- هەم خەڵکی کوردستان و هەم کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی باشتر تەعامول و هاریکاری لە گەڵ نەتەوە و حیزبگەلێکی یەکگرتوو دەکەن.

٣- رۆژهەڵاتی کوردستان جگەلەوەی لە گەڵ دوژمنێکی گەورەی وەک دەوڵەتی ئێران تەرەفە، لە نێو خۆیشیدا، زۆر کێشە و پەرت و بڵاوی هەیە. بەرەی کوردستانی دەتوانێ هەم خەبات دژی تاران رێکبخا و هەم ئەو کێشە و کەلێنە نێوخۆییانە پڕ بکاتەوە.

**رۆژی کورد**: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لەبەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لەکوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**عەبباسزادە**: زۆر هۆکار و لەمپەڕی ورد و درشت لە بەر دەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا هەن. رەنگە ئەم دیمانەیە توانای شیکردنەوەی وردیانی نەبێ. بۆیە تەنیا دەتوانین بە پوختی وەک ئاماژە باسیان لێوە بکەین. یەک لە هۆکارەکان نەدیتنی زەرورەتی بەرەی کوردستانییە. ئەوەش لە باوەڕ و سیاسەتەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. بڕێ هێزی سیاسیی پێیانوایە کە بەرە پێویست نییە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە برێک هێز تەنیا وەک دروشمێکی عامە پەسند کاری لە سەر دەکەن و نەک هیچ هەنگاوێکی جدییان بۆ هەڵنەگرتووەتەوە بەڵکوو، خۆیان لەمپەڕیش بوون. لە هۆکار و بەربەستەکانی دیکە دەتوانین ئاماژە بە خاڵێکی گرینگی دیکەش بکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی ناواقعی برێک لایەن لە سەر خۆیان و لایەنەکانی دیکە. ئەو هێزانە نایانەوێ گۆڕانکارییە قووڵەکانی ٢٥ساڵی رابردوو ببینن و وا دەزانن جیهان و کوردستان هەر هی ٣٠ ساڵ لەمەوبەرە.لە حاڵێکدا لەم ٢٥ ساڵەدا زۆر هێز ورد و خاش وبوون و هێزی دیکە سەریان هەڵداوە. برێک لایەن بەرەی کوردستانیان بۆ تەسفییە حیساب لە گەڵ رکەبەرەکانیان دەوێ. هێندێکی دیکە خۆیان هەڵگرتووە کەی رکەبەرەکانیان نەمان و لە ناو چوون ئەوان ببنە تاکە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە. دیارە بەم روانگە و دیتنانەوە بەرەی کوردستانی ناتوانێ پێک بێ. لە پاڵ ئەمانەدا دەکرێ ئاماژە بەو جیابوونەوانە بدەین کە لە ریزی حیزبەکاندا لە ٢٠٠٦

بەملاوە روویان دا.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بەچ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کەهەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە؟

**عەبباسزادە**: هەتا پرسی پێوەندیی لایەنە جیابووەکان لە یەکتر چارەسەر نەکرێ، زۆر بە زەحمەتی دەبینم بەرەیەک پێکبێ کە هەموو لایەنەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە. یان دەبێ لایەنە لێکجیاوە بووەکان لە گەڵ یەک ، یەکبگرنەوە، یان دەبێ بوونی یەکتر بە فەرمی بناسن و ئامادەی پێوەندیی و هاوکاری یەکتر بن.

**رۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بەدروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیەو چ رێکارگەلێک دەتوانن ببنەرێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**عەبباسزادە**: وەک باسم کرد بە زەحمەتی دەبینین بەم حاڵەی ئێستامانەوە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێت؛ مەگەر لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- لایەنە لێک جیاوە بووەکان یەک بگرنەوە.
٢- لایەنە لێک جیاوە بووەکان یەکتر بە فەرمی بناسن و ئامادەی تەعامول لە گەڵ یەک بن
٣- لایەنە جیاوە بووەکان ناوی خۆیان بگۆڕن.
٤- هێزێکی زۆر گەورەتر و کاریگەرتر لە هەموومان، بمانخاتە بەر گوشار و ئیمتیازی سیاسیی و هیچ کەس نەوێرێ لە ژێری دەربچێ.

بەڵام ئەگەر بە دەست ئێمە وەک پارتی ئازادیی کوردستان بێ، هەر بەیانی بانگهێشتی هەموو حیزبەکان دەکەین و گفتوگۆ لە سەر چۆنیەتی دامەزرانی بەرە دەست پێدەکەین و پێکەوە هەنگاوەکانی بۆ دیاریی دەکەین و دەست پێدەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## شەریف بێهرووز: هیچ بەرەیەک بە بێ ڕێکەوتنی سیاسی جێبەجێ نابێ




**بەرێز شەریف بێهرووز، سیاسەتمەدار وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەم بەرەیە چین؟**

**شەریف بێهرووز**: بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات و لە گشت پارچەکانی تری کوردستان پێداویستییەکی هاشاهەڵنەگرە، مەگەر ئەوەی کە لایەنێک بیهەوێ بە تەنیا ئیدارەی سیاسی و سەربازی وڵات بکات هەروەک بەداخەوە ئێستا لە باکوور و ڕۆژئاوا دەبیندرێ. بە حوکمی ئەوەی کە گشت هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزی چەکدارییان هەیە، ناکرێ بە بێ هاوئاهەنگی هیوایەک بە سەرکەوتن لە مەیدانی سەربازی بە دژی ڕژێم و پاشان لە داهاتووی کوردستانی ئازاد دا هەبێت. ئێمە هەردەم ووتومانە ڕووخانی ئەم ڕژێمە تەنیا بە کوردی ڕۆژهەڵات ناکرێ، جا بزانە ئەودەم ڕووخانی وەها ڕژێمێک چەندە چەتوون تر دەبێت ئەگەر چەندین لایەنی کوردی هەبێت کە هەریەکەوە هێزی پێشمەرگەی خۆی هەبێت و هیچ هاوئاهەنگێکیش بەیەکەوە نەکەن. زەروورەتەکانی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەر ئێستا بۆ ڕووخانی ئەم ڕژێمە نییە، بەڵکوو بۆ داهاتووی وڵاتیشە کاتێک ئەم هێزە چەکدارانە دەگەوێنەوە ناوخۆ و دادەمەزرێن. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات هەم پارمەتیدەر دەبێت کە ئەم ڕژێمە لە ئەگەری ئالوگۆڕی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا خێراتر بڕۆخێ و هەمیش ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنگ و چەڵەمە و تێکهەڵچوونی نێو هێزەکاندا بەدوور بێ.

**ڕۆژی کورد: هۆکار، بەربەست و لەمپەرەکان لە بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟**

**شەریف بێهرووز**: بەڕای من بەربەستە بنەڕەتییەکانی پێکنەهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین

لایەنەن.

**یەکەم**؛ بەداخەوە مێژوویەکی پڕ لە کینە و دوژمنایەتی لە بەینی زۆربەی لایەنەکانی کاریگەر لە پانتای سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە کە ئیزن نادات سەهۆڵەکان بتوێنەوە و پێوەندییەکان ئاسایی بێتەوە، گەرچی بەخۆشێوە تا رادەیەک ئەمە ئیستا کەمتر بۆتەوە بەڵام ئێستاش رۆڵی ئەساسی لە نزیکنەبوونەوەی لایەنەکاندا دەگێڕێ.

**دووهەم**؛ بارسەنگی نابەرابەری لایەنەکان وایکردووە کە هێندێک لایەن حازر نەبن بە دەنگ و رای بەرابەر لە یەک بەرەدا بن. تا ئەو جێگای من ئاگادار بم ئەوە یەکێک لە گرفتەکانی پێکهێنانی بەرە لە میانەکانی ساڵی ۲۰۰۰دا بوو. بەخۆشێوە ئەمە ئێستا تا رادەیەک کاڵتر بۆتەوە، بەڵام دیسانیش گرفتێکی ئەساسییە.

**سێهەم**؛ زۆربەی ئەم لایەنانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک گرێدراوی لایەنەکانی بەدەسەڵاتی پارچەکانی تری کوردستانن کە مخابن بۆ وەها بڕیارێک دەبێ لە لایەنی تر ئیزن وەرگرن یا راوێژیان وەرگرن. لایەنەکانی پارچەکانی تر کوردستانیش هێندێک جار لە بەر بەرژەوەندی خۆیان بەجۆرێک راستەوخۆ و ناراستەوخۆ رێگری لەوەها هەول و تەقەلایەک دەکەن کە بەرە پێک بێت یان لانی کەم ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن. ئەمە لە سەردەمی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر بە ئاشکرا دەبینرا. کە لایەنێکی دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەولی دەدا لایەنێکی نزیک بە خۆی لە لیستی نوینەرەکانی رۆژهەڵاتدا بێت و لایەنەکانی تریش بۆ پێشگیری لەم شێوە دەستێوەردانە حازر بە باج دان بە لایەنەکانی نێو بەرەی رۆژهەڵاتی کورستان بوون کە قەت حازر نەدەبوون ئەم باجە بدەن ئەگەر وەها مەترسییەک لەبەردەمیان نەبا.

پاشان زۆربەی ئەم لایەنە دەستڕۆیشتووانەی پارچەکانی تری کورستان پێوەندی دۆستانە و چرو‌پڕیان لە گەڵ رژێمی ئێران هەیە، کەوایە رژێمی ئێران نەتەنیا هەوڵ دەدات پێش بە گرتنی وەها بەرەیک لە رێگای ئەم دۆستانەی خۆی بگرێ بەڵکوو حەولیش دەدات ئەوانەی ئێستا بە جیاجیا هەشن لەت و پەتیان بکات و ئەو رووداوی دابڕانەکانی پاش هەولەکانی پێکهێنانی بەرە بە نیوبڕی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە باکووری ئەمریکا لە ساڵی ۲۰۰٦دا بەڵگەی روون و ئاشکران.

لێرەدا دەچمە سەر دوایین هۆکاری هەرە گرینگی پێکنەهاتن و ئاستەنگی سەر رێگای بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵات، ئەویش پەرش و بڵاوی لایەنەکانن. پێشوو لایەنەکانی نەساز بۆ بەرەی کوردستانی لە قامکەکانی پەنجەی دەستێک تێنەدەپەرین، ئێستا لایەنێک لق و پۆی زیاتر لە پەنجەی دەستی لێبۆتەوە و یەکتریشیان قەبووڵ نییە و بێگومان لەوەها دۆخێکدا دروستکردنی بەرەی کوردستانی یان جۆرێک لە هاوکاری کردن و هاوئاهەنگی کردنی لایەنەکان زۆر چەتوونترە. بێ گومان بەشێک لەو جیابوونەوانە لە سەر بەرژەوەندی و دەسکەوتی تاکە کەسی یان گرووپی بووە و مانەوەشیان بەم شکڵە بۆ پارازتنی هەمان بەرژەوەندی تاکەکەسی و گرووپییە کە لەوانەیە لە ئەگەری یەکگرتنەوەدا و لێکنزیکبوونەوەدا بۆیان چی تر

مسۆگەر نەبێ.

**رۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ مکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا ببینەوە پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێک هێنانی بەرە؟

**شەریف بێهرووز**: ئێستا کە زەروورەتەکان پێکهێنانی بەرەم خستە روو و پاشان گرفتەکانی پێکهێنانیشم ئاماژە پێکرد بێگومان پرسیار ئەوەیە چار چییە، مکانیزمی پێکوە سازان و چالاکی کردنی بەهێزا کامانەن. بە پێی پێکهاتەی سیاسی و سەربازی کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بەرەی کوردستانی پێویستی بە ڕێکەوتنێکی سیاسی - سەربازی هەیە کە هاوکات ڕێکەوتن لە سەر هەر دوو ئەم دوو بەشەیە کە بەرە دەتوانی هەم ئێستا و هەم لە داهاتوویی رۆژهەڵاتی ئازاددا وڵامدەر بێ.

سەرەتا هیچ بەرەیەک بە بێ ڕێکەوتنی سیاسی جێبەجێ نابێت. لایەنە سیاسییەکان دەبێ لە چوارچێویەکدا لە دەوری یەک کۆ بنەوە. کۆبوونەوە و ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییەکان بە شکڵ و شێوەی ئێستا تا رادەیەک مەحاڵە، بۆیە بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ ڕێکەوتنێکی سیاسی پێشتر پێویستە جۆرێک لێک نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی ناکۆکی دابراودا لە ئارادا بێ. باشترین مکانیزیم بۆ ئەو کارە دروست کردنی لێژنەیەک لە کەسانی شارەزا و بە ئەزموون بە تەوافقی هەموو لایەنەکانە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی یەکگرتنەوەکان یان بە فەڕمی ناسینی یەکتر، ئەویش لە پرۆسەی دانوستاندا.

پاش توانەوەی کۆمەڵێک لەو سەهۆڵانە لە بەینی لایەنەکانی ناکۆک ئەودەم زەمینە بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی لوتکە لە لایەنەکان ساز بکرێ کە تێدا لێژنەیەک لە گشت لایەنەکان لە سەر پرسی دروست کردنی بەرە پێک بێ. لە مەودایەکی زەمەنی دیاریکراودا لێژنە راپۆرتی پێکهێنانی بەرە بداتەوە بە لایەنەکان و پاشان مکانیزم بۆ درست کردنی بەرە بخرێتەوە بەردەم لایەنەکان کە پێم وابێ دەبێ ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێ:

بەرە پێویستی بە ئەنجومەنێکی نوێنەران هەیە کە میزانییە هەر لایەن بە پێی رادەی کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرای ئەم لایەنە دەبێ، هەڵبەت ئەوە ڕێگایەکە، دەنا فۆرمولی تریش هەیە. بۆ وێنە بۆ هەر چەند سەد کادر وپێشمەرگە یەک نوێنەر یان بۆ هەر چەند سەد ئەندامی ئاشکرا چەند نوێنەر. رادەی هیچ لایەنێک بۆ وێنە لە یەک لە سەری سێ کۆیی نوینەران نەبێت و هیچ لایەنێکی بەشدار لە ٢ تا ٥ نوێنەری کەمتر نەبێ.

پاشان ئەنجومەن لێژنەیەکی بەڕێوەبەری هەڵدەبژێرێ کە وەک حکوومەتی کاتی تاراوگە ئیش دەکات و بەشێ جیاواز جیاوازی دەبێت کە سێ بەشێ گرینگی دەبێت.

**یەکەم**، دەمراستی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە سەر ڕووداوە گرینگەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵات هەڵوێشت دەگرێ، کە ئەمە نووسینگەی بەرپرسی یەکەمی ئەم لێژنە دەبێ.
**دووهەم**، بەشێ کاروباری دەرەوەیە کە بەرپرسایەتی دیپلۆماسی بە نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە ئەستۆ دەبێ.
**سێهەمیان**، بەشی سەربازی یان پێشمەرگە دەبێت کە زیاتر ئاماژەی پێدەکەم.

ئەزموونی باشووری کوردستان بۆی دەرخستووین کە پێشمەرگە لە قالبی حیزبایەتی ناتوانی ئەو کاریگەری و توانایی و لێهاتوویی هەبێت کە هێزو سوپایەکی نیشتمانی پێویستێتی. هێزی پێشمەرگە نابێ بە فکر و ئایدولوژیای حیزبی بار بهێندرێن، دەبێ تەنیا و تەنیا فێری کاری سەربازی بن و مەشقی پێویستیان بۆ شەر و بەرگری لە نیشتمان پێبکردرێ. ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە ئێستادا و هەمیش لە داهاتوودا پێداویستیەکی مێژووییە و دەبی شانبەشانی دروست کردنی بەرەی کوردستانی کاری بۆ بکردرێ و هەموو هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە ژێر فەرماندەیی وەزراەتی هێزی پێشمەرگە دابێت کە لە ژێر چەتری حکوومەتی کاتی و وڵامدەر بە ئەنجومەنی نوینەرانی کاتی دەبێت.

دیارە لایەنی تری پێکهێنانی بەرە وەک شوێن و جێگا، ئابووری و بوارەکانی تکنیکی تر دەبێ تاوتوێ بکرین و مکانیزمیان بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام بە بڕوای من ئەگەر ئیرادە بۆ پێکهێنانی هەبێت هەلومەرجەکە دەتواندرێ لەبار بکرێ و هەنگاو بۆ ئەم ئەرکە پیرۆز هەڵبندرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

------------------------------------------------

# وتار:

## مەجید حەقی: کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرجی خۆشکردنی زەمینەی بەرەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات




**بەرێز مەجید حەقی، شرۆڤەکاری سیاسی لە وتارێکدا کە بۆ رۆژی کورد نێردراوە، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەردەبڕێ.**

ئەمساڵ رۆژهەڵاتی ناوین و ئێران ئاڵوگۆری زۆری بەخۆیەوە بینیوە. کوردستان رۆژ بەرۆژ وەک بەشێک لە ستراتێژی ناونەتەوەیی و وەک یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئاڵوگۆڕ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبینرێت. رێکەوتننامەی ئەتۆمی ٥+١ و ئێران، لە دوای خۆیدا دەبنە هۆی ئاڵوگۆری زۆر لە پێوەندیەکانی ئێران و رۆژئاوادا و هەرلەوکاتەدا بەدەسپێکی کولتوورێکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبینرێت. لە گەڵ ئەمانە، لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوودا هێزەکانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان نەمازە حیزبە سەرەکیەکانی ئەو بەشەی نشتیمان رۆژ لە گەڵ رۆژدا لە پاشەکەش و لاوازبوونی رێکخراوەیی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دا بوون.

لە بەرخودانی خانی لەپزێرینەوە تا ئەمرۆ هەرکات بزاڤی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکگرتوو بوویێت و رێبەریەکی یەکگرتووی هەبێت، توانیویەتی بەشێکی زۆر لە خاکی نیشتیمان ئازاد بکات و حکوومەتی جۆراوجۆر لە کۆماری سمایل خانی سمکۆی شکاکەوە بگرە تا کۆماری کوردستان دامەزرێنێت.
کۆمەڵگای کوری بەهۆی پلۆرالیزمی چاندی، فەرهەنگی، ئاینی، تێکەڵاوی عەشیرە و خێلەکان و پێگەی ئابووری خۆی پێویستی بە سیستەمێکی "رێبەر ناوەندی"ە کە بتوانێت خەڵکی کورد لە دەوری بەها هاوبەشەکاندا کۆبکاتەوە و ئەو دەوڵەمەندی و رەنگینیەی کۆمەڵگا بکاتە بنەمایەکی بەهێز بۆ پێکەوە بوون و وزەدان بە بزاڤی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتی. پێکهێنانی رێبەریەک کە نوێنەرایەتی هەموو نرخ و بەهاکانی ناو کۆمەڵگا بکات و لە سەردەمی رێبەرایەتی کۆلێکتیڤ و بەکۆمەڵدا پێویستی پێکهێنانی رێبەریەکی یەکگرتوو لە هەموو هێزە سیاسیەکانی کاریگەر بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستی مرۆڤ بۆ ئۆکسیژێنە بۆ ئەوەی هەناسە بکێشێت و زیندوو بمێنێتەوە.

لە ساڵانی رابردوودا زۆر جار هەوڵێ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دراوە و هێزەکانی کوردستانی پرۆپاگەندەیەکی زۆریان لە لایەنگری و دەروەست بوونیان بۆ بەرە راگەیاندووە. لە نەبوونی تەبایی ناوخۆیی حیزبەکان و تەنگەژەی بڕوای داسەپاو بەسەر کەشی سیاسی - کۆمەڵایەتی کوردستاندا، هەوڵەکان تەنیا بە تاوانبار کردنی لایەنەکانی بەرامبەر کۆتایی هاتووە و بە هۆی بازنەی داخراوی فەرهەنگی حیزبایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەوڵی کرانەوەی گرێکانی بەردەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە بازنەی حیزبەکانەوە دەرنەکەوتووە و کەسان و لایەنەکانی - رۆژهەڵاتی کوردستان - لە دەرەوەی بازنەی حیزبە سیاسیەکان بەشداری رەوتی گفتگۆی بەرە نەکراون.

بە هۆی گۆڕانکاریەکانی باشوور و باکووری کوردستان و گۆرانکاریەکانی جوغرافی سیاسی سووریە و گۆرانکاریەکانی ناوخۆی ئێران رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەروازەی زۆر ئاڵوگۆری چارەنووس سازی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیستەمی ئێکۆلۆژی و ژینگەیی دایە. هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە لە سەر رەوتی خەباتی نەتەوایەتی و پێگەی حیزبە سیاسیەکان شوێندانەرن. لەو هەلومەرجەدا رۆڵی رێبەری و رێبەری کردنی ئاڵوگۆرەکانی بەردەم کۆمەڵگ لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە ڤیزیۆن و ئاسۆبینی هاوبەش، رێبەریەکی هاوبەش بە داخواز و دروشمی دیاری کراوی هاوبەش هەیە.

بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی لە حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی کوردستان داوا دەکات کە بە خێرایی هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش.

بەداخەوە ئەمڕۆ بەهۆی دووبەرەکی و تەنگەژەی بڕوای ناو حیزبەکانی سیاسی کوردستان بەرژەوەندی حیزبەکان و بەشە حیزبەکان لە گەڵ بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی ناتەبان و ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە خەڵک دوور بکەونەوە و بازنەی چالاکی و تەشکیلات، پێوەندی و راگەیاندنیان بەرتەسکتر ببێتەوە.

لە هاوینی ساڵی ۲۰۱۳دا کە گفتگۆکانی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردستان دەست پێ کرد، چەندین جار پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە لە پلەی یەکەمدا بە هۆی کێشەکانی بەرژەوەندی خوازانەی حیزب و پارتە سەرەکیەکانی پێکهێنەری کوردستان دواخراوە و سەر ئەنجام ئێستا پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوایەتی بووتە تراویلکەیەکی دوور دەست، کە تەنیا کاتێک دووبارە زیندوو دەکرێتەوە کە بەرژەوەندی حیزبەکانی بەشدار لە حکوومەتی هەرێم و پارتی کرێکارانی کوردستان وێک بگەن. بۆیە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە دروشمی دڵسۆزانە و ئامادەیی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوایەتیەک کە ئاسۆیەکی روونی بۆ پێکهێنانی نیە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، کە هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بەئاکام نەگەیشتوون، پێکهاتنی بەرەی کوردستانیش تراویلکەیەکی دوور دەستە کە تەنیا دەکرێ بۆ ئامانجی کاتی وەک دروشم بەرز بکرێتەوە. بۆیە لە پێناو پێشکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی رەوتی یەکگرتنەوە و سەر ئەنجام دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کوردی، پێشنیاری دامەزراندنی کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت.

### کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان بە چ مەبەستێک؟

#### کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت ئامانجەکانی خوارەوە بۆ خۆی دیاری بکات:

* دیاری کردنی ستراتێژیەکی هاوبەشی نەتەوایەتی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی و ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران.
* دیاری کردنی ستراتیژیەکی یەکگرتوو لە پێوەندیەکانی ناونەتەوەیی و ناوچەیی دا
* پێکهێنانی سەنتەرێکی هاوبەشی وەشان و راگەیەندن و هاوکاری نێوان هێزەکانی کوردستان
* دیاری کردنی پەیمانێکی هاوبەشی (قرارداد اجتماعی مشترک) لە پێناو دیاری کردنی رەمزە تەشکیلاتی و سیاسیەکان لە کاتی روودانی جیابوونەوە و لێکدابرانەکانی رێکخراوەکاندا
* پێکهێنانی دیالۆگی نەتەوایەتی لە پێناو یەکریزی و بەرز کردنەوەی هێزی بڕوای کۆمەڵایەتی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا



سەرچاوە Serchawe

* دیاری کردنی ستراتیژی و چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی سیستەمێکی ئیکۆلۆژیک و ژینگەپارێزەرانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان

* سەرمایەگوزاری لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری ژنان و لاوان لە پرۆسەکانی بڕیاردان بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانی خوازیدا

* بڕیاردان لە مەڕ شێوەی بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوایەتی یان هەر پلاتفۆرمێکی نەتەوایەتی و کوردستانی.

* دیاری کردنی ستراتیژی بۆ چۆنیەتی کار و چالاکی لە ناو کوردەکانی دیاسپۆرا و دەرەوەی وڵات و کەڵک وەرگرتن لە تواناکانی کوردەکانی دەرەوەی وڵات.

کۆنفرانسی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت پلاتفۆرمێکی هاوبەش بێت لە هێزەکانی سیاسی، مەدەنی، پیشەیی وکولتووری ناوخۆ و دەرەوەی وڵات وزەیەکی تازە ببەخشێت بە بزاڤی نەتەوایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەسپێکی لەناو بردنی ئاسەواری تەنگەژەی بڕوا، لێکدابراوەکان و یەکیەتی نەتەوایەتی بێت. کۆنفرانسی رۆژهەڵات لە هەلومەرجی جیابوونەوە دابڕاوەکاندا دەتوانێت گونجاوترین پلاتفۆرم بێت بۆ گفتگۆ و خێرایی بەخشین بە رەوتی یەکریزی نێوان لایەنەکاندا.

بەو هیوایە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## خەونی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**بەڕێز هادی سۆفیزادە. نووسەر و چالاکی سیاسی لە وتارێکدا کە بۆ ڕۆژی کورد نێردراوە. بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەردەبڕێ.**

مەوزوعی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەموو پرسە نەتەوەییەکان کەوتوەتە پەراوێزەوە و باسکردنی سواوە، مەوزوعێک کە لە گەڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی باسی سەرەکی کۆمەڵگای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوە. پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە ناو هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەشێکی داسەپاوەو دەوڵەت بە سیاسەتی زیرەکانە بە سەر بزوتنەوەی کوردی تەحمیل کردوەو بەشێکی دیکەی بە ئەنقسەت یا لە ڕووی نەزانی حیزبەکانەوەیە. هەوڵ ئەدەم زۆر بە کورتی لە سەر ئەو دو ئیددعایە قسە بکەم.

**یەکەم**، لە ئاستی ئێرانی دا، دەوڵەتی ئێران لە حیزبەکانی کوردستان زیرەکترە، بە خوێندنەوە، نفوز و ئەزمونێک کە لە سەر حیزبەکان هەیەتی زۆر بە ئاسانی هەر هەوڵێکی ئەوان بۆ یەکگرتن لە ژێر هەر ناوێکدا خونسا دەکاتەوە. کارتێکەری حاکمییەت نە تەنها لە سەر حیزبی کوردی بەڵکو لە سەر تەواوی ئەحزابی ئێرانی بەهێزەو بزوتنەوەکانی دیکەی ئێرانیشی وەک بزوتنەوەی کوردستان لاواز وبێ کاریگەر کردوە. لە مێژووی سی و پێنج ساڵەی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران ڕژێم باندۆرێکی بەهێزی لە سەر لێک ترازانی هەمو ئەو هەوڵانە کردوە کە لە ژێر ناوی بەرە چ لە ناو ئەحزابی کوردی چ لە نێوان ئەحزابی ئێرانی هاتونەتە ئاراوە. لێکترازاندنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە سەروبەدنی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، لێک ترازانی شوڕای بەرگری میللی و چەند هەوڵی دواتریش لەو نمونان لە دەوڵەتی ناوەندی ئێران توانیویەتی بە ئاسانی کەلێن بخاتە ناو نەیارانی خۆی کە ات بە ئەمڕۆ کەمتر خەسارناسی ئەو پیلانانە کراوە. تەنانەت دەعوتی ئەم دواییانەی ڕژێم لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان دیسان بە مەبەستی خونسا کردنەوەی تێکەڵ بونەوەی ئیحتمالی هەر دو حیزبی دیموکڕات بو. بە کورتی موزاکرە باشترین تاکتیکی ڕژێم بۆ لێک دابڕانی زیاتری حیزبەکان بوە کە ناسینی ئەم بەشە لە سیاسەتی ڕژێم لای بەرپرسانی ئەحزاب غایب بوە. لینکی خوارەوە لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکڕات لە نێو بەرداشی دو موزاکرەدا " بەشێک پیلانی ڕژێم لە هەمبەر حیزبەکانی تیایە کە تا ڕاددەیەک ئەتوانی وڵامدەری ئەم بەحسە بێت.

**دووهەم**، حیزب کەرەستەی خەباتی پاڕلمانیە، حیزب هێزی ڕزگاریدەر نیە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کورد پێویستی بە هێزی ڕزگاریدەر هەیە نەک حیزب. حیزبی کوردی ڕۆژهەڵات قەوارەی حکومەتیان هەیە و بە پێی تایبەتمەندی خەباتی کورد دانەمەزراون. هەلو مەرجی دامەزرانی ئەوان هەرکام تابعی بارودۆخێکی تایبەت بوە. ئیستا ئەوان زیاتر وەک حکومەتی لە تاراوگە دەژین نەک وەک حیزبی ئامادەی خەبات. نە خاوەن خاکن، نە خاوەن خەڵک، وەک سەرهەنگی بێ هەنگ وان. کەواتە لە سەر چی بەرە پێک بێنن؟ لە لایەکی دیکەوە هەرکام لەو حیزبانە لە ناوخۆیاندا بۆشایی سیاسی و

تەشکیلاتیان هەیە، بۆ ئەوەی لاوازییەکانی خۆیان بشارنەوە قازانج لەوەدا دەبینن لێک دور بن. هەر کام لەوانە لە ناو چوارچێوەی خۆیاندا جۆرێک حکومەتیان بۆ خۆیان تەشکیل داوە و بە سەر چەند سەد کەسێکەوە حکومەت دەکەن و هەردولایش (هەم خەڵک - هەم حکومەت) ڕازین چونکە هەمو بە خەونی حکومەت و دەسەڵاتەوە ئەژین.

**هادی سۆفیزادە: دەوڵەتی ئێران لە حیزبەکانی کوردستان زیرەکترە، و بە ئاسانی هەر هەوڵێکی ئەوان بۆ یەکگرتن لە ژێر هەر ناوێکدا خونسا دەکاتەوە.**

حیزبی ڕۆژهەڵات حیزبی سوننەتین، حیزبی دروست کردنی فکر و ئیدەی نوێ نین. بیرکردنەوەی سیاسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات مەودایەکی بەرینی نیە و زۆر لۆکاڵ بیر ئەکەنەوە، ئەتوانین بڵێین هەمویان حیزبی ناوچەیین. بە کورتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە هێزی ڕزگاریدەر هەیە. ئەگەر لە قۆناغی ئیستادا هەمو حیزبەکان لە یەک بەرەیشدا بن دیسان باندۆرێکی لە سەر کۆمەڵگای کوردی وە یا بزوتنەوە نابێت چونکە قورسایی حیزبی نابینردێ. هەر کام لە حیزبەکان یەک لە سەدی قورسایی سی ساڵ پێش ئیستای خۆیان ماوە. ئەگەریش باری پێوەندی حیزبەکان لە گەڵ کۆمەڵگای کوردی هەڵسەنگێنین دەبینین فاسڵەیەکی زۆر کەوتوەتە نێوان نەسڵی ئیستای کۆمەڵگای کوردی و حیزبی کوردی واتە کۆمەڵگا گەنج و حیزب پیر!. ئەمە بەو مانا نیە کە بە تەواوی بێ کاریگەر بون. بە زمانێکی سادە ئەگەر سی ساڵ پێش ئیستا ڕوناکبیری مهابادی ویستی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حیزبێک دا دەبینی، دە ساڵ دوای ئەوە گەنجی شاری ئەوەی تێپەڕاند و گەنجانی گەڕەکەکانی حاشیەی شار (مەیدانی حەیوان) ی مهاباد مافی نەتەوەییان لە چوارچێوەی حیزبیدا دەبینی، ئیستا ئەوانیش ئەو ئینتمایان نەماوەو سەهمی حیزبەکان لە پێگەی کۆمەڵایەتی دیسان بەرەوە دێهاتەکان گەڕاوەتەوە.

**سێهەم:** حیزبی ڕۆژهەڵات ساختاری دەسەڵات لە ئێران وەک پیویست ناناسن و شناختێکی سەتحیان لە دەسەڵات لە ئێران هەیە. ئەگەر سەرنج بدەینە بەرپرسی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات (بە پەڕاکیشە وە) هەمو خەڵکی ناوچەی موکریانن. خەڵکی موکریان ناوەندی دەسەڵات لە ئێران وەک پێویست ناناسن، کۆمەڵگای ئێران و موناسباتی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران وەک پێویست ناناسن. لە باری جوغرافیاییەوە ڕژیمی ئێرانیش هەوڵی داوە کە هەستی نەتەوەیی بە ناوچەی موکریانەوە سنوردار بکات. موکریان ناوچەیەکی دوردەست لە ناوەندی دەسەڵاتەوە بوە. لە باری ئابورییشەوە موکریان زیاتر گرێدراوی تەبرێز بوە تا تاران.

بۆ نەناسینی ساختاری دەسەڵات لە ئێران نمونەیەکی تازە و بەرچاو ئەهێنمەوە. ماوەیەک پێش ئیستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان ڕایگەیاند کە لە گەڵ شوڕای عالی ئەمنییەتی میللی ئێران موزاکرەمان کردوە!! ئەوان لە بەر ئەووەی قەوارەی دەسەڵات ناناسن تەنیا موزاکرەیان بۆ موازیدە لە بەرامبەر لایەنەکانی دیکە ئەنجام دا، ئیتر بۆ ئەوان هۆکارەکانی دیکەی پێشنیاری ڕژیم بە موزاکرە گرنگ نەبو. ئەگەر لە هۆکارەکانیش بگەڕێن دیسان ئەوان ئەووەیان لە بیر کردبو کە ساڵانە لە بەحس و سیمینارەکانیاندا دەڵێن کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە. ئیستا کە دەبینین ڕژیمی ئێران یاریدەدەرێکی خۆی بۆ پرسی "ئەقوام" داناوە بە پێی باوەڕ بون بە سیاسی بونی پرسی کورد دەبو لە گەڵ ئەو ناوەندە سیاسییە ناسنامەدارە موازکرەیان بکردایە بەڵام ئەوان لە گەڵ ناوەندێکی ئەمنییەتی موزاکرە دەکەن کە لام وانیە قەوارەی ئەو ناوەندەش وەک پێویست بناسن. دەرکی حیزبەکانی دیکەش لە ناوەندی قودرەت لە ئێران لە حدک باشتر نیە. ماوەیەک پێش ئیستا یاریدەدەری سەرکۆماری ئێران بۆ پرسی "ئەقوام" سەردانی شاری سنەی کرد و چەند کۆبونەوەی لەوێ ئەنجام دا و کۆمەڵێک باسی سەرنج ڕاکێشی خستە بەر باس. لە هیچ میدیایەکی ئەحزابی کوردی خوێندنەوە بۆ ئەو سەفەرەی عەلی یونسی نەکرا، تەنانەت وەک هەواڵیش باسیان نەکرد بەو سادە ئەندیشییەوە کە لە سیاسەت هەیانە، تەبعەن پرسی بەرەی کوردستانیش بە سادەیی لێی ئەڕواندرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## مەرجی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی تۆڕ دانی بیری ئێرانچێتیە:




**هۆزان سارەوان**

بەرەی کوردستانی وەک لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆماڵی کراوە زۆر جیاوازە تەنانەت لەگەڵ چەمکی بەرەی کوردستانی لە ڕوانگەی پێکهاتەیی و سیاسییەوە.

بە سادە ترین شێواز دەتوانین بنەڕەتی ترین خاڵی ناکۆکی و پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی بۆ خوێندنەوەی جیاوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێنینەوە لەسەر کێشەی کورد و ڕێگاچارەی دەرباز بوون لە هاوکێشە سیاسییەکانی.
چەمکی بەرە جیاواز لەوەی کە لە چ وڵاتێک و لە چ قوژبنێکی ئەم جیهانە دا پێک بێت، بەشێکە لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەمڕۆی جیهانی گڵۆباڵ و کەس ناتوانێ بە ویستی خۆی تەعبیری لێ بکات.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان کە زۆر بە خێرایی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویان داوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامن و خەریکی پێکهێنانی قەوارەیەکی نوێیە لەم ناوچەیەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە جگە لە گۆڕان و نوێ بوونەوە لە پێکهاتەی حاکمیەتی دەوڵەتان، سنوورە جوغرافی و ئابوورییەکانیش تووشی گۆڕان هاتوون و ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە شۆڕشەکان و گۆڕانکارییەکان وەک هەموو تەوەرەکانی تری جیهانی گڵۆباڵ خەریکە هەر چی زیاتر گشتگیر دەبن.

نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەک وەک نەتەوەیەکی ئەم ناوچەیە لە ژێر کاریگەری ئەم ڕووداوانە دایە و هەم وەک جەمسەرێکی سیاسی و ژێئۆپۆلۆتیکی ناوچەکە دەتوانێ کاریگەری خۆی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت. گرینگی ئیستراتیژیکی کوردستان و دەوڵەمەند بوونی جۆغرافیای کوردستان لە ڕووی ئابووریش وای کردووە کە زیاتر لە چاوی وڵاتان و نەتەوەکانی تری سەر گۆی زەوی لە پلانی ئیستراتیژیک دابێت تاکوو لە ڕوانگەی نەتەوەی کورد و هەر ئەوەش تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی  هێزە سیاسییەکانی کورد ڕێککەوتنێکی ئیستراتیژیکیان بە یەکەوە نەبوویێت و بە شێوەی تاکتیکی هەر جارەوە لە گەڵ وڵات و لایەنێک هاوپەیمانەتییەک ببەستێت و نە توانی لە چوارچێوەی مەرامنامەی حیزبی خۆی زیاتر پەل باوێت و بە ناچار لە کۆتایی دا خۆی و داگیرکەر بە دوو لایەنی کێشەی سیاسی پێناسە بکات.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە کێشەی کورد و داگیرکەر تەنیا کێشەیەکی سیاسی نییە کە ببەسرێتەوە بە چەمکەکانی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ، بەڵکوو کورد کێشەی خاک و کێشەی نەتەوەیی هەیە و لە ڕاستی دا هەر ئەو کێشەیە بۆتە هۆکار و دەستەچیلەی قەیرانی سیاسی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت - نەتەوانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(جگە لە pak ) چەند دەیە خەباتی لەم چەشنەیان تێپەڕ کردووە و ئێشتاش خۆیان نەیانتوانیوە کە دان بەو ڕاستیە دابنێن کە چارەسەری هەموو کێشەیەک لەوە دایە کە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی خۆی و تەنیا وەک دوکتورێکی نەزان بەردەوامن لە سارد کردنەوەی ئارەقەی کوردستانی نەخۆش و بیر لەوە ناکەنەوە کە هۆکار و سەبەبی ئەو کێشەیە بنەبڕ نەکرێت هیچ کات ناتوانن دڵنیا بنەوە لە چارەسەری ئەو نەخۆشییە و دەبێ تا هەتایە دەسماڵ تەڕ بکەن و ئارەقەی ڕواڵەتیانە سارد بکەنەوە.

لە ساڵانی ڕابردوو لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و تەنانەت لە هێندێک لە ڕاگەیاندنەکانی ئەم هێزانە دا باس لە تەوەری بەرەی کوردستانی کراوە و ئێستاش بە وردی ئەو باسە تاوتوێ دەکەین کە ئایا باس کردن لەم بابەتە تەنانەت چۆن ناتوانێ وەک درووشمێکی سادەش لە لایەن ئەوانەوە کاری پێ بکرێت.

لە ڕاستیدا بەرەی کوردستانی ئەگەر پێناسەیەکی زۆر سادەی کوردەواری بۆ بکرێت بە مانای هەرەوەزە و هەرکات قەبارەی کێشەکە لە قەبارەی حیزبێک یان چەند حیزبێک گەورەتر بێت و نەتەوەیی بێت وپەیوەست بێت بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، ئەوکات زەرورەتی پێکهێنانی بەرە خۆی دردەخات. کەواتە ئەگەر هەموو حیزبەکانیش کۆ ببنەوە هێشتا لایەنی سەربەخۆ و کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی لەم چەشنەی کەم دەبێت و ئەوەش مانای وایە کە هاوپەیمانەتی دوو حیزب و چەند حیزب تانوانێ بەدیهێنەری ئامانج و پێناسەکانی بەرەی کوردستانی بێت.

بۆ پێکهێنانی هەرەوەزێکی لەم چەشنە پێویستە کە ئامانجی دیاری کراو هەبێت و لە پاشان دابەش کردنی ئەرکی تێدا بێت و مەودای زەمانیش وەک یەکێک لە سەرەکی ترین فاکتەکانی بەرە لەبەرچاو بگیرێت. کەواتە بەرەیەک کە ئامانجی تەنیا پێکهێنانی هاوپەیمانییەتیەک بێت و کۆتایی دیار و ڕوونی نەبێت ناکرێت ناوی بەرە بێت.

## بەرەوە وەک مۆدێل:

لە ڕووی سیاسییەوە لە جیهانی سەردەم دا بەرە مۆدێلێکی پێناسە کراوی هەیە هەر وەک چۆن پێناسەی چەمکە سیاسییەکانی تر ئاشکرا و گشتگیرە. بەرە مۆدێلێکە کە بە بێ ئامانجی هاوبەش پێک نایەت و گرێدراوی ئایدئۆلۆژیای حیزبی نییە ،بەڵکوو گرێدراوی خۆش کردنی بوارە بۆ چالاکی ئازادنە بۆ هەر کام لە ئەندامانی لە داهاتوویەکی دیاری کراو دا. کەواتە بەو دەرەنجامەش دەگەین کە پێکهێنانی بەرە ئەگەرچی لەسەر ئامانجێکی گشتی پێک دێت بەڵام بە مانای وەرگرتنەوە و زەوت کردنی سەربەخۆیی فیکری هیچ لایەنێک نییە. بەرە بەرنامە و کاری هاوبەشە و لە پاش گەیشتن بە ئامانج لە ڕووی یاساییەوە تەمەنی کۆتایی پێ دێت.

**ئامانجی بەرە:**

هەر وەک باسمان کرد هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کردنی ئامانجێکی سیاسی هاوبەشە، بەڵام ئەو ئامانجە ئەوە نییە کە زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیانهەوێ لە ئامانجەکەی حیزبی خۆیان نزیک بێت. ئامانجی ئەو حیزبانە ڕووخاندنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و بنیات نانی ئێرانێکی دێمۆکڕاتیکیە لە حاڵێکدا ئامانجی بەرەی کوردستانی لە ناوەڕۆک دا بە مانای گەڕاندنەوەی مافی دیاری کردنی چارە نووسە بۆ ئەم پارچەیەی کوردستان. کەواتە ئامانجی بەرە دەبێ گەڕاندنەوەی بڕیار بێت بۆ خەڵکی کوردستان نەوەک هاوپەیمانەتییەکی چەند حیزب و سەپاندنی بڕیاری حیزبی بە سەر کۆمەڵگادا. هەر بۆیەش ئەو حیزبانەی کە ناتوانن تەسلیمی ئیرادەی کۆمەڵگا بن ناتوانن لە ناو بەرەیەکی لەم چەشنە دا کۆ ببنەوە.

**ئاڵترناتیف یان "حکوومەتی کاتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان":**

بە پێی مۆدیلی بەرە لە پاش دیاری کردنی ئامانج و پێکهاتنی بەرە، هەنگاوی دووهەم بریتییە لە دیاری کردنی ئالترناتیف کە وەک لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێ، ئۆپۆزسیۆنی هەر وڵاتێک بەرەیەک بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی پێک دێنن.

ئەو کاتەی کە هێزە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان خۆیان ببەستنەوە بە بەرەیەکی سەرانسەری لە چوارچێوەی وڵاتێکی داگیرکەردا ئالترناتیڤی ئەوانیش تەنیا گۆڕینی حکوومەت و بنیات نانی وڵاتێک لەسەر بنەما دێمۆکڕاتیکەکان دەبێت. تەنانەت ئەگەریش لەم بەرەیە دا دان بە نەتەوە بوونی کورد دابنرێ ئەوە کاتییە و مەرجی دان نان بە نەتەوەی کورد ئەوەیە کە مافی دیاری کردنی چارەنووس کە هیچ کات کورد پێی نەدراوە بۆ یەکەم جار بگەڕێتەوە بۆ کورد کە لە هیچ بەرەیەکی سەرانسەری دا لە چوارچێوەی هیچ کام لە وڵاتانی داگیرکەر دا ئەوە بەدی ناکرێت و هۆکاریشی ئەوەیە کە ترسی ئەوەیان هەیە کە کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات و هەر بۆیەش لە کات و ساتی لەم جۆرە دا بەرە سەرانسەرییەکان زۆر بە خێرایی خۆیان لە حیزبەکان نزیک دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن کە بە شێوەی ڕێککەوتن بڕیاری ئەوان وەک بڕیاری نەتەوەی کورد بکەن بە بنەمای کاری هاوبەشیان.

بەڵام لە ناو بەرەیەکی کوردستانی دا کە بە ئامانجی گەڕاندنەوەی مافی چارەنووس بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان هەر کام لە پارچەکانی کوردستان دا پێک دێت هیچ ئاڵترناتیڤێک جگە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نییە کە ماوەی تەمەنی ئەم حکوومەتەش یەک ساڵ دەبێت و هەر بۆیەش لەم ئاڵترناتیڤەدا هێشتا هێزی هیچ کام لە حیزبەکان دیار نییە و تا بڕیاری خەڵک و دەنگی خەڵک ئەوان هەڵنەسەنگێنێ ناتوانن ببن بە دەسەڵاتی سیاسی و بڕیار تێپەڕێنن. لەو ڕوانگەشەوە لەوانەیە هێندێک حیزب ترسی ئەوەیان هەبێت کە خۆیان بخەنە مەیدانی دەنگی خەڵکەوە و هەر بۆیەش ئاساییە کە ترسیان زیاتر بێت لە ئومێدیان بەرامبەر بە بەرەی کوردستانی.

## ڕێفراندۆم لە سەر ڕێچکەی بەرەی کوردستانی:

لە پاش پێکهێنانی حکوومەتی کاتی ئەرتەشی کوردستان ڕێکدەخرێت و ئەرکی پاراستنی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت و بۆ ماوەی ساڵێک پاسەوانی لە حکوومەتی کاتی دەکا و دوای ساڵێک هەنگاوی کۆتایی کە لە ڕاستی دا کۆتایی بە بەرەی کوردستانی دێنێت هەڵدەگیرێت و ئەویش ڕیفراندۆمە بۆ دیاری کردنی چارەنووس لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە و لێرەدایە کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیار دەدات کە چ جۆر دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵبژێرێت ،ئایا لە چوارچێوەی ئێران دا دەمێنێتەوە ؟ئایا بە شێوەی ئۆتۆنۆمی ،فیدراڵی ،کۆنفدرالیزمی دێمۆکراتیک لەگەڵ ئێران دەمێنێتەوە و یان بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان هەڵدەبژێرێت؟ وەڵامی هەمووی ئەوانە لەدەستی خەڵک دایە و ئیزنی ڕێککەوتن نادرێت بە هیچ هێزێک بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەتی حیزبی سەودا بە چارەنووسی نەتەوەی کورد بکات.

دوای دەرکەوتنی بڕیاری نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێفراندۆمی دووهەم و دەنگدان بۆ پالاوتنی حیزبەکان و پێکهێنانی چوارچێوەی پارلمانی کوردستان و دابەش کردنی دەسەڵاتەکان بە پێوەری دەنگی کۆمەڵگا بەڕێوە دەچیت.

تا ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە مرجی دان پێدانان لە لایەن بەرەیەک یان ئۆپۆزسیۆنێکی سەرانسەری ئێرانی وبەشداری کردنی چەند لایەنێکی خۆ بە ئێرانی زان و دیاری کردنی جۆری حکوومەتی داهاتوو بۆ ئێران (فێدڕالی،کۆنفدرالی) کە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا باسی لێ دەکرا جیاواز لەوەی کە ئەو جۆرە لە بەڕێوە بەرایەتییە تا چەندە لە ئێرانی داهاتوو دا سەرکەوتوو دەبێت یان نا! بەر لە هەموو شتێک پازدی داوە بەسەر بڕیاری نەتەوەی کورد بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و لە جیاتی ئەوانیش بڕیار دراوە کە چ جۆر حکوومەتێک بنیات بنرێت. ئاخۆ هیچ کام لەو لایەنانە ئەو هێزەیان نییە کە بڕیاری لەم چەشنە بۆ نەتەوەکەمان بدەن و پاڵێوراوی خەڵکی کوردستان نین کە ئەو مافە بۆ خۆیان بە ڕوا بزانن کە لە جیاتی ئەوان دیاری بکەن کە خەڵکی کورد چۆن دەژێت و کێی هەڵبژاردووە و چ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسیی لە کوردستان دەوێ.



سەرچاوە
Serchawe

کەواتە دەستەواژە و چەمکی سەردەمیانەی فیدراڵی و مسۆگەر بوونی دیمۆکراسی و کۆنفدرالیزمی دیمۆکراتیک چەندەش سەردەمیانە و باو بن ناتوانن لە مافی دیاری کردنی چارەنووس لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هێز تر بن و پشت گوێی بخەن.

هەر بۆیەش دەتوانین بەو دەرنجامە بگەین کە مانا و ناوەرۆکی ئێرانی بوون و بەشدار بوون لە بەرەیەکی ئێرانی دا دژایەتی هەیە لەگەڵ باوەر بوون بە دیمۆکراسی و مافی دیاری کردنی چارەنووس، ئەگەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێشتاش باوەڕیان بەوە هەبێت کە خەبات بۆ نەتەوەی خۆیان دەکەن و بۆ گەڕاندنەوەی مافەکانیان.

زۆر پەرتووک و بابەت و سیمینار لەسەر بابەتی بەرەی کوردستانی دەگیرێت و لە کۆتایی دا بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەر بێت و جارێکی تر ئەم لایەنانە باسی ئەوە بکەن کە ئەوان باوەڕیان بە بەرەی کوردستانی هەیە وپێشتر هەوڵیان بۆی داوە و بە پەرۆشن بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی،جێی خۆیەتی چەند پرسیارێکیان لێ بکرێت.

**یەکەم**: چۆن دەکرێت کە ئێوە بەڵێنی جیا نەبوونەوەتان دابێ بە فارس و بە رێچکەیەک دا بڕۆن کە خۆی لە مافی دیاری کردنی چارەنووس نادات و باسی بابەتێکی ئاوا قورس دەکەن؟

**دووهەم**: لە کام بەڵگە و ئەساسنامەی حیزبەکانتان دا و لە کام کۆنگرە و کۆنفڕانسی خۆتان دا ویستی خۆتان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و گەڕاندنەوەی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕیوە؟

**سێهەم**: ئایا دەکرێ کە هاوکات لە پاریس لە بەرەیەکی سەرانسەری دا بەشداری بکەن و لە کوردستانیش هەوڵتان دابێ بۆ بەرەیەکی کوردستانی؟ ئەگەر بەڵێ چۆن دەکرێ حیزبێک لە دوو بەرە دابێ؟

**چوارەم**: ئایا ئێوە کە باستان لەبەرەی کوردستانی کردووە کەی و چۆن باستان لە ئەرتەشی کوردستانی کردووە و ئەگەر لە بنەڕەت دا باوەڕتان بە ئەرتەشی کوردستانیش نەبێت کەواتە چۆن باستان لە بەرە کردووە بە هۆی ئەوەی ئەرتەشی کوردستانی یەکێک لە پێداویستییە دانەبڕاوەکانی حکوومەتی کاتییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە کۆتایی دا سرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە بێ لایەنانە خوێندنەوەی لەسەر مانیفێستی پارتی ئازادیی کوردستان هەبێت و بە چاوی خۆی ببینێت کە حیزبێکی سەربەخۆیی خوازی وەک pak کە بەرەی کوردستانی و ئەرتەشی کوردستانی و مافی دیاری کردنی چارە نووس و دامەزراندنی ئاڵترناتیڤ "کۆماری کوردستان" و هەموو بەشەکانی تری مۆدێلی بەرەی کوردستانی چۆن وەک داهێنانێک لە گۆڕەپانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەر لە ساڵی ۱۹۹۱ بە وردی شی کردۆتەوە و خستوویەتە کار و بەرنامە و ئیستراتیژی ئەم حیزبەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان سیستەمی فێدراڵیزمی بۆ یەکەم جارلە ساڵی ۱۹۹۱ هێنایە ناو ئەدەبیاتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان و یەکەم مەرج بۆ ئەم سیستەمە و هەر جۆرێکی ترلە بەڕێوەبەرایەتی ئەوەیە کە لە ویستی خەڵک و لە سندووقەکانی دەنگدان بێت، نەوەک هەڵقوولاوی ئیرادەئ ئۆپۆزسیۆنی فارس لە تاراوگە و هاوپەیمانەتی نێوان دوو حیزبی خۆ بە ئێرانی زان بوویێت. هەروەها لەو حاڵەتەش دا پارتی ئازادیی کوردستان وەک پەردەبازێک بۆ گەیشتن بە مافی سەرەکی واتە سەربەخۆیی ڕوانیویەتی بۆ فێدراڵیزم و هیچ کات بە ئامانج و ئیستراتیژی خۆی نەزانیوە.

پارتی ئازادیی کوردستان پێی وایە کە ئێران لەگەڵ هەر کام لە سێ دەوڵەتە کەی تر کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە جیاوازی هەیە و خۆماڵی کردنی چەمکی دێمۆکراسی و دێمۆکراتیزە کردنی ئێران یەکەم لە دیاری کردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد دژوار ترە و هەروەها بە چاوێکی واقع بینانەوە ئاگاداری جیاوازی جۆغرافیایی و حەشیمەتی کوردیش هەیە و باش دەرکی بەم ڕاستیە کردووە کە ئەگەر لە وڵاتێکی وەک ئێراق کورد نەتەوەی دووهەمە و لە تورکیا نەتەوەی دووهەمە لە ئێران بە پێچەوانە هیچ قورساییەکی بۆ ڕێککەوتن بە شێوەی تەوافوق نییە و بەشداری کردنی کورد لە دەنگدانێک لە چوارچێوەی ئێران دا چ حکوومەت دیکتاتۆر بێت و چ حکوومەت دێمۆکراتیک، بە کردەوە بە مانای ئەوەیە کە بۆ هەتا هەتایە تۆقی بندەستی تارانی خرابێتە مل و بە بەشداری کردنی هێزە سیاسییەکان لە بەرەیەکی ئێرانی دا بەر لە هەر گۆڕانکارییەک لە حکوومەتی کۆماریی ئیسلامی، بە کردەوە ئەم حیزبانە ئەم چۆک دادانەیان کردۆتە قوربانی چەند ماوەیەکی کورت بۆ کورسی نشینی خۆیان لە تاران و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەیان خستۆتە مەترسییەکی هەمیشەیی.

لە کۆتایی دا دەتوانین بڵێین کە لە بنەڕەت دا پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە مانای گەڕاندنەوەی مافی دیاریی کردنی چارەنووسە و ئەو حیزبانەی کە ناتوانن لە کۆت و بەندی ئێرانی بوون ڕزگاریان بێت هەرگیز تەنانەت بە درووشمیش بوویێت ناوێرن و ناتوانن بەشداری لەم بەرەیە دا بکەن و هەر لێدوانێکیش بدەن تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرمێژووی حیزبەکەیان تۆمار دەکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## گرینگیی بەرەی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"



د. کامران ئەمین ئاوە

### بۆ بەرە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤ هەتاویی ١٩٤٥زایینی) تا پێش شۆرشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویی لە ئێران تەنیا حیزبی سەرەکیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پاش شۆرش و بە تایبەتیی پاش پێکهاتنی کۆمەڵە بە فەرمی (١٣٥٧ هەتاویی - ١٩٧٨زایینیی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەک بە ناوی "تەشکیلات" (١٣٤٨ هەتاویی - ١٩٦٩ زایینیی) و پاشان پێکهاتنی حیزبی کومۆنیستی ئێران (١٣٦٢ هەتاویی - ١٩٨٣زایینیی) و لێکدابرانەکانی نێو ئەم ڕێکخراوەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتیی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، هەروەها درووستبوونی چەند ڕیکخراوەی دیکە وەکو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران(١٣٥٩ هەتاویی - ١٩٨٠ زایینیی) پارتی ئازادی کوردستان(٢٠٠٦ی زایینیی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەک بە نێوی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان(١٩٩١ زایینیی) و هتد... ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناخی تاکەحیزبی تێپەرکردو، بوو بە کۆمەڵگایەکی فرەحیزبی بە بیروڕای جیاوازەوە. بەم پێیە بێ لەبەرچاوگرتنی پانتایی

نفووز و کاریگەریی ئەم حیزبانە دەتوانین ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین کە ئەمڕۆ هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک بۆی نییە خۆی بە تەنیا نوێنەری ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ. بە هۆی پاشەکشەی حیزبە کوردستانییەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان و لێکدابڕانەکانی بێ‌پسانەوەی دوو ڕێکخراوەی کۆمەڵە و دێموکرات، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبانە پەرەوازەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون و ئیتر بە هۆی بێ‌متمانەیی و دڵساردیی، هۆگری وەهایان بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە نییە، بە پێی بەشێک لە ئەزموونی ژیانی سیاسییان و کەمتر خەمیی و تەنانەت وڵامنەدانەوەی ئەم ڕێکخراوانە بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی خۆیان بۆ یەکگرتنەوە یاخود پێکهێنانی بەرەی هاوبەش هەر چەشنە داواکاریی و چالاکییەک لەم پێناوەدا بە شتێکی بێ سوود دەزانن. لەم دوایانەدا سەرەڕای بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی حدک و حدکا بۆ یەکگرتنەوە، بەخۆشییەوە سێ لایەنی "ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە"، "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و "کۆمەڵەی شۆڕشگێر هێڵی یەکگرتن" لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدان و ئەمە بۆتە مایەی دڵخۆشیی دڵسۆزانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد وهیوادارین لە داهاتوودا ئەم ڕەوتە باڵەکانی دیکەی کۆمەڵەش، هەروەها هەر دوو باڵی حیزبی دێموکراتیش بگرێتەوە. ئەم ڕاستییە، واتە فرە حیزبی‌بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێ کاریگەریی تەنیا حیزبێک لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسییدا پێمان دەسەلمێنێ کە پێکهاتنی هەرچەشنە بەرە و نزیکبونەوەی ئەم حیزبانە بەیەکتر لە بەرژەوەندیی نزیک و درێژخایەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

## گرینگیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە چیدایە؟

**یەکەم**؛ کاتێک حکومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ زەبر لێدان لە حیزبەکان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە تەواوی یارانی فەرمی و نافەرمی خۆی لە ئاستی جیاوازدا کەڵک وەردەگرێ، بێگومان هێزەکانی دژبەری حکومەتی ئیسلامیی چ لە ئاستی جیهانیی، چ لە ئاستی سەرتاسەریی واتە ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا پێویستە هێز و توانایی خۆیان بخەنە پاڵ‌یەک و بە پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپەیمانیی و هاوکارییەک پەرە بە خەباتی خۆیان لە تەواوی بوارەکانی دژ بە حکومەتی ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانیان بدەن.

**دووهەم**؛ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی بووە، ڕووداوەکانی عیراق، ئەفغانستان، سووریە، هەروەها بە هێزتربوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە تورکیە نیشان دەدات کە ئێرانیش فارس کوتەنی "تافتە جدا بافتە" نییە و درەنگ یان زوو بە هۆی قووڵتربوونی قەیرانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تووشی ئاڵوگۆڕی جیددی دەبێ. بێگومان هێزەکانی کوردستانیش دەبێ بۆ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ هەر چەشنە ڕووداوێکی نەکاو و ڕەچاو نەکراو ئامادە بن تا بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە ڕەوتی وەدیهێنانی مافی خۆچارەنووسین بەجێ بێنن. هەر لەم ڕەوتەشدا پێکهێنانی بەرە و تەمرینی کاری هاوبەش



سەرچاوە
Serchawe

یاریدەدەری چالاکیی و خەباتی ئەوان لە داهاتوو و تەنانەت پێشگیریی لە گرگرتنی جیاوازیی وچەندبەرەکیی یان شەڕی ناوخۆیی دەبێ.

**سێهەم**، ئەم هێزانە بە یەکبوون دەتوانن لە تەواوی بوارەکاندا هێزێکی "بالقوە و بالفعل" بن، واتە چ لە ڕەوتی بانگەواز و کۆکردنەوەی خەڵکی کورد بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی هێمنانەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداریی یاخود وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئەم حکومەتەدا نەخشێکی گرینگ و بەهێز بگێڕن.

**چوارەم**، ئەم هێزە لە ئاستی کوردستانیشدا بەیەکبوون دەتوانێ قورساییێکی زۆرتری بێ، بۆ وێنە ڕۆڵێکی جیددیتر لە پێکهێنان و داڕشتنی بەرنامە وسیاسەتەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە بێگوومان کاتێک کوردی ڕۆژهەڵات بە حیزب و کەسایەتییەکانییەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین، هاودەنگ و هاوتەبا بن، حکوومەتی هەرێم و هێزەکانی دیکەی کوردستانیش کاتێک بیانەوێ سەبارەت بە حیزبەکان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شێوەی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هەڵوێست بگرن، لەوەدەچێ پێش هەرچەشنە بڕیاردانێک، فیکرێکی زۆرتر لە سیاسەت و ئاکاری خۆیان ڕوو بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەنەوە.

**پێنجەم**، لە ئاستی جیهانییدا بەرەیەکی یەکگرتووی کورد دەتوانێ وەکوو کۆی هێزەکانی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان باشتر لە دەرفەتەکان بۆ کۆکردنەوەی هاودەنگی، وەدەسهێنانی یارمەتیی ماددیی و مەعنەویی دژ بە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران چ لە ئاستی دەوڵەت و پەرلەمانی ئەورووپا و ئەمریکا و چ لە ئاستی بیرو ڕای گشتیی، میدیاکان و حیزبەکانی ڕۆژئاوایی کەڵک وەربگرێ.

**شەشەم**، ئەم بەرەیە بێگوومان کاریگەرییەکی بە هێزی لە گەشەسەندن و پەرەگرتنی بزووتنەی جەماوەریی خەڵک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ، دەبێتە هۆی دڵگرمیی ئەوان و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵات. ئێمە دەبینین هەر کات حیزبەکانی ئێمە پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەشیان گرتووە، ئەمە لە لایەن خەڵکی کوردەوە بە دڵ و بە گیان پێشوازیی لێکراوە.

ئەمانە تەنیا کورتەیەک لە خاڵە هاندەرەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەڵاتە. هیوادارین سەرەڕای بیروڕای جیاواز لە نێو حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی بەرە یان هەرچەشنە هاوپەیمانییەک ببێتە دروشمێکی سەرەکیی و هەوڵی جیددی بۆ بدرێ. بەشێک لە دۆستان و دڵسۆزان زۆرجار باس لەوە دەکەن کە هەوڵ وهەنگاوەکانی کەسایەتییە سەربەخۆکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ نزیککردنەوەی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی زاڵبوونی بەرژوەندی تاکەکەسی و حیزبی کارێکی بێ سوودە و ئاکامێکی ئەرێنیی نابێ، بێگوومان سەرەڕای درووست

بوونی رێژەیی ئەم بیرۆکەیە پرسیارێک دێتە پێش، ئەگەر ئەم حیزبانە پێکەوە تەبا بایەن بڵێی پێویست بەم چەشنە هەوڵانە بایە؟ ئێستاکە ئەم حیزبانە پێکەوە تەبا نین و ئەرکی مێژوویی خۆیان بە جێ ناهێنن ئایا ئەوە ئەرکی سەرشانی کەسایەتییەکان نیـیە کە هاندەری ئەوان بۆ گەیشتن بە هاودەنگیی و پێداگری ئەم ئەرکە مێژووییە و پیرۆزە بن؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ١٠ی جانێویری ٢٠١٤

## گرینگی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات



**حسەین نازدار**

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پتر لە رابردوو باس لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسی و هەنگاوێکی‌گرینگ لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی . دێموکراتیکی کوردستان دەکەن و لەو باوەڕەدان کە پێکهێنانی بەرە، ئەوەندە گرینگ و پڕبایەخە کە ناکرێ و نابێ گیروگرفت و کۆسپەکان رێگای لێ بگرن.

لەم پێوەندییەدا پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێداچوونەوە بەو بۆچوون و هەڵوێستانەیاندا بکەنەوە کە لە رابردوودا بوونەتە کۆسپی سەر ڕێگەی پێکهێنانی بەرە و ئازایانە و ڕاشکاوانە و بە نیازپاکی و بە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و بە پلاتفۆڕم و رێکاری گونجاو و روون و شەفاف و بە وتووێژی بنیاتنەر، کاری جیددی بکەن بۆ لێک نزیک کردنەوەی ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکانیان لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی فرەچەشن و یەکگرتوو و دێموکراتیکی کوردستان دا.

بەرە پەیمانێکە کە لەودا هێز و لایەنە سیاسییەکان بە شێوەی ئازادانە و دڵخوازانە لە سەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ گەیشتن بە یەک یان چەند ئامانجی دیاریکراو، رێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا دەبەستن و سەرەڕای پاراستنی شوناسی پێشووی خۆیان شوناسێکی گشتگیری نوێ بە ناوی بەرە پێک دێنن.

بەرەی کوردستانی پێویستە لە سەر بناغەی پرەنسیپ و بنەما سەرەکیيەکانی ئازادی، مافیمرۆڤ، مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سێکۆلاریزم پێک بێت و لایەنە پێکهێنەرەکانی دەبێ باوەڕی قووڵیان بە پلۆرالیزمی سیاسی و جۆراوجۆری و فرەلایەنی و هەمەڕەنگی و ئازادی رادەربڕین و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە رێگەی وتووێژی هێمنانە و بنیاتنەرهەبێ و بۆ پراکتیزەکردنی، خەباتی جیددی بکەن.

بۆ مان و بەردەوام بوونی کار و تێکۆشانی بەرەی کوردستانی پێویستە فرەچەشنی و یەکگرتوویی لە نێو بەرەدا پارێزراو بێ، سنووری ماف وئەرک و دەسەڵاتی ئەندامانی بەرە روون و دیاریکراو بێ، سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرە پارێزراو بێ، رێگە لە پاوانخوازی و سەرەڕۆیی هەر ئەندامێکی بەرە بگیرێ، هەموو ئەندامانی بەرە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ پێڕەو و پرۆگرامی بەرە هەبێ و بە کردەوە پێبەندی رێوشوێن و بڕیارەکانی بەرە بن .

بەرەی کوردستانی پێویستە بۆ هەلومەرجی دیاریکراو لێکدانەوەی دیاریکراوی هەبێ و بۆ کێشە و پرسە سیاسییەکان و رووداو و دیاردە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان خوێندنەوەی دروست و واقیعبینانەی هەبێ و لە پێناو دابینکردنی مافە نەتەوایەتی و دیمۆکراتییەکانی خەڵکی کوردستان، لە هەموو شێوە ڕەواکانی خەبات کەڵکی پێویست وەرگرێ.

مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی ئەوەیە کە لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئەو بەرنامە و ئامانجانەی کە لایەنە پێکهێنەرەکانیبەرە پێکەوەگەڵاڵەی دەکەن، هێز و توانای لایەنە سیاسییەکان و خەڵک بخرێتە سەریەک و خەباتێکی هاوبەش و یەکگرتوو و شێلگیرانە بکرێت.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بۆ گەیشتن بە بەشێک لە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان، دەبێ وشیاری و ئیرادە و بیر و بڕیار و زمان وگوتاری یەکگرتووی سیاسی هەبێ کە پێکهێنان و وەکارکەوتنی بەرەی کوردستانی لەم پێناوەدا کاریگەری گرینگی دەبێت.

بەرەی کوردستانی دەبێتە دینامیزمی خەباتی یەکگرتووی هێز و لایەنە سیاسییەکان و لەگەڵ پێشوازی خەڵکی کوردستان بەرەوڕوو دەبێ، وشیاری نەتەوایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری بەهێز دەکات، هیوا و هێز و وورەی خەڵک بەرز دەکاتەوە، بەدبینی سیاسی لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا کەم ڕەنگ و لاواز دەکات، باوەڕ بە یەکگرتن و یەکریزی لە نێو خەڵک و خەباتگێڕاندا پتەوتر دەکات، وتووێژی سەردەمیانە و بنیاتنەر دەبێت بە شێوازێکی باش بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان.

بەرەی کوردستانی پارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەیکە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەکریزی و یەک هەڵوێستی و ئیرادەی یەکگرتووی سیاسی و بە هێز و سەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە بیانی و ئێرانییەکان وتووێژ و هەڵسوکەوت بکەن، هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییشدا قورسایی و ئێعتباری کوردستان و خەباتە ڕەواکەی بەرچاوتر دەبێ و پێشوازی زیاتری لێدەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی بەفرانباری ٢٠١٧

----------------------------------------

## گرینگیی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی



**جەلیل ئازادیخواز**

گرنگیی بەرەی کوردستانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا هێندە بەرجەستە و دیدەییە دەتوانین بڵێین بەڵگە نەویستە. یەکخستنی هێزەکانی رۆژهەڵات، هەڵدانی چەترێکی هاوکاریی هاوبەش بۆ کۆی ئەم هێزانە دەتوانێت گۆڕانی چلۆنایەتیی لە خەبات و بەرئەنجامی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدیبێنێت. لێرەدا بابەت تەنیا یەکخستنی هێزەکان بۆ

کۆبەندکردنی چەندایەتی هێزە جیا لەیەکەکان نییە. بەرە سەرەڕای ئەم دەسکەوت و دەرئەنجامانە دەتوانێت لە یەکخستنی گوتاری سیاسی ئەم قۆناغەی رۆژهەلات و پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەشی بەرپرسیاریەتی و نوێنەرایەتی یەک دەنگ بۆ رۆژهەلات رۆڵی مەزن و هەرە سەرەکی ببینێت و ڕەوایی و پەسەندی زۆرتریش بەم خەباتە ببەخشێت؛ لە پەرتەوازەیی و بێمێنبەری یا فرەمنبەری و نافەرمییبوون دەربێنێت. بەم مانایەش کە لە دنیای بڕیار وسیاسەتدا سەرچاوەیەکی فەرمی و جێگای باوەڕ و پەسەندی زۆرینەی کوردیی رۆژهەلاتە و زۆرینەی جەماوەریی ئەم بەشەی لەگەڵە بۆ بەردەنگبوون و مامەڵە و دانوستانکردن. بەرە دەتوانی رووبە دەرەوە و ناوەوە نوێنەرایەتی کۆی بزاوتی رزگاریخوازیی دیمۆکراتیکی ڕۆژهەلات بکات. مەودا نەدات هیچ لایەن و دەسەلات و ناوەندێک، خۆیان وەک نوێنەری ڕۆژهەلات وانوێنەوە بکەن. هەروەها دەتوانێت هێز و توانایەکی فراوان لە دەوروبەری خەباتی ناوخۆ و دەرەوەدا بداتە ئەم بزاوتە؛ بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتی و بەخواستەکانی ناوخۆش، بەیەک ئاراستەدا بەرێت و هێز و وزەیەکی هەرە فراوانتریان پێببخەشێت.

کۆبەندی بەرنامەیەکی سیاسی هەموولایەنەی پەسەندی هەموو هیز و کەسایەتیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە دەتوانێت مانیفێستی خەباتی هەنووکەی بزاوتی کوردستان بێت، یەکێکی دیکە لە و دەسکەوتە مەزن و ستراتیژیکانەیە کە لە پیکهێنانی بەرەدا دەتوانێت بەدەست بێت و ببێتە بەڵگەیەکی مێژوویی و بەرنامەیەکی گرنگی خەباتی هاوبەشی هەنووکەمان. کۆنگرەی رۆژهەلات و کردنەوی نوێنەرایەتیی فەرمیی کوردی ڕۆژهەلات لە وڵاتان و بەتایبەت وڵاتە گرینگەکانی جیهان و ناوەند گرینگەکانی ناوچەکە، دیسان دەتوانێت لە دەسکەوتەکانی بەرەی کوردستانی بێت. لەڕاستیدا لەم دۆخەدا بەرە بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات بوونێکی فرەگرنگ و ستراتیژیکە کە دەبێت بێ هەدادان هەوڵی درووستکردنی بدرێت.

بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات لەڕاستیدا جیاوازیی مەزن و بنەڕەتیی لەگەڵ کۆی بزوتنەوەی کورد لە نیشتمانی کورددا هەیە؛ ئەم برگەیە دەربڕینێکی دەرهەستی نیە، باوەڕێکی عەقلانیە کە بەرەنجامی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی بوونی دەسەڵاتی ناوەندیە لە ئێران و بزاوتی کوردیی ڕۆژهەلات خۆی.

دەسەڵات لە ئێراندا تەنیا لە رووبەری رامیاری و مافدا دژایەتیی کورد و بزاوتەکەی نەکردووە. دەسەڵاتی ئێران مەزنە هێزی سڕینەوەی کوردە بەهەموو بوون و ناسنامەی خۆیەوە. کورد نەک لە ئێراندا بەڵکوو لەکۆی بوونی خۆی و لەهەموو نیشتمانی کوردستاندا، دەسەڵاتی ئێران لەڕێگای داگیرکردنی زەینی و وشیاریی تاکی کوردەوە، لە سەڕینەوەی کورد و ناسنامەی نەتەوەیی کورددایە لەکۆی جیهان و کوردستاندا، باڵادەستترین دوژمنە. بە تەشەنەی ئەم باوەڕە و ئامادەبوونی

ئێـران لەهەنـاوی بزاوتـی کوردیـدا، بەرگـر و بەربەست لەڕێگـای یەکێتـی و خەبـاتی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا بەربەسـتێکی مەزنە.

(ئامادەبوون و بەخۆزانینی ئێرانیش) لەهەناوی ئەم بزاوتەدا لە نیشتمانی کورددا هەیە و پێویست بە ئاماژە ناکات و هەرە دیـار و بەرجەسـتەیە. سـەرەڕای ئەمەش لێکتـرازانە یەک لەدوای یەکەکـانی هێـزە کوردیەکـانی ڕۆژهەڵات، نوچـدانی چەکدارانەی ئەم هیزانە و ئەم فۆرمە لە خۆپاراستن و خەبـات لەو گرفتـانەن کە شیاوی چارە و ئامـاژەن. گۆڕانکاریەکـانی ناوچەکەکە هەراون و تائێستا هیچیان لە بەرژەوەندیی کوردی رۆژهەڵات نەبوون. ملە بەملەی حیزبەکـان، خۆبە بەرتـربینین و هەسـتنەکردنی تەواو بە بەرپرسـیاریتی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی و خۆبە پیـوەرزانین، پاشەکشـەی کـۆی بـزوتنەوەکە و بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەکە و لەهەناوی بزووتنەوەی کورددا یەکێکیتر لر گرفتە گەورەکـانی ئەم خەبـاتەیە. لە مێژوودا هیچ کـات ئێـران تـا ئەم ئاستە و بەم رادە لە دەست ڕۆیشتوویی لە بـزوتنەوەی کـورددا ئـامادەیی نەبـووە. دۆخی باشووری کوردستان و ڕۆڵی هێزەکـانی بێنیـازی هێزەکـانی کوردسـتان بەیەک، چـالاکنەبوونی گوتـاری ڕوونـاکبیریی رۆژهەڵات نەبـوونە ئامرازی گوشار بۆسەر حیزبەکان، خەمساردیی کۆمەڵگای سڤیل و پێدانەگریانە لەسەر ئەم بـابەتە، هەمـوو لەو هۆکـارانەنن کە دەتوانن بەربەست و خەساری سەرریگای سازنەبوونی بەرەیەکی کوردسـتانی بن. سـەرەڕای ئەمـانەش لە رۆژهەڵات هێشـتا شـەڕی ئـایـدیۆلۆژی و زۆرانبـازی پـووچی بیـرە زەبەلاحەکـان لە ئـارادایە. لەهەمـووی گرنگتـر گەرمنەبـوونی کـورەی خەبـاتی رۆژهەڵاتە کە مەشـخەڵی هەڵگرسـانی بەرەیە و بەرەش تەنـووری گەرمکردنـی ئەم خەبـاتەیە. دەتـوانین بڵـێن هێزەکـانی کوردستان هێشتا لەم ڕاستیە نەگەشتوون کە:

بەرە کورەی داگیرسانی خەباتی گەرمی رۆژهەڵاتە و ئەم خەباتش مەشخەڵی هەڵگیرسانی بەرە.

رەوشی سازدانی بەرە و هۆکارەکـانی بەئەنجامگەشتنی ئەم ڕووداوە گـرنگە دەبێ لە ڕێگـای: دروسـتکردنی پردێکـی پەیوەنـدی تۆکمەوە.

بـاوەڕبەیەککردنی هیزەکـانی رۆژهەڵات، گـۆڕینی سیاسەت لە ئـایدیۆلۆژیەوە بـۆ بەرنـامە، بـاوەڕکردن بەم ڕاسـتیە کە حیـزب ئامرازی خەبات و ڕاپەراندنی کاروباری خەبات و سیاسەتە نەک مەبەست.

هەوڵ بۆ دروسـتکردنی گوتـارێکی گشتگیر و هـاوبەش کە هەم ناسنامە و هەم داخـوازی و داواکاریەکـانی زۆرینـەی هەرەزۆری جەماوەری کوردستان لەخۆبگرێت.

دورکەوتنەوە لە سەپاندنی هێژێمۆنی حیزبی و خۆبە نیشتمان زانین، دانوستان و بە ڕەسمێت ناسینی بزاوتی بێپرۆژەیی رووناکبیریمان، کە دەتوانێت لە پیکهاتە و بێچمدان بە بەرەدا رۆڵی کارا و بەرچاوی هەبێت.

رێگەدان بەهەموو کەس و لایەن و ئاراستەیەک بەمەرجی خەباتکاری و ملدان بە مانیفێستی بەرە، ئەم مانیفێستەش دەبێت هەرسێ ئاراستەی پێکهێنەری بەرە خۆیان ئامادەیکەن کە بریتیە لە حیزبەکان، رۆناکبیران، کەسایەتی و جەماوەری کوردستان.

لەڕاستیدا هەستکردن و فامی ئەم واقیعە کە بەرە پیویستیەکی هەرە گرنگی هەنووکەییە، خۆی دەتوانێت زۆر لە بابەتەکە چارەسەربکات و هیوای دروستبوونی بەرە بەرێتە پیشەوە. بەرە دەبێت پێکهاتەیەکی بەرفراونی دیمۆکراتیکی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، خەتی سووری بۆ هیچ خەباتکارێک نەبێت. روونە رۆڵی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاستی چالاکی نرخ و بەهای هەر یەکە و پێکهاتەیەک دیاریدەکات، وەک دەلێن: نەرخ و بەها بەرئەنجامی کارایی و چالاکیە.

### چۆن دەتوانین بە خێرایی هەوڵەکانمان بۆ بەرە بخینە کار؟

ئەگەر ئەم ڕاستیە هەستبکرێت کە بەرە پێویستیەکی گرنگ و ستراتێژیکە و هەروەها بەرجەستەبوونەوەی ئەم ڕاستیە کە کوورەی خەباتی رۆژهەڵات بەرە دەتوانێت زامنی گەرمبوونی بێت، رێگایەکی زۆر بۆ دروستبوونی بەرە دەبرێت. گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان و هەڵکشانی گوتاری دیمۆکراسی و وشیاریی نەتەوەیی، بەرزبوونەوەی ئاستی داواکاری و چاوەڕاونیەکانی جەماوەری رۆژهەڵات، بارودۆخی ئێستای کۆی ناوچەکە، قەتیسبوونی خەباتی رۆژهەڵات، هەوڵ بۆ قوزتنەوەی ئەم بەشە و وەک دەڵێن (موسادەرە بەمەتلۆوبکردنی) کۆی مێژووی خەباتی ئەم بەشەی کوردستان، دەتوانن لەو هۆکار و میکانیزم و پیشنیارانە بن کە هەرچی زووتر دەخوازرێت بەرەی کوردستانی پێکبێت. قەیران و پاشەکشەی خەباتی رۆژهەڵات و چونە پەراوێزی ڕۆژهەڵات لە کۆی کوردستاندا هەموو ئەم هۆکارانە پێمان دەڵێن: هەنووکە و هەنووکە بەرەی کوردستانیی یەکگرتوو زەرورەتێکی سیاسی و خەباتکاری و شۆڕشگێڕانەی حاشالێنەکراوە. نابێت چیتر دواکەوێت، با هێزەکانمان باوەڕ بەیەک بکەن و دەست لە سەپاندنی هێژێمۆنی زوویان هەڵگرن. ئاوڕێک لە بزاوتی سڤیل و دیمۆکراتیک و بەناسنامە و وشیاریی رۆژهەڵات بدەنەوە. با بزاوتی رووناکبیریمان دەست لە پاشکۆبوونی سیاسەتی حیزبەکان و حیزبەکان هەڵگرێت و وەک بزاوتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی لە بێپرۆژەیی و قەیرانی ناسنامە وەدەربینێت، جا دەتوانین بڵێین بەرەی کوردستانی بەڕێوەیە. ئەمانەن ئەو پێشنیارانەی کە دەڵێن کات کاتی دروستبوونی بەرەیە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات

-----------------------------------------------

## هۆکارەکانی سەرنەگرتنی بەرەی کوردستانی

**موحسین باوەجانی، ئەندامی کوردیناسیۆنی "یەکێتی دێموکراتی کوردستان"، بابەتەکان نە فیکریی بوون و نە نەتەوەیی. بەڵکوو تەنیا بیانوویەک بوون بۆ سەرنەگرتنی بەرە**



**سازدانی دیمانە: هاوار مودەبیر**

**هاوار مودەبیر: بەگوێرەی ڕاپرسی و توێژینەوەکان دەرکەوت کە گەمارۆکانی سەر ئێران زیاتر زیانی لە خەڵک گەیاندووە تا دامودەزگای حوکوومی، باشە پێتان وایە لەبەرچی وڵاتانی خۆرئاوا لەسەر ئەم جۆرە فشارانە پێداگرن، تەنانەت باراک ئوباما سەرۆککۆماری ئەمریکاش بۆ ماوەی یەکساڵ فشارە ئابوورییەکانی سەر ئێرانی نوێ کردەوە، هۆکەی چییە؟**

**موحسین باوەجانی: منیش پێموایە ئەنجامی ئەو کۆڵینەوە و ڕاپرسیانە دروستن و ئەو زەخت و فشارانە کە ئەنجومەنی ئاسایش و چەند وڵاتی تر بەرامبەر ئێران جێبەجێی دەکەن تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ئەنجامە بەدەستەوە بدات کە**

مەبەستیانە. جگە لەوەش دۆخی ژیانی خەڵک لە ئێران پێویستی بە لێکدانەوە و توێژینەوەیەکی ئەوتۆ نییە, چوونکە ڕێژەی هەرە زۆری خەڵک بە دەست گرانی و بێکاری و دەسمزی کەم لە بەرامبەر نرخی بەرزی کەلوپەڵ دەناڵێنن. بۆیە، ڕەنگە ئێران لە ڕووی هاوردەکردنی هەندێ کەرەسەی سەربازیی سنووردار و ڕێنەدراو کرابێ و چەند بەرپرسێکی سەرەوەی دەوڵەت و سوپای پاسداران سزا دراون بەڵام، بەشی زۆری فشارەکان خەڵکی گرتۆتەوە، لە حاڵێکدا خەڵک لە دروستبوونی ئەم هەلومەرجەدا ڕۆڵێکیان نەبووە. دەوڵەتی هەنووکەیی لە ئێران و بەگشتی حوکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش بەهۆی ناشەفافییەت لە کاروبار و بوونی سەرچاوەی بێ سنووری ماددی لە خزمەتیدا دەتوانێ و توانیویەتی ئەو بەربەستانە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەجێ بێڵێ بەڵام خەڵکی پێوەبووە.

لەسەر نوێکردنەوەی سزاکان لە لایەن ئەمریکاشەوە دەبێ بڵێم ئەوانیش چاک دەزانن ئەو سزایانە زیاتر خەڵکی کردۆتە ئامانج تا حوکوومەت، بەڵام دوو مەسەلە وای کردووە تا ئەمریکا لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی پێداگر بێت.

لە هەنگاوی یەکەمدا دەتوانم بڵێم ئەوانیش لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەکی نوێیان نییە و بەپێی هەمان بێ بەرنامەیی هەوڵیان لەسەر ئەوەیە تا بەدروستبوونی دۆخێکی نالەباری ئابووری ئەرکی فشار و زەختکردن بخەنە ئەستۆی خەڵک و بەجۆرێک بیری گشتیی, بەرامبەر دەوڵەت نارەزایەتی بنوێنێت. درێژکردنی سزاکان بۆ یەکساڵی دیکەش زیاتر لەوەیا خۆی دەبینێتەوە کە ڕەنگە ئێران وەرچەرخانێک بکات و مەسەلەکە نەگاتە قۆناغگەلی تر.

هەنگاوی دووهەمیش زیاتر وەک ئولتیماتومێک دەچێ. یانی ئەگەر ویسترا قۆناغێکی جیاواز بەرامبەر ئێران بگیردرێتەبەر ئەوا ئەو بەڵگە هەبێ کە هەموو ڕێگەکانی گوشار و فشار و پێشگر بۆ سەر ئێران تاقیکراوەتەوە. ئەگەرچی ئەم ئەگەرە لاوازە.

**هاوار مودەبیر**: بەڕێزتان ئاماژەتان بەوەدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، گرنگی بە فشاری ناوخۆیی دەدەن و نوێکردنەوەی سزاکەش زیاتر لەوێوە خۆی دەبینێتەوە، باشە ئایا ئێران بەسانایی ئەو فشار و نارەزایەتییانە سەرکوت ناکات؟

**موحسین باوەجانی**: بەڵێ وایە، ئەگەرچی ئەمریکا لە زەمەنە جیاوازەکاندا پشتیوانیی لە فشار و نارەزایەتییەکانی ناوخۆیی ئێران جارجار کردووە و جاری واش هەبووە گوێی لێ خەواندووە، بەڵام هەمیشە لە بەرامبەر ئێراندا وەک لۆسەیەکی گوشار بەکاری هێناوە. هەڵوێست نواندنی ئەمریکا بەرامبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان لە ئێران، یەکجۆر نەبووە، بەپێی پێویستییەکان گۆڕاوە، یانی جار بووە زەق کراوەتەوە و جاری واش

هەبووە پشتگوێ خراوە. ئەم فشارە ئابوورییانەش کە ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە لەسەر دەوڵەتی ئێران جێبەجێی دەکەن ئەو کاریگەرییەی نییە و زیاتر لە ژیانی خەڵکدا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش کەم و زۆر نارەزایەتیی لێکەوتۆتەوە بەڵام، دەوڵەت و حوکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش زۆر باش دەزانن چۆن ئەو نارەزایەتییانە هێور کەنەوە و سەرکوتی بکەن، بۆیەش بەهەر نرخێک قەیرانەکان دەربازدەکەن. یەک شتیش هەیە لە بیری نەکەین کە دروستبوونی ئەم دۆخی نالەباری ئابوورییە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر مەترسیدارە و، نائارامی و هەندێ کردەوەی ناشیرین و توندوتیژ برەو پێ دەدات. هەر ئەوەش بەسە تا حوکوومەتی ئیسلامیی ئێران زۆر بەسانایی جەرەیاناتی مەدەنی و رۆشنبیریی سەرکوت بکا و هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**هاوار مودەبێر: وتتان حوکوومەت دەتوانێ نارەزایەتییەکان بەباشی کۆنترۆڵ و سەرکوت بکات، بەنیسبەت کوردستانەوە چۆنە؟**

**موحسین باوەجانی:** لە کوردستان هەر دووکیان هەیە، بە لەداردان و دروستکردنی دۆخی ئەمنی و میلیتاریستی هەوڵ بۆ سەرکوتی ئارام دەدات و دۆخەکەش لە قازانجی بەرنامەکانی خۆی دەسوورێنێ. دەکرێ لەم مەسەلەیەدا ئاماژە بە دوو شت بدەم کە حوکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەک بەرنامەیەکی ئامانجدار لە کوردستان جێبەجێی کردووە و دەشیکات:

یەکەم: دۆخی نائارامی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی پێکدادانی چەکدارانە (وەک خاڵێکی سروشتی لە هەر حوکوومەتێکدا) دەکەنە دەستاوێزێک بۆ سەرکوتی بەناو شەرعی و کوردستان دەکەنە بنکەیەکی مەزنی سەربازیی تا لە ئەگەری نارەزایەتی بەرامبەر دۆخی نالەباری ئابووری، مافە نەتەوەییەکان و ...تاد بتوانن بەئاسانی سەرکوتی بکەن.

دووهەم: دروستبوونی ئەم دۆخە نالەبارە ئابوورییە و لە هەمانکاتدا بێکاری و گرانی، زەمینەی جێبەجێکردنی بەرنامەی گرێدانی گەنجان بە حوکوومەت و هێزە سەربازییەکانی خۆش کردووە لە رێگەی بەئەندامبوونیان لە هێزێکی وەک سوپای پاسداران کە لە زۆر حاڵەتدا بەئەندامکردن بووە نەک بەئەندامبوون. بەڵام لە هەر دۆخێکدا بێ, توانیویەتی بەشێک لە پوتانسییێلی گەنج بە پارە و بەشێوەیەکی کاتیی راگرێ کە ئامانج لەوەش کۆنترۆڵ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزەیە کە رەنگە لە قۆناغێکدا دەست بدەنە نارەزایەتیی بەربڵاو.

**هاوار مودەبێر: کەوابێ ئایا ئەو هێز و وزە گەنجە بەتاڵ و ناکاریگەر بووە؟**

**موحسین باوەجانی:** نا ناکاریگەر نەبووە، چوونکە ئەو گرێدانە، گرێدانێکی مەعنەوی و خوازراو نییە، کاتێ ئەتوانین بڵێین ناکاریگەرە کە گرێدانێکی مەعنەوی و دڵخواز لەئارادا بێ. حوکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش باش دەزانێ کە ئەم ڕاگرتنە تەنیا بۆ کورتماوەیە و زۆر ناخایەنێت، جیاواز لەمە چوونکە ئەساسەن زۆرەملێ و سەرکوت و دۆخی نالەباری ئابووری ئەم دۆخەی ئافراندووە, باشترە هیچ هێزێک دەست بۆ کردەوەی توندوتیژ و نەشیاو نەبات، ئەگینا هاوکێشەکە بەرەو ئاقاری تر دەڕوات.

**هاوار مودەبێر:** کردەوەی توندوتیژ یانی چۆن کردەوەیەک؟

**موحسین باوەجانی:** هەر کردەوەیەک پەیوەندیی بە چەکوچۆڵەوە هەبێ و نائارامی دروست بکات و بیانوو بداتە دەست حوکوومەتەوە.

**هاوار مودەبێر:** باشە ئایا هەموو حیزب و و لایەنێک لەسەر ئەوە هاوڕان؟

**موحسین باوەجانی:** بێگومان نا بەڵام لایەنی هاودەنگیش هەیە.

**هاوار مودەبێر:** بەمجۆرە چۆن دەکرێ لەبەر قازانجی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش ڕێکردێکی هاوبەش بگیردرێتەبەر؟

من پێموایە ئێستا حیزبەکان بەعام بەنیسبەت هەندێ بابەتی لێل و ناڕوون چاویان باشتر کراوەتەوە و دەتوانن ئاگایەنە و بەمتمانەی زیاترەوە لە یەک نزیک ببنەوە، چوونکە وەک لە ڕابردووشدا باسم کردبوو، هەندێ بابەت و ڕووداو بێ ئەوەی بمانەوێ یا نەمانەوێ دەستەبەندییەک دروست دەکات، من نالێم خراپ و باش یا مەفاهیمی لەو دەستەیە، بەڵام بەهەر حاڵ توزێ بەرچاوڕوونی دروست دەکا کە لایەنگەلێک بتوانین بەدڵنیاییەوە لە یەک نزیک ببنەوە و بتوانن بە جیددی چارەسەرێک نەک هەر بۆ پێشگری لە توندوتیژیی بەڵکوو، زۆر بابەتی دیکەش یەکلا بکەنەوە، ئەمەش ناکرێ مەگەر بەرەیەک پێک بێنین. تەنیا ئەم بەرە دەتوانێ یەک هەڵوێستی و یەک ڕێکردیی دروست بکات و قازانجی کوردیش هەر لەوەدایە.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوار مودەبێر**: باسی بەرەی کوردستانی زۆر کراوە و بەهیچ کوێ نەگەیشتووە، یانی ئێوە هێشتا بەهیوان بەرامبەر ئەو مەسەلە؟

**موحسین باوەجانی**: بێگومان بەڵێ. ئێمە پێمان وایە بەرەی کوردستانی دەبێ بەرنامەیەکی ستراتژیکی بێت، کاتێ لای هەمووان ستراتژیکی بوو ئەوجار ڕوانین و هەنگاوەکان بۆ دروستکردنی قایمتر و جیددیتر دەبن. زۆر ڕاستە کە زۆر باسکراوە و تەنانەت چەندجار هەوڵیشی بۆ دراوە بەڵام، بەهۆی جۆراوجۆر هەر پێکنەهات، لەگەڵ ئەوەشا من پێموایە تێپەڕبوونی کات زۆر شتی ڕوون کردۆتەوە، ئا ئێستا زۆر ئاشکراتر دەتوانین شرۆڤەی ئەو کۆسپ و ڕێگرییانە بکەین کە تا ئێستا بیانووی پێک نەهاتنی بەرە بوون.

**هاوار مودەبێر**: چۆن کۆسپێک، دەتوانن ئاماژەی پێ بدەن؟

**موحسین باوەجانی**: تەنیا دەتوانم بڵێم نە فیکریی بوون و نە نەتەوەیی بەڵکوو، تەنیا بیانوویەک بوون بۆ سەرنەگرتنی بەرە.

**هاوار مودەبێر**: هەمووان دەزانین بەرە چ قازانج و بەرژەوەندیگەلێکی تێدایە و چ پێشکەوتنێکی بەدواوەیە، نموونەی بەرە و هاوپەیمانێتی و ...هتد لە هەرێمی کوردستاندا جۆرە یەکدەنگییەکی ساز کردووە کە ناوەند دەزانێ لایەنی بەرامبەری کێیە، چوونکە یەک داخوازی و داواکاریی دەبیستێ، نموونەی ئەمەش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستان ڕاست و دروستە، ئێوەش سەبارەت بە کێشەکە کە ناهێڵێ ئەم تریبۆنە هاوبەشە پێک بێت دەڵێن نە فیکری بوو، نە نەتەوەیی، مەبەستان ئەوەیە تەنیا کوسپێک بوو کە پێشی بە دروستبوونی ئەم یەکدەنگییە دەگرت؟

**موحسین باوەجانی**: لێرەدا پێویستە یەک شت بڵێم و ئەویش ئامانجە ستراتژییەکانە لە هەر حیزبێکدا، بێگومان ئەم ئامانجە ستراتژییانە لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە جیاوازە و بەشێوەی جیاوازیش هەوڵی بۆ دەدرێت. ئەگەر بەڕاستی هەر لایەنێک لە ڕووی کردار و تیۆرییەوە خۆی گەیاند بێتە ئەو قەناعەتە کە هەر کردەوەیەکی دەبێ لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانە بێ، ئەوا هەر کۆسپێکیش کە بیەوێ ڕێگریی لەو بکات یا لێی دوور دەکەوێتەوە یا دەخوازێ لێی دوور بکەوێتەوە و ڕێگەی خۆی دەگۆڕێت. ئەگەر هەر حیزبێک لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە گشتییە ـ عەقڵانییەکانی دۆزی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەنگاو هەڵنەگرێ و نەجووڵێتەوە، پێویستە پێداچوونەوەیەک لە خۆی بکات و بیرێک لە پێویستیی هەبوونی خۆی بکاتەوە، چوونکە لەو حاڵەتەدا ئەو بەرژەوەندی و خواستەگەلێکی لەپێش چاوە کە نەتەوەیی نین

و لە تاک و تاقم و حیزبدا کورت دەبێتەوە بۆیە هاوکێشەکە زۆر سادەیە، هەمووسان دەمانەوێ بەشداریی پێکهاتەیەک ببین کە دەتوانین لەودا خزمەتی زیاتر بە دۆزی کورد بکەین و... تاد، تا ئەم ساتەوەختەش من ئاگەدار بم مەرجێکی وەها نامومکین لە بەردەم داوخوازان بۆ بەشداربوون نییە، بەڵام کاتێ لەم رێگەیەدا کۆسپێک دەروێنرێت ئێستا ئاگایانە بێ یا نائاگایانە یاخود دروست ببێ یا بخوازن دروست ببێت، ئەوجار وەک وتم چارە شتێکی دیکەیە و پێناسەی هەر کەس بەرامبەر ئەو کۆسپە ئاسایی نابێت.

**هاوار مودەبێر**: باشە ئەی ئێوە هیچ مەرجێکتان هەیە؟

**موحسین باوەجانی**: ئێمە هیچ مەرجێکمان نییە بەڵام گرنگ ئەوەیە هەر لایەنێک پارێزەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بێت.

**هاوار مودەبێر**: تا ئێستا هەبووە پێداچوونەوەیەک لەسەر پەیوەندییەکانی خۆتان بکەنەوە؟

وەک پەیوەندییە ستراتژیکییەکان، لە سەر هەمان بڕیارین لە دەسپێکەوە وەرمانگرتووە. بێگومان بەرژەوەندیی نەتەوەیی و سیاسەتکردنی بە پرەنسیپ, گرنگترین خاڵێکە دەتوانێ پێناسەی پەیوەندیی ئێمە و هەر لایەنێکی دیکە بکات.

**هاوار مودەبێر**: با بچینەسەر سەر مەسایلی ناوخۆیی ئێران, هەندێ بۆچوون هەیە باس لەوە دەکات کە دروستبوونی ناڕەزایەتییەکان و تەنانەت بزوتنەوەی سەوزیش، جۆرێک لە قەیران بوو تا دەوڵەت ناڕازیانی جیددی خۆی ئاشکراتر بناسێ و سەرکوتیان بکات یا زەمینەیەک بڕەخسێنێ تا ئێران بەجێ بێڵن، ئەمە چەندە ڕاستە؟

**موحسین باوەجانی**: ئەگەر گریمانەمان لەسەر ئەوە بێ کە سوپای پاسداران و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد ئافرێنەری ئەو قەیرانە نەبوون، بەڵام بەبڕوای من توانیان زۆر بەباشی لە بەڕێوەبردنیدا سەرکەون کە سەرکەوتنی ئەوان ئەو سەرکوت و ئەشکەنجە و جەنایەتانە بوون کە بەرامبەر ناڕازییان کردیان. لەڕاستیدا ئەوان نەیانهێشت ئەم ناڕەزایەتییە لە پارێزگاکانی ناوەندی ئێران زیاتر بڕوات و پەل بهاوێژێتە پارێزگا سنوورییەکان. چوونکە ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە، نەتەوەکانی کورد و بەلوچ و ئەوانی تریش ڕەوتەکەیان دەگۆڕی و لە دروشم و ناڕەزایەتینواندن بەرامبەر ئەنجامی دەنگدانەکان قەتیس نەدەمایەوە. لە هەر حاڵدا من پێموایە چەند هۆکار هەیە بەنیسبەت گشتگیرنەبوونی

نارەزایەتییەکانی دوای راگەیاندنی ئەنجامی دەنگدان بۆ سەرۆککۆماریی لە ئێران بەڵام، سنوورداربوون و نەهاتنی بۆ ناوچەکانی تری ئێران دەتوانێ لە رووی بەرنامە و پلانی لەپێش دارێژراو بووبێ.

سەبارەت بە دروستکردنی بەستەر و زەمینەیەکی گونجاو بۆ نارازیانی جیددیی دەسەڵاتی سوپای پاسداران, دەبێ بڵێم سەرەتا دۆخ خۆش کرا تا ئەوان ئاشکراتر دژایەتیی خۆیان بنوێنن ودواتر گوشارەکان بۆ تاکەکەس و جەریانەکان و هەروەها رەخساندنی بەستەر و کارئاسانی بۆ ئەوە بوو کە ئەوان ئێران بەجێ بێڵن و ئەوانەشیان کە مانەوە دەزگیر بکرێن و بەهەر شێوەیەک بووە لە هەڵوێست و قسەی خۆیان پاشگەز ببنەوە و تۆبە بکەن و رازی بن بەو جۆرە دەسەڵاتەی ئێستا لە ئاست ئێراندا سیاسەت دەکات.

**هاوار مودەبیر:** پێتانوانییە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا سەرەرای ئەو توندرەوی و وشکبوونەی کە پێیەوە دیارە دەیەوێ لە ئەمریکا نزیک ببێتەوە؟

**موحسین باوەجانی:** دوور لە چاوەروانیی نییە بەڵام حاشا لەوەش ناکرێ وەک ئاماژەتان پێدا ئەگەرچی دیسکۆرسێکی توندی بەرامبەر هەندێ مەسایل وەرگرتووە بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ هێڵی سووریشی بەنیسبەت پەیوەندی و دانوستان دەگەڵ ئەمریکا بەزاندووە کە لە دەوڵەتەکانی پێشوودا نەبووە، کەچی لە ژێر کاریگەریی هەڵوێستە توندەکەیان زۆر بەرجستە و بەرهەست نییە.

**هاوار مودەبیر:** پێتانوایە بۆ هەوڵ نادات هەندێ لە کێشەکانی دەگەڵ وڵاتانی تر چارەسەر بکات لە ناوچەکەدا؟

**موحسین باوەجانی:** حوکوومەتی ئیسلامیی ئێران لانیکەم ئەگەر پێویستیی بە دروستکردنی نەیاری دەرەوەی ناوچەکە نەبێ، پێویستی بە دوژمنێکی ناوچەییە و هەر ئەمەش بابەتێکە تا هەمیشە دۆخێکی ئەمنیی نائاسایی لە ئێران هەبێ و عەقڵییەتی جەماوەری خەڵک هەمیشە دوژمنێک لە بۆسەدا ببینێ و هەنگێزەی بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکە زیاتر بێت، چوونکە ئەوانەی وەک هێزی بەسیجی و پاسدار و... و لە ئۆرگانە ئەمنی و سەربازییەکان دان بەهەبوونی ئەو دوژمنەوەیە کە گرێ و عوقدەی کێبەرکێ و پاراستنی ئەوەی کە هەیە لایان دروست دەبێت.

بەڵام بە بڕوای من عەقڵییەتی ئەوان بەرامبەر هەندێ وڵاتی تر گۆڕاوە، بۆیە دەخوازن دەگەڵ ئەوان مامڵە و دانوستانی ناڕاستەوخۆ و دواتر ڕاستەوخۆ و دواتریش پەیوەندییەکان ئاسایی بکەنەوە، بۆیە ستراتژیی دوژمنی دەرەکی لای ئەوان، لە هەموو کات و ساتێکدا کاری پێ دەکرێ.

**هاوار مودەبێر**: زۆر سوپاس کە بەتاقەتەوە وەڵامی پرسیارەکانتان دایەوە، ئەگەر شتێکی ترتان مابێ؟

**موحسین باوەجانی**: دەست و چاوی ئێوە خۆش بێ، هیوای کامەرانیتان بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: وێبلاگی نیشتمان - ڕێکەوتی: ٤ی دیسەمبەری ٢٠١٠

--------------------------------

## تۆ بڵێی ناو گۆڕین بیانووی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ببڕێت؟



**قادری خەندەڕەش**

لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندەکان لە ئێراندا، گەلی کورد بۆ چارەسەری دۆزە ڕەواکەی هاودەنگ و هاوهەڵوێست پەیامی ئاشتی و تەباییان لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژاردەی خۆیانەوە گەیاندە دەسەڵاتداران و خوازیاری ئاشتی و پێکەوە ژیان بوون لە ئێرانێکی یەکگرتوو دێمۆکرات دا... ئێستا زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ئەم کۆدەنگییە کورت ماوەیەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ؛ لایەنەکان دوچاری لێکدابڕان و پەرتەوازەیی بوون؛ کێشەکانیان قووڵتربوونەتەوە؛

بڕوبیانوو بە یەکتری بووەتە بەشێک لە وتاری ڕۆژانەیان بێئەوەی بیرێک لە دوارۆژی خۆیان و گەلەکەیان بکەنەوە. ئەم ووتارە هەوڵ دەدات لە دوو تەوەری جیاوازدا و بە کورتی ئاوڕێک لە بەربەستەکانی سەر ڕێگای پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی بداتەوە و تیشکێک بخاتە سەر دابڕانەکانی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بەر لە هەر شت گەرەکە بگوترێت کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە خەباتی بە ئاشکرای هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دا گەلێ جارو زۆر لایەن (ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت) هەوڵی پێکهێنانی بەرە یان کۆدەنگییەکیان داوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێناو کۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزەکاندا، بەڵام بە داخەوە دوای هەر زنجیرە دانیشتن و گفتوگۆیەک بە بیانووی جۆراوجۆر وازیان لە باسەکە هێناوە. گومان ناکرێت هیچ کەس و لایەنێک پێکنەهاتنی بەرە بە کەمکاری لە خۆیدا بزانێت و لایەنەکانی تر بە دروستکار، بەڵکوو لایەن یان لایەنەکانی تر تاوانبار بە تێکەوەنەپێچانی ئەم گەلاڵەیە دەکات و خۆی بە حەق و بەرانبەرەکەشی بە ناحەق و کەمتەرخەم دەزانێ بۆ کارنەکردن؛ لەم ڕووەوە زەمینەیەکی باش ڕەخسابوو بۆ پێکهێنانی بەرە لە کوردستاندا، کۆدەنگیی کورت ماوەی گەلی کورد لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی؛ دەکرا ببێتە ماکە و بنەمایەکی باش بۆ یەکگرتوویی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و پێکەوە لکاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دا. لەو سەردەمەدا هێزە سیاسییەکان پێویستیان بە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە هەبوو بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و بەڕیوانی لە ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد، بەڵام بەداخەوە نەک بەرە پێکنەهات؛ بەڵکوو شەڕی نێوان دوو حیزبی سەرەکی ئەوکات دەستی پێکردو ڕێگای هاوکاریی و بیرۆکەی بەرەی کوردستانی لە ناخی گەلی کورد دا خنکاند؛ ئەمە لە لایەک و. لە لایەکی تریشەوە خۆ بە زل زانی هەندێک لایەن و خۆ بەکەم نەزانینی هەندێ لایەنی تر ئاستەنگی زیاتری خستە سەر ڕێگای پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و هاوهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکان. بە بچوک و بە کەم زانینی هەندێ لایەنی تری نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەشێک بوون لە هەڵەی سیاسیی و مێژوویی خۆ بە زلزانەکان و ئەوەشیان بە نۆبەی خۆی کاریگەریی زۆری هەبوو لە سەر پێکنەهێنانی بەرەی کوردستانی. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵوێستە نارەوایانە گەورەترین هەڵەی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بوون لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی و مەزنترین لەمپەر بوون لە ڕێگای کۆدەنگی و پێکنەهێنانی بەرەی کوردستانی دا.

ئازادکرانی بەشێک لە کوردستانی باشوور و هاتنی ئامریکا بۆ ناوچەکەو کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوان حدکا و کۆمەڵە بەبێ ویستی خۆیان و ئاشتبوونەوەیان لە لایەک، و گوشارەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لایەکی تر، هەلێکی باش بوو بۆ کۆدەنگی و هاوهەڵوێستبوون لە بەرە یان کۆدەنگییەکی یەکگرتوودا. گومانی تێدانیە کە یەکگرتوویی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان گوشارە هەرێمی و

جیهانییەکانی بۆ سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی لەوە کەمتر دەکردەوە کە ئێستا هەیە و لەوانەبوو کە ببێتە بەربەستێکیش لەبەردەم لەتبوون و دابڕانەکان دا. هەروەک ئاشکرایە شەڕی نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوشارەکانی زیاترو بەربڵاوتر کرد بۆ سەر هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ بە ڕۆژ پاڵەپەستۆی زیاتر دەخرایە سەر ئەم ڕێکخراوانە. خۆپاراستن لە پرپیشکەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە و هەوڵی تێوەنەگلانیان لەم شەڕەدا ڕێکخراوەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ و بەرەی کوردستانی لە بیر بردبوونەوە. کاریگەرییەکی تری ئەو ڕەوشە نالەبارە بریتی بوو لە بێدەنگکردنی چەکەکان و ڕازیبوونیان بە مانەوە لە کەمپەکاندا کە ئەویش دوچاری کۆمەڵێک گیروگرفتی کردن.

پەیامی ئاشتی نێوان لایەنە ناکۆکەکانی کوردستانی باشوور چەتری ئارامیی بەسەر ناوچەکەدا کێشا و هەلێکی تری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئافراند بۆ هاوکاریکردن و هاوهەڵوێست بوون لە بەرەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو دا، بەڵام بەداخەوە هێزە سیاسییەکان نەک بیریان لە هاوکاریی و هاوهەڵوێستی نەکردەوە بەڵکوو دانیشتن و چاویان بڕییە ئاسۆی لێڵی قەدەری هات و نەهات بەو ئاواتەی جۆرج بووش ڕێژیمی ئێرانیان بۆ سەرەونخوون بکات و بە سوپاسەوە ئەمان بگەیەنێتە سەر کورسیی دەسەڵات لە تاران. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددامەوە لە دوو دەسەڵاتییەوە (ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت) ئەم هەرێمە بویەوە بە یەک دەسەڵاتیی بەرانبەر بە لایەنەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵام گوشارە سیاسییەکان لەسەر ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بەردەوام و بگرە زۆر زیاترو چڕتر بوونەوە. کۆکردنەوەو پاسیڤکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چەند کەمپێکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بەشێک بوون لەم پاڵەپەستۆیانە و؛ هەر لە سەرەتاوە تێبینی ئەوەی لێدەکرا کە ببێتە هۆی لێکدابران و لەت لەتبوونی ئەم ڕێکخراوانە، هەروەک چۆن تێبینی ئەم مەترسییە دەکرا بە کردەوەش ڕویداو لێکدابڕان و لەت لەت بوونیان بەسەرخۆیاندا سەپاند و کردیان بە ئەمری واقع. لەتبوون و لێکدابڕانە یەک لە دوا یەکەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کاتێکدا ڕوویدا کە گەلی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بە یەکگرتوویی و کۆدەنگی هەبوو. زۆربوونی گوشارە هەرێمی و جیهانییەکان، تەریک مانەوەی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری ڕێژیم لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕاپەڕین و خۆپێشاندانە یەک لە دوا یەکەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە نێوخۆی ئێران، درز کەوتنە نێو هەڵوێست و بیروبۆچوونی دەسەڵاتدارانی تاران هێمای پەیامێکی گرینگن لە لاوازیی دەسەڵاتدارانی تاران و پەیامێکیشن بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتیی بۆ خۆڕێکخستنەوە و هاوکاری و یەکدەنگبوون لە ژێر ئالای بەرەیەکی یەکگرتوو و گشتگیردا.

وەک ئاشکرایە لێکدابڕان و لەتبون لە نێو بزوتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکاندا شتێکی تازە نییەو هەر تەنیا لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکانیش دا ڕووی نەداوە، بەڵکوو ئەمە بە بەشێک لە ئازادی ڕادەربڕین و جیابیری و دێموکراسیخوازی

دەژمێردرێ لە تەواوی دونیا دا و مافی هەر کەسێکە چۆن بیر دەکاتەوەو کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی گەلی کورد و دۆستانی بزووتنەوە ڕەواکەیەتی ئەوەیە کە لێکدابڕانەکان بە پێچەوانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دنیای پێشکەوتوو؛ لە جێگای ئەوەی ببنە ئامرازێک بۆ دامرکاندنەوەی کێشەو هەرای نێو لاباڵەکانی جیابیر لە نێو ڕێکخراوەکاندا، کەچی بوون بە پۆلوویەکی گەشاوەی نێو ئاگردانی کێشمەکێش و هەرای نێوان ئەم لاباڵانە سەرەرای جیابوونەوەیان لە یەکتری. نان خواردن لەسەر سفرەی شەهیدان و خۆ بەستنەوە بە مێژووی حیزبیی و ڕێکخراوەیی گەورەترین خاڵی ناکۆکییەکانیانە و بووە بە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پێکنەهێنانی بەرە یان کۆدەنگییەکیی یەکگرتوو دا. هەروەک هەمووان ئاگادارن ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن و حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش زۆر لەسەرخۆ بە دوای پێشهاتەکاندا هەنگاو دەنێن، چەقبەستویی و خولانەوەی بێبەرنامە لە بازنەی نێوگۆڕین و نەگۆڕین دا بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرەو لێواری مەترسیی شەڕو پێکدادانی فیزیکی دەبات لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە مەترسی لەدەستدانی ئەو دەرفەتانە دەکرێت کە لە دواڕۆژدا ئەگەر هەڵکەون. حاشا لەوە ناکرێت کە چارەسەر نەکردنی ئەم کێشانە دەکرێ تێبینی زۆر ڕووداوی دڵتەزێن و تەنانەت شەڕی براکوژیشی لێبکرێتەوە، ئەمە لە وەختێکدایە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە ئێستادا پێویستییەکی زۆری هەیە بە لێکنزیک بوونەوەو هاودەنگی و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا.

گومان لەوە دانییە ئەگەر ویستی ڕاستەقینەی لێکنزیکبوونەوە هەبێت، کێشەو هەراو تەنانەت شەڕوپێکدادانەکانیش ئەگەر هەنگاوی بە کردەوەیان بۆ هەڵبنرێتەوە بە دانیشتن و دیالۆگی دۆستانە چارەسەر دەکرێن. ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا بەرچاو دەکەوێت ئەوە دەسەلمێنێت کە هیچکام لە هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ لە تاراوگەدا ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە بەهێزترین و پڕ جەماوەترین هێزە لە کوردستاندا، بۆیە جێگای خۆیەتی کە بە گوێرەی چەندایەتی ئەمڕۆی بێتە مەیدانی بە کردەوە بۆ پێکهێنانی بەرە یان هەر کۆدەنگییەکی تر بۆ گرتنەبەری ڕێگای هاوهەڵوێستی لە پێناو ڕزگاری گەل و وڵات دا.

هەرچەندە هەڵوێست و پێداگریی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەو "ناو" انەی بۆخۆیان دیاری کردووە و ئامادەی هیچ دانیشتن و دیالۆگێک نین لەم بارەوە؛ و پێداگریی لایەنی بەرانبەریشیان لەسەر ناو گۆڕینیان، گرفتەکانی چەند بەرانبەر و کێشەکانی قووڵتر کردووەتەوە؛ بەڵام دیسانیش باوەڕ ناکرێت کە ناوگۆڕینی ئەو لایەنانە کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی ڕامالێ و کەند و لەندەکانی ڕێگای کۆدەنگیی تەخت بکات. هەروەک لە سەرەتاوە باسکرا لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە تێکۆشاندا و هەندێ جاریش( بەرواڵەت کارکردن) بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، لایەنەکان

نەیانتوانی هاودەنگ بن لەسەر پرسە سیاسییەکان. خۆ بە زۆر و لایەنەکانی تر بە کەمزانین گەورەترین ئاستەنگی سەر ڕێگای هاوکاری و کۆدەنگی‌یە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا؛ بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەوەی کە دانیشتن و گفتوگۆ بۆ بە فەرمی ناسینی لایەنە لێک جیابووەکان بکرێت، گەرەکە پێداگری لەسەر ئەوەش بکرێت کە بە چەندایەتیی ئەمرۆیی بێنە مەیدانی بە کردەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی تۆکمە و گشتگیری کوردستانی. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا لەتبوون و دابڕانەکان کۆسپی زیاتر و گەورەتریان خستە سەر ڕێگای بەرەی کوردستانی؛ و ئاسۆی وەها یەکبوونێکیان بە شێوەیەک لێڵکردووە کە ئەگەر ئاوا بڕوات لەوانەیە مەسەلەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بە تەواوی لەبیر بچێتەوە. تەنیا ڕووبارێک کە بۆی هەیە هەموو جۆگەلەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە بیانوو لە دەست بیانووگرەکان دەربێنێت ئەوەیە کە دڵسۆزترین لایەنەکان بە داشکاندن لە هەڵوێستی خۆیان ڕێگای سازان و دانوستاندن ئاوەڵا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٠

--------------------------------------------

## عومەر باڵەکی: بەهۆی لەتبوون و کەرتبوون زەمینەی بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵات نییە



عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان:

دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

* گۆڕەپانی خەبات لە روانگەی ئێمەوە تەنیا لە خەباتی چەکدارییدا خۆی نانوێنێ

* لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن تەنیا رووکەشە و هیچ ئیعتبارێکی نییە

عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان لەم دیمانە تایبەتەی "شەپۆل"دا تیشک دەخاتە سەر بارودۆخی سیاسیی ئێران بە گشتیی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. باڵەکی لە دیمانەکەدا رەتی دەکاتەوە حزبەکانی رۆژهەڵات سست بن و ئەوەی وای نیشان دەدات حزبەکان سست دەربکەون حکومی پۆلیسی و ژێر چەتری سوپای پاسدارانە. لە بەشێکی تری دیمانەکەدا باڵەکی پێیوایە ئینشقاقەکاکی حزبی دیموکرات لە ژێر باری ناچارییدا بووە، ئەگینا ئەوان هەرگیز خوازیاری لەتکردنی حزبی دیموکرات نەبوون.

**شەپۆل:** تێبینی دەکرێت حزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات لە ئاستی بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستان نین. بە بڕوای ئێوە سستی و نائامادەیی و ناکارایی حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم دۆخە پڕ قەیرانەی ئێراندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟.

**عومەر باڵەکی:** نازانم ئەو تێبینیە لە رووی چ ئامارێکەوە گوتراوە کە گۆیا حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نین. من دەڵێم ئەو تێبینییە خۆی لە خۆیدا دروست نییە، چونکە چالاکی سیاسیی ئەحزاب لە وڵاتێکی وەک ئێران لەژێر چەتری ئەمنییەتی، پۆلیس و سوپای پاسداراندا زۆر دەرناکەوێ و هەر ئەوە وای کردووە کە لە زۆر هەلومەرجدا وا دەرکەوێ کە حزبەکان ناکارامەن، بەڵام لە راستیدا وا نییە، حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەرکام جێ پێی خۆیان لە کۆمەڵگادا هەیە، دەتوانین چەند نموونەیەک لەوە دەربخەین، یەکەم هاتنی لاوەکانی کوردستان بۆ ریزی پێشمەرگایەتی، دووەم گرتنو بەند کردن و سەپاندنی سزای ئیعدام بەسەر لاوان و خەڵکی چالاکی  رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە تۆمەتی ئەندام بوون لە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سێیەم دوای ٣٣ ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئێستاش بەچاوی ئەمنییەتی لە کوردستان دەڕوانێ.

چەندین دەلیلی دیکە دەتوانێ سەلمێنەری ئەو راستییە بن کە حزبەکان بە پێی مێژوو چالاکی خۆیان، جێ و سەنگی خۆیان هەیە. بەڵام ئەگەر مەبەستت لەو تێبینییە ئەوە بێت بۆ کار و چالاکی حزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دەنگ و رەنگی نییە، لە وەڵامی ئەو بەشەدا وەک پێشتر ئیشارەی پێ کرا، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەچاوی ئەمنییەتی روانیوویانەتە کوردستان و لە هەر دەرفەتێک بۆیان هەڵکەوتبێ بەتوندترین شێوە ماشێنی سەرکوتی خۆی وەگەڕ خستووە و لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا سانسۆری هەواڵ و راگەیاندن لە سەر کوردستان بووە و کەمتر وایە رووداو و کێشەکانی کوردستان رەنگدانەوەی میدیایی پەیدا بکا.

**شەپۆل:** ئینشقاق بووەتە پەتایەکی گەورەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم پەتایە بەداخەوە حزبی دیموکراتیشی گرتەوە. بە بۆچوونی ئێوە هۆکاری سەرەکی ئەم ئینشقاقانە بۆچی دەگەڕێنەوە؟.

**عومەر باڵەکی:** ڕەنگە لە دیمانەیەکی ئەوتۆدا نەتوانرێ هەموو هۆکارەکانی ئەو لەتبوون و لێک دابڕانە باس بکەین و بەداخەوە چوونکە هەمەلایەنە بووە و نزیک بە تەواوی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە، ڕەنگە هۆکار و ڕوانگەکان جیاواز بن، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندیی بە حزبی دێموکراتەوە هەیە دەتوانین هۆکاری دەروون تەشکیلاتی و شێوەی بەڕێوەبردن و ڕێبەریکردنی حزب و تەنانەت هۆکاری سیاسیشی بۆ دەستنیشان بکەین. بەڵام باس کردن لە هۆکارەکانی لەتبوون و چوونەوە نێو ڕابردوو بە مەبەستی ئەوە کە چارەسەری مەسەلە و کێشەکە بکەین باشە، ئەگەر تەنیا برین کولاندنەوە بێت پێموایە باسیان نەکەین باشە بە تایبەت کە ئێمە زۆر لە هەوڵی سەریەک خستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات داین و زۆر هەوڵمان داوە و بەردەوامیش دەبین کە بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات وەسەریەک بخەینەوە.

**شەپۆل:** ئایا لە ئێستادا هیچ هەوڵێک نییە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزبی دیموکرات؟. پێتوانییە لانیکەم دەبێت بۆ ئەم قۆناغەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن؟.

**عومەر باڵەکی:** ئەو پرسیارە خۆی دوو پرسیارە، سەبارەت بە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی دێموکرات هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای لەتبوون هەوڵی یەکگرتنەوە لەلایەن دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە گەڕ و لایەنی ئێمە واتە حزبی دێموکراتی کوردستان قەت پێمان خۆش نەبووە حزب لەت بێ و ویستی ئێمەش نەبوو، بەڵام لەتبوونیان بەسەردا سەپاندین و ئێستاش لە وەڵامی هەر کەس و لایەنێک کە خەمخۆری یەکگرتنەوەی ماڵی گەورەی دێموکرات بن پێیان گوتراوە کە کە ئێمە ئامادەین بۆ دانیشتن و دیالۆگ لەهەر جێگایەک کە لایەنەکەی دیکە پێشنیاری دەکا چ دووبەدوو چ بە بەشداریی لایەنی سێیەم. لە وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەدا دەبێ بڵێم بەڵێ بە هەستکردن بە هەلومەرجی ئێران بە گشتیی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی یەکگرتنەوەی حزبی دێموکرات وەک پێویستی مێژوویی دێتە بەرچاو هەم بۆ پاراستنی پایە و سەنگی دێموکرات لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و هەم کاریگەریی ئەو حزبە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران و کوردستان.

**شەپۆل:** ئایا هیچ دەستپێشخەرییەک هەبووە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزبی دیموکرات؟. ئەگەر هەبووە چ ڕێگرییەک لە ئارادا بووە و کام لا ئامادەیی نەبووە بۆ دایەلۆگ و دانوستان لەگەڵ یەکتر؟.

**عومەر باڵەکی**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا گووتم هەر لە رۆژی دوای لەتبوونەوە ئەو هەوڵە لە ئارادا بوو بۆ یەکگرتنەوەی حزبی دێموکرات و ئێستا ئەو هەوڵە هەر بەردەوامە و وەکی پێشتر باسم کرد رێبەری حزبی دێموکراتی کوردستان هەمووکات ئامادەگی خۆی دەربڕیوە بۆ دانیشتن و دیالۆگ و هەتا دانیشتن و دیالۆگ نەبێ لێک نزیکبوونەوەش نابێ.

**شەپۆل**: پێتوانییە ئێستا هەموو لایەنەکانی کۆمەڵە و دیموکرات و کۆی حزبەکانی تر پاشەکشەیان کردووە و گۆڕەپانەکە بەشێوەیەکی کردەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی "پژاک"ەوەیە؟.

**عومەر باڵەکی**: پێشتر ئیشارەم بەو مەسەلەیە کرد حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو مانایە کە پاشەکشەیان کردووە و گۆڕەپانی خەباتیان جێهێشتووە درووست نییە، چوونکە گۆڕەپانی خەبات لە روانگەی حزبی دێموکراتی کوردستانەوە تەنیا لە خەباتی چەکدارییدا خۆ نانوێنێ بەڵکە شێوەکانی دیکەی خەبات وەک رێکخستنی خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ رۆژی پێویست و کارکردن بۆ خەباتێکی مەدەنی و جەماوەری دەتوانێ گوڕوتینی خەبات هەروا گەرم و بەهێز رابگرێ و سەبارەت بەوە کە گۆڕەپانەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پژاک جێ ماوە دەبی کۆمەڵانی خەڵک وەڵامی بدەنەوە ئایا وایە یا وا نییە.

**شەپۆل**: تێبینیتان چی بوو لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی ئێران بە تایبەت لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان؟

**عومەر باڵەکی**: لەپێشدا پێم باشە ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەم کە هەڵبژاردن لەخۆیدا شتێکی باشە و یەکێک لە پایە گرینگەکانی دیمۆکراسییە، چوونکە هەڵبژاردن دەرفەتە بۆ کۆمەڵانی خەڵک کە لە رێگای دەنگی خۆیانەوە بە هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان لە ئیدارە کردنی وڵاتدا بەشدار بن. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردن تەنیا رووکەشە رووبە دنیای دەرەوە، دەنا هیچ ئیعتبارێکی نییە، چوونکە ئۆرگانە دەسەڵات بە دەستەکان هیچ کامیان هەڵبژێردراوی خەڵک نین. "رێبەری ، شوورای نیگەهبان، مەجلیسی خبرەگانی رێبەری، مجمع تشخیص مێلحت نیزام" ئەوانە هەموویان لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە و بڕیاردەری کۆتایی رێبەرە. ئەگەر وایە هەڵبژاردن ئەو مانایە نادا کە خەڵک لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی خۆیان بگوازنەوە بۆ نوێنەرەکانیان و لە رێگای ئەوانەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بن.



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بە کوردستان هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە روانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە کوردستان بەچاوی ئەمنییەوە سەیر دەکرێ و بە حەق خەڵکی کوردستان نەک لەو هەڵبژاردنە بگرە لە زۆربەی زۆری هەڵبژاردنەکاندا وەڵامی نەرێنییان بە کۆماری ئیسلامی داوە، لەو هەڵبژاردنەش دا زۆربەی خەڵک نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و ئەگەر لە چەند شار و شارۆچکەش خەڵک بە زۆریی روویان لە بنکەکانی دەنگدان کردبێ ئامارەکان نیشان دەدەن دەنگیان بە کاندیداتۆرێک داوە کە پەسند و پشتیوانی دەسەڵاتی لەسەر نەبووە و زۆرتر دەنگیان بە کەسانێک داوە کە پێشتر ناونیشانێکی ئەوتۆیان نەبووە و ئەوە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە خەڵکی کوردستان ئەو جاریش بە رێژیمی کۆماری ئیسلامییان گوت: نا.

**شەپۆل: ماوەیەکی زۆر دەنگوباسی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادا بوو، بەڵام ئەو دەنگە خامۆش بووەوە. دەپرسین رێگرییەکانی بەردەم پێکهێنانی ئەو بەرەیە چی بوون؟.**

**عومەر باڵەکی:** پێکهێنانی بەرە یەکێک لە پێویستییە مێژوویی و گرینگەکانی ئێستای خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کێ بەرە پێک دێنێ یا بەرە لە چ ئەحزاب و رێکخراوێک پێکدێ. ئەگەر وەڵام ئەوە بێ کە بەرە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە حزبە رۆژهەڵاتییەکان پێکدێ، دەبێ بڵێم بەداخەوە بەهۆی لەتبوون و کەرتبوون و یەکتر تەحەموول نەکردن، جارێ زەمینەی نییە و ئەگەر رەوتی یەکترگرتنەوە بە پێی هەست کردن بە مەسئولییەتی نەتەوەیی و مێژوویی لەلایەن حزبەکانەوە بکەوێتە سەر رێبازی خۆی، رەنگە درووستکردنی بەرە کارێکی ئەوەندە دژوار نەبێ، چوونکە هەلومەرجی ناوچەیی و ناوخۆیی لەچاو ساڵانی رابردوو زۆری ئاڵوگۆڕ بەسەردا هاتووە و ئاڵوگۆڕەکانیش هەروا بەردەوامن و ئێمەی کوردیش ئەگەر نەتوانین بە رێکخراویی و سازماندراویی بەرەو پیری ئەو ئاڵوگۆڕانە بچین هەلێکی مێژوویی لە دەست دەدەین کە رەنگە سەد ساڵی دیکە بخایەنێ هەتا هەلێکی دیکەی وا دەرەخسێ و مێژووی کوردیش بە داخەوە پڕە لەو لە دەستدانی هەل و دەرفەتانە.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە "٨" گۆڤاری "شەپۆل" بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - رێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٢

---------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ٨٠ چالاکی کورد خوازیاری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە رۆژهەڵات دان



**بەرەوە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردی رۆژهەڵات**

**نامەیەکی کراوە بۆ:**

**رێکخراوە سیاسی و ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**

**هەڵسووڕاوانی سەربەخۆی سیاسی - مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان**

بەڕێزان،

ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتی بە جیهانیبوونی کێشەی کورد لە دوو دەیەی رابردوودا، ئەم راستییە دەسەلمێنێ کە ئێرانیش بەپێی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری قەیرانی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێوخۆیی، درەنگ، یان زوو تووشی گۆڕانکاریی جیددی و چارەنووس‌ساز دەبێ. پێویستە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ بە جێگەیاندنی رۆڵی مێژوویی لە تەیارکردنی بواری پێویست بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی مافی چارەنووس و لە بەرامبەر هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لەناکاوی سیاسی ئامادە بکەن، هەتا بتوانن لە ژیانی سیاسیی داهاتووی کوردستان و ئێران بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی لە مێژینەی گەلی کورد ئەرکی خۆیان بە جێ بێنن.

هەموو باش دەزانین کە سەرەڕای ئەم پێویستییە، ژیانی سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەی داسەپێندراو و بە تایبەتی لە دوو دەیەی رابردوودا پڕ لە قەیرانی سیاسی و رێکخراوەیی بووە. دابڕان و لێکدووربوونەوەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزب و کەسایەتییەکانییەوە زیانی نەخوازراوی لە بزاڤی کورد و هەستی نەتەوەیی کورد داوە. هەرچەند، جار و بار لە ئاستی دوو، یان چەند رێکخراوەیەکی کوردستانیدا شاهیدی دانیشتن و تەنانەت دانوستان بووین، بەڵام بەهۆی بەرفەراوان نەبوونیان، ئەم چەشنە رێککەوتنانە ئاکامێکی دڵخوازیان لێ نەکەوتۆتەوە.

هەستیاریی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد ئەمڕۆ ئەرکێکی مێژوویی لە بەرامبەر تەواوی رێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان داناوە، ئەویش هەڵێنانی هەنگاوگەلی جیددی و پێویست بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە زۆربەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم بەرەیە پێویستە تەواوی هێزەکانی راستەقینەی گەلی کورد کە بۆ ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینی رۆژهەڵاتی کوردستان تێ دەکۆشن لە خۆ بگرێ هەتا بواری پێویست بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی ئەم هێزانە و بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکیی ئەوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوور لە هەر چەشنە پاوانخوازیی و لەسەر بنەمای پلۆرالیزمی سیاسی و دێموکراتیک پێک بهێنێ.

بەڕێزان،

بێ گومان پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر چەند خاڵی هاوبەش و یەک لەوان هاوئاهەنگ کردنی چالاکیی سیاسی و نیزامیی حیزبەکان، پێکهێنانی کۆمیتەی نوێنەرایەتیی ئەم بەرەیە لە

کوردستان و دەرەوەی وڵات لە بەرژوەندیی نەتەوەی کورد دایە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی و جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کورستان، ناساندنی خێرای بزاڤی کوردی رۆژهەڵات لە ئاستی جیهان، کۆکردنەوەی کۆدەنگی و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهان و پارلمانی ئورووپا و هتد! ...

بەڕێزان،

پێکهێنانی بەرە یاخود هەر چەشنە رێکخراوە یاخود کۆمیتەیەکی هاوبەش لە هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵات پێداویستییەکی مێژوویی‌یە، کەمتەرخەمی لە بەرامبەر ئەم ویستەدا ئاکامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە، چ لە ئاستی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە رادەی ناوچەیی و جیهانیدا. ئەمە پێداویستیی ئەمڕۆیە و بێ گومان سبەینێ بۆ ئەم کارە درەنگ دەبێ!

به ڕێز و حورمەتەوە

١- ناسر ئێرانپوور؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٢- مستەفا ئەحمەدین؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٣- سەدیق ئەحمەدی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٤- د. کامران ئەمین ئاوە؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٥- ناسر ئەمینئژاد؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٦- بێهرووز ئەنساری؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧- باباخانی؛ نووسەر و چالاکی سیاسی، تورکیە

٨- ئاگری باڵەکی؛ چالاکی سیاسی، نورویژ

٩- تاهیر بۆکانی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

١٠- حوسێن بەخشی؛ نووسەر، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

١١- محەممەد تاهیر بەرهون؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

١٢- جەماڵ پوورکەریم؛ چالاکی سیاسی، فەرانسە

١٣- ئاسۆ پیرۆتی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

١٤- جینا توت ئاغاجی؛ چالاکی بواری ژنان، سوێد

١٥- برایم جەهانگیری؛ نووسەر و چالاکی سیاسی، کانادا

١٦- فەرهاد جیهان میهەن؛ چالاکی سیاسی، سوێد



سەرچاوە
Serchawe

-١٧ جەعفەر حامیدی؛ چالاکی سیاسی، نورویژ

١٨ ـ حوجەتئەلسادات؛ هادی، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-١٩ سامان حوسێنپەناهی؛ چالاکی سیاسی، سولێمانی

-٢٠ سالار حیسامی؛ رۆژنامەنووس، چالاکی سیاسی، باشووری کوردستان

-٢١ د. تاهیر حیکمەت؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٢٢ خەلیل حەوایی نەسەب؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٢٣ جەواد حەیدەری؛ رۆژنامە نووس، باشووری کوردستان

-٢٤ ئاریز داراپور؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٢٥ شەهلا دەباغی؛ نووسەر و چالاکی سیاسی، سوێد

-٢٦ جەلال رازی؛ ئەندامی تیمی میللی فوتباڵی ئێران، فینلاند

-٢٧ ماپەر رازایی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٢٨ ئەمین رەشیدی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

-٢٩ جەماڵ زارع؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٣٠ گوڵنار زارع؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٣١ ئیسمایل زارعی؛ چالاکی سیاسی، نورویژ

-٣٢ پەری سدقی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٣٣ ئەنوەر سوڵتانی؛ نووسەر، وەرگێڕ، توێژەر، چالاکی سیاسی، بریتانیا

-٣٤ بەهرام سوڵتانپەنا؛ چالاکی سیاسی، سوێد

-٣٥ حوسێن سەعیدی؛ نووسەر و چالاکی سیاسی، سوێد

-٣٦ محەممەد شاسواری؛ چالاکی سیاسی، سوێد

-٣٧ هومایۆن شەعبانی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

-٣٨ سیامەند شێخ ئاغایی؛ نووسەر و چالاکی سیاسی، سوێد

-٣٩ د. حەسەن شەتەوی؛ نووسەر، تێکۆشەری دێرینی سیاسی، ئاڵمان

-٤٠ ئارام عوسمانی؛ شانۆکار، فەرانسە

-٤١ ئازاد عەبدوڵلاهی؛ چالاکی سیاسی، دانمارک

-٤٢ ئاوات د. عەلیار؛ چالاکی سیاسی، ئەمریکا

-٤٣ مەهدی فەتاحی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٤٤- نادر فەتحی؛ نووسەر، وەرگێڕ، بەرپرسی سایتی ڕۆژهەڵات ـ بۆکان ئاڵمان

٤٥- فاروق فەرهاد؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٤٦- هیدایەت قادری؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٤٧- عومەر قازی؛ تێکۆشەری دێرین، ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٤٨- کامران قازی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٤٩- خالید قورەیشی؛ چالاکی سیاسی، ڕووسیە

٥٠- خەبات قورەیشی؛ هونەرمەندی نیشتمانی، نورویژ

٥١- عەبدوڵڵا کوردپوور؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٥٢- کانی کوردستانی؛ چالاکی سیاسی، بریتانیا

٥٣- ئاشتی کوردستانی؛ چالاکی سیاسی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٥٤- ڕەزا کەعبی؛ چالاکی سیاسی، باشووری کوردستان

٥٥- سەلاح کەمالی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٥٦- ئەفراسیاب گرامی؛ چالاکی سیاسی نورویژ

٥٧- ئەمیر لاهووری؛ چالاکی سیاسی، ئوسترالیا

٥٨- مینا لەبادی؛ چالاکی بواری ژنان، سوێد

٥٩- ئەحمەد لەبادی؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٦٠- وریا ماملێ؛ چالاکی سیاسی، نورویژ

٦١- حەسەن ماوەرانی؛ نووسەر، وەرگێڕ، چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٦٢- جەماڵ محەمەدپوور؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٦٣- د. گوڵمراد مورادی؛ نووسەر، چالاکی سیاسی و وتەبێژی مافی مرۆڤ لە UN ژنێڤ

٦٤- برایم موکری؛ چالاکی سیاسی، ئوسترالیا

٦٥- ناهید موکری؛ چالاکی بواری ژنان، سوێد

٦٦- حەسەن مۆلان؛ چالاکی سیاسی، ئوسترالیا

٦٧- فاروق میعمارزادە؛ چالاکی سیاسی، سوێد

٦٨- ئەسمەر میعماری؛ چالاکی بواری ژنان ، سوێد

٦٩- فەرەیدوون میتران؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧٠- د. عەبدوڵڵا مەردۆخ؛ چالاکی سیاسی، فەرانسە



سەرچاوە
Serchawe

٧١- مریەم مەسعوودی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧٢- هێرۆ مەولوودی؛ رۆژنامەنووس، باشووری کوردستان

٧٣- باباشێخ ناسری؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧٤- شۆڕش ناسری؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧٥- جەماڵ نەجاری؛ رۆژنامەنووس، فەرانسە

٧٦- رەشاد نەقشبەندی؛ چالاکی سیاسی، بریتانیا

٧٧- کەماڵ هەورامی؛ چالاکی سیاسی، ئوسترالیا

٧٨- جەهانگیر وریانی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٧٩- سوهەیلا وریانی؛ چالاکی سیاسی، ئاڵمان

٨٠- ئالاین یاحەقی؛ چالاکی سیاسی، فەرانسە

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد - رێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٥

## راپۆرت: بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بەرەی کوردستانیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان



تایبەت بە ماڵپەڕی PAZADIK: کاتژمێر ١٤:٣٠ دەقیقەی ئەمڕۆ هەینی ٢٠ی بەفرانباری ٢٧١٣ (١٠ ژانویەی ٢٠١٤)، لە هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر سمینارێک لەژێر ناوی "نەوەی نوێی شۆڕش ژێلەمۆی، سەربەخۆیی کوردستانە" لە لایان رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیمۆکراسی، سازکراوە.

سمینار بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستپێکرد. دواتر لە لایان هەریەک لە کۆماس شەهبازی و هێما سۆفی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیمۆکراسی، کورتەیەک سەبارەت بە ئامانجی کۆنفرانسەکە پێشکەش کرا.

دواتر هەر یەکە لە حیسام دەسپێش، سالار بابەشێخ، بێهزاد خۆشحاڵیی و زریان رۆژهەڵاتی، سەبارەت بە هۆکار و لەمپەرەکانی بەردەم دروستنەبوونی بەرەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان پارت و لایەنەکان، وتاریان پێشکەشکرد.

دواتر رێگە بۆ بەشداران کرایەوە کە ڕا و بۆ چوونی خۆیان سەبارەت بە ئامانجی سمینارە بخەنەڕوو و ئامادەبووان ڕای جیاوازیان لەمبارەیەوە هەبوو.

لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی PAZADIK، هێما سۆفی وتەبێژی رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیموکراسی، گوتی: ئێمە وەک رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیموکراسی، یەکەم پڕۆ بە پێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەستاین بە بەڕێوەبردنی ئەم سمینارە و پڕۆژەکەشمان بۆ لێکنزیکردنەوە و کاری هاوبەشە لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە بتوانین لەژێر چەترێکی هاوبەشدا کۆیان بکەینەوە."

لە قسەکانیدا سۆفی رایگەیاند کە ئێمە بانگهێشتنامەمان بۆ رێکخراوەکانی لاوانی سەر بە هەموو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناردووە و گوتی: "ئێمە هیچ شەرت و مەرجێکمان بۆ بەشداریی لایەنەکان دانەناوە و بێ هیچ جیاوازییەک نامەمان بۆ هەموو حیزبەکان ناردوو بە پڕاکیشەوە، بەڵام هەریەکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، رێکخراوەکانیان بەشدارییان لە سمینارەکەدا نەکردووە."

لە لایەکی دیکەوە سالار حیسامی کە یەکێک لە بەشدارانی سمینارەکەیە بە ماڵپەڕەکەمانی راگەیاند کە: "ئەمە سمینارە و دەرگایەکی باڵایە بۆ گفتوگۆی نێوان جیلەکان، ئێمە لەگەڵ ئەوەیا نین جیلەکان بە زۆران بدرێن و ئەوان پشتی یەکتر بشکێنن، نەسڵی یەکەم، دووهەم و سێهەم، ئەمانە جۆرە پاڵنەرێک دروستبکەین کە لە یەکتری تێبگەن."

سەبارەت بە هەنگاونان بەرەو لێکنزیک کردنەوەی لایەنەکان بۆ دروسکردنی بەرەیەکی کوردستان لە رۆژهەڵان، حیسامی گوتی: "رێکخراوی گەنج، بە دروشمێکی گەنجانە و کە نەوەی نوێ بە ژێلەمۆی ئەو گۆڕانکارییانە دەزانێ، هاتووە یەکێک لە قورسترین پەیامەکانی لە دەسپێکی کاری خۆیدا خستووەتە پێش مایک و بۆ خەڵکیشی تەرخان کردووە کە لەسەر بەرەی کوردستانی قسە بکەن."

سەبارەت بە بەرەی کوردستانی سالار حیسامی رایگەیاند: "بەرەی کوردستانیی بابەتێکی نوێ نییە، لەوانەیە زیاتر لە دوو دەیەیە لایەنی سیاسیی هەبووە، وەک پارتی ئازادیی، دیمۆکرات، کۆمەڵە و سازمانی خەبات، لە زۆربەی دانیشتنەکاندا حەزیان لێبووە و ئەم باسەیان وروژاندووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە قەراری کۆتایی بۆ دروسکردن یان بنیاتنانی، هەنگاو هەڵگیراوە و باس کراوە، بەڵام دواتر بەداخەوە نەگەیشتوونەتە دەرەنجامێک."

لە درێژەی قسەکانیدا حیسامی رایگەیاند: "بەڕاستی ئەمەش شتێکی مێژووییە و دەچێتە نێو مێژووەوە، ئەوانەشی کە کەمتەرخەمن لەمبوارەیا دەکەونە ژێر جەرٍ و مەنگەنە و پرسیاری ئەو جیلە نوێیەی داهاتووش کە دێن ئەم مێژووە دەخوێننەوە."

سەبارەت بە کۆنفرانس هۆزان سارەوان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گرووپی کاری لاوان و قوتابییانی PAK، رایگەیاند: "بە ڕای من لە سمینارەکەدا، تا ئێستا ئەوەی کێشەی بەرجەستەی نێو سمینارەکە بووە، بەشداریی نەکردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکان، لەم سمینارەدا."
هەروەها گوتی: "ئەگەر بەجوانیی وردبینەوە دەبینین کە کەشوهەوایەک باڵی بەسەر سمینارەکەدا کێشاوە کە ئەویش تۆمەتبارکردنی یەکترە نەوەک دۆزینەوەی رێگەچارەکان."

سەبارەت بەم سمینارە لەیلا دیوبەند ئەندامی سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان، رایگەیاند: "ئێمە وەک رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان، بەشداریمان لەم سمینارەدا کرد، هیوادارین ئەم سمینارە و سەرجەم سمینارەکانی دیکەش بتوانن کاریگەریی ئەرێنیی هەبێ لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان."

سەبارەت بە پشتیوانیکردنیان لە سمیناری لەمشێوەیە، دیوبەند گوتی: "ئێمە وەکوو رێکخراوەکان و وەک ژنان، پشتیوانیی تەواوی خۆمان لەم سمینارە و لە هەنگاوەکانی داهاتوو دەردەبڕین و ئامادەین بۆ هەرجۆرە پشتیوانییەک و ئامادەین هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ئەم بەرێزانەی لێرەن بۆ دروسکردنی بەرەی کورستانی بچینە پێشەوە."

لە لای خۆیەوە رێباز شەریفی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گرووپی کاری لاوان و قوتابیانی PAK گوتی: "ئێمە چ وەک پارتی ئازادیی کوردستان و چ وەک گرووپی کاری لاوان و قوتابییانی PAK پشتیوانی لەم سمینارە و لە هەرجۆرە هەنگاوێک بۆ لێکنزیکردنەوەی رێکخراوە مەدەنییەکان و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و هیوادارین ئاکامی باشی هەبێ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان."

هەروەها شەریفی گوتی: "رێکخستنی سمیناری لەمشێوەیە کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و نزیککردنەوەی هەرچی زیاتری پارت و لایەنەکانی رۆژهەڵات بێ کە لە ئێستا ساردییەک باڵی بەسەر پێوەندییەکانیاندا کێشاوە، جگە لە قازانج هیچ زیانێکی نابێ و هەموو حیزبەکانیش دەبێ بەنۆرەی خۆیان پشتیوانیی لە هەنگاوەکانی لاوان بکەن کە حەولدەدەن پارتەکان لێکنزیک بکەنەوە، نەوەک پشت گوێیان بخەن، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەم سمینارەدا دەیبینین، جۆرێک گوێ نەدان بە حەول و ماندووبوونی رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیموکراسی هەیە کە ئەمە بە رەوا نازانم."

فیرۆز مامۆیی وتەبێژی کوردستانی رێکخراوی پێشڕەو، پشتیوانیی رێکخراوەکەیانی بۆ سمینارەکە و سمیناری لەمشێوەیە راگەیاند و گوتی: "ئێمە وەک رێکخراوی لاوان و خوێندکارانی پێشڕەو و رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد سەر بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەمیشە حەولمان بۆ داوە و کارمان بۆ کردووە لە واقعدا بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانیی بە هەرجۆرێک بووە ئەگەر هەموو رێکخراوەکان و ئەحزابی سیاسی و خەڵکی کوردستان تێییدا بەشداربن و ئەگەریش نەکرا لانیکەمەکەی ئیئتیلاف یان هاوپەیمانیی یان بەرەیەکی چکۆلەتر لەنێو ئەحزابەکان یان لەنێو لایەنە جیاجیاکانیشدا وەکوو بەرەی چەپ و راست، بێتە پێشەوە."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا مامۆیی گوتی: "ئێمە بەگشتی وەکوو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئەم حەولەی رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیموکراسی بەڕاستی بە هەنگاوێکی گەورە دەزانین و خۆمان بە پاڵپشتی دەزانین و حەولدەدەین تا ئەو جێگەی بۆمان دەکرێ و لە تواناماندایە پاڵپشتیی لێدەکەین و بەردەوام دەبین لەوەی کە ئەم سمینارانە لە هەر شوێنێکدا بێ پشتیوانیی لێبکەین."

سەبارەت پێکهێنەرانی سمینارەکە بێهزاد خۆشحاڵی، گوتی: "من دیومە کە هەموو حەول و تێکۆشانی هاوڕێیانی رێکخراوی ئاشتیی بۆ دیموکراسی ئەوە بووە کە بە دڵێکی فراوانەوە بەرەو بیرۆکەی کوردستانی بوون برۆن، زۆرمان ئیدعا دەکەین کە کوردستانی بیردەکەینەوە و کوردستان عەمەڵ دەکەین و کوردستانی قسە دەکەین، بەڵام ئێمە لە باشترین حاڵەتەکاندا کوردیی بیردەکەینەوە و تا ئێستا کوردستانیی بیرمان نەکردووەتەوە، بۆیە من وا فیکر دەکەمەوە کە رێکخراوی ئاشتی بۆ دیموکراسی دەتوانێ زۆر سەرکەوتوو بچێتە پێشەوە و کارەکانی جێبەجێبکا."



سەرچاوە
Serchawe

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی حیزبەکان بەشدارییان نەکردووە رێکخراوەکانیان بەشدارییان کردووە؟ خۆشحاڵیی رایگەیاند: "شتێک کە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو رێکخراوانەدا من دیومە، رێکخراوەکان دیارە سەر بە حیزبەکان هەن، بەڵام بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕی و لە بەشدارییکردنیاندا جۆرەیەک عەمەڵیان کردووە سەرەڕای ئەوەی کە پارێزەری لە واقعدا مافی دیاریکراو لە پەیڕە و پرۆگرامی حیزبەکانی خۆیاندا هەن بەرەسمی، بەڵام توانای ئەوەیان ببێت و بەو شێوە ئینعیتافیان هەبێ و بەو شێوازە ئینعیتافە بتوانن دیالۆگ و گفتوگۆ دروست بکەن، ئەتوانم بڵێم شێوەیەک لە مەنزوومەی حیزبی هێواش هێواش تەمرین دەکرێ."

بێهزاد خۆشحاڵیی بە ماڵپەڕی PAZADIKی گوت: "من یەکێک لەو کەسانە بووم لە سەرتاکانەوە پێشنیاری ئەوەم داوە کە دەبێ حیزبەکان وەکوو لاوان، خوێندکاران، ژنان و تەنانەت وەکوو پێشمەرگە دێرینەکان مەنزوومەگەلێکی حیزبیی بۆ خۆیان دروستبکەن کە توانانی مانۆڕدانیان زیاتر بێ و لەو رەق و تەقییە حیزبییە بێنەخوارەوە و ئینعیتافێکی باشتریان بێ و بە پێی ئەو ئینعیتافە بتوانن حەرەکەت بکەن. من هیچ تەناقووزێک نابینم و ئەوجۆرەش کە ئەو هاوڕێیانە مەشوەرەتیان لەگەڵ من کردووە، باشەکەی ئەمە بوو کە هەموو رێکخراوەکانی حیزبەکان جۆرێک دەعوەت بکرێن کە لە واقعدا بێن و بەجۆرێک بەرنامەکانی حیزبەکانی خۆیان لە قاڵبێکی دیاریکراودا و لە چەند خاڵدا بۆ بەرەی کوردستانیی بەڕای ئامادەبووان بگەیەنن."

لە لای خۆیەوە سنوور حەنیفیپوور جێگری بەرپرسی رێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد، رایگەیاند کە زۆر خۆشحاڵ بووم بە بەشدارییکردن لەم سمینارە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەک نەواخت و کوردستانی و گوتی: "یەکێک لە گەورەترین رێگاکانی چارەسەری کێشەی کوردە کە ئێمە بتوانین بەرەیەکی وامان ببێ کە بۆ کورد حەولبدا، نەوەک بۆ حیزب یان لایەنێک بێ، حەولمان بۆ نەجاتدانی کورد بێ، حەولمان بۆ پێشکەوتنی کورد بێ یانی ئەوە لەباری ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە ئەوە نەخەینە نێو بەرەکەمانەوە، ئێمە وەک خۆمان کاربکەین."

سەبارەت بە ئامادەنەبوونی رێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکانی دیکە لە سمینارەکەدا، حەنیفیپوور گوتی: "بەڕاستی ئەمە جێی نیگەرانییە، چوونکە ئەوە خۆی لەتمە لە کورد دەدا، ئێمە کە هاودەنگ و هاوڕا بین دەبێ هەموو حازر بین و کاتێک ئێمە نەتوانین لە دەوری مێزێک گشتمان دابنیشین، چۆن بتوانین بەرەیەکی یەکسانمان هەبێ، چۆن بتوانین نەجاتدەری کورد بین، چۆن بتوانین رێگا بۆ کورد خۆشبکەین؟ ئەگەر ئێمە هاوپەیمان نەبین یان وەک مشتێک نەبین، چۆن دەتوانین بەرگەی بایەکی بەهێز بگرین."



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بەم هەنگاوە بۆ لێکنزیکردنەوەی پارت و لایەنەکان و چێکردنی بەرەیەکی کوردستانیی، مامۆستا نامۆ رۆستەمزادە، گوتی: "من کە بەشداری ئەم سمینارە بووم کە لە لایان رێکخراوی ئاشتی بۆ دیمۆکراسی رێکخرابوو، بەڕاستی حەولێکی زۆریان دابوو بۆ بەرێوەچوون و رێکخستنی ئەم سمینار و کۆبوونەوەیە و من دەخۆشییان لێدەکەم. هیوادارم کە لە کۆبوونەوەی ترماندا ئامانجی زیاتر بپێکنی و زیاتر بەرەو یەکبوون، یەکگرتن و زیاتر بەرەو هاوپەیمانیی بچین."

رۆستەمزادە سەبارەت بە بەرەی کوردستانیی گوتی: "دروسکردنی بەرەیەک بە چرووپرپیی موشکیلە، بەڵام ئێمە دەتوانین هاوپەیمانی یەک بین و بەرژەوەندییەکانمان لە چەند خاڵێکدا بدۆزینەوە و حەولی بۆ بدەین بەڕاستی، با هەر ئارایەکمان هەبێ با هەر نەزەرێکمان هەبێ، بەڵام پیرۆزی خاکی کوردستان رەچاو بکەین و پیرۆزی میللەتی کورد رەچاو بکەین و قازانجی گشتیی بخەینە بەر قازانج و بەرژەوەندیی تاکە کەسی و تاک حیزبیمان، قازانج لە هەمووماندا دەبینرێتەوە و من کە بمهەوێ کارێک بە تاک ئەنجامبدەم غەریمومکینە و ناکرێ. یادی کاک سەعید یەزدانپەنا وەبیردێنمەوە کە یەکەمین کەسێک بووە کە مەهاوەڵەی ئەوەی کردووە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستان بەر لە ٢٠ ساڵدا، ئێمە ئەو رێگا و رێچکەیەمان گرتووەتەبەر و ئینشائڵلا بە ئامانجی دەگەیەنین."

سەرچاوە: ماڵپەڕی یاری کورد - رێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٤

## کۆمەڵێک وتووێژ سەبارەت بە بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ئامادە کردنی: رەحیم رەشیدی

--------------------------------------------------------------------------------

## هێرش عەلیزادە: بڕوامان بە ڕیفۆرمو سازش گفتوگۆو کارسازییە.



**پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**عەلیزادە**: هۆیەک دەتوانێت نەبوونی ئارەزووو خواستی جیددی سیاسیی بێت. هۆیەکی دیکە نەبوونی سەربەخۆیی سیاسیی بێت. هۆیەکی دیکە شایەد خۆ بە گەورە زانینی حیزبە سوننەتیەکان بێت. هۆیەکی دیکە حەتمەن خۆ بەکەم زانینی حیزبگەلی سەربەخۆیخوازە کە پێیان وایە بێ یەک یان دوو لایەنیتر، بەرەیەک دروست نابێت.
هۆیەکی دیکە بێ شک روودانی کارەساتی شەڕی نێوخۆییە، داپچڕانو لێکجودابوونەوەیە لە ناو حیزبەکاندا کە زیاتر بڵاو دەبنەوە وەکو لەوەی نێزیک ببنەوە.

هۆیەکی دیکە کەمبوونی فشاری کادێرانو ئەندامانی حیزبەکانو ڕۆشنبیرانی ناحیزبین لەسەر حیزبەکان. بێدەنگیی جەماوەری خەڵک بەرامبەر بە هێزی بەرەنەخواز دیارە هۆیەکی بەرچاوە.

هۆیەکی دیکە دەتوانێت ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکانو جیهانییەکان بێت، بۆ نموونە دەنگۆی ئەوەی کە ئەمەریکا لە ئێران دەدات، وا دەکات کە هەندێک لایەن پێیان وا بێت دەسەڵاتی سیاسییان لە بەرەیەکدا کەم دەبێتەوەو بە تەنیا لە ئاڵوگۆڕێکدا بن قازانج زیاتر دەکەن، ئەوانی کە چاوەروانیو ئامانجی هاوبەشیان لەم چەشنە لە سیاسەتدا هەیە دەتوانن لە بەرەیەکدا بن.

ئێمە پێمانوایە کە بەرە بە لایەنگەلێک دروست دەبێت کە خاوەنی پرنسیپو ئامانجی روون بن. بۆ نموونە ئەوانەی سەربەخۆییخوازو ڕیفەراندۆمخوازن دەتوانن ئەگەر بیانەوێت لە بەرەیەکدا کۆببنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگریٚ؟

**عەلیزادە**: ئێمە پێمان وایە هۆی سەرەکیی هەبوونی ئەقڵی ئێرانچێتییە. ئێرانچیەتی کەسایەتیو سەربەرزیی لە بزووتنەوەی کورد داماڵیوە. کوردستانیبوون لە ناوەڕۆکو مانای خۆی وشک کراوە. بە بڕووای من کوردستانیان دەتوانن لەسەر زۆر خاڵ کۆببنەوەو پێموایە هێدی هێدی ئەحزابگەلی سەربەخۆییخوازو تاکو نوخبەی سەربەخۆییخواز ئەو کارە دەکەن. بەرەیەک بە دوو ئامانج ساز دەکەن، یەکەمیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆو دووهەمیان بەرقەرارکردنی پرینسیپی ڕیفەراندۆمە.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**عەلیزادە**: لەم وەزعەدا کە هەیە، بە داخەوە نا، بێگومان ناتوانن. کاتێک کە بەرەیەکی کوردستانیی، کە هاوپەیمانییو پلاتفۆرمی هاوبەش نییەو تواناکان کۆ نەکراونەتەوە بێگومان ناتوانرێت.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**عەلیزادە**: گۆڕەپانی ڕمبازێنو کوشتن، وێرانکردنو سەرکوتی بۆ داگیرکەران بەرینتر کردووە، مەترسی تەمەنی داگیرکەران تەنانەت پاش کۆماری ئیسلامیش لەسەر خەڵکی کوردستان درێژتر دەکات. لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕەکاندا جوڵانەوەی گەلی کورد لە بەردەم ئاسۆیەکی ناڕوونو ئاڵۆزدا چاوەڕووان دەمێنێتەوە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**عەلیزادە**: قازانجەکان بە سەدانو هەزارانن. ئەجێندای شەخسی دەپوکێتەوەو ئەجێندای نەتەوەیی جێگای دەگرێتەوە، پلانەکان دەستەیی دادەڕێژرێنو لەبەر ئەوە زیانەکانمان کەم دەبنەوە، بەرپرسیاریەکان دابەش دەکرێن، تواناکان خڕ دەبنەوە، تواناکان باشتر ئاراستە دەکرێن، دوژمن چاکتر دەستی لێ دەوەشێندرێت بەو شێوەیە.

لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی داگیرکاردا یەکدەنگی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە مانای بە هێز بوونی سەنگەری خەباتی خەڵکی کوردستانە، بێشک کۆ دەنگی لایەنە سیاسیەکان راستەوخۆ یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێتە ئاستێک کە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بۆ داهاتوو مسۆگەر دەکات، بەم جۆرە خەڵکی کورد لە بەرژەوەندە ئیستراتیژیەکانی نزیکتر دەکاتەوە، ئیمکانو هەوڵی دامەرزاندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکو مەدەنی بۆ گەلەکەمان زیاتر دەکات. ئەمنیەتو ئاسایشی خەڵک بەگشتیی دەباتە ئاستێکی وەها کە نەیارانی نەتوانن بە کەیفی خۆیان وەکو ئەمرۆ رمبازێنی تێدا بکەن.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمواندا هەیە و پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**عەلیزادە**: بێشک وایە، لە ڕاستییدا ئامانجەکان دەتوانن دەیان بنو بەو شێوەیە بەرەیەک لەسەر ئاستی ئامانجی جیاواز دابمەزرێت. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ڕوونو ئاشکراین. ئێمە کوردستانیینو دەوڵەتێکی کوردستانمان دەوێت، بەڵام پرینسیپی ریفەراندۆم قبوڵ دەکەین. هەروەها بێ هیچ پێشمەرجێک بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی تێ دەکۆشین کە سەرجەم ئەحزابو ڕێکخراوە سیاسیەکانو تاکو نوخبەی لێهاتوو هەڵسووراوی کوردستان، هەروەها ئۆرگانو نەهادە مەدەنیەکانیش ئەگەر بیانەوێت، بگرێتە خۆی. ئەو بەرەیە لە قەوارەیەکی شەفافدا پێشنیارو پاشان بڕیار بۆ هەموو پرسێکی سەربازییو سیاسییو کۆمەڵایەتیی ئامادە بکات. ئێمە ئەو بەرەیەمان دەوێت، چونکە خەڵکی کوردستان لە پێناو ئاسایشو ئەمنیەتی خۆیدا پێویستی بەوەیە کە هەر لە ئێستاوە لێیان روون بێت کە لە داهاتوو دا چیتر شارەکانی کورستان وەکوو شاخەکانی کوردستان لوبنانو فەلەستینێکی تری تێدا دروست نابێت.

بۆ نموونە دەتوانین لەسەر پرینسیپی ریفەراندۆم ڕێکبکەوین، چونکە لە قازانجی هەمووان دایە. تەنانەت سەڵتەنەتتەڵەبە کوردەکانیش، ئەوانەیش کە جەماعەتی نوریزادەو لایەنگری کەڕووبیو موسەویشن دەتوانن تێیدا بن. چونکە بڕیارەکە لە دەست خەڵکی کوردستاندا دەبێت. ئێمە پشت بە خەباتی دیموکراتیکانە دەبستین، بڕوامان بە خۆمانو گەلەکەمانە. پاشان دەتوانین لەسەر هاومافیی، بەشداربوون لە بڕیار و هاوکاریی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشو شتی دیکە ڕێبکەوین، بۆ نا؟ بەڵام ئایا بە راستی ئەوە لە قازانجی هەموو حیزبو پارتگەلێکە؟



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**عەلیزادە**: مەترسیەکان زۆرن: گەورەترین مەترسی هێزی چەکداری ئەو حیزبو لایەنانەن کە لە رابردوودا ئاکامی کێشە سیاسییەکانیان گەیاندووەتە شەڕی چەکداریو تا ئێستایش بە ڕووکەش لەگەڵ یەکدا دادەنیشنو چاییو قاوەیەک دەخۆنەوە، بەڵام کەس نازانێت گەر یەکێکیان هێزی وەدەست بکەوێت چی دەکات. داخستنو راگرتنی پەروەندی شەڕی ناوخۆی لە لای ئێمە یەکێکە لە گرینگترین خاڵەکان، چونکە کێشەیەکە وەکو ئاگری ژێر کای لێهاتووە، کە هەر کاتێک مومکینە ئاور بگرێتەوەو بە سەدان لە رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان ببنەوە بە قوربانی شەڕێک کە ئێستایش کەس خۆی لێ بە خاوەن ناکات، تەنها بەتاوتوو کردنی کێشەکان بە شێوەیەکی شەفافو کراوەیە، کە گەیشتن بە بیری هاوکارییو یەکتر قبوولکردن لە سەر ئەساسی باوەڕ بە ئەمری واقع، دەتوانرێت ئاکامی بە سوودو پایەداری لە پێناو جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردا لێ وەربگرێت.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژەیەکتان هەیە؟

**عەلیزادە**: ئێمە هەر لە سەرەتاوە ڕامان گەیاندووە کە خۆبەختکەری هەر حیزبو لایەنێک کە لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستاندا بەشدار بێت بە هی خۆمان دەزانین. زەرەرو زیانیو گیان فیداکارانی ئەوان بە شانازییەوە بە هی خۆمان دەزانین، رێزیان دەگرینو خۆشمان دەوێنو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. دەمانەوێت یەک رۆژی پێشمەرگە هەبێت، یەک رۆژی شەهید هەبێت. گرینگ نییە ئەو رۆژە چ رێکەوتێکە، گرینگ ئەوەیە بمان بێتو ئیدی پیرۆز رای بگرین. ئەوە زۆر ناشیرینە کە هەر کەس هەڵدەستێتو رۆژێکی شەهیدو پێشمەرگەی خۆی هەبێت.

ئێمە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەین تەباییو یەکریزیی گەل بپارێزین. پێمان وایە هەموو شتێک بە دیالۆگو قسە کردنو بە متمانە دروستکردن ساز دەبێتو چارەسەر دەبێت. نابێت بهێڵین تەنانەت یەک دانە هێلکەی کورد بە خۆرایی بشکێت یان بە فیڕۆ بچێت. ئەوە پرینسیپێکی پیرۆزە بۆ ئێمە. لەسەر ئەوە سازش ناکەینو لەبەر ئەوەی پارتێکی سەربەخۆین، دەتوانین ئەو پرینسیپە بپارێزین.

پێشمەرگەی خۆمان بەوە گۆشو پەروەردە دەکەین. هاوڕێیانی خۆمان وا پەروەردە دەکەین. کاری ئێمە دروستکردنی حەساسیەتو گرژیی نێوخۆ نییە. کاری ئێمە سازکردنی کوردستانیانە دژ بە داگیرکەر. لە ناوخۆدا وەکو پارتێکی سۆسیالدیموکرات بڕووامان بە ڕیفۆرمو سازشو گفتوگۆو کارسازییە، بڕووامان بە توندوتیژیی‌و تووڕەیی و سەنگەر لە یەکگرتن نییە. ئەوە سیاسەتی ناوخۆی ئێمەیە.

هەر کاتێک لەم قوناغەدا بتوانین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەرەوەی قەوارەی حیزبی‌و تاکرەوی نیزامیدا رێک بخەینەوەو لە جێگای خۆیدا بە شێوەیەکی مۆدێرنو سیاسیی ڕێکی بخەین، ئەوە دەتوانین:

١- لە پەلەی یەکەمدا خەتەری شەڕی ناوخۆیی لە سەر خەڵکی کوردستان لادەبەینو تا ڕادەیەکی باڵا ڕێگا لە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی رۆڵەکانی ئەم گەلە دەگرین.

٢- لە پلەی دووەمدا پەرژوبڵاویو دوژمنکاری نێو ماڵی کورد تا ئاستێکی بەرز کۆتایی پێدێتو هێزو تواناکانی خەڵکی کوردستان لە باری سیاسیی‌و نیزامیی‌و ماڵییەوە دەچێتە خانەی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان دژی داگیرکەرانی.

٣- لە پەلەی سێیەمدا لە هەڵسەنگاندنی نێۆنەتەوەییەدا باڵی چەکداری کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی چەکداری ئەم حیزبو ئەو گرووپەوە دەبات بۆ ئاستی رێکخراوەیەکی نیزامیی کە هەر لە ئێستاوە دەتوانێت لە نەزمو نەسەقی ئەرتەشێک پێڕەوی بکات. کە بناغەی دوا ڕۆژی ئەرتەشی کوردستان بێت.
هەر لەسەر ئەم ئەساسە باڵی سەربازی کۆمەڵە ـ پارتی سۆسیالدێموکراتی کوردستان، ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەسەر دانراوە، بەو هیوایەی کە بەشێک بێت لە هێزی هاوبەشی هێزی چەکداری ئەحزابو بناغەی ئەرتەشی دوارۆژی کوردستان بێت، تا ئێستایش چەندین وتارمان لە سەر نوسیووە.

ئائیننامەی ئەم هێزە سەربازیەیشمان نۆسیووەو رامانگەیاندووە. بەڕێزتانو خوێنەران دەتوانن بیخوێننەوە.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**عەلیزادە**: "کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بڕووای بە خەباتی ئاشتیو دیالۆگە، ئەسڵەن نەفرەتمان لە چەکو زەبر دێت. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی داگیرکراوی کوردستان لە لایەن ئەو رژێمانەوە کە پشت بە چارەی ئاشتیو دیموکراتیک نابەستنو بە پێچەوانەوە هەموو شێوازێکی ترساندن، تواندنەوە، زیندانکردن، دوورخستنەوە، کوشتنو پاکتاوی رەگەزیی دژ بە خەڵکی کوردستان بە کار دەهێنن، ئەوا ئێمە مافی لە خۆ بەرگری کردنو خۆ ڕزگار کردن لە دەست ستەمی نەتەوەیی لە ڕێگای بە کارهێنانی چەکەوە بە خۆمانو خەڵکی کوردستان دەدەین.

لەسەر ئەوە سازش ناکەین. تۆپەکە لە لاقی دوژمن دایە. ئەوە ئێمە نیین کە بڕیاری یەکەم لەسەر شەڕ دەدەین.

سەبارەت بە ناوخۆ، عەرزم کردیت، کە ئەسڵەن نابێت پەنا بۆ زەبرو یەکتر تووڕەکردنو یەکتر شکاندن ببردرێت. دەبێتو پێویستە هەر لەسەر خاڵگەلی پۆزەتیڤ کار بکەین.

هەر کاتێک داگیرکەر ملی بە پرینسیپی ریفەراندۆم داو سەرئەنجامەکەی قبوڵ کرد، کێشەیەکمان لەگەڵ ئەویشدا نابێت.

لەسەر ئەو ئاستە هێزی پێشمەرگەی خۆمان بۆ مەبەستی خۆ پاراستنو ڕزگار کردنی کوردستان دادەمەزرێنین، بەڵام ئێمە هەر لە ئێستاوە لەگەڵ دامەزراندنی سوپایەکی کوردستانیداین کە بە هیچ شێوەیەک بەشێک لە پارتو ڕێکخراوەی سیاسیی نەبێت، بەڵکو دامەزراوەیەکی تایبەتی بێت کە دوور لە هەموو دەستێوەردانێکی ڕێکخراوەییو پارتایەتی بێت، تەواو سەربەخۆ بێت.

لە قۆناخی رزگاریخوازیدا ئەم هێزە دەبێت لە ژێر ڕابەرایەتیەکی سیاسیی بەرەیەکی یەکگرتوودا بێتو پاش ڕزگاربوونیش لە ژێر بڕیاری سیاسیی "حکومەتی دیموکراتیکی کوردستان"دا بێت کە لە ڕێگای هەڵبژاردنی دروستو ئازادو ئاشکراوە هاتبێتە سەر حوکم. ئێمە بە هەموو شێوەیەک دژ بە هەبوونی هێزی میلیشایی حیزبیو ڕێکخراوەیینو لە درێژخایاندا بە ئامرازی تێکدەرو شێوێنەر دەبینین."

ئەمە لە پیرەوپڕۆگرامی ئێمەدا هاتووە، بێشک ئێمە لە خەباتێکی سیاسیدا دژی توندو تیژین.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشخەری ئەوە ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ برینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەلیزادە**: ئێمە ئەوەمان کردووەو دەمانەوێت لەگەڵ هەمووانداد دۆستو برا بین. نەک هەر گاڵتە بە کەس ناکەینو کاریان بە کەمو بە خراپ نابینین، بەڵکو رێز لە هەموو ئەوانە دەگرین کە لە سەنگەری ئازادیخوازیی‌دان. ئەگەر رەخنەمان هەبێت لە کەناڵی خۆیەوە دەیگەیەنین. چاوەڕێین لایەنانی دیکەش بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن. ئێمە دەمانەوێت سیاسەت بکەین بە کاری جیددی. بە رای ئێمە دەست بۆ چەک بردن دژ بە یەک، لاوازیی فکرییو کەم توانایی خۆ کۆنترۆڵ کردنە.

داوا لە هەموو لایەک دەکەین وا بیر بکەنەوەو لە کردەوەدا وا بکەنو واز لە بەخیلی سیاسییو لە دژ کردەوەی پشت پەردە دژ بە یەک بهێنن.

ئێمە لە دانیشتنەکانی خۆماندا لەگەڵ غەیرە کورددا بە هیچ شێوەیەک رێگا بە خۆمان نادەین بە خراپە باسی لایەنانی دیکەی کورد بکەین، هەر وەها رێگا بە غەیرەش نادەین بە خراپە باس لە لایەنانی کورد بکەن. ئەوە کەسایەتی ئێمەی بە بەرزیی راگرتووە. ئێمە شانازیی بەو کولتورو فەرهەنگە سیاسیەی خۆمانەوە دەکەینو دەیپارێزین. هیوادارین لایەنانی دیکەش وا بن.

--------------------------------------------------------------------------------

**ژیاننامەی بەرێز هێرش علیزاد هێرش، وتەبێژی کۆمەڵە - پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان:**

لە دایکبووی ١٣٣٩ی هەتاوی لە ئاوایی عسرئاوا لە ١٣ کیلومتری شاری سەقز لە کوردستانی رۆژهەڵات. لە بنەماڵەیەکی رەشایی یان قەرە، سەرەڕای دەستتەنگی بنەماڵەکەیان توانیویە تا پلەی دیپلۆم بۆ مامۆستای سەرەتایی خوێندن تەواو بکات، کە هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حکومەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا. هەر لە یەکەمین کاروانی گەیاندنی یارمەتی لە شاری سەقزەوە بۆ نەورۆزە خوێناویەکەی شاری سنە لە بەهاری ١٣٥٨ تا بەشداری لە خۆراگریی خەڵکی شاری سەقز لە هاوینی هەمان ساڵدا لە دژی یەکەمین هێرشی هێزەکانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی ئەم شارە، پاش داگیر کردنی شار بە دەستی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە یەکگرتنەوەی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

یەکەمین دەستەی پێشمەرگەی ناوچەی سەقزی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران لە ئاوایی تورجان یەکەمین بنکەی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دەوری سەقز دامەرزاندوە.

هەر لە سەرەتای پێشمەرگایەتیەوە لە بەشی عەسکەری‌و سەربازیدا بە وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە تیم، دەستە، پەل‌و گوردان تا پائیزی ١٣٦٣ لە دەڤەری سەقز لە سەدان ئۆپراسیون‌و مەئموریەتی حیزبیدا بەشدار بووە، چەند جاریش لە شەردا بریندار بووە، پائیزی ١٣٦٣ لە مەئموریەتێکی حیزبیدا ناردراوەتە ئۆردوگاکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە کوردستانی باشور، لە سەر بریاری کۆمیتەی ناوەندی لە پائیزی ١٣٦٣وە تا بەهاری ١٣٦٨ بەرپرسایەتی سەربازی‌و عەسکەری ئۆردوگاکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی لە (مالۆمە، بۆتێ) بە ئەستووە بووە.

لە ساڵی ١٣٦٨دا (سەرەتای کێشە نێوخۆیەکاندا) بە فەرمیی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران‌و سازمانی کوردستانی ئەو حیزبە، واتە کۆمەڵە، بە یەکجاری ئیستعفای داوەو لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە.

لە سەرەتای ساخکردنەوەی کۆمەڵە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بە عیشق‌و دڵفراوانی جارانەوە چۆتەوە ریزی کۆمەڵە بەو هیوایەی کۆمەڵەیەک بە هەندێک گۆڕانکاریی دیموکراسییەوە بخەنەوە سەر ڕەوتی بەر لە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەڵام ئەم هەوڵەیان لەبەر زۆر هۆ بۆ نەچۆتە سەر.

یەکێک لە کێشە بناغەیەکانیان لەسەر پرۆگرام‌و پیرەوی کۆمەڵە بە تایبەت بەندی یەکی پیرەوی نێوخۆ بوە، پێی وابوە کە روخاندنی سەرمایەداری‌و دامەرزاندنی سۆسیالیزم کە لە بەندی پیرەوی نێوخۆی کۆمەڵەدا هاتبوو دەبێت بگۆردرێت،یەکێک لەو کەسانە بووە کە باس‌و بیرۆکەی سۆسیالدیموکراسیان پاش ساڵی ٢٠٠٠ بردۆتە نێو کۆمەلە، لە کۆنگرەی ١٠دا بریارنامەی تەسیوبی ئاڵای کوردستانیان بردە کۆنگرە، لە کۆنگرەی یازدەدا بریارنامەی داوای ئەندامەتی کۆمەلە لە سۆسیالیستی ئینترناسیۆناڵ لە کۆنگرەدا بە تەسیوب گەیاندوەو خوازیاری هەبوونی پێوەندی باش لە گەڵ ریکخراوەکانی دیکەدا بوە، دژی قۆرغ کردنی دەسەڵات، دژی ئینتساب کردنی تاکەکان بەسەر کۆمەڵەدا، دژی ناشەفافیەتی ئابۆری وەستاوە.

لە دوو دەوری هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات لە مەلبەندی سکاندیناڤی (٢٠٠٤/٢٠٠٧) بەرپرسایەتی کۆمیتەی مەڵبەندی ئەو حیزبە لەسەر شانبووە.

لە كاتی كێشە نێخۆیەكانی (٢٠٠٧ی زایینی)، لە كاتی جیابوونەوەی باڵی ریفۆرمو چاكسازی لە كۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، یەكێك لە ئەندامە چالاكەكانی ئەو رەوتە بووە، بەڵام هەر لە سەرتای جیایەكاندا رایانگەیاند خوازیاری پارتێكی سۆسیالدموكراتن بۆ كوردستان، كە پارتێكی كوردستانیو سەربەخۆخوازو شەفاف بێت، هەر بۆیە لە مانگی ئەپریلی ٢٠٠٨دا بەشداری پرۆژەی دامەرزاندنی پارتی سوسیالدیموكراتی كوردستان بووەو پاشان لە مانگی سێی ٢٠١٠دا لە ئاكامی حەولو تێكۆشانێكی بێوچاندا توانیویانە لەسەر بناغەی پرۆگرامو پیرەوی پارتی سوسیالدیموكراتی كوردستان لەگەڵ كۆمەڵە رەوتی یەكگرتنەوە" یەک بگرنو لە ژێر ناوی "كۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیموكراتی كوردستان كار بكەن، بنكەی هێزی پێشمەرگەیان بە ناوی "هێزەی پێشمەرگەی كوردستان" كە وەكوو خۆیان باسی دەكەنو ئاماژەی پێدەدەن لە بناری چیای قەندیل جێگیرە.

رێكەوتی: ٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٠

------------------------------------------

**برایم فەرشی**: **حزبی بێ جەماوەر كلوبی سیاسیە**



**پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**برایم فەڕشی:** ئەگەر مەبەستتان بەرە لە ناوخۆی کوردستان بێت، دەبێ باس لە بارودۆخو ئیمکانو ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای پێکهاتنی بەرە بکەین، بەڵام لەوە ناچێ مەبەستی بەڕێزت بەرە لە ناوخۆی وڵات بێت، مەبەستتان بەرەی نێوان حزبەکانی دەرەوەی وڵاتە، کە ساڵانێکە باس دەکرێو بە سەرئەنجام نەگەیشتووە.

بە نەزەری من ئەوە هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە ئەگەر ئێمە دروستکردنی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆکردنەوەی حزبەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببینین. خەباتی خەڵکی کورد لە زرێکوێزەکانو کۆیەو شارەکانی ڕۆژئاوا نییە. خەباتو خەباتکارو خەڵکی کورد لە ناوخۆی وڵاتن. بەرە بۆ خەباتی هاوبەش هەر لە وڵات ساز دەکرێ.

سەرەکیترین گرفتی ئەو حزبانەش ئەوەیە، کە لە ناوخۆی وڵات نین و ئەو زەرورەتە لە دەرەوەی کوردستانەوە هەست پێناکەن. ڕابەران و ئەندامانی ئەو حزبانە لە هەموو جیهان بڵاو بوونەتەوە، بە بێ ئەوەی تەئسیریان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ڕووداوەکان و ڕەوتی سیاسی بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەبێ.

زەرورەتی خەباتو پێک هێنانی بەرە لە ناوخۆی وڵاتە، بەڵام حزبو تەشکیلاتەکان بە سەدانو هەزاران کیلومەتر لە خەڵکو لە وڵات دوورن. ئەو خەڵکەی لە دەرەوەیەو ئەو تەشکیلاتەی کە تێیدا کار دەکەن، ناتوانێو نابێ جێگای خەڵکو تەشکیلاتی ناوخۆ پڕ کاتەوە.

خەڵکو تەشکیلاتی دەرەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، کە باری سیاسی نییە، پێویستی بە بەرە نییە، لە هەندەرانیشەوە بەرە دروست کردن بە بێ بەشداری چالاکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو جەماوەری ناوخۆی وڵات، مەوزوعیەتی نییە. ئەوەی بە ناوی حزب لە دەرەوەی وڵات دەناسێندرێ کلوبی سیاسیە، حزب نییە! حزبی بێ جەماوەر کلوبی سیاسیە، کلوبی سیاسی پێویستی بە بەرە نییە، لە بەر ئەوەی نە خەڵکی لەگەڵەو نە بەشدارە لە خەباتی سیاسی! دروستکردنی بەرە بە بێ خەڵکو بە بێ وڵات دەتوانێ هەموو مانایەکی هەبێ جگە لە مانای سیاسیی.

ئەو کاتەی حزبەکان لە ناوخۆی وڵات بوون، ناچار بوون لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا لە ماوەیەکی کورتدا، "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" کە چەشنێک لە بەرە بوو پێک بێنن.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵەو چریکەکانی فەدایی کە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ خودموختاری نەبوو، لە ماوەی هەفتەیەکدا لە پاییزی ساڵی ٥٨ بوون بە خاوەنی بەرنامە بۆ ئەوەی لەو هەیئەتەدا بەشدار بن.

ئەو کارەی ساڵی ١٣٥٨ لە ماوەی هەفتەیەکدا بە سەرئەنجام گەیشت، ماوەی ٣٠ ساڵە لە دەرەوە بێ سەرئەنجام ماوتەوە. هۆیەکەی ئەوەیە ئەوان لە خەباتدا بوون، ئەوان لە ناو خەڵکدا بوون، ئەوان بەرپرسیار بوون، ئەوان حزبی جەماوەر بوون، ئەوان لە وڵاتی خۆیان بوون. ئەو حزبانە لە دەرەوە ئەو پێناسەیەیان نەماوەو پێکهێنانی بەرەش بۆیان مەوزوعیەتی نییە.

هۆیەکی دیکەی ناکامی لە پێکهاتنی بەرەی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حزبەکانەوە لە دەرەوەی کوردستان، زاڵبوونی فەرهەنگێکی نزمی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیە. هۆی دیکەش هەیە کە لە چوارچێوەی فەرهەنگی سیاسیی‌دا ناگونجێ، منیش باسی ناکەم.

**پرسیار**: **ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟**

**برایم فەرشی**: لە ناوخۆی وڵات هاوکاری‌و کۆدەنگی لە نێوان چین‌و توێژو گروپەکانی کۆمەڵایەتی‌و پێشرەوانی خەباتی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌وسیاسی‌و پیشەیی، بە پێی بارودۆخی ئێران‌و کوردستان‌و رادەی تێگەیشتوویی کەسەکان‌و پێوەندی ناوکۆمەڵ‌و شێوەی رێکخستن، دەبیندرێ، ئەوەش تابعێکە لە زەرورەتی خەبات‌و بارودۆخەکە.
ئەگەر مەبەست هاوکاری‌و کۆدەنگی لە نێوان ئەو حزبانەدا بێ کە زەرورەتی بەرە نابینن، ئەوە وڵامی پرسیارەکە دراوەتەوە. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو پرسیارە پێوەندی بە کاری دەرەوەی وڵاتیشەوە هەیە، دەبێ بگوترێ لە لایەک حزبەکان لە باری فکری‌و دیپلۆماسی‌و کاری راگەیاندن لەو ئاستەدا نیین لە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی‌و لە مێدیای رۆژئاوادا هەڵسورێن، لە لایەکی تر بەرنامەو کادری پێویستیان بۆ ئەو کارانە نییە.

ئەو کۆمەڵە کەسەش کە بە رەنجی خۆیان لە ئوروپا پێگەیشتوون‌و لەگەڵ ئەو حزبانە کار دەکەن، کاری وایان پێئەسپاردوون کە فرێ بە پسپۆری‌و لێهاتوویی ئەوانەوە نییە، هەر بۆیە ئەو کەسانەش کە دەتوانن لەو بەستێنانەدا بە سوود بن، لەو تەشکیلاتە بێ کەڵکانەدا ئینێرژیان سووتێندراوە. ئەوە هەمان خەتی فکرییە کە هەر لە سەرەتای ساڵی



سەرچاوە
Serchawe

١٣٥٧وە لەو حزبانەدا هەبوو، هیچ پسپۆڕێک لە هیچ بوارێکدا لەو حزبانەدا جێگای خۆی نەبووەو دەتوانم بڵێم ناشیبێت. لە حاڵو وەزعێکی وادا چۆن بیر لە هاوکاریو کۆدەنگی لەگەڵ غەیری خۆیان بکەنەوە؟

ئەگەریش مەبەست بە هەزاران کەسی دوور لە حزبەکان لە دەرەوەی وڵات بێ، کە هاوکاری یەکتر ناکەنو کۆدەنگی تەنیا لە ئیمزا کردنی بەیانو ئیعلامیەدا دەبیندرێ، ئەوە باسێکی بەربڵاوە کە لێرەدا وڵامی نادرێتەوەو پێویست بەوە دەکات بە تایبەت باس لەو پرۆسەیە بکەین کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە پێواویانە. دەبێ ئەوە لێک دەینەوەو هۆیەکانی باس بکەین کە چۆنە پێشمەرگەیەکی جەنگاوەر، مرۆڤێکی سیاسی پڕ لە ئەوینو گوڕوتینو خۆشەویستی خەڵکو وڵات، هیواکانی لە دەست دەداتو دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی دوور لە سیاسەتو دوور لە هیوای سیاسیی. هەر ئەو پرۆسەیە شاملی ئەندامانی هەموو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتیش دەبێ. لە بەر ئەو هۆیانە هاوکاریو کۆدەنگی لە ناو کوردی دەرەوەی وڵاتدا یان نییە یان لاوازە. هەر حەولێکیش بۆ هاوکاریو گەیشتن بە کۆدەنگی درابێت، حزبەکان بە بیانووی ڕەنگاوڕەنگ چەتیان تێخستووە. فکری زاڵ بە سەر ئەو حزبانەدا هێژێمۆنی خۆازی خۆیانو هاوکاری نەکردن لەگەڵ غەیری خۆیانە، هەرچەند لە ناوخۆشیاندا هاوکاری پێویستیان لەگەڵ یەکتر نییە.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان لە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**برایم فەرشی**: پێم وانییە. لە بەر ئەوەی هیچ پلانێک بۆ ڕۆژێکی وا لە لایەن حزبەکانی دەرەوی کوردستانەوە نابیندرێ. تەجروبەی پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەی سەلماند، کە تەنانەت سیاسەتێکی هاودەست لە ناو حزبەکاندا بەرانبەر بە ڕووداوەکانی سەردەمی هەڵبژاردنو پاشان لە ئارادا نەبوو.
ئەوەش کە حزبێک لە دەرەوەڕا چاوەڕوان بێ هەل بقۆزێتەوە، لە کاری سیاسی ناچێ. یان ئەگەر پێمان وابێ ئۆپۆزسیۆنی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە سەرتاپا هەڵەیە. ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی وڵاتەو دەیانو سەدان نوێنەری بەرچاوی هەیە کە ئەمڕۆ ناوەکانیان جیهانیەو لە بەڵگەنامەکانی ناونەتەویدا ناویان دەبیندرێ.

ئەوانو ئەو خەڵکەی کە ئەوان لە ناویاندا دەژین، خاوەنی سەرەکی جوڵانەوەو خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هەر ئەوانیش ڕابەرانی جوڵانەوەکەن، با ئێستا لە زیندان یان لە ژێر نالەباترین ڕەوشی ژیان دابن، بەڵام سبەی ڕۆژێ لە سەر دەستی ئەو کەسانە حزبی نوێ دروست دەکرێ. ئالترناتیوی سیاسی ئەو حزبانەی دەرەوە لە ناوخۆی وڵات هەر لە سەر

دەستی ئەو کەسانە کە لە ماوی سی ساڵی ڕابووردودا لە گەڵ ڕژیم دەستەو یەخە بوون، پێک دێت. ئێمە لە دوارۆژدا لە ناوخۆی وڵات شاهیدی دروستبوونی حزبی ئەو سەردەمەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دەبین، جا چ منی خارجە نشین پێم خۆش بێ یان پێم ناخۆش بێ. ئەوەش جەبری ژیانو خەباتەو زیهنیەتی کەسانی وەک من ناتوانێ بیگۆڕێ یان بەری پێ بگرێ.

ئەو هەلەی کە حزبەکانی دەرەوی وڵات دەبێ بیقۆزنەوە، لە دوارۆژدا نییە، لەورۆ دایە. ئەوان دەبێ ئەو تەشکیلاتە بێ کەڵکانەی دەرەوی وڵاتو ئەو بارگایانەی کە لە باشووری کوردستان سازیان کردووە، خێرکەنەوەو فۆرمێکی ئەمڕۆیی بە کارەکانی دەرەوەی وڵاتیان بدەنو ئێنێرژیو وەزی زیندانی کراوی کەسەکانیان بۆ کاری جیددی رەها بکەنو ستراتێژی تەشکیلاتیو سیاسیان بە چەشنێکی گونجاو لە پێوەندی لەگەڵ داخلدا بگۆڕن. بۆ ئەو کارەش بەرنامەو پلانی هەمە لایەنی سیاسیو سازمانیو تەکنیکی پێویستە کە لە پرۆسەیەکدا جێ بەجێ بکرێ. ئەگەر حزبەکانی دەرەوەی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حاڵەتی ئەمڕۆیانەوە بگەنە ئەو هەلو مەرجە کە ئێوە باسی دەکەن، دەوری باشیان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرش و بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**برایم فەرشی**: لام وایە ئەو پرسیارە پێویستی بە وڵامدانەوە نییە. هەر کەس سەیری دەوروبەری خۆی بکات، مەترسیەکان نە تەنیا هەست پێدەکات، بەڵکو کارەساتەکانیش دەبینێ، زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەی ئێمە لە کارەساتدا دەژین. بەڵام جیددیترین مەترسییەک کە هەر ئێستا هەستی پێدەکرێ، نەخوێندنەوەی کوردەکانە لە معادلاتی سیاسی چ لە ناوخۆو چ لە ناو بە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەرەوەو چ لە معادلاتی ناونەتەوەیی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوەی جاروباریش حزبەکان دەیکەنە خۆراکی تەبلیغی خۆیان بەو مانایە کە ئەوان پێوەندیان لەگەڵ شوێنەکانی بڕیادەری سیاسی جیهانی هەیە، گاڵتەو جەفەنگە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**برایم فەرشی**: لام وایە وڵامی ئەم پرسیارەش لای خەڵکی کورد ڕوونە. بەرەیەکی چڕوپڕ کە قورسایی سەرەکی لە هێزەکانی ناوخۆی وڵات بێو پشتیوان یان هاوبەشانی وەک حزبەکانی دەروەی کوردستانو جەماوەری کوردی نیشتەجێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوای هەبێو خاوەنی داموو دەزگای سەردەمیانەی دیپلۆماسیو ڕاگەیاندن بێت، نە تەنیا کورد وەک هێزێکی

جیددی گۆڕانکاری سیاسی لە ئێران نیشان دەداتو لە ئاستی ناونەتەوەیی حیسابی بۆ دەکرێ، بەڵکو بەشی جیا نەکراوەی دەستەڵاتی دوارۆژی ئێران دەبێ. لە لایەکی دی کە گەلێک گرنگە هێزو تواناو وزەی خەڵک زیاد دەکاتو ورەی تاک تاکی کورد لە هەر شوێنێک بن بەرز دەکاتەوەو هیوا بە داهاتوو زۆرتر دەکاتو ژیان لە بەر چاوی تاکی کورد گەش دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی من لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا باسم کرد، ڕەنگە لە حاڵو ڕۆژی ئێستای ئەو حزبانەدا، لە شانۆنامەیەکی دەستکردی برایم فەڕشی بچێت، هەتا پلانی سیاسیو ڕێکخستنی ئێلیتی کوردو حزبەکانی دەرەوە.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێک بکەون؟

**برایم فەڕشی**: باشتر وایە ئەو پرسیارە لەو حزبانە بکرێ. منیش لە گەڵ جەنابت ئەو پرسیارەیان لێ دەکەم. ئەرێ بەڕێزان ڕابەرانی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئایا ئێوە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشتان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟ ئەو خاڵە هاوبەشانە چین؟

کاک ڕەحیم! ئەو حزبانە نە تەنیا خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵکوو ئەوانە یەک بوونو بوونەتە دوو، بوونەتە چەند. لە پێشدا دەبێ ئانالیزی فکرو فەرهەنگو داخوازییەکانی تاکە کەسی رەهبەریو سەرجەم ئەندامانی بەرپرسیان بکەین بۆ ئەوەی لێی تێ بگەیین کە بۆچی بوونەتە دوو لەتو چەند لەت.

پاشان دەبێ بیر لەوە بکەینەوە، ئەوانە کە وزەی جیابوونەوەو فکری لە یەک ترازانیان بە هێزترە لە فکری یەکگرتنەوەو هاوکاری کردن، چۆن دەتوانن بەرەی کوردستانی بۆ قازانجی گشتیی پێک بێنن! ئەگەر نەزەری تەواو شەخسی منتان دەوێ، دەڵێم ڕابەرانی ئەمڕۆی ئەو حزبانە هیچیان پتانسیێلی فەرهەنگیو سیاسی پێکهێنانی بەرە لە گەڵ یەکتریاندا نییە.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**برایم فەڕشی**: فەرهەنگو مەنشی ڕابەرانی ئێستای حزبەکان کە ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ناو حزبەکانە، هۆی کۆمەڵایەتیو بنەماڵەییو شەخسی هەیە. گۆڕینی ئەو فەرهەنگە لە هەر تاکە کەسێکدا پرۆسەیە، بە مەرجێک مەیل بۆ گۆڕین لە ئارادا بێوغەریزیو بە پێی عادەتی ژیانی شەخسیو فەرهەنگی زاڵی حزبیو سیاسی نەجوڵێنەوە.

ئەو پرۆسەیە لە هەر هەنگاوێکی ڕۆژانەدا دەبێ ئاگاهانە بڕواتە پێش. من وێنەی کەسێکی وا لە ناو حزبەکاندا بۆ پێوانی پرۆسەیەکی وا نابینم.

ئەو کەسانەی کە شەڕی ناوخۆیان بە سەر حزبەکانو خەڵکی کورددا داسەپاند، هەر ئێستاش لە ناو ڕابەرایەتی حزبی دێموکراتو کۆمەڵەدا دەستەڵاتیان بە دەستەوەیە، ئەوە خۆی مەترسیە بۆ ئەوڕۆو بۆ دوارۆژیش!

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**برایم فەڕشی**: دەبێ ئەو فەرهەنگە کە مێژووی چەند هەزار ساڵەی لە نێوماندا هەیە، بگۆردرێ. دەبێ ئینسان وەک ئینسان ڕێزی لێ بگیردرێ، مافی بپارێزرێ، جا ئەو ئینسانە هەر کەسێک دەبێ ببێ.

نە تەنیا مافی هەر کەس بپارێزرێ بۆ هەر خەلافێکیش کە دەکرێ لە مەڕ ئازار گەیاندن یان زیان گەیاندن بە کەسان یان بە گروپو دەستەو میللەتێک، دەبێ لێپرسینەوە هەبێ. تا ئەو کاتەی حزبەکانی کۆمەڵەو دێموکرات بە سەراحەتو بە ڕوونی ئاوڕ لە شەڕو پێکدادانەکانی نێوانیان نەدەنەوەو ڕاستیەکان لەگەڵ خەڵک باس نەکەن، هەم گەرای شەڕی ناوخۆ دەمێنێ، هەم دڵنگەرانی خەڵک.

شەڕی دێموکراتو کۆمەڵەش یەک شەوە ڕووی نەدا، ئەوە سەرئەنجامی کۆمەڵێک کوشتنو تیرۆر بوو کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ەوە لە کوردستان دەستی پێکرد هەتا بوو بە شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات.
ئەگەر باس لە پرۆژە بکرێ، من لام وایە ئەوە پرۆژەیەکی میللیە، نە تەنیا بۆ کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. فکری شەڕو شەڕ خوازیو پەنا بردن بۆ توندوتیژی بۆتە فکر، بۆتە عادەت، بەشێک لەو فەرهەنگە لە ڕێگای ئایینی جیاوازەوە چۆتە ناو فەرهەنگی خەڵکەوە. بۆ بنەبڕ کردنی ئەو فەرهەنگە کاری زۆر پێویستە. حزبەکان دەیانتوانی زۆر کارساز بن بۆ گۆڕینی ئەو فەرهەنگە، بەڵام ئەوان خۆیان پەرەپێدەری توندو تیژی بوونو ئێستاش بەشێک لە گرفتەکانیان بوونی ئەو فەرهەنگەیە لە ناویاندا.

**پرسیار**: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**برایم فەرشی**: هەر وەک پێشتر باسم کرد، من هیچ دڵنیا نیم. بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە کۆمەڵگای ئێمە لە کوردستان زۆر گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینەوەو لە حاڵی گۆڕین دایە. کردنەوەی دەرگاو پەنجەرەی جیهانیش بەرەو ڕووی خەڵکی کورد لە ساڵانی ڕابووردو بە هۆی پێشکەوتنەکانی مێدیاو تەکنیکی ڕاگەیاندن، یارمەتی گەشە کردنی عەقڵەیەتو فەرهەنگی ئەمڕۆیی دەدا.

باوەڕم بەوە هەیە ئێمە چ بمانەوێ‌و چ نەمانەوێ لەو گوندە جیهانییەدا دەژین، هەر ئەوە لە زۆر لایەنەوە هانمان دەدا کە عاقڵتر لە ڕابووردو لە گەڵ خۆمانو کەسانی دی بجوڵێینەوە. هەرچەند فەرهەنگی شەڕو شەرخوازیو بە کار هێنانی توندو تیژی لە نێو ئێمەدا هێشتا ماوە، بەو حاڵە نە حزباکانو نە خەڵکی دیکە دەرفەتی سی ساڵ لەوە پێشیان پێنادرێ، بۆ چارەسەری کێشەکان پەنا بۆ چەک بەرن.

کوردستانی ئەمڕۆی ئێمە لە هەموو لایەنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی|و ژێربینای ئیقتیسادی گۆڕانی بنەڕەتی بە خۆیەوە دیتووە. هەر وەها بوونی سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی وڵاتو تێکەڵبوون لە گەڵ ژیانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یارمەتی بدات بە پاشەکشە پێ کردن بە فەرهەنگی دەست بۆ چەک بردن.

هەر وەک باسم کرد لە بەر ئەوەی هێزی سەرەکی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتە، بە لە بەر چاوگرتنی ئەو پارامەترانەی کە باس کرا، هێزو توانا زۆرترە بۆ پێشگرتن لە بە کار هێنانی چەکو پەنا بردن بۆ توندو تیژی.

هەر بۆیە حزبەکان دەبێ ئەو فکرە لە کەلەی خۆیاندا بسڕنەوە، کە سبەی ڕۆژێ بە چەکەوە بگەڕێنەوە کوردستانو دیسان ببنەوە بە عەمەر پاشا. هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری تەفاهومو هاوکاری کردن لە گەڵ یەکتر دابنو ڕێز لە کەسانو هێزی سیاسی دیکە بگرن کە لە دوارۆژدا پێک دێن. خۆ هەڵواسین بە ڕابووردووەوە بۆ ئەوەی داهاتوو بخەیەی چنگی خۆت، نە لە فەرهەنگی سیاسیدا مانای هەیەو نە سیاسیشە. هەر زەمانو سەردەمێک ڕۆڵەی خۆی هەیە، ڕۆڵەکانی سەردەمی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە لە دایک بوون، باوەڕ بێنین بەو ڕۆڵانەو بەو هێزەی کە لە ناوخۆی وڵات هەیە.

**پرسیار**: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ.

**برایم فەرشی**: ئەوەی وەک تەجروبە لە باشووری کوردستان هەیە، پێکهاتنە بۆ شەڕ نەکردن لەگەڵ یەکتر، تەوافقی وا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەتوانێ سەر بگرێ.

بەڵام هەر وەک باس کرا لەوە گرنگترە ئەوەیە ئێمە فەرهەنگی ڕێز لە یەکتر گرتن پەرە پێ بدەین. حیزبەکان دەتوانن ئەو مەبەستە وەک دەرس لە ناو کەسەکانیاندا بڵێنەوە. بۆ بەرگری کردن لە پەنا بردن بە تووند وتیژی پرۆژەی پەروەردەیی هەمە لایەن هەیە، دەکرێ بەکار بهێندرێ. بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگاو دوورە پەرێزی لە توندوتیژیی، کە کارێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیو پەروەردەییە، دەبێ لە ئێستاوە دەست بەکار بین. لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو پرۆسەیە هەر لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێدەکات.

ئێمە وەک کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان چ لە بنەماڵەکانی خۆماندا و چ لە سیستمی سیاسیو پەروەردەیی ئەو وڵاتانەدا هەمیشە بەرەو کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی هان دراوین، سڕینەوەی ئەو فەرهەنگە بەشێکە لە کاری گرنگی هەر تاکە کەسێکو سەرجەم حزبەکان. لە کۆمەڵگایەکی عەقڵانیدا بۆ چارەسەری گرفتەکان پەنا بۆ دیالۆگو گفتوگۆ دەبردرێ، چەک هەڵگرتنو پەنابردن بۆ چەک قووڵکردنەوەی گرفتەکانی لە دوایە. کۆمەڵگای ئێمەو هەر کام لە ئێمە پێویستمان بە پەرەدان بە فەرهەنگی دیالۆگە.

---

**بەڕێز برایم فەرشی لە چەند دێرێکدا:**

لە شاری بۆکان لە دایک بووە، خوێندنو پیشەی سەرەکی شانۆو بواری پێداگۆگیە، دەربارەی فەرهەنگو هونەرو جاروبار سیاسەت دەنووسێ.

چەند ساڵێک لە کوردستانو ئێران چالاکی حیزبی بووەو لە بەشی ناوەندی تەبلیغاتی "سازمانی جەوانانی پیشگام"و "کارگای هونەری ئێران " لە تاران کاری کردوەو سەردەمێکیش بۆ هەفتەنامەی ئەکسەریت کە لە ئوروپا دەردەچوو چەند گۆواری دیکەی فارسی زمان لە ژێر ناوی تردا لە سەر کوردستان شتی نووسیوە.

ماوەی چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆواری ئاڵمانی زمانی "کوردستان هویتە" بووە. ٢٢ ساڵە ئەندامی یەکیەتی پێداگۆگەکانی ئاڵمانەو چەند ساڵێک بەرپرسی بەشی نێونەتەوەیی‌و ئینترکولتوری ئەو دەزگایە بووە. ئێستا ئەندامی رێداکسیۆنە. کۆمەڵێک لە کتێبەکانی لە کوردستانو دەرەوە چاپ کراون، زۆرێک لە نووسراوەکانی لە گۆوارەکانی نێوخۆی وڵاتو لە رێگای ئینترنێتەوە بڵاو کراونەتەوە، ماوەی دە ساڵ بەرپرسی ناوەندی شانۆی کۆچەر لە شاری کۆڵنی ئاڵمان بووە، هەروەها ٨ ساڵ یەکێک لە بەرپرسانی ماڵپەڕی بۆکان بووە.

لە ئاڵمان دەژیو وەک دیپلۆی شانۆپێداگۆگو دارێژەری سیستمی فێربوون کار دەکا. بەشێک لە کارەکانی شانۆیی بە زمانی کوردی، فارسی‌و ئاڵمانی لە کوردستان، ئێرانو ئاڵمان پێشکەش کراون، لە وانە مانگرتن (١٩٧٩)، خودموختاری یانی چی (١٩٧٩)، زەوی (١٩٩٦)، ماندانا (١٩٩٧).

بە پێی بەراوەردی کامپیوتێر تا ساڵی ٢٠٢٣ لە ژیاندا دەمێنێ‌و بڕیارە جەندەکەکەشی لە چاڵ نەندرێ، بەڵکە بسوتێندرێ.

ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

-----------------------------------------------------

## دوکتۆر حوسێن خەلیقی: سەد لە سەد، شەڕی نیوخۆیی دەس پێدەکا



**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چیە؟

**د.حوسێن خەلیقی**: بە کورتی لەبەر هەست نەکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر چارەنووسی خەڵکی کوردستانداو سەرقاڵبوون بە کێشەی نێوخۆیی لە لایەکو ململانێ لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکە لە لایەکی تر. هەروەها ونبوونی ئامانجی سەرەکیو دانانی ویستی پلەخوازیی رێکخراوەیی لە جێگای ئەو ئامانجە کە بریتییە لە خەباتی هاوبەش بۆ رزگاری خەڵکو خاکو سرینەوەی هەر شێوە چەوسانەوەیەکی باو.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاری و کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟.

**د.حوسێن خەلیقی**: کاتێک رێکخراوێک، بە لارێدا، رێنوینی کراو ئە ندامەکانی لە بیری ململانێدا بوون لەگەڵ یەکترو گشت تێکۆشانیان، تەرخان کرد بۆ بەزاندنی یەکترو وەدەستهێنانی پلەی رێکخراوەیی، کۆ دەنگی چلۆن دیتە ئاراوە؟!

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**د.حوسێن خەلیقی**: کاتێک پرژوبڵاویو نەخویندنەوەی دۆخەکەو کەڵوەکێشیی بۆ خۆسەپاندن هەم لە نێوخۆی رێکخراوەکانداو هەم لە دەرەوە، بەرچاو دەکەوێ، قۆزتنەوەی دۆخی وەها نەگونجەو ئاکامەکەشی دەبێتە ململانێ بۆگەیشتن بە دەسکەوتی کاتیوسەرئەنجام زاڵبوونی دوژمن بە سەریانداو بە فیرۆدانی رەنجی چەندین ساڵە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرش و بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**د.حوسێن خەلیقی:** یەکەم مەترسی، وەک وتم، دەسپێکردنی تەقەو لێکدانە لە نێوان خۆیانداو دووەم مەترسی، لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەوە، زاڵکردنی دوژمنە بە سەر دۆخەکەداو سییەم، بێ هیوا کردنی خەڵکو چوارەم، بە فیڕۆدانی خوێنو رەنجی خەباتەکەمانە.

**پرسیار:** قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگییەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**د.حوسێن خەلیقی:** سڕینەوەی گشت ئەو شوێنەوارانەیە کە لە وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوەدا، ئاماژەم پێکرد.

**پرسیار:** باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لە بەر قازانجی گشتیی لە سەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**د.حوسێن خەلیقی:** من، پێم وایە، لەم هەلومەرجەدا، جیاوازییەک ئەگەرهەبێ لە ناو دایە نەک ئامانجو ناوەرۆک. کەوابوو هۆی رێکنەکەوتنیان بۆ جیاوازی پەیڕەو پڕۆگرامەکانیان ناگەڕێتەوە، بەڵکوو وەک ئاماژەم پێکرد، هەژمونیو مەزنیخوازیو پلەخوازیو نەرەسیوی سیاسیو هەست نەکردن بە بەرپرسایەتی، هۆن بۆ یەکنەگرتن.

**پرسیار:** پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**د.حوسێن خەلیقی:** ئەگەر یەکنەگرن (کە ناگرن)و نەبنە خاوەن بەرنامەیەکی گونجاو بۆ پەیرەوی لێکردنو کێشەکانیان بەر لە رووداوی سەرەونخوونبوون، چارەسەرنەکەن، سەد لە سەد، شەڕی نیوخۆیی دەس پێدەکا.

**پرسیار:** ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە سەر ئەوە رێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**د.حوسێن خەلیقی:** ئەبێ ئەندامەکانی بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوانە، مێشکیان لە خۆ بەزلزانی، بیری خیڵایەتیو پلەخوازی خاڵی بکەن، ببنە خاوەن بیری نەتەوەییو خاوەن هەست بە بەرپرسیاریی لە بەرانبەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان، ژێر

بێژیی بکەنە بەشێک لە خوو خەدەی خۆیانو ئامانجە بەرتەسکەکانیان، لە بارەگای ئامانجی سەرەکیدا، بکەنە قوربانی. ئەمەش نیازی بە گۆرانکاری قووڵ لە فەرهەنگ بە گشتییەو بەم دەمودەستە بۆ منوتۆ دەسنادا.

.....................................................................................

**کورتەییەک لەسەر ژیانی بەرێز دوکتۆر حوسێن خەلێقی:**


لە دایکبووی سنە لە ساڵی١٩٣٧دا. پلەی خوێندەواری، دوکتورای فەلسەفە، ٢٢ ساڵ مامۆستایەتی لە پۆلی سەرەتایی، ناوەندیو ماموناوەندییەکاندا لە تاران، تەورێزو سنە. ١٥ ساڵ پێشمەرگایەتی لە پلەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا.

چلو شەش نووسراوەی لە بواری جۆراوجۆری وەک فەلسەفە، کۆمەڵناسی، عیرفان، مافی مرۆڤومێژوودا هەیە کە نیوەی زیاتریان چاپ کریاگە. ئێستا لە سوئید دەژیو بەرپرسی ئەنیستیتوی کورد لە شاری ستۆکهۆڵمە.

**رێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠**

---------------------------------------------------

**ئەحمەد ئەسکەندەری: شاردنەوەی راستییەکان، رێگا خۆش دەکەن بۆ هاندانی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبەکان دژی یەکتر**



**پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**ئەسکەندەری:** بۆ پێکهێنانی بەرە چەند پێشمەرجێک پێویستە کە لەوە ناچێت لە کاتی ئێستادا ئەم ئامادەگییە هەبێت. هەلومەرجێکی سیاسی لەبار کە تێیدا ئاسۆی لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە هێز لە لایەکی دیکەوە بە روونی بەدی بکرێت. هەرچەند کە خەڵک لە هەموو کوردستان خوازیاری پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانین، بەڵام زەبروزەنگی زۆر توندی هێزە سەرکوتگەرەکانو زیندانو ئێعدامو لە ئاکامدا دووربوونی هێزە سیاسییەکان لە مەیدانی خەباتی جەماوەری لە ناوخۆی وڵات رێگای وەدیهێنانی ئەم خواستەی خەڵک دژوار دەکاتەوە. کۆبوونەوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسی روون کە بتوانێت لانیکەمی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانو بەرنامەی هێزە سیاسییەکان لە خۆ بگرێت زۆر پێویستە. بۆ ئەم مەبەستەش رێکخراوەو حیزبگەلێکی سیاسی پێویستن کە بتوانن بە متمانە بە خۆو بە سەرکردایەتییەکی لێبراو بۆ ئەم مەبەستە قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵن.

هەرکاتێک هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن خۆیان لە دەسەڵات نزیک دەبیننو ئاسۆی رووخانی رژێم بەدی دەکەن زیاتر لە خواستەکانی خۆیان دێنە خوارو لەوانی دیکە نزیک دەبنەوە. هەر لە یەک ساڵو چەند مانگی رابردوودا چەند لایەنی سیاسی کوردستان لەبەر ئەوەی پێیانوابوو کە لەوانەیە رووخانی رژێم نزیک بێت، کەوتنە چەشنێک لە نزیکیو دۆستایەتی کە چەند مانگ پێشتر ئەو کارەیان نەدەکرد. بۆ مانگرتنەکەی بەهاری ئەمساڵیش بە دوای ئێعدام کردنی فەرزاد کەمانگەرو ئەوانی دیکەدا لە کوردستان، بە کردەوە هەموو هێزەکان خۆیان ناچار بینی کە پشتگیری بکەن لە رۆژی مانگرتنەکە لەبەر ئەوەی هەستیان کرد ئەگەر وانەکەن لەو دەسکەوتەوو لەو سەرکەوتنە بێبەش دەمێننەوە. هەرچەند زۆر بەداخەوە لەم هەلە زێڕینە کەڵکیان وەرنەگرتو هیچ دوو حیزبێک ئامادە نەبوون ئیمزای خۆیان لەژێر یەک راگەیەندراوودا دابنێن.

**پرسیار: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟**

**ئەسکەندەری**: وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد نەبوونی پێشمەرجەکان وا دەکەن کە ئەم کۆدەنگییە سەرنەگرێت. ناتوانین لەو راستییەش خۆ لابدەین کە زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ڤەیراندان. زەحمەتە بۆ سەرۆکایەتی حیزبێک یان کۆمیتەی ناوەندییەک کە لە ناوخۆدا پتەو نییەو لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی گرینگدا خەریکی ململانێ بێت بەڵام توانای کۆ کردنەوەی چەندین رێکخراوی هەبێتو روو بە دەرەوە بانگەوازی کۆ دەنگیو هاوکاری بکات. هیچکام لە رێکخراوەکانیش نەیانتوانییەو بە کردەوە ئۆتۆریتەیەو پێگەیەکی وەها لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا پەیدا بکەن کە هێزو توانای ئەوەیان پێببەخشێت چەندین حیزبو رێکخراو لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە ڤازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**ئەسکەندەری**: ئەمە پرسیارە ناکرێت بە دڵنیاییەوە وەڵام بدرێتەوە. مەبەست لە ئاڵوگۆڕ چییە؟ ئاڵوگۆڕ لە هێندێک گۆڕانکاری لە رووکەشی کۆماری ئیسلامییەوە دەگرێتەوە هەتا گۆڕانی بنەڕەتیو تێکشکانی دامو دەزگای دەوڵەتی. کاتێک دەڵێین سەرجەم هێزە کوردستانییەکان دەبێت بزانین مەبەست کامانەنو ئایا چ هێڵێک هێزێکی کوردستانی لە هێزێکی "ناکوردستانی" جیا دەکاتەوە. هەر چۆنێک بێت، هەر ئێستایش دەبینین کە هەڵوێستو بۆچوونو لێکدانەوەی هێندێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لێک نزیکنو شیمانەی ئەوە دەکرێت کە بتوانن لەسەر پلاتفۆرمێکی دیاریکراو پێکەوە هاوکاری بکەن.

پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا، جا بە هەر ڕادەیەک بێت، وا دەکات کە هێزە سیاسییەکان بە خێرایی بکەونە خۆو چاوپێکەوتنو دانیشتنەکان بۆ گەیشتن بە چەشنێک لە هاوکاری چڕ دەبێتەوە. دیارە هەمووشیان ئەوە دەڵێن کە مەبەستیان لە سیاسەت کردنو چالاکی سیاسی گەیشتنە بە مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان. من وا چاوەڕوان دەکەم کە ئەگەر هەلومەرجەکە وەهای لێبێت کە ئاسۆی بە دەستەوە گرتنی بەشێک لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان نزیک بێتە پێش چاو، لایەنە سیاسییەکان بە پێی ئەزموونی ٣١ ساڵی رابردوو توانایی ئەوەیان هەیە کە خۆیان لەگەڵ دۆخە تازەکەدا بگونجێنن. پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە لەوەها دۆخێکدا چەندە رۆڵو بایەخی سەرۆکی رێکخراوو خودی هێزە سیاسییەکە بەرجەستە دەکرێتەوەو ئەو کارە بە ناوی "بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان" بۆ خەڵک باس دەکەن. دوو دیاردە لە کاتی ئێستادا بارودۆخەکە لەگەڵ بۆ نموونە کوردستانی بیست ساڵ لەمەوبەردا جیا دەکاتەوە. یەکەم ئەوەیە کە ژمارەی هێزە سیاسییەکان زیادیان کردووەو هەڵبەت لە ناو خەڵکیشدا ئەم دیاردەیە خۆی نیشانداوەو وانییە بڵێین چەند کەسێکنو

بۆ خۆیان حیزبێکیان پێکهێناوە. دووهەم، دیاردەیەکی گرینگی ئەم ساڵانەی دوایی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە خەڵک لە ئاستێکی وشیاری بەرزدانو ئەوان لە وەها وەرچەرخانو ئاڵوگۆڕێکدا دەتوانن لەسەر ڕەوتی رووداوەکان کاریگەری زۆریان هەبێت. ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کتوپڕدا لە ئێران دەتوانن بە ڕەچاو کردنی ئەم دوو دیاردەیە پابەندبوونی خۆیان بە پێوەرەکانی دێموکراسیو بەشداریدانی خەڵکو هەموو لایەنەکان نیشان بدەن؟ وەڵامی ئەرێنی بەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**ئەسکەندەری**: خەڵک لە ناخۆی کوردستاندا هەمیشە لایەنگری تەباییو هاوکاری نزیکی رێکخراوە سیاسییەکانن. ئەمەش هەڵبەت تایبەت بە کوردستان نییەو لە زور شوێنی دونیا وایە. بەڵام لە روانگەی خەڵکەوە دابەشبوونی حیزبەکانو هاوکاری نەکردنیان بۆتە هۆی هەست کردن بە مەترسی. بە تایبەت لە یەک دوو ساڵی رابردوودا چەندین دەرفەت هاتە پێش کە لانیکەم دوو، سێ یان چەند رێکخراوی سیاسی دەیانتوانی یەک هەڵوێست بنو پێکەوە راگەیاندنێک ئیمزا بکەن. بەڵام بە داخەوە ئەو کارەیان نەکرد. ئەمە لەسەر خەڵکو پێوەندی ئەوان لەگەڵ هێزە سیاسییەکان کاریگەری خراپی هەبووە. نەبوونی کۆدەنگیو هاوکاری بە کردەوە هەڵبەت بۆ دەرەوەی کوردستانیش کاردانەوەی خراپی دەبێت. هێزە سیاسییەکانی ئێران دەکەونە کێبرکێ بۆ ڕاکێشانی ئەم یان ئەو حیزبی کوردستان بە مەبەستی پتەوکردنی پێگەی سیاسیو بەرژەوەندی خۆیان. جاری وایە دەبینرێت ئەم چەشنە هاوکارییە تەنانەت لە ڕوانگەی پرۆگرامی خودی هێزە کوردییەکەشەوە زۆر بە قازانج نییە. هەڵبەت ئەوەش نابێت لە بیر بکەین کە چ لە سەر کێشە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاو چ لەسەر سیاسەتی ئاستی ئێرانو ناوچەکەو جیهاندا جاری وایە حیزبێکی کوردی لە فڵانە حیزبی ئێرانییەوە نزیکترە هەتا فڵانە رێکخراو لە کوردستان. ئەم دیاردەیەش وەنەبێت تەنها لە کوردستاندا ببینرێت.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگییەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**ئەسکەندەری**: لەبەر ئەوەی کە جیا لە هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان، ستەمی میللی بە درێژایی مێژوو قورسایی کردووە بەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستاندا، هەر چەشنە کۆدەنگیو پێکهێنانی هاوکاری لەسەر ئەو خاڵانەی کە دەگەڕێتەوە سەر کێشەی گەلی کورد لە گەڵ حکوومەتی ئێران، بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. دوو حیزبی سیاسی دەتوانن



سەرچاوە Serchawe

وەڵامی جیاوازییان هەبێت بۆ باری ئابووری داهاتووی کوردستانو بۆ کێشەکانی ناو کۆمەڵگا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانن پێکەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هاوکاری بکەنو بەم چەشنە بە هێزو توانایەکی زۆرترەوە لە بەرامبەر حکوومەتی ئێراندا بوەستن. لەوە زیاتریش، لەبەر ئەوەی پرسی کورد پرسێکی گرینگی رۆژهەڵاتی ناوەراستەو کاردانەوەی جیهانیشی هەیە، ئەم هاوکارییانە دەتوانن لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دۆستانێکی زۆر پەیدا بکەنو زیاتر حیسابی بۆ بکرێت. لە وەها حاڵەتێکدا ئێرانیش ناچارە بە پارێزەوە سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر بە کێشەی کورد دابرێژێت.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**ئەسکەندەری**: بەڵـی پێموایەو هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، خاڵی هاوبەش لەسەر ئەمانی ستەمی میللی لە کوردستان هەیەو دەکرێت بەرجەستە بکرێنەوە. کێشەکە لەوە دایە کە لایەنێک بانگەشەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە دەکاتو یان کەسێک پێی وایە ئەو دەبێت رێبەرایەتییەکە بە دەستەوە بگرێتو هەموو ئەمانەش بە ناوی قازانجو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە دەکرێت. بە داخەوە سی ساڵە لە کوردستان نە هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبووە کە هێزە سیاسییەکان قورسایی خۆیانو پێگەی کۆمەڵایەتی راستەقینەی خۆیان بزانن، نە وەکوو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، یان لانیکەم وەکوو تورکیا ئەو دەرفەتە هەیە کە راپرسی بکرێت لە ناو خەڵکدا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پێگەو قورسایی هێزەکانی کوردستانو سیاسەتەکانیان.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**ئەسکەندەری**: فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆی ناو رێکخراوەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ساڵانی سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەدا زۆر جیاوازە. لێکدابڕان لە ناو خودی حیزبەکان، بارودۆخی تایبەتی باشووری کوردستان، گۆڕانکارییە گەورەکانی ناوچەکەو جیهان، کاردانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەو پێشرەفتی تەکنیکیو پێشکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندنو پەیدابوونی ساتەلایتو ئینتەرنێت، هەموو ئەمانە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکو هەروەها ئەندامانو لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکانی بەرز کردووەتەوە. تەنانەت ئەگەر حیزبێکیش بیهەوێت کێشەکان لە رێگای چەکدارییەوە چارەسەر بکات، زۆر زەحمەتە زەمینەی بۆ ئامادە بکرێت. گرینگ ئەوەیە بزانین چەندە ئەم یان ئەو رێکخراوە پابەند ئەبن بە پارێزگاری لە دیموکراسیو لە بەرامبەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤو ئازادییە مەدەنییەکاندا رادەوەستن. هەر چەند ناکرێت بە شێوەیەکی رەها ئەگەری



سەرچاوە
Serchawe

دەست بردنە چەک لە ناو حیزبەکاندا رەتبکرێتەوە، بەڵام من پێموایە زۆر زەحمەتە وەها کاردانەوەیەک بتوانێت لە لایەن خەڵکەوە قبووڵ بکرێتو هەڵگری وەها سیاسەتێک دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ دۆڕاندن لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا لە کوردستان.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**ئەسکەندەری**: هەتا کۆمەڵگاکە کراوەتر بێتو هەتا شەفافییەت لە هەڵویستی سیاسیدا زاڵ بێتو هەروەها رێز لە بیرورای تاکەکەسو لایەنی نەیار بگیرێت، شەڕی ناخۆیی زیاتر دوور دەکەوێتەوە. پێویستە کێشەکانی نێوان حیزبەکان لە سەر ئاستی میدیاکانو بەوپەڕی ئاشکراییەوە باسیان لێوە بکرێت. شاردنەوەی راستییەکانو بە نهێنی هێشتنەوەی بارگرژییەکان رێگا خۆش دەکەن بۆ هاندانی ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزب لە دژی ئەو حیزبەکەی دیکە. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرینگە بەشداریدانی خەڵکە لە پرۆسەی کێشەکانو گیروگرفتی پەیوەندی نێوان رێکخراوە سیاسییەکاندا.

**پرسیار**: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایوایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**ئەسکەندەری**: ئەگەر بڕوانینە پەیرەو پرۆگرامی حیزبەکانو چاوپێکەوتنەکانی رێبەرانیان ئەوە هەمووان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوپەڕی رێزیان هەیە بۆ ئازادیو هەڵسووڕانی سیاسی. لەبەر ئەوەی -زۆر بەداخەوە- هیچ بەشێک لە کوردستان لە ژێر دەستی حیزبەکاندا نییە، ئێستا ناکرێت پابەند بوونی ئەوان بە پێوەرە دێموکراتیکەکان هەڵسەنگێندرێت. هەر چەند پابەند بوون بە دێموکراسی لە ناو رێکخراوەدا لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لاواز بووە، بەڵام هۆکار زۆرەو لە هەڵوێستی زۆربەی هەرە زۆری رێبەرانەوە دەردەکەوێت کە ئەوان ئامادە نین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان دەست بدەنە چەک. ئەوەش راستە کە هەڵوێستی سەردەمی ئاشتی لەگەڵ کاردانەوەی سەردەمی کێشەو لە مەترسی کەوتنی بەرژەوەندی حیزبیو تاکەکەسیدا زۆر جیاوازە.

**پرسیار**: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**ئەسکەندەری**: لە پرسیارەکانی پێشوودا تا ڕادەیەک ئەم بابەتە هەڵسەنگێندراوە. خۆتێگەیاندنی کۆمەڵانی خەڵک پێموایە رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. نابێت چاوەڕان بین شەڕ دەست پێبکات ئەوەدەم چالاکییەکان بۆ ڕاگرتنەکەی بکەوێتەگەڕ. گرینگ



سەرچاوە Serchawe

ئەوەیە هەر بە دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی ناکۆکیو ئەگەری پەیدابوونی تەقەو پێکدادان، بکەوینە خۆ و زۆر بە توندی کاردانەوەمان هەبێت. حیزبی ئەلف ئەبێت ئەوە بزانێت کە بە دەستپێکردنی شەڕ، کەس بۆ ئەوە ناگەڕێت بزانێت کێ بوو یەکەم جار تەقەی کرد، بەڵکوو داواکارییەکە ئەوەیە کە دەستبەجێ شەڕەکە ڕابگرن. مەحکووم کردنی شەڕ لە ژێر هەر نێویکداو بانگەوازی ئەوەی کە کێشەکانی ناوخۆ دەبێت لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکرێن. ئەمانەن ئەو خاڵانەی کە پێویستە حیزبەکان لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ یەکترو لە کاتی ئاشتیو تەباییدا دەبێت بە ئاشکرا لە سەر میدیاکانی خۆیان باسی لێوە بکەنو پابەندبوونی خۆیان دەرببڕن.

---

**بەرێز ئەحمەد ئەسکەندەری لە چەند دێڕێکدا:**

ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سەقز لە دایک بوە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەو شارە تەواو کردەوە. پاشان بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زانکۆی شیراز زەوی ناسیو جیۆلۆژی خوێندوە. دواتر لە شیرکەتی نەوت، لە سەر چاڵە نەوتەکانی خوزستان بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکوو ئەندازیاری زەویناسی کاری کردوە.

ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ لە زانکۆی بۆردۆ لە وڵاتی فەڕانسە لە بواری هیدرۆژیئۆلۆژی واتە زانستی ئاوی ژێرزەمینی، درێژەی بە خوێندن لە ئاستی باڵادا داوە.

ساڵی ١٩٧٩ لە شاری سەقز چالاکانە بەشداری لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا کردوە، ئینجا لە دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدیندا بۆ ماوەی چوارساڵ تێکۆشاوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢دا، وەکوو نوێنەری ناوبراو لە دەرەوە تێکۆشاوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٤دا چۆتە نێو ریزەکانی کۆمەڵەو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو رێکخراوەدا چالاک بوە. هەروەها ئەندامی نوێنەرایەتی دەرەوەی کۆمەڵە لە وڵاتانی ئەورووپادا بوە، ساڵی ١٩٩٤ بە تەواوەتی وازی لە رێکخراوی کۆمەڵە هێناوە.

ناوبراو، چالاکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییە. هاوکات لەسەر بزووتنەوەی کوردستان بە گشتیی لێکۆڵینەوە، لێدوان، نووسین‌و وەرگێرانی هەیە، لە بواری یەکسانی‌و کێشەی ژنان‌و بەشداری لە کۆڕو کۆمەڵ‌و کۆنفرانسی جۆراوجۆردا چالاکە، هەروەها چەند دەقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەم بەستێنەدا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------------------

## **بابا شێخ حوسێنی**: زەحمەتە لایەنەکان بتوانن هەلەکە بە قازانجی گەلی کورد بقۆزنەوە.



**پرسیار**: بەباوەری ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەری کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**حوسێنی**: زۆرجار باس لە هۆکانی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی کراوە، لەو باسانەدا بەشێک لە کۆسپەکان لە پێوەند بە پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی دەست نیشان کراون، بەڵام پێم وایە هیچ کات وەڵامی تەواو بەو پرسیارە نەدراوەتەوە. باش وایە ئەو راستیە باس بکەم کە لە رابردوودا باسی پێک هاتنی بەرەی کوردستانی بەرادەی ئێستا گەرم و گۆرو جێی بایەخ نەبوو. لە رابردوودا ئەگەر باس لە بەرەی کوردستانی دەکرا، لایەنەکان مەرجیان دادەناو یا لە بنەرەتدا باوەریان بە بەرە نەبوو، لایەن هەبوو داوای دەکرد لە بەرەی کوردستانی‌دا دەوری زیاتری هەبێ، بەڵام لە ئێستادا، ئەو شەرتانە کەم رەنگ بوونەوەو باس ناکرێن لە هەمان کاتدا باس کردن لە بەرە گەرمو گوڕترە. هۆی سەرەکی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە ئێستا جیابوونەوە لە نێو لایەنە سیاسییەکان‌و هەروەها نەبوونی بریاری جیددی‌و لێبراوانە بۆ هەست نەکردن



سەرچاوە
Serchawe

بە بەرپرسایەتی تێکرای لایەنە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە. بە باوەری من ئەوانە بەربەستی سەرەکین لە رێگەی پێک هاتنی بەرەی کوردستانی.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەمو زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەرناگرێ؟

**حوسێنی**: کاتێک لایەنە سیاسیەکان شیروتیغ لێک دەسوونو دەمە بە دەمەو جەنگی لەفزیو هێندێک جار شەری فیزیکیان لە نێواندا روودەدا، ناکرێ چاوەروان بین کە لە پێوەند بە پرسە پێوەندیدارەکان بە هەمووان یەکدەنگیو یەک هەڵوێستی لە نێوان تێکڕای لایەنەکان ببینین. بۆیە ئەگەر کۆدەنگی هەبێ، بۆ نمونە لە راگەیێندراوێکی هاوبەش دا، ئەویش تەنیا چەند لایەن لەسەری ساغ دەبنەوەو تێکرایی نیە.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلو مەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆرێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**حوسێنی**: وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکە، هەلو مەرجی ئەوکات دەیداتەوە. بەڵام بە بەراوردی من بەو وەزعەی ئێستای جولانەوەی کوردو هێزو لایەنەکانی کوردستانی تیدایە، زەحمەتە لایەنەکان بتوانن هەلەکە بە قازانجی گەلی کورد بقۆزنەوە. بە داخەوە پێوەندییەکان لە حاستێکی باشدا نین. بە بەردەوام بوونی ئەو هەلو مەرجە نەک ناتواندرێ لە کاتی سەرهەڵدانی ئاڵو گۆرەکاندا، کارێک بە قازانجی گەلەکەمان بکرێ، بەڵکو ئەگەر هەر وەک ئێستا لایەنەکان پێوەندییان ناسالم بێ، وەزعەکە مەترسی داریش دەبێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهێناوە؟

**حوسێنی**: پرشو بڵاوی هێزو لایەنەکان بۆتە هۆی ئەوە کە جولانەوەی کورد وەک پێویست نەتوانێ پشتیوانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشێ، هەروەها خاوەن پشتیوانیو جەماوەرییو تەنانەت رەوابوونی جولانەوەکە بە تەواویو بێ کەمو کۆری لە لای ناوەندە جیهانیەکان بسەلمێنی. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە بەتەواوی وەک ئەوەی ئارەزوی دەکەینو مەبەستمانە نەتواندراوە سەرنجی جیهانی بۆ لای جولانەوەی کورد راکێشێ. لە نێو خۆشدا هاونیشتمانان کەم موتمانەییو نەبوونی

ئیعتبارو بایەخیان بەرانبەر جوڵانەوەی کورد لە لا دروست بووە، کە ئەوانە مەترسین. بەو شێوەیە ئاکامەکە ئەوە دەبێ کە پرسەکەمانو کاروانەکەمان بە بوونی ئەو پرشو بڵاویە دوا بکەوێو زیانی گەورە ببینێ.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟

**حوسێنی**: ئاشکرایە کۆدەنگیو یەک ریزی لە نێوان هێزەکانی کورد فاکتەرێکی گرینگە بۆ ئەوەی کورد بە مافە بنەڕەتیەکانی بگا. ئەگەر کورد پرشو بڵاو بێ، هەر وەک چۆن لە رابردوو لە ساڵەکانی سەرەتای موقاوەمەتی شۆرشگێرانە لە بەرانبەر رژیمی ئێران بینیمان پرشو بڵاوییەکان زیانی زۆری لێ داین. بێگومان بەو حاڵە ئێستا جوڵانەوە کوردی تێدایە ناتوانین دیفاع لە ویستەکانمان بکەینو ئەوەی مەبەستی سەرەکیە، یان هیچ نەبێ بەشێک لەویستەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکرێن. بۆیە پێش هەر کارێک زەرووره هێزەکانی کوردستانی لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بگەنە رێکەوتن لە بەر مەسلەحەتی تێکراییو خەباتی چەند ساڵی گەلی کوردو خوێنی شەهیدان.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان‌دا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبەکەون؟

**حوسێنی**: قسەی تێدانیە کە خاڵی هاوبەشو بنەڕەتی لە نێوان لایەنەکان هەیە، بەڵام بە داخەوە کەمتر قازانجی گشتی لەبەر چاو گیراوەو زیاتر گرینگی بە ویستو حەزی شەخسی دەدرێ. بە باوەری من هەمووان لەو چوارچێوەدا تاوانبارو یا باشترە بڵێم خەتایان هەیەو کەمتر گوێ بە قازانجی گشتیو نەتەوەیی دەدەن.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسیەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**حوسێنی**: پێم وایە ئەگەر رێگە بووایەو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێ گەڕایە لە کوردستانی عێراق شەڕ دروست دەبوو، بۆیە ئەگەر ئەو هەلومەرجەی ئێستاو ئەو پێوەندییە ئاڵۆزو ناسالمەی ئێستا لە نێوان لایەنەکاندا دەبیندرێ لە دوای چوونەوە بۆ وڵاتیش بەو شێوە بەردەوام بێ، بێ گومان کێشەو جەنگ نەزیکو ئەگەری زۆرە.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژێیەکتان هەیە؟

**حوسێنی**: سازمانی خەبات بڕیاری داوە بە هیچ شێوەیێک تێکەڵ بە شەڕو کێشە نەبێ‌و بەوپەڕی لەسەرەخۆیی‌و بە دروستی‌و بەرپرسانە لەگەڵ رووداوەکان هەڵسوکەوت بکا. لە پێوەند بە بەشی دوایی پرسیارەکەت وەک چۆن لە ئێستادا، پێوەندیمان لەگەڵ تێکڕای لایەنەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەیە، بەردەوام تێدەکۆشین کەڵک لەو پێوەندییە سالمەمان وەرگرین بۆ رێگرتن لە جەنگو ناکۆکی، ئەگەر بە قسەمان بکەن. دیارە بۆ رێگە گرتن لە جەنگو شەری ناوخۆیی هەوڵی پێویست دەدەین‌و ئەرکە بنەڕەتی‌و بەرپرسایەتیەکان بیر دێنینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هومێدوارم هیچ کات شاهیدی جەنگێکی دیکەی نێوان رۆڵەکانی کورد نەبینەوە. پرۆژەی ئەوتۆمان بۆ رێگە گرتن لە جەنگ نییە، چوونکە ئەوە گەشەی فەرهەنگی یەک تر قەبووڵ کردن‌و هەستی قووڵی نیشتمان پەروەری‌و بەغەمەوە بوونی چارەنووسی گەلەکەمان رێگە دەگرێ لەجەنگو ئەگینا پرۆژە هیچ کات رێگر نابێ لە کێشەو جەنگ.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**حوسێنی**: سازمانی خەبات قوربانی پێشێلکارییەکانی ئازادی هەڵسورانی سیاسی بووە. بێگومان بەو بیرەوەریە تاڵو ناخۆشانەی لە فشارەکان‌و پێشێلکاری مافەکانمان‌و رێگە گرتن لە بەردەم کارو چالاکی سیاسی‌و هەڵسوورانی تەشکیلاتیمان دەکرا، لە لایێکو سیاسەتو بەرنامەی سیاسی‌و تەشکیلاتیمان لە لاییەکی دیکە، وامان لێدەکا پێبەندی ئازادی هەڵسورانی سیاسی بین. بەو شێوە بیر کردنەوەمان هیچ کات بۆ یەک لایی کردنەوەی کێشەکان دەست بۆ چەک نابەین.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشەخەری ئەو ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**حوسێنی**: زۆر جار لە کۆبوونەوەکاندا باس لە قێزەونی‌و خراپی‌و زیانباری شەری ناوخۆ کراوە. دیارە ئەو پرسیارەی بەرێزت شتێکی زۆر باشەو ئەگەر پێکهاتنی بەرەی کوردستانی زەحمەتە، هیچ نەبێ با بڕیارێکی جیددی بدرێ کە بۆ یەک لایی کردنەوەی کێشەکان دەست بۆ چەک نەبین. لە کۆبوونەوەکانی سازمانی خەباتدا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستان، باس لەوە کراوە کە بتواندری شەڕی براکوژی‌و سەنگەر لە یەک گرتن بە یەکجاری حەرام بکری‌و هەموو لایێکیش لە قسەدا لەسەر ئەوە هاوڕان، جا ئایا کردەوەی پێ دەکرێ؟

ئەوش لە داهاتوودا دەردەکەوێ.

--------------------------------------------------------------------

**کورتەیەک لەسەر ژیانی بەرێز بابا شێخ حوسێنی، سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران:**

بابە شێخ حسێنی ساڵی ١٩٦٧ی زایینی، لە شاری بانەی کوردستانی ئێران لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بۆتە پێشمەرگەو درێژەی بە کارو چالاکی سیاسیی‌و پێشمەرگەیی داوەو لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٨٣ی سازمانی خەباتدا کە لە شارۆچکەی ماوەت لە کوردستانی عێراق بەستراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو رێکخراوە هەڵبژێردراوە. پاشان لە کۆنگرەی دووهەمی سازمانی خەبات لە ساڵی ١٩٨٦دا، بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی هەڵدەبژێردرێ، لە کۆنگرەی سێهەمی سازمانی ناوبراودا لە ساڵی ٢٠٠٤دا بە سکرتێری گشتیی هەڵبژێردراوە. هەروەها لە کۆنگرەی چوارەمدا دووبارە بە زۆرینەی دەنگ بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی هەڵبژێردراوەتەوە.

بابە شێخ حوسێنی لە بواری نووسین‌و وەرگێران‌و لێکۆڵینەوەی سیاسییدا چالاکانە کار دەکا.

ناوبراو لە مەیدانی نیزامیدا، تا ئێستا ٦ جار بە سەختی بریندار بووە. دەیان جار هەوڵی ترۆر کردنی لە لایەن ترۆریستانی {کۆماری ئیسلامی} ئێرانەوە دراوە؛ دواین هەوڵی ترۆریستی کە ئاشکرا کرا لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا بوە.

رێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

----------------------------------------------------

**ئاسۆ ساڵح: پەژاک بە ئێستاشەوە وەکوو هێزی "کلاسیکی کوردی" یا "ئۆردووگا نشین" یا "کەمپ نشین" ناو لە دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی ئێران دەبات.**



**پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**ئاسۆ ساڵح: بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە، سەرەتا پێویستە بزانرێت کە "بەرە" دیارەیەکی مۆدێرنە، بۆیە باس کردن لەم مەسەلەیە ئەبێ لە سەردەمێکی نزیک بێت، واتە بۆ وێنە بە لە بەرچاو گرتنی رەوشی کوردستانو ئێران، لە 35 ساڵ پێش ئێستا بەملاوە.**

**بەڕای من، لە ساڵانی دەیەی ٥٠ و ٦٠ هەتا دەگاتە سەرەتای دەیەی ٧٠، یەکێ لەو فاکتەرانە دەگەڕێتەوە بۆ رەنگو بۆی توتالیتاریسم لە گۆڕەپانی سیاسی، لە نێو دوو حیزبی سەرەکی، واتە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە. ئەگەر بڕوانینە وتەی رێبەران یا بڵاوکراوەی ئەو دوو حیزبە لەو ساڵانە، هەردووک بە شێوەی ڕاستەوخۆ خۆیان نوێنەری خەڵکی بندەستی کوردستانی ئێران ناساندووە.**

**هەر لەو ساڵانە، بوونی شەڕ لە نێوان ئەم دوو هێزە، بۆ ساڵەهای ساڵ رێگەی لە بەردەم بەرەیەکی سیاسی گرت. ئەم یەکە لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٧٠ و پاش جیابوونەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هێدی هێدی کەم بووەوەو ئەم دوو حیزبە کوردیە بەرەو لێک نزیک بوونەوە هەنگاویان نا. مەبەست لە باس کردن لەم دوو هێزە سیاسیە کوردیە ئەوەیە کە تەنانەت بە نەبوونی ئامارێک لە لایەنگرانو ئەندامانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بەڵام وا دەکەوێتە بەر چاو کە ئەم دوو هێزە، سەرەکی ترین هێزی سیاسی کوردستانی ئێران بوونەو بوونی ئەو دوو هێزە پێکەوە، لە بەرەیەک، بە مانای پێک هاتنی بەرەی کوردستانی لێک دەدرێتەوە.**



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام هەر لەم کاتە، واتە ماوەیەک پاش نەمانی شەری چالاکانەی چەکداریو لێک نزیک بوونەوەی دووبارەی حیزبەکان، هێزێکی دیکەی کوردی سەری هەڵدا بە نێوی "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان" یا پژاک. ئەدەبیاتی پەژاک هەر لە سەرەتاوە بەرانبەر بە حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەدەبیاتێکی کەمتر دۆستانە بوو وەکوو رەقیبێک سەیری ئەو هێزانەی دەکرد. پەژاک بە ئێستاشەوە وەکوو هێزی "کلاسیکی کوردی" یا "ئۆردووگا نشین" یا "کەمپ نشین" ناو لە دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی ئێران دەبات. لە بەرانبەریشدا، ئەو حیزبانە، پەژاکیان وەکوو باڵی کوردستانی ئێرانی پ.ک.ک لێک دەدایەوەو ئەو حیزبەیان وەکوو حیزبێکی سەربەخۆ لە قەڵەم نەدەدا. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەتمۆسفری سیاسی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە بەرەو پۆلاریزە بوون برِوا. ئەم مەسەلەیە ئیمکانی پێکهێنانی بەرەی کەمتر کردەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە.

لە پال ئەم فاکتەرانە، ئەبێ هەندێ فاکتەری دیکە بۆ پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران لە بەرچاو بگرین، وەکوو: رەوشی کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێرانو حیزبەکان، کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کاریگەری رەوشی باشووری کوردستانو هتد.

**پرسیار:** ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە، بۆ سەر ناگرێ؟

**ئاسۆ ساڵح:** هاوکاریو کۆدەنگی لەگەڵ پێکهاتنی بەرە جیاوازی هەیە. هەر ئێستا لە نێوان زۆربەی هێزەکاندا هاوکاریو کۆدەنگی هەیە، هەندێ جاریش ئەگەر هاوکاری بە شێوەی چوارچێوەدار نەبێ، بەڵام کۆدەنگی هەر هەیە، نموونەی هەرە دوایی، لێدوانەکانی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بەرانبەر بە کردەوە تێرۆریستیەکەی مەهاباد بوو. هەموو هێزەکان بە شێوەی جیاواز (یا لێدوانی هاوبەش)، ئەم تەقینەوەیان مەحکووم کرد، ئەمە مانای کۆ دەنگیە. بەڵام پێک نەهاتنی بەرە، دەگەرِێتەوە بۆ ئە هۆیانە کە گرینگترینیان لە وڵامی پرسیاری یەکەم باسی لێوە کرا.

بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێستا نەبوونی بەرەیەک لە نێوان هێزە کوردیەکان بۆتە فاکتەرێکی نێگاتیڤ بۆ هەموویان، بۆیە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ دەسپێکێک بێت بۆ پێکهاتنی ئەو بەرەیە.

**پرسیار:** پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆرِێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**ئاسۆ ساڵح:** ئەگەر هەرجۆرە ئاڵووگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بە شەرتێک کە بەرەو زۆرتر کردنو پێکهێنانی دیمۆکراسی لە ئێراندا بێت، دەبێتە هۆی باشتر بوونی ڕەوشی گەلانی ئێران، بە تایبەت گەلی کورد. لەم حاڵەدا هەموو هێزەکان دەکەونە فەزایەک کە پێویستە دیمۆکراتیک هەڵسووکەوت بکەن کە لە ئاکامدا بە قازانجی مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانە.

بەڵام لە حالەتی پێچەوانەدا، واتە ئاڵووگۆڕەکان بەرەو خراپتر کردنی ڕەوشی دیمۆکراسی لە ئێراندا بێت، ئەو کاتە من پێم وانیە هیچکام لەو هێزانە بە تەنیایی توانایی ئەوەیان هەبێت کە ڕەوشەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە. بەڵام پێکهێنانی بەرەو نزیک بوونەوەی هێزە کوردیەکان، دەتوانێ ئەم کارە بەرەو پێشەوە ببات.

خاڵێک کە لەم پێوەندیەدا گرینگە، ئەوەیە کە لە ژێر کاریگەری پروپاگەندی کۆماری ئیسلامی ئێرانو هەندێ لایەنی کوردی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێی وایە کە هەرکام لە حیزبە کوردیەکان، بەتەنیایی کاریگەریەکی ئەوتۆیان لە سەر خەڵک نییە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم هێزانە، کوردستان وەکوو ناوچەیەکی هەرە سیاسیو ستراتژیک لە چوارچێوەی جۆغرافیای ئێران لە قەلەم دەدەن کە خەڵکێکی سیاسیو ئاگای هەیە. بەڵام بە پێکهاتنی بەرەیەک لە هەموو هێزە کوردیەکان، دەتوانێ ئەم پروپاگەندەیە لاواز بکاو قۆرسایەکی تایبەت بە لایەنی کوردی لە ئێران بدات. نمونەی ئەم مەسەلەمانە بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوو بینیوە، بۆ وێنە: لێدوان بۆ مانگرتن لە ڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو یا لێدوان بۆ مانگرتن بۆ ئیعدامی چەند چالاکی سیاسی کورد کە وڵامدانەوەی زۆرینەی خەڵکە بەدواوە بوو بووە هۆی قورسایی هێزە کوردیەکان.

**پرسیار:** لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**ئاسۆ ساڵح:** لە ئاستی نێوخۆیی دەتوانی ببێتە هۆی بێ هیوایی خەڵکو هاوکات لاواز بوونی هێزە سیاسیە کوردیەکان.

ئەو بێ هیواییە کە لەناو خەڵک سەردەدا (یا سەری هەڵداوە) گرنگترین هۆکاری "ڕاوەستان"ێکە کە لە بارووودۆخی سیاسی کوردستان هاتۆتە ئاراوە. خەڵک هیوایان کەم بۆتەوە کە ئەم هێزانە بتوانن بە ئامانجەکانو داواکانیان بگەن. بە وتەی یەکێ لە چالاکانی سیاسی: شۆرش زۆری کێشاوە، خەڵک ماندوو بوونە.

لە ئاستی دەرەکیشدا، ئەم پەرشو بڵاویە دوو ئاکامی بە دواوە هەیە. یەکەم بە هۆی ئەوەی کە هەم لە نێو خەڵکی ئێرانو هەم خەڵکی دیکەش لە ناوچەو جیهان، داواکاریو خەباتی گەلی کورد بە یەک دەزانن، سەردانی دروشمی جۆراوجۆر، بە ئەدەبیاتی جۆراوجۆر، دەتوانێ لە لایەن مۆخاتەبانی "بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران"، وەک خاڵێکی لاواز بژمێدرێت. ئاکامی دوەمیش لە ئاستی دەرەکیدا، دەگەڕێتەوە بۆ دوژمنانی خەڵکی کورد، ئەوەش زۆرتر کردنی سەرکوتو گوشارە لە سەر خەڵک کە لە ئاکامی لاواز بوونی هێزە سیاسیەکان دێتە ئاراوە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**ئاسۆ ساڵح**: گرینگرین دەسکەوتی دەتوانێ یەکێتیەک بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. واتە گرتنە بەری رێگایەک، بە ستراتژیەکی یەکبوو تاکتیک گەلێکی هەماهەنگ. ئەم یەکێتیە، سەرەتایەکە بۆ: دروست بوونی هیوا لە نێوان خەڵک، چالاک بوونەوەی رۆڵی سیاسی کورد لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران، زۆرتر بوونی قۆرسایی بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانو هەموو ئەو خاڵانە کە لە پرسیارە پێشوەکان ئاماژەیان پێ کرا.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**ئاسۆ ساڵح**: پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە پێک هاتنی بەرە، بە مانای ئەوە نیە کە حیزبێکی دیکە بە لەبەر گرتنی هەموو حیزبەکان پێک دێت، تەنانەت بە مانای ئەوەش نییە کە ئامانج، ستراتێژی یا ئیدئۆلۆژی حیزبەکان دەگۆڕدرێت. بەرە، پێک هاتنە لە سەر خاڵە هاوبەشەکان. بە دڵنیاییەوە لە نێوان هێزە کوردیەکان خاڵی هاوبەش زۆرن، بۆیە پێک هاتن لە سەر ئەو خاڵانە دەتوانرێت ئاسانتر بێت.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟



سەرچاوە Serchawe

**ناسۆ ساڵح**: پێم وایە کولتورێکی سیاسی کە ئێستا لە سەر حیزبە کوردیەکان زاڵە، بە چوونەوە ناو وڵات دەگۆڕدرێت. خەڵک کاریگەری دەبێت لە سەر ئەو کولتورو گوتارە سیاسە کە زاڵە لە سەر حیزبەکان. لەم حاڵەتەدا مەتەرسی شەڕی نێوخۆیی دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی، چوون خەڵک ئەو ئیزنە نادەن بە حیزبەکانیان.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**ناسۆ ساڵح**: من وەک ڕۆژنامەوانێک هەوڵم داوە کە لە لایەک لە نێو خەڵک ئەو گوتارە زەقتر بکەمەوە کە ئامانجی هەموو هێزە کوردیەکان یەکەو دوژمنیش یەکە، لە لایەکی دیکەوە بە مۆخاتەب گرتنی حیزبە کوردیەکان، ئەو هیوایە کە لە نێوان خەڵک هەیە بۆ یەک بوونو یەکێتی، بگوازینەوە. بەڵام لەم بوارەدا پرۆژێکی تایبەتم ئامادە نەکردووە.

**پرسیار**: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**ناسۆ ساڵح**: من سەدی سەد باوەڕم بە چالاکی سیاسی هەیە، بەڵام لە فەزایەکی ئازاد. کۆمەڵناسان ئەڵێن ئەگەر مەجال بۆ کارو چالاکی سیاسی ئازادو لێگاڵ ئامادە نەبێ، چالاکی خەڵک دەچێتە ئاستی ژێر زەمینیو نهێنی. لەم حاڵەتەدا، شەڕی چریکیو چەکداری، دەتوانێ یەکێ لە هەڵبژاردەکان بێت.

ئەگەر چاو لە بارووDۆخی تەنانەت ١٠ ساڵەی ڕابردووی ئێرانو کوردستان بکەین، دەبینین لە سەردەمی خاتەمی کە هەندێ مەجال بۆ چالاکی مەدەنی بوو، هەندێ ڕێکخراوەو سازی مەدەنیو لێگاڵ پێک هاتن. بەڵام بە هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نەژاد، ئەم هەلە بۆ خەڵک نەماو هەموو ئەو ڕێکخراوانە، داخران. بۆیە چالاکانو خەڵک، یا ناچار بوون وڵات بە جێ بێڵن، یا پەنایان بۆ کاری ژێرزەمینی بردوە. تەنانەت هەندێ گرووپی چەکدرایش لە ماڵپەڕو وێبلاگەکان ناساندووە!

**پرسیار**: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە سەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**ناسۆ ساڵح**: دیالۆگ تەنیا لەگەڵ لایەنێک دەکرێ، ئەوەش لایەنی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ڕژێمی ئێران ئەو مەجالە بە کەس نادا کە لەگەڵی وتووێژ بکا. بۆیە بە پێی ئەزموون، ئەم کارە هیچ ئاکامێکی نییە! مەگەر ئەوە کە

گۆڕانکاریەک لە کۆماری ئیسلامی ئێران پێک بێتو باوەڕی بە هەندێ پرەنسیپی مافی مرۆڤی هەبێت کە ئەو کات پێم وایە ئەدی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە!

--------------------------------------------------------------------------------

**کورتەیەک لەسەر ژیانی بەرێز ئاسۆ سالح:**

لە دایک بووی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شاری پاوە سەر بە پارێزگای کرماشان، سالی ١٣٨١ لە بەشی ئەندازیاری ئەلەکترۆنیکی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە وەرگیراوە. ساڵی ١٣٨٢ بۆتە ئەندامی بنکەی شیعرو ئەدەبی زانکۆی سنەو بنکەی کولتووری توێژینەوەی ئەم زانکۆیەو ساڵی ١٣٨٣ بوو بە خاوەن ئیمتیازو بەرپرسی حەوتەنامەی خوێندکاری "دەنگ".

ساڵی ١٣٨٣ بە بەرپرسی گشتیی ناوەندی هەژان هەڵبژێردراوە، ساڵی ١٣٨٤ لەگەڵ چەند چالاکی دیکەی خوێندکاری، یەکێتی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئێرانیان دامەرزاندوە. لە ١٣٨٤ لە لایەن بەسیجی زانکۆوە وەک یەکێ لە بەرێوبەرانی خۆپیشاندانی دژ بە ئەحمەدی نەژاد ناسراو هەر لەو کاتەدا بە تاوانی "نشر ئەکازیب"، یان کردەوەی چەواشەکارانەو فرتو فێڵ، وەک بەرپرسی حەوتونامەی دەنگ بۆ دادگای سنە بانگ کراو پاش یەک ساڵ هێناو بردن، شەش مانگ گیرانی بەسەردا سەپاوە.

ئەو کات "دەنگ" کراوە بە حەوتەنامێکی گشتیی خوێندکاری بۆ یەکێتی خوێندکارانی کوردو لە هەموو زانکۆکانی ئێراندا بڵاو دەکرایەوە، بۆیە گوشارەکان سەختتر بوون.

ساڵی ١٣٨٥ بۆ یەک ترم لە خوێندن بێ بەش کراوو هەر ئەو کات کە لە زانکۆ دەرکرا بوو وەکوو بەرپرسی بەشی فارسی حەوتەنامەی کوردی_فارسی "دیدگاە"، دیاری کرا، دیدگاە لە هەموو شارەکانی ئێران بڵاو دەکرایەوە.

ساڵی ٨٥، لە رۆژی جیهانی ژن، هاوڕێ لەگەڵ چەند چالاکی دیکە لە شاری سنە گیرا.

دواتر لە دوو پەروەندەی جیادا سزا درا، یەک ساڵ بە تاوانی "اقدام علیه امنیت ملی" واتە هەنگاونان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها ماوەی دە ساڵ بە تاوانی سیخوڕی گیرانی بۆ براوەتەوە.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ چۆتە وڵاتی سوئێدو درێژەی بە کاری ڕۆژنامەوانیداوەو لە ساڵی ٢٠٠٩ زایینی بەم لاوە بۆتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەوانانی سوئێدو ئەندامی IFJ.

ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

-----------------------------------------------------

## سدیق بابایی: قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسیی‌دا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە.



**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**سدیق بابایی**: ئەم پرسە لانیکەم وەک من لە بیرم بێت هەر نەبێ لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (١٣٦٠) بە کەمێک ئاڵوگۆڕەوە تا ئێستا (١٣٨٩) لە ڕۆژەوی ئاخاوتنی (کەم کردەوەی) هێزە خەباتکارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە.

ئەوە کە تا ڕۆژگاری ئێمڕۆ مەسەلەییەکی گرینگی ئەوتۆ تەنێ لە چوار چێوەی وتەیێکی کەم بەها پێدراودا ماوەتەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە لای گرێ پووچکەی ئاڵوز، پاشاگەردانی فێکری واتە سەقام نەگرتنی باوەڕی نیشتمانی، دانەبڕان لە تەوژمی سەرووری نەتەوەی فەرمانڕەوای زاڵ بەسەر بیرو بۆچوونی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتو تاکی ڕۆشنبیری کوردستاندا.

خۆی جێ ئێنکار نیە هەر چەند بەشێک لە پێوەندییەکانی دەورانی ژیانی عەشایری بە شێوەی رابردوو کۆتایی پێ هاتوە، بەڵام جۆری هەڵسوکەوتەکانو چوارچێوەی ئارەزوو حەزی فەرمانڕەواییو پێداگری لە دەسەڵاتی تاکو قازانجە تاکە کەسیو

گرووپییەکان (حیزبی)، هێشتار وەک ڕابردوو بە پاشکۆمانەوەو بەسراوهیی بە دەسەڵاتی کلاسیکی ناوەندی (ئێران) بڕیاردەرو ڕێگری سەرەکی لە گۆڕینی قۆناغەکەیە!

قازانجو مەسڵەحەتە کورت ماوەکان ئیرادەی دوور ڕوانین بۆ پساندنی زەنجیری کۆیلەتی مێژوویی لێ ئەستاندوین.

ئەگەر مەبەست لە پێک هێنانی بەرە مسۆگەر کردنی قازانجو مەسڵەحەتی گشتیی سیاسیی کۆمەڵگا بێ، لەوە دەچێ ئەم تێفکرینە جارێ نەیتوانیبێ بگاتە ئاستی ڕیشە ئاژۆتن لە زەینو مێشکی بەرەی دانەبڕاو لە پێوەندییە عەشایرییە لە باو کەوتوەکان.

پێداگریو جار نە جار دووپات کردنەوەی ئەوە کە "بە قازانجی کورد نیە لە ناوەند (تاران) دابڕدری"!؟ یەک لە خاڵە لاوازەکانی باوەڕی کورد بۆ دیاری کردنی ڕاسەوخۆی چارەنووسی دوارۆژی خۆیەتی.

هیچ کاتێک ئەم ڕێبەرانە شی کاری زانستیانەیان بە دەستەوە نەداوە کە قازانجی مانەوە لەم چوارچێوە بە زۆریدا سەپاوە لە سەت ساڵی ڕابردوو بە سەر کورددا کامەیە؟!

**پرسیار: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وەڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟**

**سدیق بابایی:** وشەی هەموان لە هەڵسوکەوتو ئاکاری سیاسی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ماناو نێوەرۆکی جیاواز لە نێوئاخنە باوە ناسراوەکەی لێ هەڵ هێنجراوە!!

بە واتەییێکیتر "هەموان" وەک خۆی جارێ بە فەرمیی نەناسراوە. لە سەر ئەم بنەما نە ڕای جەماوەرو نە گرینگی داهاتوو کۆتایی بەخشین بە مەینەتیەکان نرخی ڕاستەقینەی نە ناسراوە.

لە لاییێکیتر بە هۆی زالبوونی ئەو دەسەڵاتە ملهوڕە لە نێوخۆی وڵات خەڵک توانای دەرخستنی راو بیروباوەڕی خۆی لە

گشت پرسیەکی جەماوەریدا لە پێوەندی بەسەرهاتو داهاتووی خۆیان بۆ نەرەخساوە، هەر چەند بە بە شێوازی تاکو تەرا پشتگری لە مەبەستێکی ئەوتۆ کرابێ. بە گۆ کردنێکیتر جەماوەر لە رای خۆی خاوەن دەر نەکەوتوە (هەڵبەت هەڵوێستی جەماوەری پاش سێدارەدرانی فەرزادو هاورێیانی نۆختە گۆرانێک بە حساب دێت).

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆرێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**سدیق بابایی**: ئەگەر بە پێوەری ئەزموونە هاوشێوەکانی باشوور داهاتووی رۆژهەلات لێک بدەینەوە وێنەکەمان لە بەردەست دایە، هەر چەند جیاوازی باشوورو رۆژهەلات لە هەموو بوارێکدا نە شاراوەیە.

وەکی دی بە پێ ئەو فرتان فرتانە لە کێ بەرکێی نێوان لایەنەکان بۆ خۆ نزیک کردنەوە (بە رادەیەکی بەرچاو نزم) لە لاینە نارێکەکانی سەر بە رەگەزو دەسەڵاتی ناوەندی چ پەرێوە، ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ یا دوورخراوە تا ئاستی خۆفرۆشانی هاورەگەز لە یەک ساڵی دواییدا خۆی نواندوە، مرۆڤ ناتوانێ بە دابین کردنی دەسکەوتێک کە بارتەقای لانی کەمی قوربانیو خەباتی هەر نەبێ سێ (٣) دەیەی رابردوومان دڵ قایم بێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**سدیق بابایی**: راستی مەترسیدارتر لەم پێوەندیەدا تەنێ لە پرشوبڵاوی رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتدا بە دی ناکرێ. مەترسی مەزنتر بۆ دوارۆژی ئەم بەشە لە نیشتمانی کورد لە ئارابوونی ئەو چالاکییە ئاشکرا و نیوە نهێنیانەیە کە هەر کامە یان بە نۆرەی خۆی بۆنی دەس پێشخەری دارشتنی پلانی خۆت یهەڵقورتاندن لە کاروبارو ئێدارەی داهاتوی رۆژهەڵاتو بە کورتی دەست بەسەر داگرتنی ئەم پاروە چەورە بۆ دابین کردنی مەبەستی دیارو قازانج خوازانەی پێوە دیارە.

ئەو مەترسی گەلە ئەگەر لە قەراغ پلانی رەگەزی فەرمانرەوا بە هەموو تویژو لایەنی سیاسیی چەپو راست، شاهیو ئیسلامیو...ت...د، سەنگو سوک بکەین پانتایی مەترسییە سامناکەکانمان بۆ دەردەکەوێ.

نابەجێ نیە مێوانداریو پێشکەش کردنی بەراتو پیتاک بە تاکو کۆی بانگهێشت کراوو پەرێوە بۆ باشوور هەروا بە

هاسانیو بە بێ مەبەست سەیر بکە ین. لە لایێکی دیکە مایەی شانازی دەبێ ئەگەر هەست کردن بە ئەم مەترسیە نابەجێو پارمەتی کەم وێنەو دەست ئاواڵەی ئەوتۆ تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی برایانمان لە پارچەییکی دیکەی وڵاتی ئازیزمان بێ.

کاتێک مل کەچی ئەم یان ئەو سەرۆکی خاوەن ئەزموونی شۆڕشگێرانەی کورد!!؟ (سەرنەوی کردنی ڕاهێنراوی مێژوویی!) تا ڕادەی خەنی بوون بە قەولو قەراری پێ سپاردنی بەرپرسایەتیکی ئێداری لە لایەن بێ دەسەڵاتێکی ڕەگەزی فارس لە داهاتووی ئێران بخرێتە بەر سرنج ئیتر کەلێنەکان کەمتر لە تاریکاییدا دەمێنن.

زۆر سروشتیە لە حاڵو ڕۆژێکی وەهادا هیچ قازانج خوازێکی زلهێزی جیهانی مەیلی ئەوەی نیە زگی لە تێری نەهاتووی خۆی بە تەمای سفرەی بە تاڵی ئێمە بماڵێو ئاوڕمان لێ بداتەوە.

ڕاستی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە ئەزموون سەلماندوویەتی هێزو توانای هەر لاینێکو کۆ دەنگی پێویست قسەی یەکەم لە دیاری کردنی چارەنووسو سەقامگیر کردن بۆ گەیشتن بە ئارەزووکان مسۆگەر دەکا.

ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە هەنگاوی پێویست بۆ کەم کردنەوە یا دووپات بوونەوەی مەترسیەکی ئەوتۆ لە دوارۆژدا هەڵ بگرین.

سەیرو سەمەرە ئەوەیە هێزو لاینە سیاسییەکانمان کەمتر لە هەر تاکو ڕۆشنبیرێکی دڵسۆزی نیشتمان زیانەکانی وەزعێکی وەها شارەزانین؟!

**پرسیار:** قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**سدیق بابایی:** لە بنەڕەتدا پێک هاتن لە سەر خاڵە ناکۆکەکان کارێکی هاسان نیە، بە گوێرەی زاڵ بوونی دوورو درێژی نەیاران بە سەر ژیانو بەسەرهاتی ئێمەدا حەولدانو گێرە شێوێنی بێ وچانیان بۆ لە بار بردنو ڕێگری لە هەر چەشنە یەکدەنگیو یەک ڕیزیەک بە قازانجی ئاواتە دێرینەکانمان، نەبوونی ئەزموونی ئێدارەو بەڕێوەبەری خۆماڵیو جێگیر نەبوونی متمانەو دیتنی قازانجو بەرهەمەکانی، چەق بەستنو پێداگری تاک میحوەری، وەک گۆشەیێک لە کۆسپی تێ فکرین

لە قازانج و بە کرداری کردنی کۆ دەنگی بە تایبەت لە چوارچێوەی ئۆرگانیزمی سیاسیی خەباتکاری کورد دەوری سەرەکی دەگێڕن.

شکانی تلیسمی وزە فەوتێنی پرشوبڵاوی واتای وەسەر یەککەوتنی توانای بەر ئەنگاریو لە درێژەدا پاشەکشێو مل دانی نەیاران هەر نەبێ بە زۆرێ لە داخوازە ڕەواکانمان ئاکامی دەبێ.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**سدیق بابایی**: دوو تەوەری "خاڵی هاوبەش"و "قازانجی گشتی" لەوە دەچێ لە نێو ئێمەدا نێوەرۆکی دابو ڕاستەقینەی خۆیان وەک لە نێو نەتەوەو ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکەدا باوە نرخی خۆی پێ نەدرابێ. ئاخاوتنو هەمبەر وەستانی خۆ بە خۆی کورد زیاتر لە سەر خاڵە ناکۆکەکان پێداگرە. خاڵی هاوبەش هێشتا گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە تا ببێتە سەرچاوەی دانووسانو لێک نزیک بوونەوە! هاوشان قازانجی گشتیی لە ڕۆژەوی سیاسییدا جێگای بۆ تەرخان نەکراوە. بوونو فەلسەفەی ژیانو نێودێر کردنی هەر کۆمەڵێکی ئێتنیکی لە بنەڕەتدا بۆ چەند تایبەتمەندی هاوبەش دەگەڕێتەوە کە بە مادەی پێکهێنەری ئەو نەتەوە دەناسرێن. هەر نەتەوەیێک چەند خاڵی هاوبەشی بۆ لێک گرێدان نەبێ بوونی نیە. بە کورتی هەبوونی خاڵی هاوبەش وێڕای هەر ناکۆکیەک لە نێو لاینە کوردییەکاندا بێ ئەملاو ئەولا دەژمێردرێ.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

-------

**سدیق بابایی**: بەشێک لە وەلامی ئەم پرسیارە لە پرسی سێهەمدا هاتوە.

دەورانی دووپات کردنەوەی شەڕی نێوخۆیی ڕووی لە کزی دایە. گەشەو سەرهەڵدانی کۆمەڵگا، پەرەئەستاندنی خوێندن تا ئاستی هەرە بەرزی دەس وێڕاگەیشتن بە پلەکانی زانیاری ڕۆژ هەر کامە مزگێنی کزتر کردنی سەرهەڵدانەوەی بەرئەنگاریە چەوتو زیانبارەکانی دەیەکانی ڕابردوو بانگەواز دەکەن. لە لایێکیتر سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی لە دووتوی باوەری

نەتەوەیی دەوری ئەرێنی باشی بۆ وەرچەرخان بەرەو چارەسەری ناکۆکییە نێوخۆییەکان لە رێگای دیالۆگ، هێنانە گۆڕی دەرەتانی رەخنەو دەسنیشان کردنی خاڵی ناکۆکو نیشاندانی چارەسەرییە بنەڕەتیەکان دەخاتە بەر دەست.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**سدیق بابایی**: سەقامگیر کردنی باوەڕی نەتەوەیی، بە دواداچوونو متمانە بەخشین بە تاکو کۆی کۆمەڵگا وەک پەرەدان بە سیستمی پەروەردەی نەتەوەییو زانستیو خۆڵقاندنی دەست وێڕاگەیشتنی ئەوەی نوێ بە کەرەسەکانی پێویستی ئەم بوارە. ئەوە تا رادەیێکی باش ڕووی لە سەرهەڵدانە.

**پرسیار**: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایوایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**سدیق بابایی**: ئەگەر مەبەست لە تێکۆشانی ئازادی سەربزێوی بەرانبەر یاساگەلی نا دڵخوازو پاشکەوتوو ڕێگەگرتن لە مافە مرۆڤییەکان بێت، ئەوە خۆ بە خۆ هەموو کاتێک رووبەرووی ئاستەنگ دەبێتەوە. ڕاستە ئاستەنگەکان هەموو جارێک نابەجێ دانابەزێندرێن، بەڵام سەپاندنی کۆتو بەند هەر چەند یاسایی بن لە ئەگەری کار بۆ نەکرانو پەڕژاندنو بە دەست نەهێنانی پشتگیری ئازادی کۆمەڵگادا بەرەو ڕووی ململانێی وزە فەوتێن دەبێ.

ئەزموونی بەرەو ڕوو واتە کردەوەی حیزبەکان بەرانبەر ئەندامانی جیا بیر یان جیا هەڵوێستو وەستانو بڕیاردانی تەجرەبە کراو بە دژی تاقمو لایەنی لێک ناڕازیو دابڕاو ئەگەر ڕای گشتیی لە مەیداندا نەبێ وێنەیێکی دڵخۆشکەرمان بە دەستەوە نادات.

**پرسیار**: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**سدیق بابایی**: پەنا بردن بۆ چەک خۆی واتای ڕۆخانو هەرەس هێنانی عەقڵیەتی چارەسەری بە شێوازی وتووێژو هێمنانەیە.

هەڵبژاردنی چەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیار وەک ئەوە لە نێوان دەسەڵاتە زلهێزەکان یا دەوڵەتانی دراوسێ بە مەبەستی دەسەڵاتدارەتی سیاسیی، ئابووری‌و بە گشتیی فراوان کردنی هێزو مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی خۆیان جیاوازی زۆری لەگەڵ شەڕی خۆ بە خۆی چەن ڕێکخراو یا لایەنی سیاسیی ئازادیخوازو هاو ڕەگەز هەیە.

هێما گەلێکی وەک بە هاسانی گولەباران کردنی هاوسەنگەران، ڕێگە لێ بەستن بۆ درێژەی پێوەندی مرۆڤی لەگەڵ هاوبیر، دۆست، براو خۆشک، لەتو پار کردنی یەکتر بە قەمەو چەقۆ. لە بیانوو گەڕان بۆ ترۆری کەسایەتی جێگای باوەڕو متمانەی دوێنێ (گەورە کردنەوەی مەبەستداری مەسەلەیێک بە نێوی "نەزمی ئەفشار"، ناڕەوا نیشان دانی تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەوی دی لە ژێر ناوو نێشانی هەبوون یا نەبوونی چەند وشەیێک وەک پاشبەندی ناوی حێزب ئەمانەو زۆر کردەوەی ئەوتۆ ئەگەر وەک هەڤی لەگەڵ کردارو هەڵسوکەوتی دزێوی ڕۆژانەی دوژمنی ناسراوی هاوبەش (کۆماری ئیسلامی) تێدا نەبیندرێ لانی کەم لە توانای هیچ کەس دانیە بتوانێ لە ڕیزی کرداری هێزێکی شۆڕشگێر کە بۆ نەجاتی میلەتێک لە زیلەتی کۆیلەتی ویلایەتی فەقێدا تێدەکۆشێ جێ بۆ بکاتەوە).

وەختایێک سەرۆکی لاینێک کە ساڵانێکی دووروو درێژ خۆی بە ماکەی چەپی شۆڕشگێڕو تاقە هێزی شیاوی تایبەتمەندی (٢٢ عەیار) بۆ ڕزگاری "گەلی بەش مەینەتی کورد"! دەناسێنی وێڕای ئەوە ئامادە نیە بۆ خەباتی هیچ لاینیکیتر لەم بوارەدا کەمترین نرخ قایل بێ. وەختییێک هە ر ئەم کەسایەتییە پاش تێپەڕ کردنی ئەزموونێکی خوێناوی شەڕی بێ سەمەر هەمدیس ئامادە نیە لانیکەم داخو کەسەری خۆی وەک لاینێک لە تێوەگلان لەم مەینەتە دەربڕێ! لە کەش‌و هەوایێکی زاڵی ئەوتۆ بە سەر بیری ڕێبەری شۆڕشگێڕ!دا کێ دەتوانێ متمانەیێکی ئەوتۆ جیا لە جەماوەری هەناسە ساردی کوردی بندەستی ئەحمەدی نژادەکان بە بەرز کردنەوەی دەنگی دلێری نا گوتن بۆ دووپاتی ڕابردوو بە مێژوو ببەخشێ.

هێزو لاینی خەباتکار کاتێک بۆ بە دەست هێنانی ژینگەو ژیانی ئازادی هاوبەش لە تێکۆشان دان، کاتێک نەیاری مڵاس گرتوو بە هەموو توانای خۆی بۆ بێ کەڵک کردنی وزەو تواناکانی ئەوان لە بەرانبەرخۆی لە هەر هەوڵێکی نا سەردەمی‌و نا مرۆڤانە (کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی) ناپرینگێتەوە، ڕەوا نیە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کە هەمووان لە ژێر زەختو گورزی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی دۆژمنی سەرەکی خۆیان دان لە وەها وەزع‌و حاڵێکدا بە هەر نێوێک "تاوان"، باوەڕی جیاواز، زێدەخوازی، لەگەڵ یەکتر نەسازان‌و جیاوازی بیرو بۆچوون شیروتیر لە یەک بسوون‌و دەرەتانی یەکتر لە خوێن گەوزاندن بە ڤازانجی دوژمن نۆژەن بکەنەوە.

لە حاڵ‌و وەزعێکی زیانبار، وزە فەوتێن‌و ڕەنج بە خەسار دەری (دوو بەرەکی فراوان)، وەک ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەرکی هەنووکەیی تاکو کۆی هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر ئەوەیە بە دژی بیرو کرداری شەڕئەنگێزانە کە ڕێگە بۆ ئاڵۆزی نانەوە، قووڵتر کردنی کێشە لاوکییەکان خۆشتر دەکا هەنگاوی ماندوو نەناسانەی ڕۆژانە بە بێ پرینگانەوە لە ماندوویەتیو گوێ ڕایەڵ نە کردنی لاینەکان هەڵگرێ.

دەسنیشان کردنی زیانەکانی شەڕو ئاڵۆزی نێوخۆیی، ئاماژە دان بە وێنە زیانبارەکانی ئەم نەهامەتییە خوێن ڕێژانەیە. لە قاودانی پیلانە لاوەکییەکانی دەسەڵاتی زاڵو دوژمنی سەربەستی ئینسانی کورد، زیاد کردنی گوشار بۆ وازهێنان لە هەڵوێستی چەوتو بە دوور لە سروشتی تێکۆشانی هێزێکی خەباتکار بۆ بە دەست هێنانو مسۆگەر کردنی مافو ئازادییە نەتەوەییەکانمان.

ئەرکی نیشتمانی زانایان، ڕووناکبیران، نووسەران، مامۆستایان، هۆنەرمەندان، مامۆستایانی ئایینیو بە گشتیی هەر کەسێک چ ژن یان پیاوی دڵبەند بە ئاوو خاکو ژیانی ئارامو سەرفەراز بۆ خەڵکی کوردستانە لە هەر گۆشەیێکی دونیادا دەژین ئەوەیە توانای خۆیان بۆ کەم کردنەوەی ئاڵۆزییەکان وەگەڕ بخەن.

ڕەنجی دەیان ساڵەی شۆڕشگێرانی خەباتکار لە ڕیزی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەو نرخو حورمەتەی لای هەر باوەڕمەندێک بە درێژەی خەبات وەک پاراستنی پێویستییەک دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ دەس نیشان کردنی دڵسۆزانەی هەڵەو کەمتەرخەمییەکان تا وێکرا دەوری ڕاستەقینەی فیداکاری گرێدراومان کۆتایی هێنەری ژیانی ژێر دەستیمان بێت.

------------------------------------------------------------------------

**کورتەیەک لەسەر بەرێز سدیق بابایی:**

خەڵکی شاری پاوە لە ناوچەی هەورامانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێستا لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێیە. ئەو تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە سەرەتای پەرە ئەستاندنی شۆڕش بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی دەست پێ کردووەو لە بەر چالاک بوون لە ڕیزی جەماوەردا بە ئەندامی شورای شاری پاوە هەڵبژێردراوە.

پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە دژی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو

نەبوونی دەرەتانی خەباتی مەدەنی هێمنانەو ئاشکرا، بە هۆی ناسراو بوون، لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەشداری خەباتی بەرگری نیشتمانی کردوە.

لە ماوەی خەباتی بەرگریدا ئەرکی بەڕێوە بردنی ئەم بەرپرسایەتیانەی خراوەتە ئەستۆ:

١. بەرپرسایەتی کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شارستانەکانی، تکابو ساینقەڵا (هەوشار).
٢. ئەندامەتی کۆمسیونی کۆمەڵایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو بەرپرسیاری بەشی شۆراکانی کوردستان.
٣. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی کرماشانو کامیاران.
٤. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار (خانێ).
٥. بەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد.
٦. ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کۆردستانی ئێران.

سدیق بابایی لە ساڵی ١٩٩٠ ڕا وەک پەنابەری سیاسیی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمانەو لە دەرەوەش تێکۆشانو خەباتی خۆی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژە پێداوەو تا ئێستا بە دەیان وتارو بابەتی وەک لێکۆڵینەوەی مێژوویی یان بابەتگەلی پێوەندیدار بە دۆزی هەنووکەیی کورد نوسیوەو بڵاو کردۆتەوە.

ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

**شەهلا دەباغی**: زۆر جار ئەوەم پێ وتراوە کە من وەک منداڵێکی سادە چاو لە گرفتەکان دەکەم.



**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**شەهلا دەباغی**: سپاس بۆ ئەو دیمانەیە. با هەر لەسەرەتاوە یەک خاڵی زۆر گرینگ دەست نیشانکەم ئەویش ئەوە کە کاتێک باسی کۆدەنگیو بەرە دەکەین ئەوە بۆ من بەو مانایەیە کە بەرە بۆ گەیشتن بە مافەکانی گەل دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ دابین کردنی ئازادی بیرورا نەک ئەوانەی کە لە ناو بەرەدا دەبن دەنگەکانیتر خەفە کەن. بەرە بۆ ئەوە نییە کە بە کۆدەنگی ئازادی بکوژرێت، بەرە دەبێ مافی تاکو گرووپەکانی کەمینە کە تەنانەت دژی بەرە بۆچوونیان هەبێ دابین بکا. ئێمە باسی بەرەی دێموکراتو دادپەروەر دەکەین نەک بەرە بۆ دروست کردنی دیکتاتۆری جۆراوجۆریتر لە داهاتوودا.

بەو تێروانینەوە وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە:

ئەگەر ئەو پرسیارەتان چەند ساڵێک پێش ئێستا کردبا ڕەنگە وەڵامگەلێکی ترم بەرجەستە کردبا، بەڵام ئەمڕۆ بە لەپێشچاوگرتنو دیتنی هێندێک فاکتو ڕووداو، گرینگترین گرفت لە پێک نەهاتنی بەرە، یان نەبوونی هاودەنگیو هاوکاری نێوان حیزبەکان، لە گرفتەکانی شەخسیو نەبوونی کولتوری دیالۆگدا، دەبینم. بەرژەوەندی تاکە کەسی ناو حیزبەکان بە داخەوە مێکانیسمێکی وەهای پێکهێناوەو کارکردێکی وای هەیە کە پێش هەر جۆرە دانیشتنێکی فراوان بۆ دیالۆگو ئاڵۆگۆڕی بیرورا دەگرێ. بە داخەوە ئاکامی ئەو دیاردەیە، هەم لە ناو کوردستانو هەم لە دەرەوەی وڵات، دوکەڵ لە چاوی خەڵک چوونەو تەنیا نەتەوەی کورد زەرەرمەند دەکا. دەڵێن هێندێک بۆ دەسماڵێک قەیسەرییەک ئاور تێبەر دەدەن، بە داخەوە ئێمەش وامان بەسەر هاتووە.

تاکەکان بەرپرسایەتێکی زۆر قورسیان لەو بارەوە لە سەر شانە، بە تایبەت ئەو کەسانە کە لە ناو حیزبەکاندا بەرپرسن. گەلی کورد نایان بەخشێ ئەگەر هەنگاوی بە کردەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان نەدۆزنەوەو پێ لە بەرژەوەندی تاکە کەسی نەنێن.

دووهەم خاڵ نەبوونی فەرهەنگی دیالۆگ لە کۆمەڵگای ئێمەداو سەرکوت کردنی هەر بیرێک کە لە ڕاستای کورسیو بیری "من"دا نەبێ، وای کردووە کە هەموو هەلێک بە کۆرپەیی دەخنکێنێ. هەزار داخ زۆر جار کێشەکان لە ڕیگای کورد بە دەست کورد کوژران چارەسەر کراون کە لە ڕاستیدا چارەسەر نەکراونو تەنیا برینی خەڵکی زیاتر کردووە.

خاڵێکی هەرە گرینگیتر ئەوەیە کە سیستێمی پیاوسالار لە ناو حیزبەکانو ڕۆڵی هێندێک پیاو لەو ناوەدا زۆر دیارە. ناڵێم ژنان لەو نەهامەتیەدا ڕۆڵییان نییە بەڵام سەد لە سەد ڕادەی هەر بەرزی بەرپرسیایەتی ئەو بارودۆخە لە سەر شانی پیاوەکانە. سیستێمی پیاوسالاری ناو حیزبەکان تەنانەت ناهێڵێ ژنانی ناڕازی ناو هێزەکان دەنگیان بگاتە دەرو ژنان لە دەرەوەی حیزبەکان بۆ خاڵەکانی هاوبەشی خۆیان هاوکاری یەکتر بکەین. لە سیستێمی پیاوسالاردا هەمیشە دەستوورەکان لە سەرەوەڕا دێنو کێشەکان بە چەکو زۆرو پارە حەل دەکرێن.

ئەو عەقلیەتە پیاو سالاریە، شەڕی پیاوانی ناو حیزبەکانی درووست کردووەو ئەوە شتێک نییە کە بکرێ چاو پۆشی لێ بکەین. ناڵێم حەتمەن وایە بەڵام ڕەنگە ئەگەر ژنانێکی زیاتر لە بەڕێوەبەری حیزبەکاندا بان ئەو وەزعە وا نەبا.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**شەهلا دەباغی**: گرفتەکان هێندە زۆرن کە دەکراو دەکرێ کۆدەنگی لە سەر زۆر خاڵو کێشەی هاوبەش هەبێ. هەر ئەو جۆرە کە خەڵکو حیزبەکان لە مانگرتنی سەراسەری کوردستان دوای لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد لە مانگی گوڵانی ئەمساڵدا هاودەنگ بوون. لە نەبوونی کۆدەنگی کورداندا هێندێک فاکتۆر هەن. لە پرسیاری یەکەمدا سەرەکیترین هۆکار باس کرا. دەکرێ فاکتۆرەکانیتر ئەوا بێنینە ئارا: نەبوونی پلاتفۆرمی هاوبەش، نەبوونی بۆچوونی هاوتەریب یان تا ڕادەیەک خاڵی هاوبەش لە سەر کێشەی کورد، بۆ وێنە هێندێک هێز تا ئێستاش نازانێ چی دەوێو کێشەی کورد لە ناو چوارچێوەی دێمۆکراسی بۆ ئێراندا دەهێڵێتەوە ئەوە لە کاتێک دایە کە کێشەی کورد کێشەیەکی فرە ڕەهەندی نەتەوەییە. یان تەنانەت ئەوانەش کە باسی "سەروری" دەکەن نە هێزێکی پوختو تەیارنەو نە ڕۆشنبیرانو خەڵکی دەرەوەی حیزبەکان بە ڕادەی

پێویست چالاکن.

فاکتەرێکی دیکە لە تاراوگە - ئێکسیلدا ژیانو دوور بوونەوەی هێزەکانە لە خەڵک، هەم لە باری جوغرافیو هەم لە باری رووحی - ڕەوانی، سیاسیو کولتووریەوە.

هەروەها زۆر خاڵیتر...

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**شەهلا دەباغی**: قۆزتنەوەی ئەو هەلە بە زۆر خاڵیتر بەستراوەتەوە بۆ وێنە کام هێز لە ناو "ئێران"دا دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئایا هێزێکی ئەهریمەنی وەک خومەینی یان هێزێکی تا ڕادەیەک دێمۆکرات. ئایا حیزبەکانی کوردی تا ئەو کات لە سەر خاڵێ هاوبەشو پلاتفۆرمێک ساخ بوونەتەوە یا نا، وەزنو سەنگی هێزەکان چۆن دەبێو زۆر شتیتر. بەڵام لە یەک شت دڵنیام کە زۆریش گرینگە، ئەویش ئەوە کە کورد ئەگەر بە پلاتفۆرمی هاوبەشو هاودەنگ بڕواتە پێشو لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشێت، بەرگی بەرەندەی پێ دەبێ بە تایبەت کە ئێستا چەپو ڕاستی بە ناو ئێرانی بۆ ڕاگرتنی "ایران بزرگ" بە هەر قیمەتێک لە لە بەرامبەر کوردو مافی ڕەوای کورددا هاودەنگنو نایانهەوێ بە قەولی خۆیان ئێران دابەش بێ. هەر بۆیە هاودەنگی کوردو هێزەکانی کوردی چەند قات گرینگتر دەبێتەوە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**شەهلا دەباغی**: گەرچی من خۆم ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەک نیم بەڵام ئەوە کە ڕێکخراوو کۆ کردنەوەی هێزەکانی کوردی گرینگرتین کەرەسەیە بۆ داسەپاندنی خواستەکانی کورد بە سەر هێزی بەرامبەردا ، کەس ناتوانی حاشای لێ بکا. خەڵک دەتوانێ سەدان بیری باشی هەبێ بەڵام ئەگەر ئەو بیرانە نەکرێنە هێزێکی مادیو ڕێک نەخرێن بۆ کورد نابنە ماڵ. ئەوە کە دەڵێن ڕێکخراو هێزە، ڕاستییەکە.

کۆ نەبوونی هیزەکانی کورد لە دەوری خواستەکانی نەتەوەیی، پاشنەی ئاشیلی کوردەو ئەگەر کورد لە زۆر بارەوە بەهێز بێ

بەڵام نەتوانێ لە بەرامبەر دەوڵەتی باڵا دەست یان هێزی بەرامبەردا لە سەر مێزی گفتوگۆ هاودەنگ بێ، ئەوە ناتوانن نەک هەر بۆ کورد بگرە بۆ خۆشیان شتێک وە دەست بێنن. ئەو پرشو بڵاوییە بە تایبەت بە دوای چەندین لێکدابڕانی ناو دێمۆکراتو کۆمەڵەکاندا، خەتەری هەرز بوونی هێزو خەسارەتی زۆر زیاتر کردوە. ئەوەشمان بیر نەچێ کە شەڕی کورد بە دەست کورد کوشتن هەمیشە لەو پرشوبڵاوییەدا زیاترە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**شەهلا دەباغی**: یەک ئەوەکە ئینسانی کورد لە باری هەستو نەستەوە ، هەست بە دابەشیو پرشوبڵاوی ناکاو خۆی لە ناو "کل - کۆ" دەبینێتەوە، ئەوە هەستێکی ئینسانییە کە ئینسان هەمیشە پێی خۆشە کۆ بێ نەک پرشوبڵاو. لێرەدا ناچمە ناو باسی "تاک"و مافی ئەو کە "کۆ" زۆر جار قوتی دەدا. دیارە بە گشتیی مافی تاک لە وڵاتانی رۆژئاوادا بۆیە دابین کراوە چونکە مافی نەتەوە دابین بووەو دواتر مافەکانی تاک لە یاسادا دابین کراون. کەواتە هەوڵ بۆ دابین کردنی مافی گەل زۆر ئاکامی باشی بۆ تاکێش بەدوادا دێت.

هەروەها کاتێک هێزەکان ئەرکی خۆیان بە باشی بە ئەنجام دەگەیێنن متمانەی خەڵکو تاک زیاتر دەبێو خەڵک چالاکتر لە ناو حیزبەکاندا کار دەکەن.

دووهەم ئەوەکە ئێمە ئەزموونی تاڵی شەڕی کورد بە دەستی کورد کوشتنمان هەیە، ئاکامی ئەو شەڕانە بە داخەوە هێندە برینێکی قوڵە کە زۆر ساڵو مانگی دەوێ تا سارێژ بێتەوە. پێکهاتنی بەرەیەک دەتوانێ مێکانیزمێک دروست بکاو پێشی دووپات بوونەوەی ئەو ئەزمونە تاڵانە بگرێ.

سێهەم ئەگەر کورد لە بەرەیەکدا هێزی خۆی کۆ کاتەوە، بە دەستی پڕو بە هێزەوە دەتوانێ بۆ خواستەکانی خۆی هەنگاو هەڵێنێو شەرتەکانی خۆی فەرز بکا. لە هەموو جیهاندا هاوسەنگی - تەوازون هێزە کە بڕیاری نەهایی دەدا. کورد دەبێ هێزی ئەو کێبەرکێیە بۆ لای خۆی داشکێنێ. ئەوەش بە پێکهێنانی بەرە دەکرێ.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان‌دا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟



سەرچاوە
Serchawe

**شەهلا دەباغی**: من پێموایە هەر ئێستاو لەو بارووددۆخەدا خاڵە هاوبەشەکان زیاترن لە جیاوازیەکانو هەموو کۆمەڵگای ئێمە، لە ناو وڵاتو لە دەرەوە، پێویستی بە هاودەنگی هەیەو لەو هاودەنگییە هەموو قازنج دەکەن. هەوەڵێن خاڵ ئەوەیە کە دوژمن هەمووومان وەک کورد دەبینێ دواتر وەک فڵانە حیزب یا رێکخراو. کەواتە هاوکاریو پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە رێگای دیالۆگو تۆلێرانس چ لە ناو خۆو چ لە دەرەوە قازانجی بۆ هەموو کوردە. بۆ وێنە چارەسەر کردنی کێشەکان لە رێگای دیالۆگو بە شێوەیەکی مۆدێرن نەک تەنیا هەموو هێزەکانی کوردی قازانجی لێ دەکەن بگرە سیمای کورد بە دونیای دەرەوەش وەک سیمایەکی ئینسانیتر دەناسێنێو زیاتر یارمەتیو هاودەنگی جیهانی بە دوادا دەبێ.

جگە لە "بەرە" زۆر خاڵیتر هەن کە هەموو کوردەواریو هێزەکان لە بەرامبەریدا بەرپرسن: نەبوونی ئازادی، کێشەی زیندانیانی سیاسییو ئێعدام، کێشەی ژنان، گرفتی مادە سرکەرەکان کە ستروکتوری کۆمەڵگای لە ناو بردووە، هەژاریو نەداری، زیاد بوونی نەخۆشییەکانی دەرونی لە ماوەی ئەو سی ساڵە کە رژیمی ئیسلامی لە سەر کار بووەو زۆر گرفتی دیکە، ئێمە نابێ راوەستین تا دەستمان بە شتێک دەگا تا کار بۆ ئەوانە بکەین بەڵکو دەبێ لە ئێستاوە بەردی بناخە داڕێژین. ئەوانە هەموو بۆ ئەوە دەبن کە هێزەکان لە سەر پلاتفۆرمێک یان چەندین بەرنامە رێککەون. زۆر وڵات پێش گەیشتن بە سەروەری، لە باری کولتووریو کۆمەڵایەتییەوە بەردی بناخەی زۆر شتیان داناوەو ئەو کارانەش زۆر جار لە سەر شانی رۆشنبیرانو هێزەکان بووە.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**شەهلا دەباغی**: هیوادارم ئەزموونەکانی کورد، ئەزموونی وڵاتانیتر وەک ئافریقای باشوورو هەر وەها هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی جیهانی لە رێگای دیالۆگو "توافق"و هەروەها کاریگەری ماس‌مێدیاو کولتورە جیاوازەکانی جیهان لەسەر یەکترین، رێگای بۆ ئەوە خۆش کردبێ کە کورد تووشی شەڕی ناوخۆیی نەبێتەوە. بەڵام بە داخەوە هەمیشە ئەو هێزە "بالقوە"یە کە بتوانێ بچێتە ناو سەنگەرو بەرامبەر بکوژێ، هەیە. هۆیەکانی ئەمەش زۆرن. کۆمەڵگایەک کە لە ژێر دەستی دیکتاتۆریدا بووە، نەبوونی دیالۆگو تۆلێرانس لە ناو کۆمەڵگاداو غایب بوونی لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا، زەمینە بۆ تێکهەڵچوون زۆر زیاتر دەکا. دیارە ئەگەر لەو کاتەشدا هێزەکان چەکدار بن، خۆیان بە ساحەبی هەموو شتێک دەبینن. بە داخەوە "مێکانیزمی رووحی چەک"، هەمیشە شەڕی لە ناو خۆیدا حەشار داوەو لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆر بە هاسانی هێزەکان بۆ ڕادانی یەکترو دەست بەسەردا گرتنی هەموو کۆمەڵگا چەک بەکار دەهێنن. ئەوە لە کاتێک دایە کە لە وڵاتێکی دێمۆکراتدا حیزبەکان ساحێبی هەموو شتێک نینو تەنیا بۆ ماوەیەک لە لایەن خەڵک هەڵدەبژێردرێن تا وڵات ئیدارە

بکەن. هیوادارم لە هەموو ئەزموونەکان چ باش‌و چ خەراپ کەڵک وەرگرین: ئەزموونەکانی ئەو سی ساڵە کە چۆن ڕژێم هەر دەنگێکی خەفە کردو ئەزموونەکانی باشی وڵاتانێکی وەک چکوسلواکی کە بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر کرد. ئەزموونەکانی خۆمان کە لە سایەی چەکو نەبوونی تۆلێرانس لە ناو گۆمەڵگا تووشی شەڕ بووین، دەبێ وامان لێ بکا کە بیر بکەینەوەو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگای گفتوگۆو تەحەمولی بەرامبەرو دیتنی حەقی "ئەویتر" هەنگاو بنێن.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**شەهلا دەباغی**: ئەرکی تاک هەمیشە لە هەر شوێنێک بێ گرینگ بووە، هەر بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم هێندێک پرینسیپم بۆ ژیانی خۆم داناوە کە نامهەوێ لێیان دەرچم.

هەوڵ کار کە کردبێتم ئەوەیە کە لە هەموو ئەو ساڵانە کە نووسیومە هەوڵم داوە حورمەتی قەڵەمی خۆمو ئازادی بەرامبەر بپارێزم. لە ڕێگای گفتوگۆ، ڕێگا بدۆزمەوەو ئەو جێگایە کە دیومە ناکرێ بە جێم هێشتووەو بۆ وەدەست هێنانی هیچ جۆرە کورسییەک نەکەوتوومەتە ڕقەبەرکێو شەڕ. ئەوەش لەو بۆچوونە سادەیەی من سەرچاوە دەگرێ کە من چالاکی تاکە کەسی خۆم بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات نابینم، بەڵکو وەک ئەرکی خۆم لەو پرۆسەیەدا بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەک کە لەوێندەرێ تاکو بیروڕا ئازادو سەربەست بن، دەیبینم.

٢- هەوڵم داوە لە هەر کوێ کە بوویێم بە پێ ویژدانو بە بێ نان بە قەرزدان، بیرو ڕای خۆم وتبێ. هەمیشە هەوڵم داوە ئەو شتانە کە ڕاستو حەقن، پشتیان بگرم تەنانەت ئەگەر قسەکان لە لایەن کەسانێک بوترێ کە من لێیان نزیک نەبوویێم. هەوڵی من وەک ئینسان گەیاندنی پەیامی دۆستییە نەک چاندنی تۆی دوژمنی.

٣- هەوڵم داوە بۆ نزیکی حیزبەکانو نزیک کردنەوەی هاوڕێیانی کۆن کە ئێستا لێک دوورن کار بکەم نە ئەوە کە لە ئاوی شلوێ ماسی بگرم. هەوڵم داوە ئەندامانی هێزەکان لێک نزیک کەمەوەو هەمیشە ئەوە وەبیر خۆمو ئەویتر بێنمەوە کە سیاسەت بە بێ ئەخلاق، سیاسەتێکی فاشیو هەرزە دەبێ. ئینسان خۆش ویستنو ڕێز بۆ ئازادی تاکو گرووپەکان، سەرەکیترین ئەرکی ئینسانەو دواتر دەکرێ لەو ڕێگایەوە بۆ زۆر خاڵی گرینگیتر بۆ وێنە بۆ سەربەخۆیی کورد کار بکەین.

**پرسیار**: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟



سەرچاوە
Serchawe

**شەهلا دەباغی**: ڕاستە کە کاری حیزبو ڕێکخراوەکان پێویستە بەڵام من ئەندامی هیچ حیزبو تەنانەت ڕێکخراویەکی ژنان نیم. چونکە نامهەوێ خۆم لە هیچ چوارچێوەیەکدا ببەستمەوە کە نەتوانم سەربەخۆیی خۆم ڕاگرم، بە داخەوە تا ئێستاش ڕێکخراوەکان ئازادی ئینسان بەرتەسک دەکەن. کەوایە دیارە لە داهاتووشدا من چەکم نابێو باوەڕم بە کێشە چارەسەر کردن لە ڕێگای چەکیش نییە. وەک ئینسانێکی سادەو سەربەخۆ تەنیا یەک ڕێگام هەیەو دەبێ ئەویش ئەوە کە کاتێک ویستم دەنگ بدەم، دەنگی خۆم بدەمە ئەو هێزە کە لە چوارچێوەی ئارەزوو باوەڕەکانی منذا بێ. ئەگەر تا ئەو کات بژیم ئەوە سەد لە سەد دەنگی خۆم دەدەمە ئەو هێزە - هێزانە کە لە بەرەی دیالۆگنو پەنا بۆ چەک نابن. تەنانەت ئەگەر ئەو هێزانە لایەنگریان کەم بێ. ڕاستتان دەوێ، ئەگەر کۆمەڵگاو حیزبەکانی ئێمە هەر ئەو جۆرە کار بکەن کە تا ئێستا کردوویانە، من خۆم لە باری بیرو هەستەوە هەر لە ئۆپۆزیسێۆندا دەبینمەوە.

**پرسیار**: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە سەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**شەهلا دەباغی**: من هەمیشە بیرلەوە دەکەمەوە کە چۆن دەتوانم هەستو بیری خۆم باشتر بۆ خزمەت کردن بەکار بێنمو هەوڵی خۆم هەمیشە داوە. لەگەڵ هەر کەسو لایەنێک قسە بکەم باسی لێکنزیکبوونو نیازی کورد بە هاودەنگی دەکەم. هەر چەند ڕۆژ پێش ئەوە کە ئێوە ئەو پرسیارانە بنێرن، لەگەڵ چەند دۆستێک باسی ئەوەم هێنا گۆڕ کە چەند کەس داوای "نزیک بوونی هێزەکان" بکەین. تێڕوانینی جۆراوجۆر هەبوو کە یەک ئەوە بوو کە ئەگەر کارێکی وا بکەین دەبێ هێندە پشتقایم بێ کە هێچ کەس نەتوانێ تێکیبدو هەموو خۆیان بە ڕاگرتنی بەرپرس بزانن.

لێرەدا ئەرکی "کۆمەڵەکان" و "دێمۆکراتەکان"و هێزەکانی ناو وڵات زۆر گرینگ دەبێو ئەوان دەبێ ئەو ئەرکە لە سەر شانی خۆیان دانانێن کە ئەو ئاشتییە ڕاگرن. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نزیکی نییەو نابییندرێ.

ئەگەر دەنگی کەسێکی وەک من دیار نییە بەو هۆیەیە کە من تاکێکی سەربەخۆی بێ ڕێکخراوم. زۆر کەس نایهەوێ کەسانی وەک من هەر قسە بکەن.

زۆر جار ئەوەم پێ وتراوە کە من وەک منداڵێکی سادە چاو لە گرفتەکان دەکەمو لە لای من چارەسەرەکان ئاسانەو دونیای سیاسەت ناناسم، ڕاستە! من بۆ گەیشتنی کورد بە ژیانێکی ئینسانی گەیشتن بە هاوکاری نێوان هێزەکان زۆر لەو منداڵە ساکارەش ئاسانتر دەبینم چونکە لە ڕستیدا کێشەکان زۆر ناحەقنو دەکرا بۆ گرفتی گرینگتر لە دەسەڵاتو کورسی تاکە

کەسی کار بکەین. دەنا وەرن ئێوە بە من بێژن کە گرفتەکان چن جگە لە کێشەی تاکەکان لە سەر کورسی. نامهەوێ بڵێم کێشەیتر نییە بەڵام ئەوە سەرەکیترین کێشەیە. لێرەوە هیچ پێوەندیەک لەگەڵ خۆمو ئەو کەسانە نابینم.

**لە ئاخردا ئەوا دەڵێم کە:**

بۆ من سەروەری کوردو بەختەوەری ئینسانی کورد گرینگە نەک کورسی تاکەکەسو خۆم. وەک کوردێک ئاواتمە ئەوەندە ژینە کە ماومە لە کوردستان کارو خزمەت بکەمو بەوە کە هەمە رازیم. ئارەزومە کە تاکو گرووپەکان مافی ئازادی دەربڕینیان هەبێو بە خاتری بیری جیاوازو رەخنە کەس نەکوژرێت، ئازادی بیروڕاو دیالۆگ وەک ئاوو هەوا بۆ کورد پێویستە. کورد لە ناو چەند وڵاتداو لەناو خۆدا پرشوبڵاوو داگیر کراوە. ئەگەر خودی کورد لە ناو خۆدا تەباو هاودەنگ نەبێ ئەوە زۆر ئاسانکاری بۆ هێزە داگیرکەرەکان دەکاو کردوویەتی. من هەمیشە یەک شت لە بیر ناکەم ئەویش ئەوەیە کە رەنگە رێگای گەیشتن بە سەربەخۆی زۆر دوورو درێژ بێ بەڵام تا گەیشتن بەوە، دەکرێ ئێمە زۆر کار بکەین، خۆمان وەک گەل رێک بخەین، ستروکتوورەکان دارێژین، دامودەزگاکانی کولتوریو کۆمەڵایەتی ساز کەینو هێزەکانمان بە رووحی نەتەوەیی پەروردە بکەین. ئەو بیرە هەرگیز نابێ تێکەڵاوی بیری رەگەزپەرستیو دیکتاتۆری بێ. بۆ ئەوەش تەنیا یەک ئەسڵ هەیە، ئینسانەکان مافی وەک یەکیان هەیە، دەبێ بتوانن لە رێگای دیالۆگ هاوکاری بکەنو دەبێ لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەرس وەرگرین. ئەوانیش لە هەوەڵەوە دیمۆکرات نەبوون، لە پرۆسەدا فێر بوون. ئەگەر ئەوان توانیویانە ئێمەش دەتوانینو لەوان کەمتر نین. کولتووری ئێمە ئێستاش زۆر خاڵی تێدایە کە بکرێ شانازی پێوە بکەینو هاوکاری بکەین. دیسان دەڵێمەوە کە من کوردستانێکم ناوێ کە تێیدا دیکتاتۆری دەستی باڵای هەبێو مافی ئینسانو دادپەروەری لەوێ وەپشت گوێ بخرێت. هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانم بە پێ ئەو پرینسیپیانە بووە.

ئەوانە پرنسیپگەلێکن کە ئەگەر تاکو هێزەکان هەموو رۆژێک وەبەرچاوی بگرن، رەنگە لە شەڕی خۆ کوژیو کورد کوژی دوورمان کاتەوەو رێگا بۆ دیالۆگو هاوکاری هەموار بێ.

---

**زۆر بە کورتی لە بارەی رێزدار شەهلا دەباغی:**

زستانی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووەو بەهاری ١٣٦١ هەر دوای وەرگرتنی دیپلۆم ناچار بە



سەرچاوە Serchawe

تەرکی زێدو نیشتمان بوە. تا ساڵی ١٩٩٠ لە شاخەکانی باشور ماوەتەوەو دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری کابۆل پێتەختی وڵاتی ئەفغانستان ژیاوەو لە رێگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پەنابەری سیاسیی هاتۆتە سوئێد. خوێندنی تەواو کردووەو ئێستا وەک یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی کار دەکات.

لە تەمەنی ١٦- ١٧ساڵیدا، لە رێگای خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیری نەتەوەیی ماموستا هێمن، فێری نووسینو خوێندنەوەی زمانی کوردی بوە، زۆر نووسراوەی دەورانی جەوانی لێ وون بووە یان لە شاخ چوونە ژێر گڵ. لە سوئێد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەستی بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە ناو سایتەکان، گۆڤارەکانو رۆژنامەکانی کوردی لە دەرەوەو لە ناو وڵات کردووە.


نووسین تەنیا کارێکە کە ئارامی پێدەداو تێدا تەواو خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر لە ژیاندا بمێنێ پێی خۆشە تەنیا بۆ نووسین بژی. هەوڵی داوە هەمیشە حورمەتی قەڵەم بپارێزێو هیوا خوازە کە حەقو مافی هیچ ئینسانێک لە ژێر پێ نەنێت...

رێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------------

## ناسر حیسامی:

**تەنیا لە کاتی ئینشعابەکاندا هەندێک باسی جیاوازییەکان دێتە گۆڕو دوایەش دەردەکەوێ باس کردنی ئەو مەسەلانە تەنیا بیانووی کێشە بوونو کەس بە تەما نییە لەسەریان بڕوا.**



**پرسیار:** بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**ناسرحیسامی**: هەتا ئێستا پرۆژەیەک بۆ پێکهێنانی بەرە لە ئاودا نییە. ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ویستو ئارەزووی کۆمەڵگاکەیە. حیزبەکانیش کە ئەو ویستەی کۆمەڵگا دەبینن، بە کۆمەڵێک پێهەڵگوتنی بەرەو یەکگرتوویی وەڵامی دەدەنەوە. حیزبەکان لەم بابەتەوە زیاتر باسی نییەتو "نیازچاکی"ی خۆیان دەکەن تا هێنانە گۆڕی پرۆژەی دیاریکراو، یان مەرجەکانیان یان پلاتفۆرمی دیاریکراو. لە نێو بیروڕای گشتییدا ئەو هەڵوێستەی حیزبەکان زۆرتر وەک مانۆردانو خۆ بە پیاو چاکهەڵخستنو تەبلیغات چاوی لێ دەکرێ. حیزبە سەرەکییەکان، یان ئەوانەی هەنگاوهەڵگرتنیان بۆ پێکهێنانی بەرە کاریگەرترە، ئاوان. حیزبەکانی دیکە، ئەوانەی چکۆلەترن، زۆرتر لە پێکهێنانی بەرەدا ڕاستگۆن چونکە بە قازانجی خۆیانی دەبینن.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**ناسر حیسامی**: چونکە ئەوانەی لە پلەی یەکەمدا دەبێ ئەو کۆدەنگییە پێک بێنن، بە پێویستی نازانن، یان بە قازانجی نازانن. ژمارەیەک لە حیزبەکان، چوار پێنجێک لەوانی گەورەتر، تەمای جیاوازیان بۆ داهاتووی کوردستان هەیە. بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئازادی، بەدیهاتنی مافەکانی خەلکی کوردستانو چەمکی دیکەی لەم بابەتە لای هەر کامیان مانایەکی هەیە. بە گشتیش هی هیچکامیان ئەوە نییە کە خەڵکی دەرەوەی حیزبەکان چاوەڕوانی دەکەنو بە ئاواتی دەخوازن. بە کورتیو کرمانجی ئەو چەند حیزبە لە یەک هەڵبراوە مانەوەی خۆیان تەنیا لەوەدا دەبینن کە هەر کەس بۆ خۆی بێ، یان ئەگەر یەکگرتنێک هەبێ هەمووان لە دەوری ئەو کۆ بنەوە. دیارە لە حاڵەتی هاوکاریو یەکگرتنو کۆدەنگیدا هیچیان ئاوا نامێنن کە خۆیان بە دڵیانە. دەبنە شتێکی دیکە کە خۆیان نایخوازن. دەبنە حیزبێکی سیاسی کە بەڕێوەبەرێتییان دەبێ وەڵامی پێویستییەکانی کۆمەڵگا بداتەوەو لە حاست کارنامەی خۆی وەڵامدەرەوە بێو داراییەکەی شەفاف بێو، پۆستی حیزبی بە میرات نەگوازرێتەوەو پلەی حیزبی مایەی بەرێچوون نەبێ.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان لە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**ناسر حیسامی**: نەخێر! یەکەم لەبەر ئەوەی هیچ حیزبێک نابینرێ کە توانای ئەوەی هەبێ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگاکە لەگەڵ خۆی بخا، دووهەمیش لەبەر ئەوە کە خەڵکیشیان لەگەڵ بکەوێ مەعلووم نییە بەرەو هەوارێکی ئاوەدانیان بەرن.



سەرچاوە Serchawe

مەعلووم نییە نەیانبەن بەرەو هەڵدێر. "مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان" چەمکێکە دەمێکە لە سیاسەتی ئەو چەند حیزبە سەرەکییەدا حیسابی بۆ ناکرێ. لانیکەم لە کردەوەدا شوێنەوارێکی نابینرێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**ناسر حیسامی**: مەترسیی بێ سەرمانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. هەڵبەت ئەوەش بڵێم، پێویست نییە حیزبەکان حەتمەن یەکگرتوو بن. کۆمەڵگا دەبێ حیزبی جیاوازی تێدا بێ بە بەرنامەی جیاوازەوە. مەرجیش نییە حەتمەن هاوکاری بکەن. دەکرێ قسەی جیاواز بکەنو بەرنامەی جیاوازیان هەبێ. ئەوەی لە کوردستان جێگەی بەتاڵە، حیزبی خاوەن قسەو خاوەن بەرنامەیە کە کۆمەڵگاکەی خۆی ببینێ، بیناسێ، تواناییەکانیو زەرفییەتەکانو دەرفەتەکانی لێک بداتەوەو، بەرنامەی بخاتە بەردەم. لەم کۆمەڵگایەدا جاری وایە دەرفەتو ڕووداوو گۆڕانی گەورە دێو دەڕواو مرۆڤ هەست بەوە ناکا حیزبەکان ئەوانە دەبینِنو قسەیان هەیە لە بارەیانەوە. لە فەرهەنگی ئەو حیزبانەدا، کۆمەڵگا یانی ئۆردووگاکانی خۆیان. هەموو زەرەرو قازانجێکو هەموو گۆڕانکارییەک هەر ئەوەیە لەو ئۆردووگایانەدا ڕوو دەدەن. حیزبی وا ناتوانێ جێگەی ئومێدی کۆمەڵگە بێ.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟

**ناسر حیسامی**: قازانجی ئەوەیە قورسایی لە هەندێک مەسەلەوە کە هەر حیزبێک بە جیا بە شوێنیەوەیەتی دەباتە سەر مەسەلە هاوبەشەکانی ئەو کۆمەڵگایەو لەو حاڵەتەدا بەرژەوەندی هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگاکە زیاتر زەق دەبێتەوە.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە ڕێکبکەون؟

**ناسر حیسامی**: بێگومان خاڵی هاوبەش هەیە. مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خاڵە هاوبەشانەی لە سیاسەتی حیزبەکاندا هەن چەندە بە نیسبەت مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە گرنگن. ئێستا بەرچاوترین خاڵە هاوبەشەکانیان بریتین لە دەسەڵاتخوازی، دەمکوتکردنی ڕەخنەگرانی ناوخۆ، گەندەڵیی سیاسییو دارایی‌و، لاسایی کردنەوەی دەسەڵاتدارانی لە

نەوعی قەزافیو سەفەرمراد نیازۆفو کەرزایو پەرویز موشەڕەفو حوسنی موبارەک. مەرج نییە رێککەوتنی حیزبەکان لە هەموو حاڵەتێکدا بە قازانجی کۆمەڵگا بێ. گرفتی سەرەکی ئەوەیە حیزبەکان لە بابەت ئەو داهاتووەی بۆ کوردستانی دەنەخشێنن کەمترین قسە دەکەن. مرۆڤ نازانێ بەرنامەیان چییە. ئەوەندەش کە کارو کردەوەیان نیشانی دەدا، هیوا بەخش نییە. تەنیا لە کاتی ئینشعابەکاندا هەندێک باسی جیاوازییەکان دێتە گۆڕو دوایەش دەردەکەوێ باس کردنی ئەو مەسەلانە تەنیا بیانووی کێشە بوونو کەس بە تەما نییە لەسەریان بڕوا.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**ناسر حیسامی**: ئەوە مەترسییەکی جیددییە. شەڕی نێوان کۆمەلەو دێموکرات تەنها وچانی گرتووە. هیچ لایەکیان بە تەما نین بچنەوە سەر باسی هۆیەکانو زەمینەکانی ئەو شەڕە. دەڵێن با ئەو برینە سەری هەڵ نەدرێتەوە. مەسەلەکە لە ڕاستیدا بۆ ئەوە نییە برینەکان نەکولێنەوە، بۆ ئەوەیە هیچیان نایانهەوێ مەسئوولییەتی ئەو هەڵە کوشندیە بگرنە ئەستۆو ناشیانەوێ لە دژی شەڕەکە هەڵوێست بگرنو بڵێن چاکمان کرد. گۆیا لەو شەڕەدا، لە هەر تک لا، تەنیا کۆمەڵێک قارەمانی فیداکارو ئازاو بەرچاو روونو تێکۆشەری ئازادیخواز هەبوونو لە هیچ لایەک کەسانێک نین کە دەبێ لێیان بپرسرێتەوە بۆچی ئەو هەموو کورو کچەی خەڵکیان ناردە قەتڵگاکانو ئێستا ئەو تیئۆرییانەیان چییان لێهات؟ ئەو شەڕە، خۆ شەڕێک نەبووە دوو لایەن شانیان تێک گیرابێو دوو قسەی ناخۆشیان بە یەک گوتبێ. سەدان لاپەڕەو وتارو، دەیان بڕیارنامەو پەسندکراوی دەزگا بڕیادەرە حیزبییەکان کراونەتە پشتیوانەی فیکریو نەزەریو، پاساویان بۆ پێویستیی شەڕەکە هێناوەتەوە. لە هەر دوو لاوە بە شەڕی پیرۆزو نەجاتدەری شۆڕشی کوردستان دانراوە. ئەو پاساوە نەزەرییانەی شەڕەکە، خۆ هێشتا ڕەت نەکراونەتەوە. بێ دەنگەیان لێ کراوە.

**پرسیار**: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟

**ناسر حیسامی**: یەکێک لەو شتانە ئەوەیە کە شەڕی کۆمەڵەو دێموکراتو شەڕەکانی دیکەی نێوان حیزبەکان بێنەوە بەر باس. ئەو شەڕانە بۆ کرانو بۆ هێشتا تەقدیس دەکرێن؟ سەدان کەس تێیاندا کوژراون. هەزاران کەس تێیاندا ماڵوێران بوون. بزووتنەوەیەکی گەورەیان تووشی ناهومێدیو شکان کرد. پێم وایە پێویستە هەموو حیزبەکان میساق یان پەیمانێکی نیشتمانی مۆر بکەن کە تێیدا ڕابگەیەنن پابەندی پاراستنی بەرژەوەندە نیشتیمانییەکان دەبنو، لە هەر کردەوەیەک کە زیان بە بەرژەوەندی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دەگەیەنێ خۆ دەپارێزن.

**پرسیار:** حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**ناسر حیسامی:** باوەڕ بە تەنیا بەس نییە. پێویستە لەم بابەتەوە پلاتفۆرمو ڕێککەوتنی دیاری کراو هەبێ، بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێنو هەر حیزبێک ئەو پەیمانە مۆر بکا کە لە کاتی کێشەدا دەست بۆ چەک نابەن.

**پرسیار:** ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**ناسر حیسامی:** پێم وایە یەکێک لە گرنگترین زەمینەکانی کاری هاوبەشی نێوان حیزبەکان، دانانی مکانیزمێکە بۆ پێشگرتن بە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ.

--------------------------------------------------------------------------------

**ژیاننامەی ڕێزدار ناسر حیسامی:**

دوایین مانگی هاوینی ١٣٣٨ی هەتاوی، سێپتامبری ١٩٥٩ لە شێخاڵی لە ناوچەی موکریان لەدایک بووە.

لە شێخاڵی، کۆنەمەڵلالەر، بۆکان، نەغەدە و کەرەج خوێندویەتی.

ساڵی ١٩٧٨ بووتە ئەندامی یەکیەتیی فوتابیانی کوردستانو سەرنووسەری گۆڤاری ئەو یەکیەتییە بە زمانی فارسی.
ساڵی ١٩٨٠ وەک هاوکاری "جەمعییەتی دیموکراتیکی موعەلیمانی موبارز" لە بۆکان، لە بەڕێوەبردنی چەند خولی فێر کردنی خوێندنەو نووسینی زمانی کوردیدا بەشداری کردوە. لەگەڵ کاک جەماڵی مفتی ئاهەنگی نەورۆزیان بۆ خوێندکارانی خوێندنگەکانی بۆکان بەڕێوە بردوە. لەگەڵ تیپی شانۆی "شۆڕش" چەند بەرهەمی شانۆییان لە بۆکانو شنۆ، ئەو کاتەی هەرتک شارەکە ئازادکراو بوون، پێشکەش کردوە.

ساڵی ١٩٨٢ لە "جەمعییەتی موعەلیمان..."بووتە لێپرسراوی "دەستەی نووسینی کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی". دواتر بە

پێکهاتنی "کۆمیسیۆنی فیرکردنو بارهێنان"ی کۆمەڵە، کاری نووسینی کتێبەکانی لەوێ درێژە پێداوە. کتێبی "ئەلف و بێ" بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییو "خوێندنەوەی کوردی" بۆ پۆلی دووهەمو سێهەمی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٨٢ نووسران.

هەر لەو ساڵەداو هەروەها ١٩٨٣، لێپرسراوی بەڕێوە بردنی چەند خولی پەروەردە کردنی مامۆستایان بووەو هەروەها لەو خولانەدا فێر کردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە ئەستۆ بووە. لەو چەند خولەدا، نزیکەی ٦٠ کەس لە ئەندامو پێشمەرگەو لایەنگرانی کۆمەڵە بەشدارییان کردووەو دواتر، وەک مامۆستا ڕەوانەی خوێندنگەی ئاوایییەکانی ناوچە ڕزگار کراوەکان کراون.

ساڵی ١٩٨٣، بووتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. پاییزی هەمان ساڵ، بووتە ئەندامی "گورووپی تەرجومە"ی کۆمەڵەو لە هەمان کاتدا وەک دەستیاری دوکتورجەعفەری شەفیعی لە ئامادە کردنی گۆڤاری "پێشڕەو" دا کاری دەست پێ کردوە.

بەهاری ساڵی ١٩٨٥، وەک ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر لە پێکهێنانی "کانوونی هونەرو ئەدەبییاتی کرێکاریی کوردستان" دا بەشداری کرد. ئەندامی دەستەی نووسەرانی "پێشەنگ" و بۆ چەند ژمارەش سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە.

لە ساڵی ١٩٨٥ بەم لاوە، لەگەڵ رادیۆی کۆمەڵە هاوکاری وەک بێژەرو ئامادەکاری بەرنامەی "تریبوونی ئازاد" و "ئێمەو گوێکرەکان" دەست پێ کردگە.

ساڵی ١٩٨٩ کۆمەڵە شیعری "تا شکۆفەی سووری کراسێک" وەرگێڕدراوی چەند شیعری ئەحمەدی شاملۆی بڵاو کردەوە.
لە ساڵی ١٩٩٣ بەو لاوە بەڕێوەبەری ڕادیۆی کۆمەڵەو بەڕێوەبەری نووسینی "پێشڕەو" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە بووە.
ساڵی ١٩٩٥، لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەدا، بووتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە. هەمان ساڵ کتێبی "لەو دیوەوەی ڕەنگو پەردە"ی بڵاو کردۆتەوە. کتێبەکە، ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەو چوار وتاری گرتووەتە خۆ.
ساڵی ١٩٩٨ هاتۆتە سوێد.
ساڵی ١٩٩٩ لە سوێد ڕادیۆی "ئاوێنە"ی دامەزراند. ئەو ڕادیۆیە نزیکەی ساڵێک لە ستۆکهۆڵم، لە هەفتەدا دووسەعات بە زمانی کوردی بەرنامەی بڵاو دەکردەوە.
هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ هاتنەدەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەو حیزبە هاتۆتە دەرەوە. لەو کاتەوە، ئەندامی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە.

ساڵی ٢٠٠٠ وەک مامۆستای زمانی دایک لە خوێندنگەکانی ستۆکهۆڵم دەستی بە کار کرد. هەمان ساڵ کتێبی "دەشتی ئاسکان"ی بڵاو کردەوە. دەشتی ئاسکان، بۆ خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە خوێندنگەکانی سوێد ئامادە کراوە.

ساڵی ٢٠٠١ بووتە سەرنووسەری "شۆڕش" ئۆرگانی ناوەندیی کۆمەڵە.

ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەبەرێتیی "ڕۆژهەڵات تی‌ڤی"ی گرتۆتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە، کە دواتر بە "کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی" ناسرا، لە ڕەوتی ڕیفۆرمو چاکسازیی کۆمەڵەدا بەشداری کرد. مانگی مارسی ٢٠٠٧ ئەو ڕەوتە بە ناوی "کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی" پلاتفۆرمی چاکسازیی ڕاگەیاند. ئەو ڕەوتە پاییزی ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان جیابووەوەو، ساڵی ٢٠٠٨ لە کۆنگرەی دوازدەهەمدا، ناوی "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. لە دوای کۆنگرەی دوازدەهەمەوە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە.

مانگی ئاپریلی ٢٠٠٩ کشانەوەی خۆی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕاگەیاند.

بەرهەمە چاپ نەکراوەکان:

- شیعرەکان
- وەرگێردراوی شیعری ٥ شاعیری ئێرانی: نیما، شاملوو، سایە، کەسرایی، موشیری
- وەرگێردراوی شیعرەکانی بابە تاهیری هەمەدانی
- دیوانی وەفایی (ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوە)
- کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی (ڕەخنەو لێکۆڵینەوە)

ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## **عارف باوەجانی**: کوا لایەنەکان گوێ لە قسەی ئێمە مانان دەگرن کە تازە دامەزراوین



**پرسیار: بە باوەری ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**عارف باوەجانی**: هۆکارەکەی ئاشکرایە کە چەند لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو خۆیاندا لە سەر دابەش کردنی دەسەڵاتی بەرەو بە قسەی خۆیان دوارۆژی رۆژهەڵاتیش ڕێناکەون. دیارە ئەو لایەنانە، لە پاش ئەوەی کە پێکەوە ڕێنەکەوتن بۆ خۆشیان ئەو ڕاستییەیان ئاشکرا کردو هەر یەکەو ئەوی دیکەیان تاوانبار کرد لەوەی کە لە شێوەی پێکەوە کارکردن نەیانتوانیوە یەکتر ڕازی بکەن، هیندێک داوای دەسەڵاتی٥٠% دەکەن‌و هێندێک دەڵێ نا با من زیاترو تۆ کەمتر، ئیدی حیساب بۆ دەیان حیزبی دیکە ناکەن کە ئەوانیش بوونیان هەیە لە نیو گۆرەپانەکەدا. بە قەوڵی خۆیان هەر کام لەوانە وەک بەش‌و خێر پێکردن چەند لایەنێک بۆ خۆیان ڕادەکێشێن. من پێم وایە ئەگەر ئەو لایەنانە لە نێو خۆیان ڕێکەون کۆسپی دیکە نابینرێت بۆ دروستکردنی بەرە.

**پرسیار: ئەدی هاوکاری‌و کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەم‌و زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟**

**عارف باوەجانی**: ئەوەش هەر دەگەرێتەوە بۆ ئەو لایەنانەی کە لە سەرەوە باسم کرد. دیارە زۆر بابەتی گرنگ هەیە کە پێویستە وەک کۆدەنگی وڵامی بدرێتەوە، نموونە لێدوانی ئەم دوایەی کۆنسوڵی ئیرانی لە هەولێر کە باس لە گەرانەوەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات بۆ ئێران، لە سێدارەدان‌و بەند کردنی بەردەوامی رۆڵەکانی کورد، یا ڕووداو تەقینەوەکانی مهابادو سەقزو سنە، سووتاندنی دارستانەکانی کوردستان، زۆر بابەتی دیکە کە پێویستی بە کۆ دەنگییە، بەڵام مخابن زۆر لە لایەنە کوردییەکان دەسەڵاتی خۆیان زۆر لا گرنگترە تا ئەو کارەساتانە. ئیدی ئەوە هۆکارە سەرەکییەکەیە، ئەگەر ئەو لایەنانە ئیستاش بیانەوێ خەمێک لە دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخۆن‌و بیر لە کەم‌و زیادی



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی خۆیان نەکەنەوە دەتوانن بە ئاسانی بەرەی کوردستانی پێکبێنن.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەڵو مەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟.

**عارف باوەجانی**: وەک ئەوەی کە ئێستا دەیبینین دەبێت بڵێم نا بە داخەوە، هیچ ئامادەکاریو دڵخۆشییەک نابینم بۆ دوا رۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانن هەلەکانی دوای نەمانی رژێم بقۆزنەوە بۆ سەربەخۆیی یا هەرجۆرە دەستکەوتێکی دیکە بۆ پاراستنی ئەمنو ئاسایشی ناوچەکانی کوردستان. بگرە ئێمەش لە رۆژهەڵات زۆرناوچەی کێشە لەسەرمان هەیە کە بە هۆی نەبوونی کۆدەنگییەک کەس باسی لێوە ناکات، کە بۆ دوا رۆژ چ روودەدات یا چۆن بتوانین کێشەکانی ئەو ناوچانە چارەسەر بکەین. بە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر حکومەتی داگیرکەری ئێران بڕۆخێت چاوەڕوانیەکی زۆر مەترسیدار لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێت. هەر لایەنو خۆی ئامادە کردوە کە کۆنترۆڵی ناوچەیەک بۆ خۆی بکات، مەترسی شەری براکوژی زۆر لە ئارادایە، چوون لەم ساڵانەی ئاخر ژمارەی لەتبوونی لایەنە کوردییەکان زیادیان کردوە، ئەوەش هۆکاری لێکدانو لێک قبووڵ نە کردنی ئەو لایەنانەیە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهێناوە؟

**عارف باوەجانی**: مەترسی گەلێکی زۆرن، وەک مەترسی نەبوونی کۆدەنگی لە ئاست فرتو فێڵێ ناشیونالیستە ئێرانییەکانی دوارۆژ، مەترسی شەری براکوژی، مەترسی تالانی ملکو ماڵی خەڵکو پێداویستییەکانی کاروباری حکومەت. نە پاراستنی ئاسایشی دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان، دزە کردنی تروریستیو گروپی جۆراوجۆر بۆ ناو رۆژهەڵاتی کوردستان. دەستێوەردانی دامو دەزگا جاسوسیەکانی وڵاتانی دژە کورد. مەترسی شپرزەیی ئابوری لە نێو کوردستان کە خەڵکەکەمان بەرەو هەژاریو نەدار ببات، ئیدی ئەو کات کارەساتی چاوەڕوان نەکراو روو دەدات. ئەگەر ئێمەی کورد لە رۆژهەڵات یەکگرتووانەو دڵسۆزانە بگەڕێینەوە نێو خاکی خۆمان، باشترین سەرەوەتو سامانمان هەیە هەر لە ئیلامەوە تا ماکۆ کە دەتوانین بە باشی ژیانی خەڵکی کوردستانی پێ ببوژێنینەوە. بەڵام ئەگەر وەک ئێستا بێت روونو ئاشکرایە کە دوا رۆژ چیمان بە سەر دێت، ئایا کاتی نەهاتووە بیر لەوە بکەینەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمەلایەنە لەنێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟.

**عارف باوەجانی**: ئەگەر کورد لە کاتی گەرانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان واتە لە پاش نەمانی رژێمی داگیرکەری ئێران، بە یەکدەنگیو یەک گوتاری بگەرێتەوە. دەتوانێ خاوەنی یاسایەکی کاتی بێت کە ئەمنو ئاسایشی ناوچەکانی کوردستان بپارێزێت، دەتوانێ هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان پێک بێنێت بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان، دەتوانێت بە پێی ئەو یاسا کاتییە دامودەزگاکانی پزشکیو ئیداریو خوێندنگاکانو رێگاوبانو پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵک بە شێوەیەکی باش وەگەر بخاتەوە. بەرگری لە هەر جۆرە مەترسییەکی رەشەکوژیو شەری براکوژی بکات. رێگا بگرێت لە هاتنە ناوەوەی تروریستو نەیارانی کورد بۆ سەر ناوچەکە.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەرای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبەکەون؟.

**عارف باوەجانی**: بێگومان زۆر خالی هاوبەش هەن کە جیاوازن لە شێوەی بیر کردنەوەی ئایدولۆژی سیاسی حیزبەکان، نموونە ئێمە کە بیر لە کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەینەوە، لایەنی دیکە بیر لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی فیدراڵی دەکاتەوە. بەڵام بوونی هێزێکی یەکگرتووی وەک پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کارێکی بەو جیاوازی بی رکردنەوەی سیاسی لایەنەکانەوە نییە، یا دامەزراندنی مامۆستاو پزشکو پۆلیسی شارو رێگاو بانو دەیان ناوەندو بنکەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەکاری بە جیاوازی ئایدولۆژیاوە نییە، بۆیە قازانجی یەکدەنگیو لە یەک نزیکی زۆر لە کێشەکانی کوردی پاش نەمانی دەسەڵاتی ناشیونالیستی فارسیو ئێرانی چارەسەر دەکات.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسیەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەری نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**عارف باوەجانی**: وەک لە سەرەوە باسم کرد مەترسییەکان ئاشکراو بەرچاون، پێویستە ئەو لایەنە کوردیانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەوە دڵخۆش نەبن کە پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیدی کێشەیان لەگەڵ تاران نامێنێت، من پێم وایە کێشەکانمان ئەو کات زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمجار بە ناوی ئێرانێکی فیدراڵو گوایە وڵاتی هەموومانەوە خاکەکەمان باشتر داگیر دەکەنو مافەکانمان زیاتر پێشێل دەکەن، هەمان کات واژۆشمان پێدەکەن چیدیکە دەنگمان لە دەرەوە بڕ نەکات



سەرچاوە
Serchawe

واتە کارێک دەکەن کە کوردیش دەنگ بەو دەستورە بدات لە تاران دیاری دەکرێت. چوون هەر ئەو لایەنانەی کە بەشێک لە حیزبە کوردییەکان ئیستا دڵیان پێیان خۆشەو وەک فریشتەی دوارۆژ سەیریان دەکەنو تەلەفزیونو ڕاگەیاندنەکانی خۆیان خستووەتە ئیختیاریان، هەر ئەوانەشە دەبنە چاوساخی دوارۆژمان، جا وەی بە حاڵمان؟.

ئێمە دەبێت هێزو تواناو ئینیرژیمان بۆ شەری سیاسەت بێت لەگەڵ تاران نەک لە نێو خۆمان، ئێمە دەبێت چیدیکە وەک هێزو نەتەوەییەکی زەعیف خۆمان نیشان نەدەیەنو چاوەڕێ نەبین لە تارانەوە بریارێکی چاک باخرابمان بۆ دیاری بکەن، با ئێمە یەکدەنگو یەک گوتار کرماشان بکەین بە ناوەندی بریاردان، با ئەوان ناچار بکەین بێنە کرماشان بۆ دیالۆگ لەگەڵمان. کێشەی کورد لە دوارۆژ هەر ئەوە نییە فلان سکرتێری فلان حیزب کە خۆی ئامادە کردوە ببێتە وەزیرێک لە ئێرانو خۆیو کەسو کاری دەوڵەمەند بکات، کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە. کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکە کە چاوەڕوانی سەربەخۆیی دەکات لە پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمە داگیرکەرە. هەروەک نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێران هەموو خۆیان بۆ سەربەخۆیی یەکجاری ئامادە دەکەن، بێجگە لەبەشێ لە حیزبە کوردییەکان نەبێت دەنا ئیستا دەبینین کە ٨٠٪ لایەنە سیاسییەکانی نەتەوە بندەستەکان هەموو شوعاریان سەربەخۆییە بۆ گەلەکەیان، وەک بەلوچەکان، عەرەبەکانی ئەحواز، تورکمەن سەحراییو تورکی ئازەری.

ئیستا بۆ نموونە کاک ڕەحیم چەند کۆمەڵەییو ٢ حیزبی دیمۆکراتو زۆر لایەنی دیکەش کە دژی یەکن، ئەمە بە ئاشکرا زەنگی مەترسیدار بۆ شەری براکوژی لە دوارۆژ لێ دەدات، ئیدی هەموو دەستکەوتو ئاواتەکانمان لەگەڵ خەمو گلەیی خەڵک تێکەڵ دەبێت. کە وابێت باشتر وایە پێش لە نەمانی ئەم ڕێژیمە بیر لە نەمانی ناکۆکی نێوانمان بکەینەوە. دیارە ئەو مەسەلەش هەمووومان باش دەیزانین، ئێ مادام هەمووومان دەزانین دوارۆژ چ ڕوو دەدات ئەی بۆ بیر لە چارەسەریەکەی نەکەینەوە؟. لەوانەیە ئیستا بە قسە بڵێن شتی وا نابێت بەس بە ئاشکرا دیارە کە دەبێت.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردوەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژیەکتان هەیە؟

**عارف باوەجانی**: ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنمانەوە تا بەستنی کۆنگرەی یەکەممانو پیلۆنۆمی دووەمیش هەمیشە بانگێشەی شێوە لێک نزیکبوونەوەی لایەنەکانی کوردستانیمان کردوە. وەک تازەترین پرۆژەمان کە لە پیلۆنۆمی دووەم پەسەند کراوە، پێکهێنانی کۆبوونەویەکە لە ژێر ناوی (دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ دوارۆژی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کە بە نیازین بانگی چەند کەسایەتییەکی ئوروپاییو ئەمریکایی دۆستی کورد بکەین، بۆ ئەوەی وەک شایەتحاڵو دڵسۆزانە نێوبژی ئەو لایەنانە بکەن کە لەیەک عاجزن، بۆ ئەو ئەرکە گرنگو پیرۆزەش ئیستا سەرقاڵێنو

بزانین تا چەند مانگی دیکە ئامادەکاریو ئاسانکاری بۆ جێبەجێ دەکەین.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**عارف باوەجانی**: ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان چەک بە وەسیلە نازانین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، ئێمە پێمان وایە دانیشتنی سەرمێز دەتوانێت ئامرازی باش بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر بۆ گشت کێشە ناخۆییەکانمان. چەکو توندوتیژی زیاتر ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوەو خەڵکمان بێزارو نا ئۆمێد دەکات، دەبێت ئێمەی بە ناو سیاسیو خەمخۆر بیر لە خۆشحاڵ کردنی خەڵکەکەمان بکەینەوە، وەک حیزبەکانی ئوروپایی کە هەمیشە لە بیری شاد کردنی خەڵکیاندان. نەک هەمیشە بە شەر سیناریۆکانمان پێشانی خەڵک بدەین. بەڵام با چەکەکانمان وەک هێزێکی پوختەی وڵاتپارێز بۆ پاراستنی سنوورو دەستکەوتەکانی دوارۆژمان بە کار بێنین.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشەخەری ئەو ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ برینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**عارف باوەجانی**: وەک ئەرزم کردی ئێمە ئیستا بەو پرۆژە گرنگەوە خەریکین، دەمانەوێ تا چەند مانگی دیکە ئەو کارە جێبەجێ بکەین، یەکێک لە هەنگاوەکانمان پێش دەستپێکردنی پرۆژەکە ئەوەیە لەگەڵ هیندێک دۆستی کورد پرۆژەکە باس بکەین، پاشان لە بەشداری کردنی لایەنەکان دڵنیا بین. ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، بەس کاک ڕەحیم کوا لایەنەکان گوێ لە قسەی ئێمە مانان دەگرن کە تازە دامەزراوین. بە داخەوە ئەوان لە پرۆژەی لایەنی تازە دامەزراو بەشداری ناکەنو خۆشیان ئامادە نین شتێکی وا دروست بکەن کە بۆ خەڵکو هەموو لایەک کەڵکی هەبێت.

---

**ژیاننامەی بەرێز عارف باوەجانی، سەرۆکی پارتی سەربەستی کوردستان.**

شوێنو ساڵی لە دایکبوون؛ ٤ی نەورۆزی ٢٦٧٣ی کوردی واتە ١٩٧٣ی زایینی، لە گوندی بەرکوڕی سەلاسی باوەجانی، سەر بە پارێزگای کرماشان.

لە تەمەنی ٧ساڵیدا واتە لە ساڵی١٩٨٠ لەگەڵ بنەماڵەكەی بە هۆی شەڕی نێوان ئێراقو ئێرانو شەڕی دەوڵەتی تازەی ئێران لەگەڵ كوردەكان، ئاوارەی ناوچەكانی باشوری كوردستان دەبن، لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن حكومەتی ئێراقەوە دەگوازرێنەوە ئۆردوگای زۆرەملێی ئەڵتاش. هەر لە ئۆردوگای ئەڵتاشو لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە هزری كوردایەتی لە مێشكی عارفدا پەروەردە دەبێت، ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە نێو ڕیزەكانی حدكا، بەڵام لەبەر كەم تەمەنی وەریناگرنو دەینێرنەوە، دیسانەوە لە ساڵی ١٩٨٨دەچێتەوە نێو ڕیزەكانی حدكا، لەبەر كەمی تەمەنی بۆ ماوەیەك لە یەكێتی لاوانی حدكا دەبێت، پاشان بۆ ماوەی ٤ ساڵ وەك پێشمەرگە لە ڕیزەكانی حدكادا خەبات دەكات.

لە ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ بنەماڵەكەیو لە ڕێگای كۆمیسارییایی بەرزی پەنابەران دەگەنە وڵاتی نۆرویژ، ناوبراو لە ماوەی ژیانی لە وڵاتی نۆرویژ بە گەرمی سەرقاڵی خۆ پێگەیاندنو ناساندنی كێشەی نەتەوەكەی دەبێت لەم وڵاتەدا، هەر بەو مەبەستەش دەچێتە ڕیزی یەكێك لە پارتەكانی وڵاتی نۆرویژ بە ناوی "پارتی سوسیال چەپی نۆرویژ"، هەر لە لیستی ئەو پارتەدا لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ وەك ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ هەڵدەبژێردرێت، هەروەها لەم چەند ساڵەی ژیانیدا لە وڵاتی نۆرویژ بەردەوام بووە لە خزمەتی بێوچان بە كێشەی كوردو پەنابەرەكانی ناو وڵاتی نۆرویژ، ئۆردوگای ئەڵتاشو كوردەكانی ئاوارە لە توركیاو وڵاتانی ئێراقو ئۆردون.

ساڵی ٢٠٠٦ وێرای چەند هاوبیرێكی پارتی سەربەستیی كوردستانی وەك پارتێكی نەتەوەییو سەربەخۆ خواز بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان دامەزراندوە.

ناوبراو ئێستا سەرۆكی پارتی سەربەستی كوردستانە، ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات بۆ سەربەخۆیی كوردستان تێدەكۆشێ...
سەرچاوە:

ڕێكەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

-------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئەمیر قازی: لەوانەیە بۆ جارێکی دیکەش بدۆڕێنینو رەنج بە خەسار بکەوینەوە



**پرسیار**: بە باوەری ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**ئەمیر قازی**: لە روانگەی منەوە ئەوەی کە جارێ پێکهێنانی بەرە وە ئاستەنگ کەوتوە، زیاتر لە بەر ئەوەیە کە هێزە کوردییەکان ناتەبان پێکەوە. ئەگەر لە رەگو ریشەی ئەو ناتەباییە وێکەوینەوەو بمانهەوێ لە بنەوانی بگەین، دەگەینەوە سەر وتە بە ناوبانگەی شاعیری بەرێز مامۆستا مەلا مارفی کۆکەی کە بە توندی رەخنە لە ناتەباییو ناکۆکی کورد بە گشتی دەکا.

خۆ ئەگەر بمانەوێ وردە هۆو سەبەبیش رەگەڵ بخەین، دەگەینە سەر جەوهەری نا دێموکراتی بزاوی رزگاریخوازیمانو لێرەدا رێکخراوو حیزبەکان مەبەستن. بەش بەش بوونی حیزبەکانو لەت بوون لە نێوانیانداو بۆ یەکتر نەسەلماندنیانو یەکتر وەرنەگرتنیانو... لەو موکافاتانەن کە یەکگرتوویی وە زەحمەت خستوە.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەمو زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**ئەمیر قازی**: بەڵێ، وەک جەنابیشت ئاماژەت پێداوە، دەگەڵ ئەوەش کە هاوکاریو کۆدەنگی پرسو ئەرکی هەموانیشەو هەموانیش لە پێداویستێکەی حاڵین، کەچی سەرەرای ئەوەش بە باوەری نەبوونی هاوکاریو کۆدەنگی نێوان لەوە دایە کە لە سەرەوە عەرزم کردن.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلو مەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟.

**ئەمیر قازی**: زۆر بە کورتیو بە رای خۆم دەبێ عەرز بکەم، نەخێر! ئەگەر هەر ئاوابێ وەک ئێستا کە هەیە، قازانجێک بەدی ناکرێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهێناوە؟.

**ئەمیر قازی**: لە هەموان ئاشکرایە کە پرشو بڵاوی رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵات لە هەلومەرجی ئەورۆدا، ئەگەر مەترسیش نەبێ، پشێوێکی تەواوی سیاسیی لە ئاست ویستە رەواکانی گەلی ئێمەی لێکەوتۆتەوە، چ لە ناو خۆی وڵات، چ لە دەرەوەی کوردستاندا.

لە ناوخۆدا، سەرەرای پەرەم پەرەمیو ناکۆکی نێوخۆیی لە نێو حیزبەکاندا، ئاڵۆزێکی تەواو حاکمە لەو جێیانە کە لە پێوەندیدایە دەگەڵ داواو خواست، هاوکات شێوەی بۆچوونو کردەوە لە مەیداندا بەرەو ئەنجامی ئەم ویستو خواستە سیاسیانە.

ئەو ئاڵۆزییە لە ئاستی دەرەوەشدا بە تەواوی بەرچاوە، چونکە وەک کوترا کۆدەنگی لە ئاست داوای سیاسیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتدا نییەو کە ئەوەش نەبوو هەر کەس بۆ خۆی رادەکاتە ئێرەوئەوێو هەر لایەنەش چەشنە داواو نەوعە رێگا چارەی خۆی دێنێتە گۆر کە زیاتر مەبەستی پروپاگەندەو خۆ نوێنی رێکخراوەیی لێ دەکەوێتەوە، لە لانی جیهاتی نێونەتەوایەتیەوە، بە جیددی وەرناگیرێ. ئێستا ئیدی کاتی ساغبونەوەو کۆدەنگییە سەبارەت بە ویستو داواکارییە سیاسییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵات کە مەرجێکی بنەرەتیە لە هەموو لاوە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمەلایەنە لەنێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟.

**ئەمیر قازی**: لانی هەرە کەمی قازانجی ئەو کۆدەنگیە گشتییە دەبێ بەوەکە یەکێتێکی گەلی کوردستانی پێوە دیار دەبێ کە



سەرچاوە Serchawe

مەرجی هەرە بنەرەتی تێکۆشانی سیاسییە بۆ کۆمەڵگاو کۆمەڵێکی زیندو، لە لای دیکەشەوە ئەو قازانجەی پێوە دیار دەبێ کە هەم لە داگیرکار روون دەبێ ویستەکان چین‌و لە ناوخۆش‌و جیهات‌و لایەنی جیهانییەوە ئەو بەرژەوەندە گشتییە، قسەی لەسەر نابێ.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبەکەون؟.

**ئەمیر قازی**: بەڵێ بێ گومان. خۆ ئەگەر بەرەیەکی گشتی هێزە کوردو کوردستانییەکان لە هەلو مەرجی پەرەم پەرەمی‌دا، وەک خۆیان دەڵێن ناکرێ‌و ناگونجێ، لانی کەم کۆدەنگی‌و هاوخەباتێک لەسەر چەند خاڵێکی بنەرەتی لە پەیوەندی دەگەڵ ئارەزوە گشتییەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا کە هەموانیش تەک تەکو لایەن لایەن گونجاندویانەو داواکاریان لەسەری هەیە، بە تەواوی دەگونجێ‌و هەیە، لە هەموانیش هەر ئاشکرایە، با لێرەشدا ئەو کۆخاڵ‌و پرینسیپانە دیاریش نەکراین.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسیەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەری نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**ئەمیر قازی**: بە باوەری من، لە ئەگەری هەڵکەوتنی هەل بۆ حیزب‌و کۆمەڵەکانی رەوەندی کوردستان کە بتوانن لەو هەلە هەڵکەوتەیەدا باڵا راست کەنەوە، مەترسی شەرو پێکدادانی ناوخۆیی، سەرەرای پرش‌و بڵاوی ئێستاو دوا رۆژیش، زۆر لاوازە چونکە پێ موایە خەڵکی ئێمە ئێستا ئیدی لەوە وشیارترو پر هەستترن کە دیاردەیەکی ئەوتۆ ناحەز لە نێو خۆیاندا قەبوڵ بکەن. نەتەوەی ئێمە بەگشتی دەستی بەم ئاگرەوە سوتاوە. بەڵان لام وایە، ئەگەر لەو دەرفەتەشدا، هەلومەرج هەر وەک ئێستای ناوخۆیی حیزبە سیاسییەکان بێ، کە هەیە، توشی پشێوی‌و کەس لە کەسی زیاتر دەبین‌و لەوانەیە بۆ جارێکی دیکەش بدۆرێنین‌و رەنج بە خەسار بکەوینەوە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردوەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژیەکتان هەیە؟.

**ئەمیر قازی**: پارتی سەربەخۆیی‌و منیش دەگەڵ، بەم ناکۆکیانەوە زۆر ماندووین‌و بەش بە حاڵی خۆمان ئەوەندەی لە دەستمان هاتبێ، لە هاتووچۆی نێوانیان دابووین، بەو هیواو هومێدەوە کە لایەنەکان رەزایەت بدەن کۆنفرانسێکی هێزە کوردییە رۆژهەڵاتییەکان ببەسترێ تا لەوێدا لانی کەم کێشەی پێکنەهاتن بۆ کۆدەنگی‌و سازانێک لە سەر چەند بنەمایەکی

سەلماو بۆ هەمووان، بۆ کۆمەڵگا روونو دیار بێ. هەڵبەت تا ئێستا دەگەڵ بوونی گشتیی رێکخراوە سیاسییەکان پێک نەهاتوە بەڵان ئێمە لە سەری دەرۆین.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**ئەمیر قازی**: برای بەرێز، خەڵکی ئێمە خەڵکێکی بەشخوراوو لا شەرە، قەت لە فکری شەرو ئاژاوەو ماڵوێرانیدا نەبوە. مەگەر کورد کوتەنی: شەر خۆی لە دەرکێ کێشابێ. بەڵان ئەو رۆژەی کە نەتەوەی ئێمە بیهەوێ ژیانی ئینسانی خۆی وە دەست بێنێو لە ژێر دەستیو داگیرکراوی رزگار بێ، هەقی خۆیەتی هەر چەشنە خەباتێک کە لە ئازادیو رزگاری خۆی نیزیکی بکاتەوە، رەچاو بکا. رەنگە لە هەلومەرجی ئێستادا زەحمەت بێ مرۆ بڵێ هەر ئەوە یان هەر ئەوی دی. خۆ هەمیشەش هەر ئێمە دیاریمان نەکردوە دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەین، زۆر جار داگیرکارو زاڵمانی بە سەرمانەوە پێیان هلگرتووینو پێیان رەچاو کردوین، ئێستاش هەر وایەو بێ گومان لە داهاتووشدا هەر بەو چەشنە دەبێ.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشەخەری ئەو ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**ئەمیر قازی**: دەست بۆ چەک بردنو نەبردن، چ لایەن لایەنو چ بەگشتیی، کێشەی کۆدەنگێکی گشتییە. ئەو کاتە دێتە کایەوە کە ستراتێژیو بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەو وڵات ببێ بە زەمیرو ویژدانی سیاسیی بۆ گشتمان، دەنا دەچێتەوە پاڵ هەر کەس هەر کەسیەکەی ئێستامان.

---

**بەرێز ئەمیر قازی، سەرۆکی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە چەند دێڕێکدا:**

ئەمیر قازی، لە بنەماڵەی قازییەکانی مەهابادە، لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە دێیەک بە ناوی حاجیاوا لە دەوروبەری مهاباد لە دایک بوە. ساڵی ١٩٤٦ وەبەر خوێندن نراوە، دەورانی خوێندنی لە شارەکانی بۆکان، مهاباد، تەورێزو تاران بوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە زانکۆی شاری تاران حقوقی خوێندوە، ئەو ماوەیەش کە لە دەرەوەی وڵات بوە، لە زانستگەکانی وڵاتی سوئێدو لە شارەکانی ستوکهۆڵمو ئوپسالا لە بەشی زمان خوێندویەتی.

لە سەرەتای منداڵییەوە - پۆلی ٣- ٤ی سەرەتایی - کەوتۆتە تێکۆشانی سیاسییەوەو رەگەڵ یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتوە، تا ساڵەکانی ١٩٨٤ی زایینی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بوە.

لە ساڵی ١٩٨٤وە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نەماوە، هاوڕێ دەگەڵ کۆمەڵە برادەرێکی دیکەی هاوفکرو هاوبیر هەر لەو ساڵەدا، رێکخراوی سیاسیی سەربەخۆخوازی خۆیان بە ناوی "بەرەی یەکگرتووی دێموکراتی کوردستان" پێک هێناوە، ئەو رێکخراوەیە پاش چەند ساڵ تێکۆشان لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینیدا، ناوی گۆڕاوەو بۆتە "پارتی سەربەخۆیی کوردستان".

ناوبرو لەو کاتەوە تا ئێستا دەگەڵ ئەو پارتە کار دەکاتو سەرۆکی ئەو حیزبەیە کە لە دەرەوەی وڵات بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشێ...

رێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٠

----------------------------------------------------------

**عوسمان جەعفەری: لایەنگەلێکی پشتی پەردە دژی یەکگرتوویی‌و پێشڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردن لە خۆرهەڵاتی کوردستان.**



**پرسیار: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکیی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**عوسمان جەعفەری**: لە ڕاستی‌دا من پێموایە شتێک لە ژێرناوی هۆکاری سەرەکیمان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆو هۆکار هەیە کە هەر یەک لەوان بیانوو کێشەی یەکێ لەو لایەنەکانن کە بەتەمان بەشداری ئەم بەرەیە بن یا ئەم بەرەیە پێک بێنن. بۆیە هۆکان لای لایەنێک بۆ لایەنێکی دیکە جیاوازیی هەیە. پێشم وایە ئەم هۆکارانە هەمان هۆکار گەلێکن کە لە ڕابردووشدا هەبووەو ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام ڕەنگە بە تۆزێ ئەملاوئەولا کەمڕەنگو پڕڕەنگ کرابێتەوە. بۆ ئەمەش پێم باشە ئاماژە بە مێژوویەکی بەرەی کوردستانی بکەم کە ئێمەش وەکوو "یەکێتیی دیموکراتی کوردستان" لەم مێژووەدا بەشدار بووینە. دوای ئەوەی ئێمە وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی لە ساڵی ۲۰۰۵ پێمان نایە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە، دوو جار هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دراوە، یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۲۰۰٦ کە دوکتۆر سامان شاڵی {سەرۆکی ئەو کاتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکا} بۆ پێکهێنانی بەرە هەوڵێکی زۆریدا، بەڵام بەرە سەری نەگرتو، ئەو کات کە هێشتا حیزبەکانی کۆمەڵەو دیموکرات تووشی ئینشیعاب نەبیوونو دەوری سەرەکییان لە پێکهێنانی بەرەدا دەگێڕا، هۆکەیان گەڕاندەوە بۆ بەشدار نەبوون یا بەشدار بوونی هەندێ ڕێکخراوی‌تر، بۆیە من پێموایە ئەوە کێشەی سەرەکی‌و چاوگی مەسەلەکە نەبوو. وێڕای ئەمانەش پرۆسەکە جۆرێ خۆی دەنواند کە تەنانەت ئەگەر لەو ساڵەدا بەرە پێک بهاتبایە، بەرەیەکی سنوردارو ناکۆک دەبوو.

دواتریش لە ساڵی ۲۰۰۸ یشدا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرە وروژایەوە، ئەمەش لە کاتێکا کە بەداخەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە گیرۆدەی کێشەی ناوخۆیی هاتبوونو لە ئەنجامدا تووشی دابڕانیش ببوون. بۆیە دۆخەکە بە

نیسبەت ساڵی ٢٠٠٦ زۆر جیاوازتر بوو، یانی ئەو کات ئەگەر حیزبەکان لە ڕووی مەسایلی ناوخۆییەوە بە دیسیپلینو یەکپارچەتر بوون، بەڵام زەمینەو زەرفیەتی ئەوە نەبوو کە بەرە پێک بێ، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بە شێوەیەکی ڕیالیتە ناکۆکیو شەڕی ڕاگەیاندنیو... تاد لە نێوان باڵە دابڕاوو ئینشیعابییەکانو با ڵێین حیزبەکانی دایک لە ئارادا بوو ئەمەش هەلومەرجەکەی هەندێ مەترسیدارو سەخت کردبوو. بەم حاڵەشەوە چەندینو چەند دانیشتنی جیددی لە نێوان ئێمەو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ ئەم مەبەستە کراو دوو لایەنی دیکەش بە ناوەکانی سازمانی خەباتو پارتی ئازادییش بەشدار بوون. ئەم هەوڵە بەڕاستی دەیتوانی هەنگاوێکی کاریگەر بێ بە نیسبەت دەنگدانەوەی یەگجار مەزنی داواکاریو ئامانجەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بۆ دەرەوەو، هەمیش دەیتوانی کارتێکردنی لە ئاست ناوخۆدا فرە بەرچاو بێت، هەروەها دەشیتوانی نموونەیەکی بەرهەست ببوایە لە کاری هاوبەشو فێربوونی پێکەوە کارکردنو یەکتر قەبووڵ کردن کە ڕاهێنانو وانەیەکی دامەزراوە کراویش دەبوو بۆ جیلی سیاسیی داهاتوومان لە ئاست حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بەڵام مخابن ئەم هەوڵەش وەک ئێمە ئەنجامەکەمان پێشتر پێشبینی کردبوو بێ ئەنجام مایەوە، چوونکە بیری هەندێ لە ڕێکخراوەکانی بەشداربوو، زیاتر لەوەی کە سەرقاڵی نەفسی بەرەکە بێت سەرقاڵی شتی لاوەکی بوونو، لە ئاکامی دەستێوەردانی لایەنگەلێکی پشتی پەردە کە دژی یەکگرتوویی‌و پێشڕەوتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردن لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەم هەوڵەش ڕێی بۆ هیچ کوێ نەبرد. بۆ ئێستاش هەمان کێشەگەل هەیەو ڕەنگە هەیتریش هەبێ، بەڵام من ئەو شتانە وەک کێشەی یەکەمو سەرەکی نابینم، چوونکە کاتێ ڕێکخراوێک ئیرادەو بڕیاری بە دەست لایەنو ڕێکخراوی تر بێ یا مەسەلەن بەشێک بێ لە ڕێکخراوێکی دیکە، ئا لێرەدایە دەبێ لە شتێک ورد ببینەوە. ئەویش فەلسەفەی هەبوون، بیرۆکەو ئەو ئامانجی بناخەییە کە هەر حیزبێک لە سەر ئەو خۆی بنیات ناوە یا بنیاتیان بۆ ناوە. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە دوو خاڵ دەتوانێ هەنگێزەی پێکهێنانی بەرە مسۆگەر بکات.

**یەکەم**: بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکانی تر بێ.
**دووهەم**: هەر حیزبێک ئیرادەی سیاسی بۆ هەر چەشنە بڕیارو پرۆژەیەک بە دەستی خۆیەوە بێ. بەو مانایە کە خودی ئەو حیزبە مەرجەع و چاوگی بڕیاردان بێ.

سەرەڕای ئەمەش من پێموایە لەم دۆخە تەماوییەشدا کە بەڕاستی جۆرێک لە وەستانی سیاسی لە ناو حیزبەکاندا دەبینرێ دوو شت پێش بە پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی دەگرن، یانی ئەم دوو خاڵە جیاوازن لەو دوو خاڵەی کە ئەساسو بنەمان لە هەر حیزبێکدا تا بەرە پێک بێتو لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، یەکەمین خاڵیان ئەوەیە بەرژەوەندیی حیزبی بە نیسبەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و ئامانجە سەرەکییەکانی‌تر لە ئەولەویتو کەمایەتیان. دووهەمیش ئەوەیە هەنووکە حیزبەکان زیاتر

لە ڕابردوو لەیەک نامۆ بوون. ئەم نامۆ بوونەش لە دوو شتەوە دێ، یەکیان ئەوەیە هەندێ گۆڕانکاریی کرداری لە هەندێ حیزب بەدی دەکرێ کە لە ئاست خۆیدا سەیروسەمەرەیەو ئەمەش بە شێوەیەکی خۆکار حیزبەکانی ئیزۆلە کردووەو پەیوەندی نێوانیانی کەمرەنگو بگرە بڕیوە. ئەوی تریشیان ئەوەیە لە پاڵ ئەوەشا کە گۆڕانی کرداری هاتۆتە ئاراوە، بیرۆکەی نزیکبوونەوە لە ئەحزابی نەتەوەکانی ترو خۆهەڵواسین بە جەریاناتی‌تر گەشەی کردووەو، ئەمەش سەرنجی ئەوانی (حیزبە کوردییەکان) لە سەر کوردستانو ئەحزابی کوردیو بەرەی کوردستانی دوور کردۆتەوە. پێم باشە ئەوەش بڵێم کە هەر حیزبێک لە لایەن خۆیەوە دەڵێت کە ئەوان کۆسپی بەردەم پێکنەهاتنی بەرەی کوردستان نین لە کاتێکا لە کرداردا هەموویان کۆسپن لەبەردەم پێکهاتنیدا. بۆیە بە بڕوای من سەرجەم ئەمانە لە ئێستادا کێشەو کۆسپی بەردەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانین. وەک وتم نەفسی کێشە وەک خۆی ماوەتەوەو هەر جارو بە جۆرێک دەردەکەوێ.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگییەکی گشتیی بۆ وەڵامدانەوە بۆ پرسگەلێک کە کەم و زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەرناگرێ؟

**عوسمان جەعفەری**: وەک باسم کرد بەرەی کوردستانییش پەیوەندی بە هەمووانە هەیەو وەڵامێکەو خەڵک لە حیزبەکانی ئەوێ، لەوانەیە گرنگترین بابەتیش بێ، بەڵام مەسایلی کەسیو یەکتر قەبووڵ نەکردنو ڕانەهاتن بەکاری هاوبەش هۆکارە تا کۆدەنگییش بۆ پرسی گشتیی دروست نەبێ.

لە ڕاستیدا یەک شتی گرنگیش هەیە کە جێی سرنجەو زۆرێک لە هەوڵو ماندووبوونە بێ ئەنجامەکان لەو خاڵەدا تووشی شکست دەبێ ئەویش پەیوەندییە، ئەوەی من تا ئێستا بینیومە ئەوەیە پەیوەندییەکانی ناوبەر ئەحزاب تاکتیکین نە ستراتژیکی، ئەمەش لە کاتێکا کە ئامانجی هەموومان ئامانجێکی ستراتژیکییە. بەڕاستی ئەحزاب بە شێوەیەکی ڕاست بەرامبەر یەک ناجووڵێنو پەیوەندییەکانیان ڕاست نین. ئەم خاڵانە وەک بناخەی کێشەکان دەبێتە کۆسپ تا هەر هەوڵێک پێش لە دەسپێکردن دۆڕاو بێ.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بەقازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**عوسمان جەعفەری**: ئەگەر مەبەستت ئێستایە، من زۆر بە لاوازی دەزانم، تەنانەت ئەگەر بارودۆخ وا بێ من پێموایە هەلەکەش کەسی تر دەیقۆزێتەوەو ئەمەش لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نابێ. بەڵام بڕوام بەوەش هەیە کە ئەگەر حیزبەکان بە

خاترجەمی‌و نیەت پاکی کۆدەنگییەک ساز بکەن، دەتوانین باشترو شیاوتر لە بارودخەکان سوودمەند بین.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشوبڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی‌و دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێک هێناوە؟

**عوسمان جەعفەری**: بە داخەوە ئەو هەلومەرجانە زۆر مەترسیدارانو دوژمنانی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر بە سانایی دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن‌و پارووەکی ئامادەکراوە بۆ ئەوان، چوونکە ئەوان چەندین ساڵ پلان‌و پرۆژەی بەردەوامیان هەبووەو هەیە، بەڵام نەیانتوانی شتێکی لەو شێوەیە بکەن، کەچی ئێستا ئەو دۆخە دروست بووە. دووبارەی دەکەمەوە کە حیزبەکان ئا لەم دۆخەدایە کە بەناچار یا خۆکار لە یەک دوور دەبنەوەو ئەمەش مەترسیدارترین شتە، چوونکە بەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆن لە دەنگو ڕەنگ دەکەوێ‌و ئەگەر دۆخەکە بەردەوام بێ دەبێ چاوەڕێی شتی مەترسیدار بکەین.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگییەکی هەمەلایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟

**عوسمان جەعفەری**: کاتێ بەرەیەک دروست ببێ، دەنگێکی بەهێزتر لە دایک دەبێ، بڕیارەکان بە برشتترو بڕاوە ڕادەگەینرێت‌و بە شوێن ئەمەشا جەماوەر گوێداری یەک تریبۆن دەکەن‌و ڕێبازو بەرنامەی خەباتو هەموو شتێکیان لەسەر ڕاگەیەنراوی ئەو تریبۆنە ڕێک دەخەن، دەرەنجام ئەوەیە کە یەکگرتوویش لە ئاست خەڵکدا دروست دەبێ‌و ئەمەش یانی بڕینی قۆناغێکی مەزنی خەباتو بەسیج کردنی گشتیی‌و ئامادە کردنی خەڵک.

بەڵام ڕوویەکی دیکەی ئەم بەرە یا کۆدەنگییە قورسایی‌و سەنگێکە کە کورد بەرامبەر هەر لایەن‌و بزوتنەوەو ڕێکخراوێکی دیکەی ئێران دەیبێت. بە هەمان شێوەش قورسایی هەڵوێستو بڕیارو کرداری ئەم بەرەیە زۆر جیددیتر لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەردەگیرێ.

جا ئەگەر بە نیسبەت پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بە شێوەیەکی ریالیتەو وردبین دۆخەکە هەڵسەنگێنین بەوە دەگەین کە هەندێ حیزب هەیە کە بەڕاستی ئەبێ حیزبەکانی‌تر لە گردوکۆی ئەوان کۆ ببنەوەو ئەوانیش دەوری برا گەورەیەک بگێڕن، دەبێ ئەوان لەم مەسەلەیەدا دەسپێشخەر بن، چوونکە ئەوان ئەزموونی کاری سیاسی‌و پێشینەی کاروباری سیاسییان زۆر



سەرچاوە
Serchawe

زیاترەو هەر ئەمەش وا دەکات ئەو ئەرکە پێش لە هەر لایەنێک لە ئەستۆی ئەوان بێ. بۆیە بەراستی ئەگەر لە دێڕێکدا بیڵێم بەرەی کوردستانی یانی یەکدەنگیو دەسپێکی پرۆسەیەکی جیاوازی خەبات.

**پرسیار**: باشە پێتان وا نییە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە ڕێک کەون؟

**عوسمان جەعفەری**: ڕاستە منیش دەڵێم جیاوازی هەیە، بەڵام ئایا ئەو جیاوازییانە تیۆریکو فیکرین، بێگومان وا نییە، ئەگەر تیۆریکو فیکری ببووایە ئەوا دوای چەند دانیشتن کە حیزبەکان بە مەبەستی هاوکاریو کاری هاوبەش دەیان کرد دەگەیشتنە کۆکبوونو تێگەیشتنی دوو لایەنە، هەر لەو ناکۆکییە فیکرییانە فیکری تازەترو نوێتر دروست دەبێو ئەمەش لەوانەیە ئەنجامێکی باشی تەنانەت لە پێکهاتەی خودی حیزبەکانیشدا لێ بکەوێتەوە. ڕاستە منیش لەگەڵ بۆچوونی ئێوەم، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشو گرنگ کە فەلسەفەی هەبوونی ئێمەن هەیە، ئەم خاڵانەش ستراتژیکینو هەر ئەمەش وای کردووە تا ناوی هەموومان ئۆپۆزیسیۆن بێ، بەڵام وەک وتم ئامانجەگەلی ستراتژیکی لە کۆڕو کۆبوونەوە جیددیەکانی سەرەوەی بەشێک لە حیزبەکان پێکەوە، زۆرجار هەر باس ناکرێو شتی لاوەکیو بۆچوونو بابەتی کەم نرخ دەوروژێنرێت.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتووورە سیاسییەی ئێستا کە لە نێو ڕێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**عوسمان جەعفەری**: پێموایە بەم کولتوورەی ئێستا ئەگەری هەموو شتێک هەیە بەڵام، من نازانمو کەسیش نازانێ لە داهاتوودا چ ڕوو ئەداتو چ گۆڕانکاری گەلێک لە ئاست ئێرانو حیزبەکان دێتە ئاراوە، یانی ئایا ئێران بە شەڕێکی مەزن لە بنەوە دەڕووخێتو حیزبەکان ئەچنەوە بۆ ناخۆ، یا کێ ئەزانێ ئایا حیزبەکان کوردستان ڕزگار دەکەنو لە کوردستان جێگیر ئەبن، یا بۆنموونە حیزبەکان بە هەبوونی هەمان دەسەڵاتی هەنووکەیی لە ئێران، دەگەڕێنەوە ناخۆو زۆر نموونەو ئەگەریتر، مەبەستمە بڵێم هەر یەک لەوانە چوارچێوەی جۆرێک لە چوونەوە وڵات دەسەپێنێت. بەڵام ئەگەر ئەم ئەگەرانە لە بەرچاو نەگرینو هیچ گریمانەیەک لەسەر چۆن چوونەوە دانەنێین، دەبێ لەسەر بارودۆخی ئێستای حیزبەکان بگەینە ئەنجام کە ئایا لە داهاتوودا دەیانەوێ چۆن بەرامبەر یەکتر هەڵسوکەوت بکەن کە من پێموایە وەڵامی ئەمەش وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە ئیشی پسپۆڕانەی ناوێو دیارە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژەیەکتان هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**عوسمان جەعفەری**: پێش لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە منیش دەپرسم شەڕی نێوخۆ بۆچی دەبێ دروست بێ؟ ئەگەر وایە دیارە شەڕی نێوخۆیی وەک نەریتی ساڵانەی لێهاتووەو دەبێ دووبارە ببێتەوە! لەڕاستیا کاتێ شەڕی ناوخۆ بیەوێ دروست ببێت نە پرۆژە پووچەڵی دەکاتەوەو نە پرۆژە پێشی پێ دەگرێ، چوونکە کاتێ کار گەیشتە قسەو باسی شەڕی نێوخۆیی، بێگومان یانی فەرز کراوەو دەبێ بکرێ. ئەمەش نە ئێمە دەتوانین پێش بە ڕوودانی بگرینو نە هیچ لایەنێکیتر، تەنیا لایەن گەلێک کە دەتوانن پێش بەوە بگرن هەمان ئەو حیزبانەن کە وەک لە پرسیارەکەی بەڕێزتان هاتووە لەوانەیە شەڕی ناوخۆ بکەن. ئێمەش لەم بارەوە تەنیا پێشنیارێکمان هەیە، بەڵام پێش لەوە دەبێ بڵێم ئەگەر جوگرافیای کوردستانو ئامانجە گشتییەکان بە شێوەیەکی دامەزراوەکراو ببێتە ئەولەویەتی فیکری ـ کرداری هەر لایەنێک، دڵنیام نەک هەر شەڕی ناوخۆ ڕوونادات بەڵکوو حیزبەکان لە دۆخێکی زۆر دیموکراتیکدا پاڵپشتی یەکتریش دەبن. ئینجا پێشنیار، بیرۆکەو هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە بەرەیەکی کوردستانی پێک بێت کە لەودا یاساگەلێکی حوقوقی کە لە ئێستاو داهاتوودا هەموومان پێڕەوی ببین لە لایەن کۆدەنگیی هەموو حیزبەکانەوە بنووسرێو بەشێوەی فەرمیی کاری پێ بکرێ. دواتریش میکانیزمێک پێک بێت لە سەرووی هەموو حیزبەکانەوە بێ، بۆیە کاتێ ئەو حیزبو لایەنانەی کە بە نیازن لەو یاسایە لابدەن ئەو میکانیزمە توانایی کۆنترۆڵ کردنی ئەوانی هەبێ، بێگومان ئەم میکانیزمە ئەرکی سەرەکیی ئەوە دەبێ کە ئەوانەی ئەیانەوێ شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن بخاتە کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەڵام پێمان باشترە لە هیچ بارودۆخێکدا هیچ حیزبێکی چەکدار لە کوردستان نەبێو ئەمەش ئەگەری هەر ڕووداوێک تا نزمترین ئاست کەم دەکاتەوە.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک بەرن؟

**عوسمان جەعفەری**: ئێمە خۆمان حیزبێکی سیاسینو بڕوای تەواومان بە ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسیو فەرەچەشنی هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا. بیرۆکەی ئێمەش وەک "یەکێتیی دیموکراتی کوردستان" وەک چرۆیەک لەو ڕیشکە بڕوایەوە ڕواوە. بەڵام بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم ئایا ئەو گرفتو ئاستەنگە چیو چۆن بێ؟ ئەگەر مەبەستتان کێشەو گرفتگەلێکن ڕووبەڕووی ئێمە وەک حیزب دەبێتەوە ئەوا دەڵێم بڕوامان بە بەرگریی ڕەوا هەیەو ئەمەش بڕوای ئێمەیەو بێگومان ئەم هێزەش تەنیا بۆ بەرگرییەو هیچیتر، هەر بۆیە ئێمە ڕێگەی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانمان لەتەک هەر لایەنێک لەسەر دیالۆگو عورفی سیاسیی بنیات ناوەو ئەمەش ڕێبازو بیروبۆچوونی پێکهاتەیی ئێمەیە.

بەڵام ئەگەریش مەبەستتان لە کێشەو گرفت بە دەست هێنانی مافەکانمان وەک گەلی کورد بێ، ئەوە مەسەلەکە جیاوازە، دیسان لەم حاڵەتەشدا ئێمە لەسەر ڕێبازێکی سیاسیی خەبات دەکەینو بڕوامان بە خەباتی ئاشتیخوازانە هەیەو

پێشکەوتنی فیکریو زەیینی خەڵکمان زیاتر لە هەموو شتێک لا گرینگە، چوونکە کاتێ ئەوە کرا هەموو داخوازییەکی‌تر دەستەبەر دەبێت. دۆخی شەڕو نا ئارامی هەر دەم کۆمەڵگەی بۆ دواوە بردووەو بە تایبەت لە ئێستادا تەنیا بنەماو پایەکانی کۆمەڵگە تێک دەداو بەرەو دۆخێکی مەترسیداری دەبات. بۆیە ئەو دۆخە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نییەو تەنیا ڕانتەکانی شەڕو بازرگانانی چەکوچۆڵ سوودی لێ دەبەن. بەڵام وێڕای ئەمە، ئەگەر دۆخی ئۆبژەکتیڤو سۆبژەکیتڤ ڕەخسا بۆ ئەوەی بۆ دەستهێنانی مافەکانمان وەک کورد دەست بۆ چەک ببەین، ئێمەش وەک هەر حیزبێکی دیکەی کوردستانی لەو بنەچەیە جیاواز نین.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە، بۆچی دەسپێشخەری ئەوە ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**عوسمان جەعفەری**: کێشەو ناکۆکی هەمیشە هەیە، ئەوە لایەنەکانن دەبێ بەو عەقڵییەتە گەیشتبن کە نابێ بۆ بڕینەوە یا چارەسەر کردنی هەر کێشەو ناکۆکییەک دەست بۆ چەک ببەن یا لە هەوڵی ئەوەدا بن کە سیاسەتی مۆنۆلۆگ بسەپێنن. بۆیە هەندێ مەسایل هەیە بە دوو شێوە چارەسەر دەکرێت، یەکیان وەک وتم ئەوەیە کە دەبێ ئەو لایەنانە بۆ خۆیان بڕوا بەوە بێنن کە چەک چارەسەری ناهێنێت، چوونکە ئەگەر بەڕاستی ئارامیو ئاسوودەیی خەڵکو ئازادییو پێشکەوتنیان ئەوێ ئەوا چەک هەمووی ئەوانە دەکوژێت. شێوەی دەووهەمیش ئەوەیە کە میکانیزمێکی گشتیی لەسەر هەمووی حیزبەکانەوە هەبێ کە ڕێگەی دەستبردن بۆ چەک بە مەبەستی چارەسەری گرفتو کێشە بگرێو هەموو لایەنێکیش پاڵپشتی ئەم میکانیزمەو دژی نەیارانی ئەو میکانیزمە بن.

بەڵام ئەگەریش مەبەست لە لایەنەکان ئۆپۆزیسیۆنو کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئێمە وەک خۆمان تا ئەو شوێنەی پێمان کراوە لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا هەوڵماندلوە تا بیرۆکەی شەڕی چەکداری کەمرەنگ بکەینەوەو جۆرە خەباتەکانی تر بڵاوە پێ بدەین، کاتێ هەمووممان لە ڕووی بڕواوەو نەک تاکتیک، گەیشتن بەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە خەباتی مەدەنیو سیاسییو شۆڕشی زەیینی ئەوێ، پێم وایە بە چەشنێکی خۆکار کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ناچارە هەڵوێستو کرداری خۆی بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن بگۆڕێ.

---

**کورتەیەک لەسەر رێزدار مامۆستا عوسمان جەعفەری، سکرتێری یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان:**

مامۆستا عوسمان جەعفەری، لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری جوانڕۆ لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ کاری سیاسیی وەک چالاکێک دەسپێکردووە. بەکالۆریۆسی ئەدەبیاتی عەرەبی لە زانکۆی سنەو ماجستێری ئیلاهیاتی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٦ چۆتە ناو پەکەکە. ماوەی سێ ساڵ نوێنەری پەکەکە بووە لە سوریەو لوبنان. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەژاک وەک لقی رۆژهەڵاتی کوردستانی پەکەکە، بەرپرسیارێتی دیپلۆماسی لەو رێکخراوەدا لە ئەستۆ بووە.

لە دوای هاتنە خوارەوەی لە قەندیلو جیابوونەوە لە پەژاک، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پێشووی لە ساڵی ٢٠٠٥دا "یەکێتیی دیمۆکراتی کوردستان"یان دامەزراندووە. ناوبراو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەژاک و یەکێک لە کاندیدەکان بۆ سەرۆکایەتی پەژاک بووە، هەنووکەش سکرتێری گشتیی "یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان"ی لە ئەستۆ دایە.

رێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

**سمکۆ یەزدانپەنا: هیچکام لەو مونشەعیبانە ئامادە نین کە پێکەوە دانیشن.**



**پرسیار: بەباوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟**

**سمکۆ یەزدانپەنا: زۆر لە مێژە هەموو لایەکمان، هەر لایەنە و لە جێی خۆمانەوە باس لە بەرەی کوردستانیو زەروورەتی پێکهێنانی دەکەین، هێندێک جار ئەم بابەتە هێندە گەرم بووە کە کێبرکێ بووە لە سەر ئەوەی کە کێو کام لایەن خوڵقێنەرو داهێنەری ئەم بیرۆکەیە بووە، لە ڕاگەیاندراوەکانماندا (سەرجەم حیزبەکان) باسی کێ خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بووە، داغترو گەرمتر بووە لەوەی کە کەیو چۆن ئەم بیرۆکە گرینگو حەیاتییە پڕاکتیزە بکرێت.**

**هێندێک جاریش کردنەوەی ئەم باسە گرینگەو زەروورییە لە مەحافیلی حیزبیدا، باری جیدی بوونی خۆی لە دەست داوەو شکڵێکی کۆمێدی بە خۆیەوە گرتووە، ئەمە تەنها سەبارەت بە بەرەی کوردستانیو زەروورەتی پێکهێنانی نەبووە، بەڵکوو سەبارەت بە زۆر ئەرکی دیکەی نەتەوەیمان کە لە ڕێگای حیزبایەتییەوە کەوتۆتە ئەستۆی ئەوانەمان کە خۆ بە ڕێبەرو خەم خۆری نەتەوەیی دەزانین.**

**بە هەرحاڵ گەرمووگوڕی باسی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات کاتێک گەیشتە چڵە پۆپەو سەرنجی زۆر حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتی سیاسی سەربەخۆو کۆمەڵێک هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی ڕاکێشا کە هێزە هاوپەیمانەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا لە نیوەی یەکەمی ٢٠٠٣ گورزی کاریگەریان لە ڕێژیمی سەدام حوسێن داو حکومەتەکەیان تێک ڕماند.**

**ئەوسا ئەو باسە لە لایان کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندی دانیشتووی وڵاتە ئۆروپایەکان وەک بەرێز کاک ئەیوب**

ئەیوبزادەو کاک برایم فەرشیو کاک ئەنوەر سوڵتانیو کاک سەعید شەمسو کاک ناسر رەزازیو مەرحوم خاتوو مەرزییە فەریقیو...هتد، وروو ژێندراو هێندێکیان، هێندێک شتیان نووسیو هێندێکیشیان لە رێگای میزگردی (پاڵتاک)ەوە دەستیان کرد بە ئاڵوگۆڕی بیرورِا لە سەر بابەتەکە.

ئینجا چوار حیزبی مەترەحی ئەوسا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە دیدارو وتووێژو راگەیاندن کەوتینە باسو بیر کردنەوە لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی.

## لەوپەیوەندییەدا بۆ مێژوو:

١- لەمانگی رێبەندانی ٢٠٠٣ زایینی، لە پلینۆمی هەشتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، راگەیاندراوێک کە ناوەرۆکەکەی هەنگاو هەڵهێنانەوە بەرە و بەرەی کوردستانیە هاتووە "جێی خۆشحاڵیە کە حیزبی ئێمە لەگەڵ تەواوی رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێراندا پەیوەندیەکی دۆستانەی هەیەو لەگەڵ هیچیان ناکۆکیون یوان ناخۆشی نیە. بەڵام ئەمە ئەگەر نەکرێتە زەمینەی لێک نزیک بوونەوەی زیاترو رێککەوتن لە سەر هێندی ئامانجو ئوسوڵی هاوبەشو هەنگاوانی وێکرا بۆ وەدیهێنانیان، بەرهەمێکی لێ بە دەست نایە. رێکەکەوتن لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان دەبی هەم بناغەیەک بۆ خەباتی هاوبەش لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا بنێ، هەم رێوشوێنی روونو جێگای پەسندی هەموان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا دیاری بکاو هەم بناغەیەک بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ناوچەی کوردستان لە هەلومەرجی راگواستن "شرایط انتقالی" دا دابرێژن. پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو ئەسڵە هاوبەشانە ژمارەیەکی چەندی بکرێ زیاتر لە هێزو تاقمە سیاسیەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە."

٢- لەرێکەوتی ٩ - ٥ - ٢٠٠٣ بەرێز کاک ئەیوب ئەیوبزادە وتارێکی لە ژێرناوی "لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا " لە سەرەتای وتارەکەیدا دەڵێت: "بزووتنەوەیەکی کە ئێستا پتر لە ٢٤ ساڵە پێشی بە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دەوڵەتی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە، خاوەنی سروشتو نێوەرۆکی نەتەوەییو رزگاریخوازانەیە".

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت: "بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستیانە، پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بناغەی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی، ولام دەری یەکێک لە گرینگترین پێویستیەکانی قۆناغی

ئێستای خەباتی گەلەکەمانە.

هەر بۆیە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی دیاردەیەکی بابەتییەو لە هەمووکاتو ساتێکدا، بە لە بەر چاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد ئەرکێکی پێویستەو لە بنەرەتدا نابێ بە هیچ کەشەو هەوایەکی سیاسی تایبەتی ببەسرێتەوە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە بۆ کێشەی گەلی ئێمە کە لە قۆناغێکی رزگاریخوازانە دایە، بوونی خیتابێکی هاوبەشی سیاسیو لێک کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە دەوری پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیاردەیەکی کاتیو کورت خایەن نییە. هەتا ئەو کاتەی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد نەیتوانیوە بە ئاکامی سەرکەوتوانەی خۆی بگات، بوونی بەرەی کوردستانی پێویستێکی حاشاهەڵنەگرەو وڵامدەری پێویستییەکی گرینگو دەستە بەری سەرکەوتنە".

٣- بەڕێز عەبدوڵا موهتەدی لە رێکەوتی ٧ - ٧ - ٢٠٠٣ نووسراوەیەکی ئامادە کردووە لە ژێر ناوی "پەیامێک بۆ هەموو خوازیارانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێران" ئەم نووسراوەیە لە ٩ - ٧ - ٢٠٠٣ لە ماڵپەڕی (بروسکە) بڵاوکرایەوە.

لە بەشێکی پەیامەکەدا هاتووە "لە راستیدا، ئێمە وەکوو کۆمەڵە دەمێکە دەگەڵ ئەو بیرۆکەیە کۆکینو بانگەوازی پێکهێنانی بەرەیەک یان رێکخراوێکی چەترمانەندی کوردی ئێران دەکەین".

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی بەڕێز موهتەدیدا هاتووە: "بۆ ئاگاداری ئەو بەڕێزانە، ئێمە لە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا تەنانەت گەڵاڵەی پێشنیاکراومان ئامادە کردووەو هەر لەم رۆژانەدا پێشکەشی بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دەکەینو هیواداریین وڵامی موسبەتیش وەربگرینەوە، هەر وەها بە پێویستی دەزانم ئەم موژدەیە بە خوازیارانی ئەو بەرە کوردستانیە رابگەیەنم کە مەسەلەی بەرە لە کۆنفراسێکی کۆمەڵەشدا کە بە زوویی دەبەسترێ دەخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوە".

٤- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەو پەیوەندییەدا

لە رێکەوتی ١٤ - ٦ - ١٩٩١ زایینی، شەهید کاک سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە نامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی (پێکهێنانی بەرەی کوردستانی پێویستێکی مێژوویی) دەڵێت: "پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی لە ئێران پێویستییەکی مێژووییە. گەلی کورد لە ئێران هەر وەک هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی لە جیهاندا، هێزو تاقمی سیاسی بە بیرو بۆ چوونی ئیدئۆلۆژیک- سیاسی تایبەتو جیاوازەوە هەیە. ئەمە لە کاری سیاسیدا شتێکی رەواو

ئاساییە، ئەوەی کە نارەوایە ئەوەیە کە هێزە سیاسییە کوردستانییەکانی ئێران کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ئازادی کوردستانو بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەیدا هەیە، نەتوانن لە سەر ڕێبازێکی ستراتیژیک بۆ وە دەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد رێکبکەونو خۆیان لە بەرەیەکی بەرفراواندا ببینەوە. بۆ ئێمە وەک کورد لە ئێران بە هەموو هێزو تاقمو دەستەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕو دێموکراتو پێشکەوتنخوازەوە، یەکخستنی ریزەکانی خەباتمان لە پێش هەموو پێویستییەکی سیاسی دیکەوەیە".

ئێمە وەک یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تەنانەت ساڵیانێک دوای شەهید کرانی کاک سەعید یەزدانپەنا، بەردەوام هەوڵماندداوە کە پرسی بەرە لە بیر نەچێتەوەو لە بۆنەی جۆراوجۆردا ئەم ئەرکە پیرۆزە وە بیر حیزبو لایەنو کەسایەتییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بخەینەوە.

بۆ نموونە، رۆژنامەی (یەکێتی)- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ژمارەی ١٠ ساڵی ١٩٩٣ لە لاپەڕەکانی ١٢ و ١٧دا لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "بەرەیەکی کوردستانی لە پێناو گەشە کردنی بزوتنەوەی کوردایەتیدا "لە بەشێک لە وتارەکەدا هاتووە. "یەکێ لە گرینگترین مەرجەکانی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان یەکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەیە. یەکخستنو یەکگرتنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە لایەکەوە لە نێوخۆی وڵاتدا گوڕو تینی حاشاهەڵنەگر دەداتە رەوتی خەباتو لەلایەکی دیکەوە، لە پەیوەندی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵو دەوڵەتە بڕیار بە دەستەکانی جیهاندا، قورساییەکی تایبەتی دەبێ. لەم روانگەیەوە ئێمە پێمان وایە بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنێو ئەو سەرکەوتنە بپارێزرێ، پێویستە ریزەکانی خۆی لە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانیدا رێک بخات".

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا هاتووە:

"ئەگەر بزووتنەوەی کورد نەتوانێ لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا رێکبخرێت بێگومان سەرەرای فیداکاریو قوربانی دانی رۆڵەکانی گەڵ، سەرکەوتنی بزووتنەوەکە ئاسۆیەکی روونی نابێتو نە لەو ئیمکاناتە سیاسییەی کە بۆ کێشەی نەتەوەی کورد بە گشتی هەیە دەتوانین کەڵکی پێویست وەربگرینو نە لە سەرکەوتنی خەباتی سەرانسەری دژی دیکتاتۆریدا کە ئامانجی هاوبەشی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکانە، گەلەکەمان بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی شاد دەبێت".

بۆ وڵامدانەویەکی بە پێز بۆ پرسیاری یەکمتانو روون کردنەوەیەکی باشتر بۆ خوێنەران پێویست بوو ئەو نووسراوانەی سەرەوە وەک بەڵگە نامەیەکی مێژووی بخەمە بەردەستان.

ئەو هەوڵانەی کە باسم کردن بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە رابردوودا، لە حاڵێکدا بووکە ئەوسا لە رۆژهەڵاتی کوردستانو گۆڕپانی خەباتە رەواکەیدا تەنیا چوار حیزبو رێکخراوی مەترەح هەبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بەم حاڵەشەوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بێ ئاکام مایەوە.

هەنووکە، بە داخەوە کۆمەڵە بوون بە چەند کۆمەڵەیەک

حیزبی دیموکرات بوون بە دوو

سازمانی خەبات بوون بە دوو

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دوو لەت کرا.

دیسانیش موخابن هیچکام لەو مونشەعیبانە ئامادە نین کە پێکەوە دانیشنوو نەک هەر باس لە بەرەی کوردستانی، بەڵکوو ئامادە نین کە باس لە کێشەکانو هۆکارەکانی دوولەت بوونو چەند لەت بوونی خۆمان بکەین.

لەم حاڵەتەدا مەترسییەک کە لە ئارادایەو تەمایولیش هەیە لە لایەن چەند لایەنێکەوە کە بە پێویستی نازانم جارێ ناویان بێنم، ئەوەیە کە نەک بەرەیەکی یەکگرتوو بەڵکوو دوو بەرە یا بەواتەیەکی دیکە بوونی دوو بەرەکی لە ئارادایە.

هەرچەندکە بەبڕوای من ئەمانەی کە لە سەرەوە باسم کردن چ لە رابردوواو چ هەنووکە هۆکاری سەرەکی نین بۆ دروست نەبوونی بەرەی کوردستانی.

بەڵکوو سێ هۆکاری گرینگ، مێژوویی، کلتووری، سیاسی هەن کە دەبێت زانستیانە لێکۆڵینەوی لە سەر بکرێت.

ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی کوردستان هەڵدەینەوە کە زۆربەی نووسەرەکانیشی بێگانن، بوونی ئەو سێ هۆکارە سەرەکییەمان زۆرتر بۆ روون دەبێتەوە، ئەگەر زۆر بۆ رابردووش نەگەرینەوەو تەنها ئاماژە بە چەند بزووتنەوەیەکی سەدەی بیست بەم لاوە بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ نموونە، شۆڕشەکەی سەرکردە سمکۆی شکاک لە ١٩١٠ تا ١٩٣٠ دەبینین کە ناوەرۆکی بزووتنەوەکە رزگاریخوازانەو هەنگاو هەڵهێنانەوە بووە بۆ سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سیاسی کورد، بەڵام لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس مایەوەو عەشایرو رێبەرانی هۆزو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە دەم بانگەوازەکەی سمکۆی شکاکەوە نەک هەر نەچوون بەڵکوو هەوڵدراوە دژایەتیشی بکرێتو لە هێندێ شوێن بە چەتە ناوی بەرن.

یا خۆ لە کۆماری کوردستاندا، ئەگەریش بە رووکەش سەروک هۆزو عەشایرەکان پشتیوانیان لە پێشەوا کردبێت بە بوونی بەڵگە نامە مێژوویەکان لە ژێرەوە بۆ لاواز کردنو تەنانەت بۆ رووخانی کۆماری کوردستان دەستیان لە ناو دەستی دوژمن ناوە.

ئەمە راستە و خۆ کاریگەری بووە بە سەر دروست بوونی کلتووری ناتەبایی‌و بێ بڕوا بوون بە یەکتری‌و پشتی یەکتر خاڵی کردنو ئەو دوو هۆکارەش لە سەردەمی دروست بوونی ئەحزابی سیاسیدا راستەو خۆ کارتێکەری سیاسیان بووە بە سەر حیزبەکانو هەڵوێستەکانیاندا، هەر ئەو سێ هۆکارە گرینگەش زۆر بە جیدی بۆتە هۆی نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی‌و بە تەواوی تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی لە ناو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا.

بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت ئەگەر لە رابردوودا پاراستنی ناوچەیەکی بەرتەسک کە بەرژەوەندی هۆزێک یا دوو هۆزی تێدا لە سەرووی پاراستنی نیشتمانێکی پانوو بەرینەوە بووەو رازی بوون لە پێناو پاراستنی ئەو ناوچە بەرتەسکەدا بۆتە هۆی پشت لە بەرژەوەندی گشتی بکەنو بە هانای بزووتنەوە رزگاریخوازانەکانی سەر هەڵداو لە ناوچەیەکی دیکەوە نەچن، ئێمرۆکە ئەو دیاردەیە گواستراوەتەوە بۆ ناو حیزبەکان.

دەنا چۆن ئێمەی چەند حیزبو رێکخراوی سیاسی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، یەک بست خاکی رزگارکراومان نییە، دوور لە وڵات خەریکی چالاکین، رۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەگیرێن، دەکوژرێن، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر هەمووومان یەک هەڵوێستی هەیە، بە بوونی ئەم هەموو خاڵە هاوبەشانەوە، چۆن؟ نابێ بتوانین لە بەرەیەکی کوردستانیدا، هەڵوێستەکانمان یەک خەین کە ئەمە یەکێک لە ئەرکە نەتەوەیەکەمانو بە دڵنیایشەوە لەم قۆناغەدا یەکێک لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلٚ بە ئەژمار دێت.

**پرسیار: هاوکاری‌و کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟**



سەرچاوە
Serchawe

**سمکۆ یەزدانپەنا**: زۆر پرسگەڵو کێشە و مەسەلە هەن کە، ئەگەر کورت بینیو بەرژەوەندی تاقمیو دەستەگەراییو رێکخراوەییو حیزبی بێڵنو چاومان نەبەستن، ئەوە بە دڵنیاییەوە پرسگەلی هەر هەموومانو راستەوخۆ، نەک هەر کەموزۆر، بەڵکوو زۆر زۆریش پەیوەندی بە هەر هەموومانەوە هەیە، بەڵام هەر وەک لە ولامی پرسیاری یەکەمدا عەرزم کردن، موخابن هێشتا، ئێمە نەبووینەتە خاوەن ئەو کلتوورەی کە ئەمرمان پێ بکاتو بڵێ، بەرژەوەندی گەلو نیشتمان نەک دەستەو تاقمێک، هەروەها، بۆ خۆتان ئاگادارن کە ساڵی ٢٠٠٧ بووە ساڵی زاووزێی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان، حیزبێک نەما دوو لەتو چەند لەت نەبێت، جا بەم حاڵەوە کۆدەنگی گشتی زۆر ئاستەمە.

هەر چەند هەموو لایەکمان دیسانەوەش هەر کۆڵمان نەداوەو بەردەوام، لە بۆنەی جۆراوجۆردا بانگەوازی کۆدەنگی دەکەین، ئەگەر دوور نەرۆین هەر خۆمان یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەر لەو ماوەیەدا، سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری مهاباد، لە بەشێک لە راگەیاندراوەکەماندا، دیسانەوەش بانگەوازی کۆدەنگیمان کرد بۆ مەحکوم کردنی، بەڵام بەداخەوە لەم هەلومەرجەدا زۆر زەحمەتە، ئەگەر سەرنجتان دابێت،"اهرام ثلاثە" زوو زوو خۆی دەردەخات، مەبەستم لەوەیە کە لەو ماوەیەدا مۆدێلی سێ حیزب پێکەوە یەک هەڵوێست بوون لە مەر هێندێک رووداو زۆرتر بووە، ئەوەش هەر ئەو زەنگە مەترسیدارەیە کە لە بەشێک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێداوە، واتە دوو بەرەکی.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزەکوردستانییەکان لە هەلو مەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: دیارە هەر لە کۆنەوە، کوردستان بە پێی هەڵکەوتی جوغرافی - سیاسی (ژێئۆپۆلۆتیک)و جوگرافی - ئابووری (ژێئۆئیکۆنۆمی)، هەمیشە مووعادلەیەکی نێودەوڵەتی بووە، چاوی بڕیار بە دەستانی جیهانی بە سەرەوە بووە، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، دەوڵەتانی زلهێز لەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە درێژایی مێژووی داگیرکراوی کوردستان روویانداوە، جا چاک هاتبێت یا خراپ، بەشدار بوون.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، هەر کام لە ئێمە، حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای هەبوونی کۆمەڵێک خەڵکی خۆمان لە ناوخۆی وڵاتو کۆمەڵێک پێشمەرگەش، کۆمەڵێک بەرنامەشمان بۆ خۆمان هەیە، ئەوەی کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک رووبدات، ئێمە چۆن دەتوانین هەلی رەخساو لە بەرژەوەندی گەلدا بقۆزینەوە، ئەوە پەیوەندی بە چەند هەنگاوەوە هەیە:



سەرچاوە Serchawe

١- چەند خۆمان وەک حیزبو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە خەمی میللەتدا کۆک دەبینو بە تێگرای بۆ پاراستنی هەنگاو هەڵدێنینەوە.

٢- چەندە بڕیار بەدەستانی جیهانی هاوهەنگاو دەبن لەگەڵ هەنگاوی ئێمەو بەرژەوەندییەکانی پترلە 10 میلیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهیناوە؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: بۆ نەتەوەیەک کە زۆر لە مێژە خاوەن دەوڵەتو جوگرافیای سیاسی خۆی نییە، کۆبوونەوە ئیدۆلۆژییە جیاکانیو حیزبو رێکخراوەکانی، لە ژێر یەک ئالاداو دارشتنی رێبازێکی ستراتیژی لە قۆناغی خەباتی رزگاریخوازانەو دەرباز بوون لەو قۆناغە، شەرتی سەرەکییە بۆ ڕاکێشانی هێزو ئیرادەی تاکەکانی نەتەوەکەمانو ڕاکێشانی سەرنجی دونیای دەرەوەی خۆمان، بە واتایەکی دیکە نەبوونی خیتابێکی هاوبەشو دیپلۆماسییەکی مووەحید، کە دونیای دەرەوەی خۆمان، لێی تێبگاتو رووی تێبکات، لە پرشو بڵاوی حیزبەکان دایە، نەبوونی قورساییەکی ئەوتۆی ئێمەو مانان لە باشووری کوردستان، کە ئەگەر ببوایە زۆر گرفتی چارەسەر دەکرد، لە پرشو بڵاوی حیزبو رێکخراوەکان دایە، لە ناوخۆی وڵاتیش، ئەم دیاردەیە کارتێکەری راستەوخۆی لە سەر سەرجەم چینو توێژەکانی کوردەواری داناوەو هەر کام، لەو چینو توێژانەش، روانگەو بۆچوونی خۆیان هەیە، هەر چەند، وێڕای ئەم پرشو بڵاوییە بەرچاوەی حیزبو رێکخراوەکانی، بەڵام، تینوی ئازادیو رزگاربوونی نیشتمان، زۆر جار کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی وا لێ کردووە، کە لە زۆر بۆنەدا بە بێ سەرنجدان بەو پرشو بڵاوییەی حیزبەکانیان، بە بانگەوازی حیزبەک یا دووان...هتد. بە کۆ دەنگی نارەزای بوونیان لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شکڵو شێوازی جۆراو جۆر دەرببرن.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لەئێراندا چییە؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: ئەگەر بێتو بەرەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست ببێت، بێ گومان ئەو بەرەیە دەبێتە نوێنەری راستەقینەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چینو توێژەکانییەوە.

بە بوونی ئەو بەرەیە دەکرێت چەند شتێکی گرینگ لە دایک ببێت.

١- دیپلۆماسی نەتەوەیی، واتە هەر وەک چۆن ئێستا زۆربەی حیزبو رێکخراوەکان لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئۆروپاو ئامریکا، کاناداو...هتد، کۆمیتەو نوێنەرایەتیمان هەیە لە هەلو مەرجی نوێدا، نوێنەرایەتی نەتەوەیی جێگایان دەگرێتەوەو بەرە نوێنەرو دیپلۆمات هەڵدەبژێرێتو نوێنەرانو دیپلۆماتەکانمان نوێنەرایەتی نەتەوە ژێر دەستو نیشتمانە داگیرکراوەکەمان دەگرنە ئەستۆو، ئەمە زۆر بە ئاسانی سەرنجی کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەیەکان رادەکێشێو سەرنجی دەوڵەتانیش هەر وەها.

٢- رێکخستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەر یەک فەرماندەی هاوبەش، کە ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بۆ ئامادە بوونو بە پیرەوە چوونی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی کوتو پڕ لە کوردستانو – ئێراندا.

٣- لە ئێستاشو لە پاش گۆڕانکاری لە ئێراندا، بەرە نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات بۆ هەر پرسو راوێژێکو هەر کێشەیەک لەگەڵ گەلانو نەتەوە جیاجیاکانی ناوچەکە، فارس، ترک، عەرەب.

ئەمە سەبارەت بە بەرەی کوردستان، بەڵام کۆدەنگی ناتوانێ ئەو ئەرکانە بە ئەستۆوە بگرێتو رۆڵی زۆر کەمتری دەبێت لە بەرە، بەڵام بە دڵنیایەوە دەتوانێ بە بەرهەم دەبێت لەم هەلومەرجەی ئێستاداو دەکرێت زۆر بە باشیش رێگا خۆشکەری پێکهێنانی بەرەیەک بێت.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمواندا هەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانەرێک بکەون؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: بەڵێ، بە بێ هیچ دوو دڵێک لەگەڵ بۆچوونەکەتان کۆکم. دەکرێت دەرگا داخراوەکانی بیرو دڵمان بەرانبەر یەک، لە قازانجی گشتی وەکەینەوەو سەلیقە جیاجیاکانیش بۆ ماوەیەکیش بوو بێت هەر لە بەر ئەو قازانجە گشتیە لە ژوورێکی داخراودا دابنێین.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: لە بیرمان نەچێت کە شەڕی ناوخۆ وێڕای ئەوەی دیاردەیەکی زۆر مەترسدارو بێز هەستێنە، لە هەمان کاتیشدا دیاردەیەکی زۆر ناسروشتی نییە، دیاردەی شەڕی ناوخۆیی، خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان روویداوەو لە هێندێ لە وڵاتان بە هۆی عەقڵێکی ساغو ژێر بیرییەوە زوو چارەسەر کراوەو لە هێندێک وڵاتیش هەنووکە بەردەوامو بێ چارەسەر ماوە.

هۆکارەکانیشی لای هەموان ئاشکرایە، بەرژەوەندی دەستەوتاقمی - دینی - مەزهەبی - ئایدۆلۆژی - هۆزو ناوچەگەرای، بە تایبەت بۆ ئێمەی کورد، کە زۆر لە مێژە بێ بەرین لە دەوڵەتداریو حوکمڕانی، ئەوە مەترسیەکە زۆرتر دەکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە بێ چارەسەر نییە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژەیەکتان هەیە؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: لە ڕابردوودا، شەڕی ناوخۆ لە مابەینی چەند حیزبێکدا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویداوەو هەموومان کەمو زۆر تاڵیو سوێرییەکانیمان چێژتووە، بەڵام دیسانەوەش گارانتی نییە کە ئەو ئەزموونە دووبارە نەبێتەوە، لە کاتی رزگار بوونی یان رزگار کردنی گوندێک، شارێک یا سەرجەم رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڵام ئەوەی کە دەکرێت هەموو لایەک پەیرەوی بکەن، باوەڕ هێنانە بە پلۆرالیزمی سیاسیو مەزهەبیو......هتدو کێبڕکێی تەندروست (رقابت سالم)و هەر لایەک لە جێگای خۆمانەوە بە حیزبو رێکخراوو کەسایەتییە سەربەخۆکانو هونەرمەندانو... هتد، هاندەرو سازدەری بیروڕای گشتی (افکار عمومی) بین بۆ ئامادە بوون بۆ بەرەنگاری ئەو دیارەدیە لە کاتی رووداندا.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**سمکۆ یەزدانپەنا**: دەبێ هەموو لایەکمان کار بکەین بۆ دروست کردنی کلتووری تەباییو یەکتر قەبوڵ کردنو باوەری قوڵ بە پلۆرالیزمی سیاسیو رێز گرتن لە بیروڕای ئازادو ئازادییەکانی تاکو کۆمەڵو فێری دیالۆگو بە هێنمی رەفتار کردنی بین لە بەرانبەر یەکدا، دیارە ئەمانە هەموو دەبێ لە بەر پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمان بێت.

بەڵام هەرووک زانایەکی بە ناوبانگ دەڵێت:

ئەگەر بەرژەوەندی گەل لە ئارا دابێت، ئەوە بەرژەوەندی حیزبەکەمی بە فیدا دەکەم، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی حیزبو رێکخراوەی لە ئارا دابێت، ئەوە بەرژەوەندی حیزبکەم لە سەرووی بەرژەوەندی هەموو حیزبەکانەوە دادەنێم.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشەخەری ئەوە ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون کە نابێ هیچ

**لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟**

**سمکۆ یەزدانپەنا:** ئەوەی کە هەموو لایەکمان بانگەوازی هاودەنگیو تەباییو بەرەی کوردستانی دەکەین، بەشێکی لەبەر ئەو مەترسییەیە کە دەستەو یەخەی هیچ لایەنێکمان نەبێت، بڵام هەروەک پێشتریش عەرزم کردن، ئەوە کلتوور سازی دەوێتو بە داخەوە هێشتا نەبووینەتە خاوەن ئەو کلتوورە، ئەگەر لەو پەیوەندییەدا شەفاف بەرانبەر بە بیروڕای گشتییو ئێوەومانان بدوێنو ڕاستگۆ بین، رەنگە هەنووکە دەست بردن بۆ چەک بۆ چارەسەری گرفتەکانی مابەینمان ئەگەریش ئارەزوو بێت، ئاسان نەبێت، بە هۆی ئەوەی کە خاوەن خاکی ئازاد کراو نین، بەم حاڵەشەوە، وا هەموو لایەک ئاگادارن ئەو حیزبانەی کە ئینشعابو جیابوونەوە کەوتە ناو ریزەکانمان لەم هەندەران نشینییەش تاکو ئیستا کەمان بە یەکتر نەکردووە، پێویست ناکات باسی حیزبو رێکخراوەکانی دیکە بکەم، بەڵام یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانو پارتی ئازادی کوردستان کە وا بۆ سێ ساڵو نیو دەچێت کە لە یەک جیا بووینەتەوە، کەمان تەقوکوت لە مابەیندا نەبووە، جا بۆیە ئەمە تەنیا بە یەک لایەن ناکرێ، بەڵکوو دەبێ هونەرمەندان، مامۆستایانی زانکۆ، رۆشنبیرانو کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆکانی کوردستان راستەوخۆ لێمان وەدەنگ بێنو هەموو لایەکمان پێکەوە، کۆمەڵێک هێڵی سوور دەست نیشان کەین کە یەک لەوانە دەست نەبردن بۆ چەکە.

---

**بەرێز سمکۆ یەزدانپەنا، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە چەند دێڕدا:**

ساڵی ١٩٧٠ لە ناوچەی فەیزوڵابەگی بەشی بۆکان لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٦ بە مەبەستی پێشمەرگایەتی شاری بۆکانو رۆژهەڵاتی کوردستانی بە جێ هێشتووە بەرەو باشوور چوە.

هەتا بەهاری ١٩٩١و تاکوو دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕان لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕان لە کۆمیتەی کوردستانی رێکخرای "چریکە فیدایەکانی خەڵک" ئەندام بووە لە ئۆرگانە جیا جیاکانی ئەو رێکخراوەیەدا وەک پێشمەرگەیەک کاری کردوە.

لە پاش دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، یەکەم کۆمیتەکانی ئەو رێکخراوەی لە هۆڵەندو ئاڵمان بونیاد ناوە. لە یەکەم کۆبوونەوەی بەرفراوانی رێکخراوی ناوبراو کە ساڵێک دوای شەهید کرانی دامەزرێنەریەکەی بەسترا لە ساڵی ١٩٩٢؛ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەو لە ئۆرگانەکانی ئەمنیەت، پەیوەندییەکان، کۆمیسیۆنی سیاسی -

نیزامی بەرپرسایەتی بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ بەرپرسیارێتی تەشکیلاتی ناوخۆی رێکخراوەکەی بە ئەستۆ گرتووە، لە ساڵی ١٩٩٨ بەرپرسیارێتی پەیوەندییە کوردستانییەکانی لە ئەستۆ بوە، پاش بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕان لە ١٠ - ١٠ - ٢٠٠٦ کە بۆتە هۆی دوو لەت بوونی ریزەکانیان، لە ٧ - ٧ - ٢٠٠٧ بە وتەبێژی دەستەی دامەزرێنەرەوەی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان دانراوە، لە کۆنفرانسی پێنچەمدا کە لە رێکەوتی ١٠ - ٨ - ٢٠٠٧ بەسترا بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەڵبژێردراوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٣وە تاکوو ئێستا بە دەیان وتاری سیاسیی لە رۆژنامەکانو سایتەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

رێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------------------

## حەسەن رەحمانپەنا: کەسێک کە دەڵێت "هەر ئەوەندی ئیجازەمان پێ بەدەن بچینەوە ئێرانو نەمانگرن، حازرین بچینەوە"



کەسێک کە دەڵێت "هەر ئەوەندی ئیجازەمان پێ بەدەن بچینەوە ئێرانو نەمانگرن، حازرین بچینەوە"، لەگەڵ لایەنێک کە دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە چۆن دەتوانن لە بەرەیەکدا هاوکاریو توافوق بکەن؟

**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**حەسەن ڕەحمانپەنا**: تا ئێستا ئێمە لە زۆر بۆنەو چاوپێکەوتنو دانیشتنێدا نەزەری خۆمان لە سەر ئەم پرسیارە هەم لەگەڵ حیزبەکان، هەم لەگەڵ میدیاکانو هەم بۆ جەماوەری خەڵک باس کردوە.

بۆ وەڵامی بەڕێزیشتان دەبێ بڵێم ناتوانین تەنیا بە یەک هۆکار ئاماژە بکەین. دەتوانم بڵێم دوو هۆکاری سەرەکی کۆسپی بەردەم پێکهێنانی بەرەو یا هەر چەشنە هاوکاریەکی گشتگیرە لە نێو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو ئەسڵییەکانی کوردستان.

**یەکەم**: جیاوازی قوڵ لە ستراتێژو سیاسەتی ڕۆژانەی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە. هاوکاریو کۆبوونەوە لە بەرە یان نیمچە بەرەو شتی لەم چەشنە لە سەر ئەساسی خاڵی هاوبەش بۆ مەبەستێکی دیارکراو دەکرێت. کەسێک کە دەڵێت "هەر ئەوەندی ئیجازەمان پێ بەدەن بچینەوە ئێرانو نەمانگرن، حازرین بچینەوە،" لەگەڵ لایەنێک کە دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتوە چۆن دەتوانن لە بەرەیەکدا هاوکاریو توافوق بکەن؟ یان لایەنێک کە هەلومەرجی ئێستا بۆ کاری پێشمەرگانە لە ناوەوەی وڵات بە گونجاو نازانێتو لە پاڵ پاراستنی پێکهاتەو زەرفیەتەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەولەویەتی خۆی بە کاری سیاسیو تەشکیلاتیو جەماوەری دادەنێو ئەوە بە ڕێگایەک بۆ بوژانەوەی خەباتی جەماوەری دەزانێ، بەڵام لایەنێکی دیکە ستراتیژی خۆی بە جموجۆلی چەکدارانە لە سەر سنوورەکان بە چاو پۆشی کردنی ئەمو ئەو دیاری کردووە لەوەش واوەتر لایەنێک لای وایە هەر جارە بە بەکوشت دانی چەند پێشمەرگە دەتوانێ نفوزی جەماوەری بە دەست بێنێ، کوا ئەم سیاست یا ستراتێژانە دەتوانن ببنە مەبنای هاوکاریو کاری هاوبەش لە بەرەیەکدا؟ یان دیسانیش هەر بۆ نمونە لایەنێک لای وابێت کە کۆنەپەرستیو دواکەوتویی بەڵایەکە کە ماوەی ٣٠ ساڵە وەکوو مۆتەکە بەسەر شانی خەڵکی ئەو وڵاتەوەیە، خەڵک لێی بێزارنو نابێ ڕێگا بۆ بوژاندنەوەی خۆش بکرێو لایەنێکیش پێکهێنانی یەکیەتیی مەلایانی کوردستان بخاتە ئەولەویەتی کاری خۆیەوە؟ لایەنێک بە کردەوە خۆی لە بەرەی هەوڵدان بۆ ئیسلاحی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ببینێتەوەو لایەنێک لای وابێ ئەوە بە واتای تورموز کردنی خەباتی ڕادیکاڵو ڕوو بە پێشی جەماوەرە، ئەمانە کۆ کردنەوەیان لە بەرەیەکدا کارێکی ئاسان نییە. هەمووی ئەو نمونانە جەوهەرەن ڕێگرن لە پێکهێنانی بەرە.

**دووهەم**: برینی جیابوونەوەی بە تایبەت ٢ ساڵی ڕابردووی نێوان هێزو لایەنەکان سارێژ نەبوە. بەشێک لەو ڕێکخراوانە تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتیان بە یەکەوە قسەیان نییە. بۆ کۆبونەوەیەکی ئاسایی مەرجی بەشداری لایەنێکیان بەشداری نەکردنی ئەوی دیکەیە.

**پرسیار**: ئەی هاوکاریو کۆدەنگی بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارگەلێک کە کەمو زۆر پێوەندیدار بە هەمووانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: هەر بەو هۆکارەی کە لە وڵامی پرسیارەکەی یەکەمدا باسم کرد. هەموو ئەو باسو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگادا دەگۆزەرێت، پێوەندی بە هەمووانەوە هەیە. بەڵام هەمووان یەک وڵام یان یەک رێگا چارەیان بۆ پرسەکانو رووداوەکان نییە. هەر کەس لە روانگەی سیاسیو لێکدانەوەی خۆیەوە بۆ رووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان، وڵام بە بابەتەکان دەداتەوە کە زۆربەی جار وڵامەکان دوو جەمسەری سیاسیو چینایەتی جیاواز لەیەک پێکدێنن.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆرێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: شێوازی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ کاریگەری جیاوازی لە سەر حیزبەکان هەیە. بۆ نمونە ئەگەر ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە واتە رووخاندنی رژیم لە رێگای هێزی دەرەکی یان کودەتای نیزامی روو بدات (ئەلبەتە من هەر دووکیان بە دوور دەزانم) هێزگەلێک قازانجی تێدا دەکەنو هێزگەلێکو زۆربەی جەماوەری خەڵک زەرەری تێدا دەبینن. عێراقو ئەفغانستان نمونەی زیندووی ئەم چەند ساڵەن. بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی خەباتو خرۆشانی جەماوەریدا برووخێتو جەماوەر هەڵسووڕاوانە لە سیاسەتو رووداوە سیاسیەکاندا دەخاڵەتی چالاکیان هەبێت، لە وەها هەلومەرجێکدا تەنانەت حیزبە سیاسیەکانیش ناتوانن خۆیان لە هاوکاری لا بدەن. بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بە پێکهاتنی "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" لە ساڵی ٥٨ی هەتاوی بکەین، کە خەباتی رۆژانەو خۆپێشاندانی بەردەوام بوو بە هۆکاری دروستبوونی وەها هاوکارییەکی بە کردەوە.

لە حاڵەتی تەفرەقە، دڕدۆنگیو کێشە، هەمیشە هەلومەرج بە قازانجی دوژمنو بە زەرەری جەماوەرو حیزبەکان دەشکێتەوە. بەڵام لە حاڵەتی تەبایی، هاوکاریو هاودەنگی، یەکگرتوویی بە کردەوە لە نێو لایەنەکانو جەماوەردا پێکدێتو تەنانەت مەجال بۆ پیلانگێری دوژمنیش بەرتەسک دەبێتەوە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشوبڵاوی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوە چ مەترسییەکی پێکهێناوە؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: بە هۆی بوونی بەشی عەلەنی ئەو لایەنانەی کە هێزی پێشمەرگەرو چەکداریان هەیەو لە کوردستانی عێراق نیشتەجێن مەترسی شەڕی چەکداریو رووداوی ناخۆش لە ئێستادا ناکرێت.

بەڵام نەفسی ئەو پرژو بڵاویو نەبوونی کۆدەنگی دژ بە کۆماری ئیسلامی، نیگەرانیو نائومێدی لە ناو خەڵکدا دروست

دەکاتو مەجالی زەفەر بردنی کۆماری ئیسلامیش بە حیزبەکان، تەنانەت بۆ تەفرەقەو بگرە جیابوونەوەی زیاتر پێک دێنێت. هەروەها لە ئاستی ناوچەیی‌و نێونەتەوەیش رێگە لە پشتیوانی بەرفراوانی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستو کرێکاری‌و پێشکەوتووخوازەکان لە خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان دەگرێ‌و کاری ئەوانیش بەرتەسک دەکاتەوە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگییەکی هەمەلایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: لە ئەگەری پێکهاتنی وەها هاوکاری‌و کۆدەنگییەک دەتوانێت چەند قازانجی هەبێت، هەر چەند ئێستا من بە ئاستەمی دەزانم.

**یەکەم**: ریزی خەڵکی کوردستان بۆ خەباتی یەکگرتووانەو لێبڕاوانە لە دژی کۆماری ئیسلامی رێکدەخاتو دڵخۆشی‌و دڵگەرمی زیاتر بۆ بەربەرەکانێی ئەوان لەگەڵ حکومەت زیاد دەکات. جەماوەری یەکگرتوو ورەی بەرز دەبێتەوەو بڕوای بە سەر کەوتن زیاتر دەبێت.

**دووهەم**: پێش بە پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامی دەگرێت. مەجالی کەڵک وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە کەلێن‌و ناکۆکییەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای کوردستان بەربەست دەکاتو رێگای فریوکاری بۆ دانی ئیمتیازی درۆینە بەم حیزبو ئەو لایەن دەگرێت. بۆ نمونە تەجرەبەی هەڵوەشاندنەوەی "هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد"و وتووێژی یەک لایەنە دووپات نابێتەوە.

**سێهەم**: لە ئاستی ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی، خەڵکی کوردو مافە رەواو بەرهەقەکانی زیاتر دەناسرێتو پشتیوان‌و دۆستو لایەنگری زیاتری بۆ پەیدا دەبێتو بەو نیسبەتەش کۆماری ئیسلامی زیاتر بە تاکو تەریک دەکەوێتەوە.
چوارەم: لە ناوخۆی کوردستاندا دەتوانێ کەش‌و هەوای دێموکراتیک بە نیسبەت پەیوەندی نێوان حیزبەکان بخولقێنێتو ئەگەر وا دابڕێژرێ کە ئوسولی‌و پتەوو بەردەوام بێت، رێگایەکی شارستانیانە بۆ بەرەوپێش بردنی ناکۆکیەکان بە هەمووان نیشان دەداتو مافە سەرەتاییەکانی خەڵک پارێزراوتر دەبێت.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان‌دا هەیەو پێویستە لە بەر قازانجی گشتیی لە سەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: بێگۆمان خاڵی هاوبەش لە بەرنامەی نووسراوو راگەیەندراوی لایەنەکاندا پەیدا دەبێت، بەڵام ئەوەی کە بۆتە رێگر لە پێکهاتنی بەرە، نەک نەبوونی خاڵی هاوبەش بەڵکوو جیاوازی سیاسی لە سەر رێگەی چلۆن گەیشتن بەو خاڵانەیە. لە پرسیارەکانی پێشتردا نمونەگەلێکم لە جیاوازییەکان لەم بابەتەوە باس کرد، با لێرەدا بە نمونەیەکی دیکە ئاماژە بکەین. بۆ نمونە هەر چوار ساڵ جارێک لە ئێران بە ناو هەڵبژاردن بۆ سەرۆک کۆماریو پارلمان ئەنجام دەدرێت. هەموو شێوەی نادێمکراتیکو بێ بایەخی وەها هەڵبژاردنێک دەزانینو دەناسین. بەڵام لایەنگەلێک چاوی خۆیان لە 30 ساڵ کارنامەی بەناو هەڵبژاردن لە ئێران دەبەستنو بە یەک وشەی باس کردنی پاڵێوراوێک کە لە سافی شۆرای نگەهبان گوزەراوەو بۆ دەنگ کۆ کردنەوە لە شوێنێک ناوی کوردی وەک "قەوم" هێناوە، لە دوورەوە قەند لە زاریاندا دەتوێتەوەو دەکەونە پێدا هەڵوتنیو دەبن بە پاڵپشتیو دەنگی پێ دەدەنو داوا لە خەڵک دەکەن کە دەنگی بۆ بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە لایەنەکانی دیکە دژ بە بەشداری لە وەها هەڵبژاردنێکدان. ئەم دوو سیاسەتە ئەگەر لە ناو بەرەیەکدا بن، ئەو بەرەیە هەر لە سەر ئەم تاقە یەک هەڵوێستە هەڵدەوەشێتەوە.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتووره سیاسییەی ئێستا کە لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: سەرەتا ئەوە بڵێم کە شەڕی ناوخۆیی ئەزموونێکی تاڵو زیانبار بوو، هیوادارین هەرگیز لە کوردستان دووپات نەبێتەوە. بەڵام من لام وایە وتنی راستییەکان بە خەڵک، بە تایبەت بەو نەوە نوێیەی کە ئاگاداری ئەو تەجرەبە تاڵە نییەو دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی لە کاتی پێویستو یان لە کاتی چەواشە کردنی راستییەکان لە لایەن کەس یان لایەنگەلێک، یەکێک لە رێگا سەرەکییەکانی بەرگری لە دووپات بوونەوەی ئەو تەجرەبە تاڵەیە. بێجگە لەوە، ئەگەر ئەو لایەنەی کە شەڕی هەڵگیرسانو درێژەی پێدا بە هەمان عەقلیەتی ئەو سەردەمە بگەڕێنەوە کوردستان، هیچ زەمانێک بۆ دووپات نەبوونەوەی ئەو تەجرەبە تاڵە نییە.

مەرجی سەرەکی بۆ دووپات نەبوونەوەی ئەو ئەزموونە تاڵە لە مەیداندا بوونی جەماوەرە. شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان ئەو کاتە دەستی پێکرد کە رژیم توانی پاشەکشە بە خەباتی جەماوەر بکاتو پێشمەرگایەتی بوو بە تەنیا مەیدانی بەردەوامی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان. وشیار بوونی جەماوەر، لە مەیدانی خەباتو سیاسیدا بوونو لە رووداوە سیاسییەکاندا چالاکانە بەشداری کردن، بێ تەفاوەت نەبوون بە رووداوەکانو سیاسەتی حیزبەکان، رێگە لە شەڕی ناوخۆیی دەگرێو ئەگەر رووداوێکی نەخوازراویش لێرەو لەوێ روو بدات، بە خێرایی پێشی پێدەگیرێ.

بە رەسمی ناسینو بە کردوە رەعایەت کردنی ئەو سەرەتایە کە حاکمیەت لە کۆمەڵگادا مافی جەماوەرەو ئەوەش بە دەنگی ئازادانەی ئەوان دیاری دەکرێ. ئەوە ئەو رێگایەیە کە هەر حیزبێکی سیاسیش بە شێوەیەکی مەشروع دەتوانێ بە بەهێز کردنی پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا هەوڵ بداتو لە هەمان کاتیشدا کاریگەرترین وەسیلەیە بۆ پێشگرتن بە رووداني شەڕی ناوخۆ.

رادەی راستگۆییو دروستکاری هەر حیزبێکیش لە هەڵسوکەوت لەگەڵ جەماوەرو دەسەڵاتداریەتی راستەوخۆی ئەوانو پاراستنی بێ شەرتو مەرجی دیموکراسیو ئازادی تاکو کۆمەڵ، لایەنێکی دیکەی بەرگیری لە شەڕی ناوخۆیە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژیەکتان هەیە؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: کۆمەڵە بۆ پێشگرتن لە ئەگەری شەڕی ناوخۆ لە دوو بواردا چالاکی کردووە.

**یەکەم**، لەگەڵ لایەنگران، دۆستانو جەماوەری خەڵک لە کوردستان. ئێمە بە تەبلیغاتو نووسین، بە وتنی راستییەکانو بە کردوە شێوەی بەرگیری کردن لە دووپات بوونی وەها موسیبەتێکمان باس کردووە. هەر وەکوو وتم رێگاکەی بە وشیار کردنەوەی جەماوەر بە قازانجو بەرژەوەندی خۆیانو دەخاڵەتی چالاکانە لە سیاستو بە کردەوە بەشداری لە دەسەڵاتداریەتی جەماوەری لە کوردستان دەزانین کە گەڵاڵەی دیاریکراوی پەسەندبووی کۆنگرەی سیزدەی کۆمەڵەمان هەیە.

**دووهەم**، لەگەڵ حیزبەکان کە زۆرتر مەبەستم دوو باڵەکەی حیزبی دێموکراتە، لە هەموو دیدارو دانیشتنەکاندا، رای خۆمان بە راشکاوانە باس کردووەو رێگای عەمەلی دووپات نەبوونی ئەو شەڕەمان وتووە. ئێمە پێشتریش چەند خاڵێکمان وەک خاڵی هاوبەش کە داخوازی حیزبی یان لە سەر بەرژەوەندی هیچ حیزبێک گەڵاڵە نەکراون وەک پەرەنسیبی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکان باس کردووەو هەر وەک وتم لە کۆنگرەی ١٤ی کۆمەڵە کە هاوینی ٢٠١٠ بەسترا، ئەو خاڵانە لە لایەن کۆنگرەوە پەسەندکران کە بنەمای ئوسولی بۆ دارشتنی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەو لامان وایە باشترین رێگا بۆ پێکهێنانی کەشو هەوایەکی هێمنانە لە پێوەندی نێوان حیزبە سیاسیەکانی کوردستان دیاری دەکات. ئەو حیزبە:

* راستەوخۆ دژ بە چینی کرێکارو زەحمەتکێشو بەرژەوەندییەکانی، هیچ داخوازییەکو هەڵوێستێکی دەرنەبرِێ.
* ئازادی بێ شەرتو مەرجی سیاسیی بە رەسمی بناسێ.



سەرچاوە
Serchawe

* بەڵێنی دابێت کە لە کێشەو ناکۆکی سیاسیی‌دا دەست بۆ چەک نابات.
* بەڵێنی دابێت کە ناچێتە بواری هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمن‌و بواری وتووێژ کردنی بە تەنیایی لە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان.

سەرەتای دەسەڵاتداریەتی جەماوەر بە رەسمی بناسێت، جیاواز لەوەی کە چ شکڵ‌و شێوەیەکی بۆ پێشنیار دەکات.
ئەو چەند خاڵە بۆ ئێمە داخوازی حیزبی نییە، بەڵکوو ویستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانە، وەک پرەنسیبی چاوەدێر بە سەر کاری هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی دیکە چاو لێ دەکەین‌و حازرین لە سەریان هاوکاری بە کردەوە بکەین.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسووڕاوانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەر کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبەن؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: ئێمە هەتا سەر ئێستا باوەڕمان بە ئازادی هەڵسووڕاوانی سیاسیی چ بۆ تاکی کۆمەڵگاو چ بۆ حیزبو لایەن‌و رێکخراوە سیاسیی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی‌و رووناکبیرییەکان هەیە. ئێمە باوەڕی قووڵمان بە ئازادی بێ شەرتو مەرجی سیاسیی هەیە. لە پاشەرۆژی دوای رووخاندنی کۆماری ئیسلامی‌و سەرکەوتنی خەباتی جەماوەر هەوڵ دەدەین ئەو خواستە بکەین بە یەکێک لە خاڵە پەسەند کراوەکانی یاسای بنەڕەتی وڵات چ لە ئێران‌و چ لە کوردستان. بۆیە هیچ حیزبێک بە قەیومی جەماوەرو دیاری کەری سنووری ئازادی نازانین. کۆمەڵگایەک کە ئازادی تێیدا نەبێت، کۆمەڵگایەکە کە نەفەسی تێدا ناکێشرێتو مرۆڤەکانی تێیدا خەفە دەبن. وەها کۆمەڵگایەک وەک ئینسانێکە کە ئۆکسیژێنی پێنەگات کە بێگومان دەمرێت. ئازادی سیاسیی لە هەموو بوارەکاندا پێشمەرجی گەشەی هەر کۆمەڵگایەکو جەماوەرەکەیەتی. داخوازی ئازادی بێ شەرتو مەرجی سیاسیی بە هیمەتی کاری وشیاری دەرانەی کۆمەڵەو تەبلیغی بەردەوامی ئێمە، ئەمرۆ بوە بە یەکێک لە داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان.

کۆمەڵە تا ئێستا بە کردەوە نیشانی داوە کە بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە سیاسییەکان هەرگیز پەنا بۆ چەک نابات. یەک هێزیش لە کوردستان نییە کە کۆمەڵە پەلاماری چەکداری بردبێتە سەری. بەڵکوو بە پێچەوانە زۆربەی هێزە چکۆلەکان لە ترسی پەلاماری لایەنی دیکە لە کوردستان هەمیشە بارەگاو مقەرەکانیان لە نزیک کۆمەڵە دەکردەوە، چۆن هەستیان بە ئەمنیەت دەکردو کۆمەڵەیش دەیپاراستن.

ئێستایش ئێمە ئامادەین بەیانییەی هاوبەش لەگەڵ هەموو حیزبەکان بۆ دەست نەبردن بۆ چەک لە کاتی قووڵ بوونەوەی کێشە سیاسیی، فیکریو کۆمەڵایەتییەکان واژۆ بکەینو بە کردەوەیش پێی پابەند دەبین. هیوادارین لایەنەکانی دیکەش راستگۆیانە ئەو بەڵێنە بدەن.

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆ چی دەستپێشخەری ئەوە ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لە سەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**حەسەن رەحمانپەنا**: بە رای من گرفتی ئێستا ئەوە نیە کە لایەنەکان کۆببنەوەو بەڵگەنامەیەک ئیمزاکەن کە لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا دەست بۆ چەک نەبەن. وەها رێککەوتنێک هەر بە تەنها لە سەر ئەو یەک خاڵە، ئەویش لە حاڵێکدا کە هەموو لایەنێک لە لای خۆی لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەی راگەیاندووەو زیاتر لە بیست ساڵیش بە سەر کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ تێپەر دەبێ، بە دەسکەوتێکی گرینگ نایەتە ئەژمار.

راگەیاندنی ئەو مەسەلەیە کارێکی دژوار نییە، بەڵام وانیە ئێستا هیچ لایەنێک هەبێ کە نکۆلی لەو مەسەلەیە بکاتو کەمو زۆر هەموو کەسیش لە لای خۆیەوە ئەو قسەیە دەکات. مەسەلە گەیشتن بە میکانیزمێکە کە بە کردەوە رێگە لە شەی ناوخۆ بگرێ. کە هاتینە سەر باسی ئەو میکانیزمە ئەوجار هەموو پرسەکانی دیکە کە لەم وتووێژەدا باسمان کرد دێنە گۆڕێو پێویستە رێگای چارەسەر کردنیان بۆ بدۆزرێتەوە. بەو حاڵەشەوە ئێمە لە سەر ئەو تاقە یەک مەسەلەیەش کێشەیەکمان نیە، سیاسەتمان لە سەر ئەو بنەمایەی کە باسم کرد دارێژراوە. هەر کاتیش هەست بکەین کە هەلەکە بۆ وەها دەست پێشخەرێک لەبارەو ولام وەردەگرێتەوە نکۆڵی لێ ناکەینو دەست پێشخەری دەکەین.

---

**بەرێز حەسەن ڕەحمانپەنا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە - رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومۆنیستی ئێران، لە چەند دێڕدا:**

حەسەن رەحمانپەنا ساڵی ١٣٤٠ لە ئاوایی "خەیر" لە نزیک شاری سەقز لە دایک بوە. خوێندنی سەرەتایی لە شوێنی لە دایک بوونی تەواو کردوە. ئینجا، خوێندنی راهنمایی و دەبیرستانی لە شاری سەقز خوێندوەو لە بەهاری ٥٨ ی هەتاویدا دیپلۆمی گرتوە.

لە پاییزی ٥٧وە یەکێک لە هەڵسووڕاوانی خەباتی خوێندکارانی ئەو شارە بۆ رووخاندنی رژیمی پاشایەتی بوە.

پاش ئاشکرا بوونی کۆمەڵە لە تێکۆشەرانی "جەمعیەتی شاری سەقز"دا کاری کردوە.
پاییزی ٥٨ی هەتاوی بوە بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. لەو کاتەوە تا ئێستا لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی ئەو رێکخراوانەدا کاری کردوە.
ناوبراو ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە)و بەشێک لە ئەرکەکانی ئەو ناوەندەی لەسەر شانە.

رێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

-------------------------------------------------

**عومەر ئیلخانیزادە: جیاییەکانی سێ چوار ساڵی رابردووی ناو کۆمەڵەو دێمۆکراتیش هۆکارێکی دیکەن کە پرسەکەی ئاڵۆزتر کردوە.**



**پرسیار:** بە باوەری ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەری کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**عومەر ئیلخانیزادە:** پێموایە سەرنەگرتنی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە ئێستادا دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەک، کە بە کورتی ئەوانەن:

**الف:** درێژەی سیاسەتی قبوڵ نەکردنی یەکترو حەولو هیوای ئەوە کە لایەنێک ببێتە ئاڵترناتیوو سەرۆکایەتی بەرە بکات.

هەر چەند لە ئێستادا ئەو سیاسەتە وەک جاران بە ئاشکرا باسی لێوە ناکرێ، بەڵام ئەو فیکرە هێشتا بنبڕ نەبووە. ئێستاو لە دونیای ئەورۆدا ئەو جۆرە بیرکردنەوە نەک هەر باوی نەماوە، لۆمەش دەکرێ. بۆیە بە شێوەی ناراستەوخۆ لە کردەوەدا سەر هەڵدەدات تا بگوترێ.

**ب**: دەردی دووریو لە تاراوگە بوونی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە هۆی ئەوە کە رۆژانەو لە کردەوەدا هەست بە داخوازیی جەماوەر نەکرێ. لە راستیدا وەزنی حیزبەکانیش بە باشی دەرناکەوێو گوشاری مەدەنیو کۆمەڵگاش هەستی پێناکرێ. مەنزورم ئەوەیە کە زەمینەی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەش بە باشی نەرەخساوە.

**ج**: لەتبوونو جیاییەکانی سێ چوار ساڵی رابردووی ناو کۆمەڵەو دێمۆکراتیش هۆکارێکی دیکەن کە پرسەکەی ئاڵۆزتر کردووە. پێداگری لە سەر سیاسەتی رەق یان پاوانخوازانەو حازر نەبوون بۆ کاری هاوبەشی پێکەوەی لایەنەکانی کۆمەڵەو دێمۆکرات، بۆتە هۆی ئەوە ئەو دوو رەوتە سەرکیەی کوردستانی رۆژهەڵات، زەربە لە دەورو تەئسیری خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بدەن. پێموایە قبوڵی یەکترو پێداگری لە سەر هاوکاری یەکتری لایەنەکانی کۆمەڵەو دێمۆکراتو سازان لەگەڵ یەکتر، گرینگی زۆری دەبێ بۆ وەگەڕخستنەوەی سیاسەتی پێکهێنانی بەرە.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەمو زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەرناگرێ؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بە راستی زۆر مەسەلەی هاوبەش هەن لە بواری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانو مەیدانی دێموکراسیدا کە هەموان لە سەری کۆکن، بەڵام هەر هەمان گرفتی ناو کۆمەڵەو دێمۆکرات پێشی بەوە گرتووە کە ئەو کۆدەنگییە بکرێتە بەیان یان پلاتفۆرمێکی هاوکاریی. نە لایەنی کاک عەبدوڵڵا موهتەدیو ئەوان حازر بوون بە حوزورو بەشداریی ئێمە، بچنە پای واژۆ کردنی راگەیاندنێکی هاوبەشو نە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران حازرن لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بەیانی رەسمی بدەن. دیارە لە وەها حاڵەتێکدا چۆن کۆدەنگی سەر دەگرێ. هەرچەند یەک دوو جار مەتنی هاوبەش داڕێژراوەو لە سەری پێکهاتووین، بەڵام هەر لایەنەو بۆخۆی مەتنەکەی بڵاو کردۆتەوە نەک وەک مەتنی هاوبەش. پێموایە لەوەدوا نابێ بەوەندە رازی بینو، لە حەولەکانی خۆمان ماندوو نەبین کە بۆ مەسەلە گرینگەکانی پەیوەست بە چارەنووسو مافی خەڵکی کوردستان، بە کۆدەنگی هەڵوێست وەرگرین.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلو مەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە،

بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بە بڕوای من خەڵکی کوردستان لە مانگرتنە گشتییەکەدا نیشانیاندا کە وەزنی حیزبەکانیان لە لا زۆرەو وەڵامی بانگەوازیان دەدەنەوە. ئەوە دەیسەلمێنێ کە حیزبەکانی کوردستانو بە تایبەتی کۆمەڵەو دێمۆکرات نفوزو خۆشەویستی زۆری جەماوەریان هەیەو ئەوە دڵخۆشکەرەو ئاماژەیە بۆ ئەوە کە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووش دەوریان دەبێ. بەڵام ئەو راستییە نابێتە هۆی شاردنەوەی کەموکوڕی پرژوبڵاویو نەبوونی کۆدەنگی رەسمیو پلاتفۆرمی هاوبەش. ئێمە پێویستمانە لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان، لەگەڵ دنیای دەرەوە، لە سەر داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانو داهاتووی ئێران بگەینە رادەیەک کە تەوافوق لە مەڕ خاڵە هاوبەشەکانو داخوازیی دێمۆکراسی بکەینە سەنەدو بەڵگە کە هەموان پێی پابەند بن. لەو حاڵەش دایە کە یەکریزی خەڵکی کوردستان دەپارێزرێو دەوری بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەسەر رەوتی رووداوە سیاسیەکانی ئێرانو کوردستان بەرچاوو کاریگەر دەبێ. گەر نەتوانین بە وەها ئەنجامێک بگەین، بزوتنەوەی رزگاریخوازیو رەوتی دێمۆکراسی لە ئێران زیانێکی گەورە بە خۆوە دەبینێو دەسکەوتەکانمان کەمو نا تەئمین دەبی. ئەوە مەترسییەکی حاشا هەڵنەگرە.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی رێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهێناوە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: مانەوە لە حاڵەتی ئێستادا، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەزنو کاریگەری کوردستان لە بزاوتی دێمۆکراسیخوازی ئێران هەر وەک پێشوتریش ئاماژەم بۆ کرد، دەبێتە مایەی ناتەزمینی بۆ دەستەبەر کردنی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان. جیا لەوانە، نەسازیو گرفتەکانی ئەورۆ دەتوانێ ببێتە مایەی لێک دوور کەوتنەوەی زۆرترو تەنانەت بەستێنی بەربەرکانێیو تێکهەڵچوونی ناوخۆیی سبەینێش خۆش دەکات. لەو بڕوایە دام کە تا ئەم گرفتەی ناوخۆ چارەسەر نەکرێ ناتوانین لە هاوپەیمانی ئێرانیدا چالاک بین. بۆیە دەبێ حەولەکانمان بۆ هاوکاریو رێککەوتن لە سەر هەندێک خاڵ چڕوپڕ بکەینەوە.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بزوتنەوەی کورد بە هۆی راوەستاویی ٣٠ی ساڵەی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیو بە هۆی ئەوە کە



سەرچاوە
Serchawe

پێداگر بووە بۆ دیمۆکراسیو سکۆلاریسم، لە ناو گەلانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا جێگەو دەوری گرینگی هەیە. لەو هەلومەرجەی ئێستای ئێرانوئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، تەنیا کوردستان دەتوانێ هەوێنی پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی دێمۆکراتیک بێ، کاتێک کورد دەتوانێ ئەو دەورە ببینێ کە بۆخۆی بە یەکگرتوویی بچێتە مەیدانەکەوە. لەم ساڵانەی ئاخردا چەندین شانس هەڵکەوتووە کە هاوپەیمانی ئێرانی پێکبێتو هەموو جارێکیش ئامادەیی یان نا ئامادەیی کورد دەوری هەبووە لە سەرگرتن یان سەرنەگرتنی ئیئتیلافی لەو چەشنە. پێکهاتنی بەرەی کوردستانی یان هاوپیمانیەکی کوردستانی، زۆر زوو دەتوانێ کایگەری بخاتە سەر کەشوهەوای ناو ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکراتو سکوڵاری ئێرانیو، وەک باسم کرد دەکرێ ببێتە هەوێنی بەرەیەکی دێمۆکراسیخوازیی لە ئێراندا. پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی نەک هەر لە ئێراندا، بەڵکوو لە دەرەوەی ئێرانو لە ناو وڵاتانی رۆژئاواییشدا رەنگدانەوەی دەبێ.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانداا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبەکەون.

**عومەر ئیلخانیزادە**: بەڵام بە دڵنیاییەوە پێم وایە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی سەرەکی هەن لە نیوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەر بێ سێو دوو دەکرێ لە سەری پێکبێن. هەموومان بروامان بە فێدرالیسم هەیە، ئەسڵی ئازادی بیرو باوەرو رادەربرینو ئازادی پێکهێنانی حیزبی سیاسییو چالاکیی سیاسی لای هەموومان پەسەندە ، ئەسڵی دیفاع لە دێمۆکراسیو دیفاع لە بەرابەری ژنو پیاوو رێزدانان بۆ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤو قبوڵی، دیفاع لە سکولاریسم لە ئێرانو زۆر خاڵیتر، هەموو ئەوانە بنەمای سەرکین بۆ پێکهێنانی بەرە. با بە راستی بیڵێم، جیا لە جیاوازیی سیاسیو بیرو بۆچوون، بیر کردنەوەو پێداگری لە سەر پشکی حیزبەکان یان سیاسەتی حەزفی ئەو یان ئەو حیزبە کە، بۆتە لەمپەر. بە تایبەتیش کێشەکە زۆرتر لە ناو باڵەکانی کۆمەڵەو باڵەکانی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ یەکتردا، رەنگی داوەتەوە. پێموایە سیاسەتی حەزفو ئینکار، قەت ناتوانێ تا سەر پێداگری لە سەر بکرێ. ئەو دەورەیەش تێپەڕ دەبێ. هەم بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان گەورەن، هەم گوشاری جەماوەریی بۆ وەها یەکگرتوویو هاوپەیمانییەک گەورەو روو لە زیاد بوونەو هەلومەرجی سیاسیش هەر ئەوە دەخوازێ.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسیەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: بە بڕوای من مەترسی شەڕو تەشەنەی کێشە ناوخۆییەکان بە مانەوەی پێوەندی ئێستای ناو حیزبەکان،



سەرچاوە
Serchawe

ناکرێ ئینکار بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێم ووشیاریی سیاسیی خەڵک، بوونی رێکخراوو دامەزراوەی مەدەنیو گەشەی فەرهەنگی سیاسیی، فاکتۆرگەلێکی ئەرێنین کە مەودا نادەن بە هیچ لایەنێک بە هاسان لەسەر سیاسەتی ئێستا پێداگری بکات. جیا لەوە من ناهومێد نیم لەوەی کە چوونەوە ولات ببێتە هۆی پێکهاتنی هەستی بەرپرسیاریەتی زۆرترو وەلانانی بەشێک لەو فەرهەنگەی ئێستا. پێویستە لە ئێستاوە هەمووماں کاری پڕاوپڕ بکەین تا بتوانین بە چەشنێک لە تەوافوق بگەین. بە رای من گۆڕانی کەشوهەوای سیاسییو چوونەوە ناو خەڵکی خۆمانو تەواو بوونی تاراوگەنشینی، دەتوانێ کاریگەری باشی هەبێ بۆ پێکهێنانی دڵگەورەییو زەرورەتی پێکەوە سازان. بۆیە من ناهومێد نیمو لامwایە هەستی بەرپرسیاریەتی کەم نییەو ئەزموونی مێژوویی حیزبەکانو بەرێوەبەران، فاکتەرێکی دیارە کە بە قازانجی بەرگرتن لە وەها خەسارێکە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژەیەکتان هەیە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: ئێمە هەر لە مێژەوە پێمان وابووە کە قبوڵی چەند ئەسڵ بەر بە پێکهاتنی شەری ناوخۆیی دەگرێ. با هەموو لایەنێک رابگەیەنێ لە هیچ حاڵەتێکدا بۆ چارەسەری کێشەکان پەنا بۆ چەک نابات. هەموو حیزبێک بە سەراحەت رابگەیێنێ ئازادی بیرو باوەڕو رەخنەو پێکهێنانی حیزبی جیاواز دەسەلمێنێو پارێزگاریی لێ دەکات. با مەرجەعێک قبوڵ بکەین تا بڕیاردەر بێ لە کێشەکانو ناکۆکییەکاندا. با ئەسڵی دیالۆگی سیاسی لە لایەن هەمووانەوە بە راشکاویی بکرێتە بنەما. با هەمووماں لە هەر هەلومەرجێکدا قبوڵی بکەین کە لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی لە رەخنەو دەربڕینی سیاسەتو بیروڕادا، مل کەچی دەنگو قەزاوەتی خەڵکی کوردستان دەبینو ئەسڵی هەڵبژاردن بە دەنگی ئازادانەی گەل قبوڵ دەکەینو پابەندین بە پلۆرالیسمی سیاسی باو لە دنیای ئەوڕۆدا. ئێمە وا رایدەگەیەنین کە بە هەموو ئەوانە پابەند دەبینو حازرین پلاتفۆرمی تایبەت لەو بارەوە واژوو بکەین. تا ئێستا لە هەموو پێوەندیەکدا ئەو ئەسڵانەمان خستۆتە بەر چاوو بۆ چەسپاندنی حەولمان داوەو حەول دەدەین.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەری کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: هەر وەک سەروتر باسم کرد، ئێمە بڕوای تەواومان بە ئازادی چالاکی سیاسیی هەیەو بەرگری لێ دەکەین. دەست بردن بۆ چەک لە کێشەو گرفتی سیاسیی ناوخۆییدا کارێکی دزێوەو ئێمە ئامادەی واژۆ کردنی هەموو قەرارادێکین کە دەستبردن بۆ چەک قەدەغە بکاتو بۆخۆشمان ئامادەین لە هەلومەرجی ئەوتۆدا دەست بۆ چەک نەبەین.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشەخەری ئەو ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: کێشەکە ئەوە نییە کە کەس پێداگری لەسەر دەست بردن بۆ چەک بکات. هەموو لایەنێک باس لەوە دەکات کە نابێ ئەو کارە بکرێ، کێشەکە لەوە دایە کە لە باسی بەرەی کوردستانیشدا ئاماژەم بۆ کرد، لایەنگەلێک ئامادە نین هیچ بەڵگەیەک لەگەڵ لایەنی دیکە واژۆ بکەن. بۆیە دەبێ چارەسەر بۆ ئەم گرفتە بببیندرێتەوە، بە دەسپێشخەری لایەنێک کارەکە مەیسەر نابێ. ئێمە چەندین جار پێشنیارمان کردووەو ئامادەین دەسپێشخەری دیکەش بکەین، بەڵام ئەوە کارو تەوافوقی واژۆ کراوی هەموانی دەوێ.

---

**بەرێز عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە چەند دێڕێکدا:**

عومەر ئیلخانیزادە ساڵی ١٩٥٢ی زایینی، بەرانبەر بە ١٣٣١ی هەتاوی، لە شاری بۆکان چاوی بە ژیان هەڵێناوە. تاکوو پۆلی ٩ی لەو شارە خوێندووەو پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە تاران.

دواتر لە زانکۆی زانستی شاری تەورێز جیۆلۆجی خوێندووەو پێش چوونی بۆ زانکۆ، تێکڵاوی کاروباری سیاسیی بووەو لە کۆڕو کۆمەڵی سیاسییدا بەشداری کردوە.

ساڵی ١٩٧٠، لەگەڵ رێکخراوی کۆمەڵە پێوەندی گرتووە هەتاکوو ئێستا لەو رێکخراوەدا ماوەتەوەو لە سەرجەم کۆنگرەکانی ئەو رەوتەدا بەشدار بوە.

ساڵی ١٩٨١ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە. ناوبراو لەو رێکخراوەدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری بوە. بەرپرسی رێکخستنی نهێنی بوە، لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانداو پاش شەڕی سێ مانگەو ئازاد بوونی شارەکانی کوردستان، بە نهێنی لە شارەکانی تارانو تەورێز سەرقاڵی کاری تەشکیلاتی بوە. هەروەها لە درێژەی ژیانی رێکخراوەییدا بەرپرسی مەڵبەند، رادیۆ، تەلەویزیۆن، کارگێری کۆمەڵە، دەبیری تەشکیلات بوە. لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوییەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە بوە. هاوکات هەر لە سەرەتاوە تاکوو جیابوونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران،



سەرچاوە
Serchawe

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە بوە.

ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە حیزبی کۆمونیست هاتونەتە دەرێو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان دامەزراندۆتەوە.

دواتر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینیو پاش لەتبوونی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هاوڕێیانی بەناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کار دەکەنو وەکوو سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوەو هەنووکە ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبات.

ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------------------------

## تەیموور مستەفایی: تەنیا حدکا لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەشداری کردن یا نەکردنی ئەو لایەش بەرەکە پێک بێ.



**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێک نەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟

**موستەفایی**: هۆکاری ئەساسی پێک نەهاتنی بەرە دەگرێتەوە بۆ بڕوا نەبوونی بەشێک لە هێزە کوردییەکان بە پێک هێنانی بەرە، بەشێک لە حیزبەکان کاتێک باس لە زەرورەتی پێکهێنانی بەرە دەکەن زۆرتر مەبەستیان پڕوپاگەندە کردنەو دەیانەوێ وابنوێن کە ئەوان خوازیاری پێکهاتنی بەرەو یەکبوونن. بەڵام ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە

موخالیفی پێکهاتنی بەرەیە یا هەر نەبێ هەوڵی نەداوە بۆ پێکهێنانی کە ئەمە لە ڕاستی دوورەو خۆ ئەگەر واش بێ کە وا نیە با باقی هێزەکان لەسەر ئێمە رانەوەستنو بۆ خۆیان بە بێ حیزبی دێموکرات لە دەوری یەک کۆببنەوەو بەرەکە پێک بێنن تا ئێمەش دەستخۆشیو پیرۆزباییان لێ بکەین. بەڵام واقعیەتەکە چییە؟

بۆ ئەوەی خوێنەر لە هەوڵو تێکوشانی حیزبی دێموکرات لە پێناو پێکەوە کار کردنو هەوڵدان بۆ پێک هێنانی بەرەو هەڵوێستی حیزب لەم بارەیەوە ئاگادار بێ بە شێوەیەکی زۆر گشتیی ئاماژە بەو هەوڵانە دەدەم کە حیزبی ئێمە لەم پێناوەدا داویەتی:

سەرەتای هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان حیزبی دێموکراتو کومەڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دەیەی شەستی هیجری شەمسی کە لەودا حیزبی ئێمە بە مەترەح کردنی پێشنیاری جۆراوجۆر بۆ ئیدارە کردنی هاوبەشی کوردستانو پێشگیری لە سازبوونی کێشەو گیروگرفت لە نێوان ئەو دوو هێزەدا زۆر تێکۆشا بەڵام برایانی کومەڵە بە بیانووی جۆراوجۆر ئەم نیاز پاکییەی حیزبی دێموکراتیان بە لاوازی حیزب لە قەڵەمداو پێشنیارەکانی حیزبی دێموکراتیان رەد دەکردەوە. جەوی ئیدۆلوژیکی زاڵ بە سەر کومەڵەداو تیئۆریزە کردنی کوردستانو سێ گۆشەکەی کە بە پێی ئەم تێئۆریە کە لە رۆژنامەی کۆمۆنیستی ژمارە ١٥دا بڵاو کراوەتەوەو لە راستیدا لە باتی تەباییو گیانی هاوکاری زەمینەی شەڕ تیئۆریزە دەکاو دەڵێ لە کوردستاندا لەگەڵ سێ گوشەیەک بەرەوڕووین پرۆلتاریا، بورژوازیی کوردو بورژوازیی ئێران کە دیارە بە پێی ئەم تیئۆریە پرۆلتاریا دەبێ تا لە نێو بردنی بورژوازی خەبات بکا. بە پێی نووسینی نووسەری ئەم تیئۆریە بورژوازیی کورد کە گۆیا نوێنەرەکەی حیزبی دێموکراتە چوون بورژوازیەکی روو لە گەشەو زیندووە پێویستە شەڕ کردن لەگەڵی بکەوێتە پێش شەڕ کردن لەگەڵ بورژوازیی ئێران کە نوێنەرەکەی کۆماری ئیسلامییە لەو پەیوەندییەدا ئەگەر چەند ناوچەیەکی کوردستانیش بکەوێتە دەستی رێژیم گرینگ نیەو بە داخەوە ئەم تیئۆریە چەواشەو نادرووستە نەک رێگای پێکەوە کار کردنو هاوکاری نەهێشتەوە بەڵکو زەمینەی شەڕێکی ناوخۆیی خوش کرد کە بە سەدان رۆڵەی خەباتگێڕی گەنجی ئەم وڵاتە لە شەڕێکی نەخوازراودا شەهید بوون.

## قۆناغی دووهەم:

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێش جیابوونەوەکانی حیزبی دێموکراتو کومەڵە کە ئەم هەوڵە تا رادەیەکی زۆر چووە پێش بەڵام خاڵی ناکۆکو گرفتی ئەم قۆناغە لەوەدا بوو کە کۆمەڵە پێی وابوو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە دوو قۆڵی بەرەکە پێک بێنن پاشان داوا لە حیزبو کەسایەتیی دیکە بکەن بۆ پەیوەست بوون بە بەرەکە بەڵام

حیزبی دێموکرات لە گەڵ ئەم بووچەنە کۆک نەبووو داوای ئەوە بوو هەر نەبێ بەرە بە بەشداریی ٤ یا ٥ هێزی بەشدار لە بزووتنەوەی کورد پێک بێ، بەڵام برایانی کۆمەڵە ئیستدلالیان ئەوە بوو کە ئەو هێزانەی دیکە هێزێکی ئەوتۆ نین‌و پێویست ناکا بەو شێوەیە گەورە بکرێنەوە. بۆیە لەم قۆناغەشدا پێکهاتنی بەرە لە گەڵ ئەو کۆسپە بەرەورووو بوویەوەو سەری نەگرت.

### قۆناغی سێهەم:

هەوڵدانی د.سامان شاڵی سەرۆکی کونگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا کە لە ئاکامی ئەم هەوڵدانەدا چوار رێکخراوی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو هەروەها خەباتو یەکیەتیی شۆڕشگێڕان بەڵێنیاندا سکرتێرەکانیان لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر سەبارەت بە باسی پێکهێنانی بەرە کۆببنەوە، کە دیارە لە رۆژی دیاری کراودا سێ سکرتێری سێ رێکخراو لە شوێنی دیاری کراودا ئامادە بوون. عەبدوڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی ئەوەدەم لە بەغدا بوو لایەنەکانی دیکە پێشنیاریان کرد رابوەستین تا کاک عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە ئەوەش کرا، بەڵام دیسان کاک عەبدوڵڵا ئامادەی کوبونەوەکە نەبوو تەوافوق کرا لە باتی ئەو ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە بەشداری بکا بەڵام دیسان ئامادە نەبوون بەشداری بکەن‌و بەم چەشنە هەوڵی د.سامانیش فەشەلی هێناو لە کۆتایی کارەکەیدا روونکردنەوەیەکی سەبارەت بەو مەسەلەیە راگەیاندو لە روونکردنەوەکەدا بە روونی ئاماژەی بەوە دابوو کە کۆمەڵە سەرەڕای مەوافقەتی پێشووی لەو کۆبوونەوەیەدا نەیویست ئامادە بێ.

### قۆناغی چوارەم:

هەر چەند حیزبی دێموکرات لەو راستیە ئاگادار بوو کە پێکهێنانی بەرە لەگەڵ زۆر گیروگرفت بەرەورووییە بەڵام دیسان بڕیاریدا کە لەو بارەوە هەوڵێکی جیدی دەست پێ بکا. بۆیە جارێکی دیکە حیزب بە شێوەیەکی جیددی بە مەئمور کردنی بەرێزان: حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتو محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی، تێکۆشانی خۆی لەو پێناوەدا دەست پێکردەوە. لەم قۆناغەدا نوێنەری کۆمەڵەش بە هەڵوێستی باش‌و گونجاو تا دوا قۆناغ زۆر بە پەرۆش‌و بە جیددی بەشداری ئەو پرۆسەیەی کرد. لەو رەوتەدا هەیئەتەکانی چوار حیزبو سازمان زیاتر لە دە کۆبوونەوەیان هەر جارە لە بنکەی یەکێک لە رێکخراوەکان پێک هێنا.

گرفتی ئەم جارە ئەوە بوو کە یەکێک لە لایەنەکان داوای ئەوە بوو کە لە باتی دروشمی فیدراڵی دروشمی خودموختاری لە بەرنامەی بەرەدا بگونجێ کە ئەمە نەدەگونجا، چون دروشمی پەسەند کراوی زۆربەی رێکخراوەکان فیدراڵیزم بوو. گرفتی



سەرچاوە Serchawe

دیکەی ئەم کۆبوونەوانە پێداگریی لایەنێک لەسەر بەشداریی لایەنێکی دیکەو موخالفتی دوو لایەنی دیکە لەگەڵ بەشداریی ئەو لایەنە لەو نێوەدا، تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەشداری کردن یا نەکردنی ئەو لایەش بەرەکە پێک بێ‌و لەو بارەوە حەساسیەتێکی نەبوو.

**پرسیار**: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەمو زۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟

**موستەفایی**: کۆسپی نەبوونی کۆدەنگی دەگەڕێتەوە بۆ خود مێحوەربینیو قەبووڵ نەکردنی سەرەتاییترین بنەماکانی دێموکراسیو پابەند نەبوون بە یاسا پەسەند کراوەکان لە لایەن جیابووەکانەوە کە خۆشیان لە پەسەند کردنیدا بەشدار بوون. ئەوان پاش جیابوونەوە لە جەریانی ئەسڵی، ئامادە نەبوون نێوێکی جیاواز بۆ خۆیان هەڵبژێرنو بەو ناوە تازەیەوە تێکۆشانی خۆیان دەست پێبکەنو ناڕەواو دوور لە هەموو پرەنسیپێکی سیاسی ناوی پێشوویان لە سەر خۆیان داناوەتەوە، مەبەستیشیان لە هەڵبژاردنی ناوی پێشوو بەربەست دروست کردن بووە لە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ یەکترداو بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم کارە ناڕەوایەیان دەیان تیئۆری دوور لە ڕاستیو چەواشەکارانەیان داتاشیوە.

**پرسیار**: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێک دان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟

**موستەفایی**: من نوێنەری هێزەکانی دیکە نیم، بەڵام دەتوانم لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەوت عەرز بکەم حیزبی دێموکرات خاوەن ڕێکخستنێکی ڕێکوپێکو بەهێزەو جەماوەرێکی زۆری گەلەکەمان بڕوای پێیەتی، بۆیە لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا کە بە دووری نابینم ئامادەیی تەواوی هەیەو بێگومان لە مەیدانێکی ئەوتۆدا چالاک دەبێ.

**پرسیار**: لە بارودۆخی ئێستادا، پرشو بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆییو دەرەوەدا چ مەترسیگەلێکی پێکهێناوە؟

**موستەفایی**: پرشو بڵاوی شوێن لە سەر نەبوونی هاو هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان لە بەرانبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، ئوپۆزیسیونی ئێرانی دادەنێو لە ناوەندە نێو نەتەوەیەکانیشدا شوێندانەریەکەی نەرێنییە، بەڵام بەو حاڵەش بە مەترسی جیددی نازانم.

**پرسیار**: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمەلایەنە لەنێو رێکخراوە سیاسیەکاندا بۆ پرسی سیاسی کورد لە ئێراندا چییە؟.

**موستەفایی**: دیارە وەسەر یەک کەوتنو لە دەوری یەک کۆبوونەوە لە چوارچێوەی بەرەیەکدا بێ یان هەر پێکهاتەیەکی دیکە شتێکی زۆر باشە، لە ئاستی نێوخۆدا ورەی خەڵک بەرز دەکاتەوەو لە دەرەوەش دیارە بە یەکدەنگ قسەکردنو چوون بۆ لای رێکخراوە نێونەتەوەییەکانو تەنانەت دەوڵەتەکانیش شوێندانەریی زۆر باشی دەبێ، بەڵام ئەگەریش کۆدەنگی نەبێ بە مەترسیی جیددی نازانم. با لێرەدا ئاژماژە بە راستییەک بکەم ئەویش ئەوەیە کە پێکهێنانی بەرەو شوێندانەری زیاتر باری رەوانی هەیە ئەگەرنا بەرە لە هەموو شەرایەتێکدا موعجیزە ناخوڵقێنێو خەتەری نەبوونی بەرەش زیاد لە رادەی پێویست گەورە کراوەتەوە.

**پرسیار**: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووواندا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟

**موستەفایی**: پێشتر خاڵی هاوبەش زیاتر بوون چوونکە ئەگەر حیزبو رێکخراوەکان لەگەڵ یەکتریش ناتەبا یان هەڵوێستیان بەرانبەر بە رێژیم لە کولییەتی خۆیدا یەک بوو، بەڵام ئێستا وا نیە، ئەگەر بە زاهیر زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسییەکان بڕوایان بە جیایی دین لە دەوڵەتو سیستمێکی فیدراڵیو دێموکراسی هەیە، بەڵام لە لێکدانەوەی ئەم چەمکانەدا جیاوازی هەیە، بۆ وێنە ئێمە بڕوامان بە دابین بوونی ئەم مافانە لە رێگای بزووتنەوەی سەوزێک کە شانازی بە رابردووی کۆماری ئیسلامیەوە دەکا نیەو ئەساسەن فەرقێکی ئەوتۆ لە نێوان رێژیمی دەسەڵاتداری ئێستاو بزووتنەوەی سەوزی خومەینیستیدا نابینین، بەڵام لایەنی وا هەیە بە رادەیەک لەم هێزانە نزیک کەوتووەتەوە کە لە وتارەکانیدا مەگەر بە ناوی کەسایەتییەکانەوە ئەگەرنا لەوان جیا ناکرێنەوە. هەروەها لایەنی واش هەیە کە رایگەیاندووە ئەگەر حکوومەتی ئێستای ئێران (ئەحمەدی نژاد) مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران بەڕێوەبەرێ ئەوان ئامادەن بگەڕێنەوە نێوخۆ کە ئەمەش دژی مەبدەئی دێموکراسیو فیدرالیزمو جیایی دین لە دەوڵەتە.

**پرسیار**: پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتووورە سیاسیەی ئێستا لە نێو رێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارادایە چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟

**موستەفایی**: بۆ دەبێ پێمان وابێ هەر دەبێ بەرە یان هاوپەیمانیەتی هەبێ تا شەڕ لە نێوان لایەنەکاندا روو نەدات، من

پێم وایە ئەگەر بەم حاڵەش کە ئێستا تێیداین بگەڕێنەوە نێوخۆ هیچ شەڕو کێشەیەک نایەتە ئاراوە، چوون ئاکامی شەڕی نێوخۆمان لە کوردستانی ئێرانو عێراقیشدا تەجرووبە کردووە کە چەندە زیانبار بووە بۆ نەتەوەکەمان. بێجگە لەمەش خۆ شەڕی نێوخۆیی لە کوردستان عێراق لە حاڵەتێکدا رووی دا کە بەرە هەبوو بەڵام لە کۆتایی هاتنی ئەو شەڕەدا بەرە شوێنەواریشی نەمابوو، حیزبەکانی باشووری کوردستانی بەشدار لەم بەرەیەدا هەر بەشێکیان دابەش ببوون بەسەر لایەنێکی شەڕەکەدا، بەڵام ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە هێناو ئاشتی گەڕاندەوە نێو ریزی میللەت زەروورەتی پێکەوە کارکردنو بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوو کە ئەم بەرپرسیارییە بۆ ئێمەش هەیە.

دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر هەموو لایەک پابەندی دێموکراسی بنو رای زۆربەی خەڵک قبووڵ بکەن هیچ کێشەیەک پێش نایە.

**پرسیار**: ئێوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ چیتان کردووەو لەم بەستێنەدا چ پرۆژەیەکتان هەیە؟

**موستەفایی**: ئێمە ئێستا بێجگە لە لایەنی جیابووەوە لە خۆمان، لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندیی دۆستانەو دیالۆگی بەردەوامان هەیەو لەگەڵ بەشێکیان لە چەند تەشەکولێکی دیکەدا هاوپەیمانین، بۆیە رێگایەک بۆ شەڕو دژایەتی کردن نیەو لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی جیابووەشدا ئێستا کە لە کەمپێکو لە تەنیشت یەکدا دەژینو لە گەرمەی جیابوونەوەو دژایەتی لەگەڵ یەکتر داو پێکهاتنی گرژیو ئاڵۆزی رێگامان نەدا وەزعێکی دوژمنانە بخولقێ. بۆیە پێم وایە ئەم مەترسیە لە جێی خۆیدا نیە. خۆ ئەگەریش لایەنی جیابووە لە ئێمە، ناوی خۆیان بگۆڕنو ناوێکی جیاواز لە حیزبی دێموکرات هەڵبژێرن ئەوا لەگەڵ ئەوانیش بێ گومان لە هەموو هێزەکانی دیکە نزیکتر دەبین، چوون رابردوویەکی دوورو درێژمان پێکەوە هەیەو ئەوکات ئەگەری پێکەوە کار کردنی هێزە کوردستانیەکانیش زیاتر دەبێ.

**پرسیار**: چەندە باوەڕتان بە ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسیی هەیە، ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەر کردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبەن؟

**موستەفایی**: حیزبی دێموکرات لە مێژ ساڵە بڕوای بە پلۆرالیزم بە مانای تەواوی وشە هەیەو ئەمەمان لە رابردوودا بە کردەوە سەلماندووە. لەو ساڵانەدا کە کوردستان ئازادو لە ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەدا بوو دەیان رێکخراوی جۆراوجۆر بە بیرو باوەڕی جۆراوجۆرو زۆر جار لە دژی حیزبی دێموکراتیش تێکۆشانی سیاسی‌یان هەبووەو رێز لە بیرو بڕوایان گیراوەو تا کاتێک دەستیان بۆ چەک دژی خەڵکو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نەبردبێ کە دیارە لەو حاڵەتەدا ئێمە تەنیا

دیفاعمان لە خۆمانو خەڵک کردووە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە وای کردبوو کە نازناوی مەتەرێزی ئازادیی ئێرانیان لەسەر کوردستان دانابوو.

ئێستا کە دەیان ساڵ ئەزموونمان زیاتر بووەو دنیاش گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە بێ گومان باشتر دەبین لە رابردوو دڵنیام داهاتووی کوردستان پڕ دەبێ لە ئازادیو گیانی پێکەوە ژیان.

**پرسیار:** باشە ئەگەر وایە بۆچی دەسپێشخەری ئەو ناکەن تاکوو هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە رێبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

**موستەفایی:** لە پرسیارەکانی پێشوودا وڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوەو دووپاتی دەکەمەوە کە حیزبی دێموکرات لە هیچ هەلومەرجێکدا دەسپێشخەری شەڕ نەبووەو نابێ بەڵام دیفاع لە خۆ کردن لە بەرانبەر هەر کەسو لایەنێکدا بە مافی خۆمان دەزانینو من بە گیانی تەباییو برایەتی لە نێو ریزەکانی گەلەکەمان زۆر هیوادارو دڵنیام، چونکە رۆڵەکانی ئەم گەلە ئاگاو وشیارن، لەخۆ بردووو فیداکارن، دڵنیاتان دەکەم حیزبی دێموکرات هەردەم تێکۆشاوە بۆ تەبایی، برایەتیو پێکەوە کار کردنو لە داهاتووشدا بۆ ئەم مەبەستە شێلگیرانە تێ دەکۆشێ.

---

**بەرێز تەیموور موستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا لە چەند دێرێکدا:**

ساڵی ١٩٥٥ی زایینی لە شاری پاوە لە دایک بوە. پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩دا ببێتە پێشمەرگە، پیشەی مامۆستای قوتابخانە بوە.

پاشان لە کۆنگرەی هەشتەمی حدکا، کە ساڵی ١٩٨٧ پێکهاتوە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە هەڵبژێردراوەو تاکوو کۆنگرەی ١٣ کە ساڵی ٢٠٠٤ پێکهاتوە ئەندامی رێبەری بوە.

دواتر، لە کۆنگرەکانی ١٣و ١٤ی ئەو رێکخراوەدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێردراوەو هەنووکە بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە.



سەرچاوە
Serchawe

ناوبراو لە بواری نووسینو وتووێژدا چالاکەو بە دەیان وتاری نوسیوە، هەروەها زۆر وتووێژی سیاسیی بەڕێوە بردوەو کتێبێکیشی بە ناوی لە "چیاکانی زاگرۆسەوە" نوسیوە، ناوەرۆکی ئەم پەڕتووکە باسو بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەباتی چەکدارییە کە نووسەر بۆ خۆی ئەکتەرێکی دیاری ئەو مەیدانەش بوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی

http://www.mrkurd.com

ڕێکەوتی: ١١ی جانێویری ٢٠١١

-------------------------------------------------------

## بەرەو سازدانی گوتارێکی هاوبەش



**ناسر باباخانی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێ ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستمان تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەمان بە نەبوونی گوتارێکە کە لە کۆتایی پەنجاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، گوتارێک کە تەنانەت تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیشی تەنیبۆوە. گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی، گوتارێک کە گرێدراوی"حزوور" بوو! حزوور بە واتای "بوون" بە واتای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! واتە "حزوور"ی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا پاڵپشتی ئەم گوتارە بوو و پێشمەرگەش هێمای فیزیکی بوونی نەتەوە بوو. ماوەی نیزیک بە بیست

ساڵە کە پێشمەرگەی کوردستان تەقەی لە چەکی نەهاتووە بە زۆر هۆکار (کە باس لە هۆکارەکانی مەجالی تایبەت بە خۆی دەوێ) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانش سەرەکیترین ئیستراتێژی بۆ بەرگری لە خەباتی گەلی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لە نێوان شار (خەڵک) و شاخ (پێشمەرگە) سازبکا بەهەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی ڕەچاو کردووە و... دواجار ئەم دابڕانە بۆتە هۆی ئەوە کە بوون و حزووری شاخ لە ناو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە لە هەر شوێنێ و هەر کاتێک هەست بەمە بکا کە ئەوا خەریکە چەکەرەی حزوورێک سەرهەڵدەدا بێ‌سێودوو بیقرتێنێ.

دەکرێ بڵێین لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەک هەستی پێدەکرێ کە دواجار ئەم بۆشاییە دەبێتە لەمپەری لێکتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ناوخۆ، واتە لە نەبوونی گوتارێکدا کە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو لا لەیەکدی کۆکاتەوە و لەسەر خاڵە جیاوازەکانیشی موناقەشە بکرێ بۆ خەملاندنی ئەم گوتارە، ئاساییە هەست بەم کەلێنە بکەین.

دیارە لە کەشێکی دیموکراتیکدا ئەمە زۆر ئاساییە کە "شێوە ڕوانین"ی دەرێ و ژوورێ جیاوازی بەیەکەوە هەبێ، دەڵێم جیاوازی نەک دژایەتی! بێگومان ئەم شێوە ڕوانینە ئەگەر لەسەر بنەمای ناسینێکی ورد و تۆکمە نەبێ کەلێنەکە چەند قات بەرزتردەکاتەوە، کە سەیری ئەم دنیا مەجازییە دەکەی بۆت دەردکەوێ کە هۆکاری ئەم کەفوکوڵە کاتی و پۆپۆلیستییە کە هەندێ جار لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساویشی لە سەر بنەمای وەهم و درۆ پێوە دیارە بەرهەمی توخمی نەناسینی ناوخۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە. بەڵام جەمسەرێکی تر واتە ژوورەوەش لە قۆستنەوەی هەلەکاندا دەورێکی پاسیوی گێڕاوە. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا هەندێ جار پێشهاتە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن کە بارودۆخی سیاسی وڵاتێک دەگۆڕن.

پارسۆنز پێی وایە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکی گشتی جەماوەری دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و دواجار لەسەر مێژووی وڵاتێک شوێندانەربێ. بە بڕوای من لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە، بە مەرجێک پێشهاتەکە بقۆزرێتەوە.

هەربۆیە لە نەبوونی گوتاریکی جیددیدا، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ ناقۆزرێنەوە و کە نەقۆزرانەوە، دەرەوە بە تەعبیری خۆی سەودا لەگەڵ ڕووداوەکە دەکا تەنانەت ئەگەر ئاستی ناسینەکەشی لاواز بێ. لێرەدایە کە تێکهەڵەنگوتن ساز دەبێ ئەگەر گوتارەکە بوونی بوایە سەنتێزێک لەم دوو شێوەڕوانینە دەیتوانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بکا بە خاڵگۆڕانێکی جیددی لە کۆمەڵگادا. بەڵام لە نەبوونی گوتاردا زیاتر جیاوازییەکان خۆدەردەخەن. وەک ئەم ڕووداوەی شاری مەهاباد کە

نە ناوخۆ توانی بیقۆزێتەوە نە دەرەوە توانی کاناڵیزەی بکا!

لە ڕاستیدا کێشەکە نەبوونی گوتارە نەک جیاوازیی گوتار، ڕۆژهەڵات تا ئەم دواییانە هەر پاشکۆی گوتاری باشوور و باکوور بووە، بەڵام پێموایە ئێستا بۆ هێزە سیاسییەکان بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچە و بارودۆخی ئێران دەرکەوتووە کە ئەمانە ئاڵترناتیوێکی گونجاو و کردەیی نەبوون و نین بۆ ڕۆژهەڵات. لاموایە ئەگەر سەرجەم ئەم هێزانە سادقانە ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن کە لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا چییان کردووە و بەگشتی چ شوێندانەرییەکیان لەسەر نێوخۆی ڕۆژهەڵات هەبووە و دەیانەوێ چ بکەن بۆ داهاتوو، بتوانن هەست بەمە بکەن کە سازدانی گۆتارێکی هاوبەش لە نێو خۆیاندا بە ئاکامێکی ئیجابیان بگەیەنێ و ئەمە بکەن بە سەرەتای خاڵگۆڕانێکی ئەوتۆ بۆ خۆیان و دواجار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کەوابوو ئەوەی بۆتە "پاشنەی ئاشیل"ی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەیە لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا بە هۆی نەبوونی گوتارێکی گشتگیری ڕۆژهەڵاتی. واتە کورت و کرمانجی دەسەڵات بە "هەند"مان وەرناگرێ، بە هێزمان دانانێ بەلایەوە کەمترین مەترسیمان هەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی... هەر بۆیە وەک ئاماژەم پێدا لە یەکەم هەنگاودا ئەوەی گرینگە ڕێکخستنی گوتارێکی هاوبەشە، گوتاری هاوبەش مانای ئەوە نییە کە ئەم هێز و لایەنانەی تووشی لەتبوون هاتوون یەکبگرنەوە، مانای ئەوە نییە ڕەخنەیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی یەکدی نەبێ، لەهەمبەر یەکدی نەوی بکێشن یان لەگەڵ ناوخۆ هیچ جیاوازییەکیان نەبێ... نا... لە ڕاستیدا ئاراستەی ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ بگۆڕدرێ و ڕووی قسەی لە "ئەوی تر" بێ... ڕووی لە دەسەڵات بێ... ئەم گوتارە دەبێ لە سەر چەمکگەلی هاوبەشی هێزەکانی دەرەوە و ناوخۆ خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی و بارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرزکاتەوە.

ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووداوگەلێکی لەم چەشنە دووپاتە ببنەوە، ناکرێ و ناشبێ ئەم چاوەڕاوانییەمان هەبێ کە یەک شێوەڕوانین لە دەرەوە و ژوورەوە بەدی بکەین، ئەگەر گوتارێکی گشتگیر بە تایبەتمەندیيە ڕۆژهەڵاتییەکەی بوونی هەبێ ئەم شێوەڕوانینانە دواجار دەبنە هۆی پڕبوونەوەی کەلێنەکان. ئەوەی کە سەرەتاکانی ساڵانی شەست دوانەی شوێن - کات، گەورەترین هۆکاری ئەم بۆشاییە بوو لە نێوان دەرەوە و ژوورەوە، ئێستا ئەوا میدیای نوێ بە دوور لە کەشێکی ئێحساسی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم کەلێنە بە تەواوی پڕ کاتەوە.

دیارە چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کە دەیەوێ دواجار لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەموو تاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەر کردنی ئەم مافانە بدا، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ناوخۆی وڵاتدا نییە کردەی مەدەنی ڕووناکبیران لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشایی بکاتەوە، ئەمە سەرەتایەکی شیاوە بۆ نۆژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠١٥

---------------------------------------------






کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی